# ئایینناسی

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەکات

ژمارە( ٣ )ساڵی یەکەم، حوزەیرانی ٢٠٢٣

- پارێزراوی قورئان لە هەر دەستکارییەك لای شیعە و سوننە
- مێژووی دێرینی ئایین و دابونەریتی جوولەکەکانی باشووری کوردستان
- پرسی نەتەوەیی لەژێر ڕۆشنایی گوتاری ئیسلامی سیاسیدا
- پرۆفیسۆر مستەفا زەڵمی زانایەکی مەوسوعی پێشەنگ
- مێژوو و ڕەهەندەکانی سۆفیگەری لە ئیسلامدا




کورد و سۆفیگەری

# وەرزنامەی
# ئایینناسی

Center for Future Studies

**گۆڤارێکە گرنگی بە ڕەهەندە جیاوازەکانی ئایینناسی دەدات**
**سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات.**


ژمارە (٣)، ساڵی یەکەم، حوزەیرانی ٢٠٢٣



خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

سەرنووسەر: ئیدریس سیوەیلی

بەڕێوەبەری نووسین:
ئارام مەحموود

بۆردی ڕاوێژکاران:

د.یوسف گۆران
د.عابد خالد رسول
د.ئومێد ڕەفیق فتاح
د.هەردی مەهدی میکە
د.فاروق عبدول

نەخشەسازی: شاهۆ عەبدوڕەحمان



شوێن:
عێراق-هەرێمی کوردستان-سلێمانی
Address: Iraq - Kurdistan-Slemani
Tel: +٩٦٤ (٠) ٧٧٣ ٨٣٦ ٣٧٥٨ - +٩٦٤ (٠) ٧٥١ ٨٣٣ ٩١٣٥

ناونیشانی ئەلیکترۆنی
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Twitter: center_fs
Email: info@center.org

# ئاییناسی

ئاییناسی؛ گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ڕەهەندە جیاوازەکانی ئاییناسی دەدات و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بڵاویدەکاتەوە.

تەرخانکردنی گۆڤارێکی تایبەت بەم بوارە لە ئێستادا، چ لە هەرێمی کوردستان و چ لە وڵاتانی تری ناوچەکە و جیهان، جێی بایەخ و گرنگیپێدانی فراوانە و ئێستای کۆمەڵگای کوردستانیش زۆرتر لە جاران پێویستی پێیەتی.

گۆڤاری ئاییناسی تایبەتمەند نییە بە لێکۆڵینەوە لە ئایینێك، یان ئایینزایەکی دیاریکراو، هەروەها پرسی ئیمان، باوەڕی ئایینی، خودی ئایینەکان، جێگا و بواری لێکۆڵینەوەی ئەم گۆڤارە نین. ئەم گۆڤارە هەوڵ دەدات زیاتر لەو دیاردە و کایانە بکۆڵێتەوە کە بەناوی ئایینەوە دەردەکەون، یان لەبەر هەر هۆیەك بێت بەرگی ئایینی لەخۆدەگرن، یان کاریگەی ئایینیان پێوە دیارە بە هەردوو ڕەهەندی ئەرێنی و نەرێنییەوە.

ئەم گۆڤارە گرنگی بە خوێندنەوەی فرە ڕەهەندی وردتری: کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئەپستمۆلۆجی، مێژویی و سیاسیی بۆ ڕەوت و ڕێکخراو و دیاردە ئایینییەکان و کارکردنیان لە کایەی گشتی کۆمەڵگاکان بە گشتی و کۆمەڵگای کوردستانی بەتایبەتی دەدات.

# ناوەڕۆك


سەروتار

**سۆفیگەری پانتاییەك بۆ پێكەوەژیان**..................................................ئیدریس سیوەیلی | ٥

توێژینەوە

**پارێزراوی قورئان لە هەر دەستكارییەك لای شیعە و سوننە**..........د. ئومێد مەلا عثمان كوردی | ٩

**زوهد لە كەلەپووری ئیسلامدا تێڕوانینێكی ڕەخنەگرانە**.................................د. ئەیوب زەڵمی | ٢٥

**مێژووی دێرینی ئایین و دابونەریتی جوولەكەكانی باشووری كوردستان** ......عەدنان نیلوفەڕی | ٤٣

**پەتا لە نێوان زانستی فیقهـ و زانستی پزیشكیدا**............................................جەمال حسێن | ٦١

وەرگێڕان

**پرسی نەتەوەیی لەژێر ڕۆشنایی گوتاری ئیسلامی سیاسیدا**.........ن: سەربەست نەبی | و: ئایینناسی | ٨٩

گفتوگۆ

**سۆفیگەری و لێبوردەیی** ..............................................................گفتوگۆی: ئارام مەحموود | ١١٩

مێزگرد

**كورد و سۆفیگەری**...........................................................................ئامادەكردن:ئایینناسی | ١٣١

بیرمەندان

**پرۆفیسۆر مستەفا زەڵمی زانایەكی مەوسوعی پێشەنگ**...........................................ڕێدار ئەحمەد | ١٥٣

ڕانانی كتێب

**مێژوو و ڕەهەندەكانی سۆفیگەری لە ئیسلامدا**............................................ڕانانی: زانا ناجی | ١٧١

زاراوە ناسی

**سۆفیگەری**..........................................................................................ئامادەكردن:ئایینناسی | ١٨٣

# سەروتار

## سۆفیگەری پانتاییەك بۆ پێکەوەژیان



ئیدریس سیوەیلی

بە درێژایی مێژووی ئیسلام، ڕەوت و ئاڕاستە فیکرییەکان جێ پەنجەیان لەسەر ڕێگوزەر و نەخشی کۆمەڵگە موسڵمانەکان جێهێشتووە، لە سەدە بەراییەکانی ئیسلامەوە، دیدگا، تێڕوانین و هەڵهێنجانی نوێ لە دەقە ئایینییەکان ئامادەییەکی بەرچاوی هەبووە، موعتەزیلە، ئەشعەری، خەواریج و ... تاد، هەر یەکەیان بە جۆرێك بەشداربوون لە دەوڵەمەندکردنی کەلەپووری ئیسلام، هەندێك لەوانە پووکاونەتەوە، هەندێکیشیان بوونەتە قوتابخانەیەکی فیکری و لە قۆناغی دواتر و بە ئێستاشەوە کاریگەریان لەسەر دونیابینی ژمارەیەکی بەرچاوی موسڵمانان هەیە، دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە ئەو کەلەپوورە بەدەر نییە لە بیری نامۆ و نەرێنی، ئەوەش هەندێکجار بووەتە چەکی دەستی کەسان و گرووپە توندڕەوەکان بۆ پشتڕاستکردنەوەی دید و بۆچوونەکانیان.

لەو نێوەندەدا بیری سۆفیگەری ڕیشەیەکی قووڵ و پانتاییەکی فراوانی مێژوو و کەلەپووری ئیسلامی داگیر کردووە، حەلاج، ئیبن عەرەبی، سوهرەوەردی و ... تاد، دەیانی تر بوونەتە سەرمەشقی بیری سۆفیگەری، بێگومان کورد پشکی شێری لە بیری سۆفیگەری بەرکەوتووە، ئەمەش جگە لە ئاستی کۆمەڵایەتی لەسەر دوو ئاستی تر بە ڕوونی دەبینرێت، یەکەم بەشداری مەعریفی زانایانی کورد لە نەخشاندن، ڕاگیرکردن و بڵاوکردنەوەی ئەو بیرە، کە دەیان زانا و کەسایەتی کورد لە بواری مەعریفەی ئیسلامی و ئەدەب پێگە و جێ پەنجەیان دیارە، دووەم لەسەر ئاستی سیاسی و جوڵانەوەی

نەتەوەیی کە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە و نیوەی یەکەمی سەدەی بیست شێخانی تەریقەت بوونە ڕابەری جوڵانەوە نەتەوەییەکان لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان.

ئەوەی بۆ ئێستا جێی تێڕامان و بایەخە، لە کۆمەڵگەی فرەیی کوردستان، بە تایبەت لە باشووری کوردستان بیری سۆفیگەری دەتوانێت چ ڕۆڵێکی ئەرێنی لە برەودان بە پیکەوەژیان و لێبوردەیی بگێڕێت؟ ئەوەی لە هەگبەی سۆفیگەریدایە کە خاوەنی کەلەپوورێکی کەڵەکەبووە لە لێبوردەیی، چۆن دەتوانرێت تەوزیف بکرێت بۆ خزمەتی کۆمەڵگەی کوردەواری؟ ڕەنگە بە پلەی یەکەم ئەرکەکە لەسەر دوو توێژ بێت، توێژی یەکەم توێژەران و نووسەران کە بە ئەرکی خۆیان هەستن و لەو کەلەپوورە مەزنە ڕابمێنن و ئەوەی بۆ ئێستا گونجاوە هەڵیهێنجن و پێشکەشی بکەن، توێژی دووەم ڕێبەرانی ڕەوتە سۆفیگەرییەکان کە پێگەکەیان دوور لە ئاڕاستە و ئەجێندای سیاسی بقۆزنەوە بۆ خزمەتی کۆمەڵگە و بڵاوکردنەوەی بیری سۆفیگەری و لێبوردەیی و پێکەوەژیان، دوور لە خەوش و کەموکورتییەکانی کە تێی ئاڵێنراوە.

لەم ژمارەی گۆڤارەکەوە، هەرجارە و بابەتێك تەرخان دەکرێت بۆ ناساندن و خستنەڕووی دیدگا و دونیابینی یەکێك لەو بیرمەندانەی لە بواری مەعریفەی ئیسلامیی جێ پەنجەیان دیارە و نوێگەرییان کردووە، دەستپێکی ئەو بیرمەندانەش بۆ ئەم ژمارەی ئایینناسی د. مستەفا زەڵمییە کە زانا و خاوەن قەڵەمێکی دیاری ئەو بوارەیە، تێڕوانینە نوێگەرییەکانی زەڵمی لە دوو توێی بابەتێك شەن و کەو کراوە و بە دیدی خوێنەران ئاشناکراوە.

# توێژینەوەکان

# ئایینناسی

# پارێزراوی قورئان لە هەر دەستکارییەك لای شیعە و سوننە

د. ئومێد مەلا عثمان کوردی

یەکێك لە هەستیارترینی ئەو مەسەلە و بابەتانەی چەندین سەدەیە زانایان و لایەنگرانی  شیعەی پێ تۆمەتبار و کافر دەکرێت، مەسەلەی بڕوا نەبوونە بە پارێزراوی قورئان لەهەر دەستکاری و کەموکورتییەك.

وروژاندنی مەسەلەی ناوبراو لە ئەمڕۆدا لە لوتکەدایە، بە تەنها کلیك کردنێك لەسەر وشەی (التحريف) یان (تحريف القرآن) یان (الشيعة وتحريف القرآن) لە تۆڕی ئینتەرنێتدا بەسە بۆ ئەوەی  بە سەدان پەیج، سایت، کتێب، وتاری گۆڤار، ڕۆژنامە و ڤیدیۆ بە ڕووتدا بکرێتەوە کە لێوانلێون لە تۆمەتبەخشینەوە و جوێن و کافرکردن.

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا یەکێك لە زانایانی شیعە بە ناوی (حسێن نوری تەبروسی) لە ساڵی (١٩٠٢ز دا مردووە)، کتێبێکی دانا بە ناوی (فصل الخطاب في إثبات تحريف كتاب رب الأرباب) کە تێیدا هەوڵیداوە بە پشتبەستن بە هەندێك گێڕانەوە لە کتێبەکانی زانایانی پێشینی شیعە و سوننە بیسەلمێنێت قورئان دەستکاری کراوە و کەموکورتی تێدایە.

لە سەردەمی دەرچوون و بڵاوبوونەوەی کتێبی ناوبراوەوە تا ئەمڕۆ گەورە مەرجەع و موجتەهید و زانایانی شیعە زۆر بە توندی دژی بیرۆکەی دەستکاریکردنی قورئان وەستاونەتەوە و سەرجەم ئەو تۆمەتانەیان ڕەتکردووەتەوە کە دراونەتە پاڵ زانایانی پێشینیان، لە چەندین ڕووەوە شەن و کەوی ئەو بەڵگە و گێڕانەوانەیان کردووە، کە نوری تەبروسی پشتی پێیان بەستووە، هاوکات ڕاوبۆچوونی پێشەوا و زانا ناودارەکانی کۆن و نوێی شیعەیان خستووەتە ڕوو کە جەخت لەوە دەکەنەوە ئەو قورئانەی لەبەردەستی موسڵماناندایە بە ژمارەی سورەت و ئایەتەکانییەوە هەمان ئەو قورئانەیە کە وەختی خۆی بۆ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێ) دابەزیوە و خوای پەروەردگار خۆی پەیمانی پاراستنی داوە لەهەر دەستکاری و زیادکردن و کەموکورتییەك.(١)

لەگەڵ ئەوەی زانایان و لێکۆڵەرەوانی شیعە نکۆڵی لە هەبوونی ئەو گێڕانەوانە ناکەن کە لە هەندێك کتێب و نوسراوی زانایانی پێشینیاندا هاتووە سەبارەت بە مەسەلەی دەستکاری قورئان، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەی وردیان بۆ کردوون و بە بەهێزی وەڵامی نەیارانیان داوەتەوە، کە دەتوانین پوختەی ئەو ڕوونکردنەوانە بە کورتی لە چەند خاڵێکدا بخەینە ڕوو:

یەکەم- زۆربەی ئەو گێڕانەوانە یان دروستکراون، یان لاوازن، بە هۆی هەبوونی کەسی درۆزن، یان بێ متمانە، یان نەناسراو لە سەنەدەکانیاندا، یان هەندێك لە گێڕانەوەکان لە جۆری مورسەلن، واتە کەسی یەکەم کە گێڕەرەوەی ڕاستەوخۆیە لە پێغەمبەر، یان پێشەوای پارێزراو لە سەنەدەکەدا بوونی نییە.

زانایانی شیعە پێیانوایە زۆربەی ئەو گێڕانەوانە لە ڕێگەی سێ کەسەوە، لە ئیمامەکانەوە گێڕدراونەتەوە، ئەوانیش: ئەحمەدی کوڕی محەممەدی سەییاری کە لە سەردەمی ئیمام حەسەنی عەسکەریدا ژیاوە و خاوەنی (كتاب القراءات أو التنزيل والتحريف)(٢) و عەلی کوڕی ئەحمەدی کوفی لە ساڵی (٣٥٢ك مردووە) و ئەحمەدی کوڕی محەممەدی کوڕی خالیدی بەرقی، ساڵی (٢٧٤ك مردووە) خاوەنی (كتاب التحريف أو كتاب المعاني والتحريف).(٣)

ئەحمەدی کوڕی محەممەدی سەییاری لە هەر چوار کتێبە سەرەکییەکەی (علم الرجال)ی شیعەدا بە شیعەیەکی لادەر، زیادەڕەو، لاواز، خاوەن مەزهەبی فاسید، وەلانراو ناوزەدکراوە و گێڕانەوەکانی وەرگیراو نییە.(٤)

بە هەمانشێوە عەلی کوڕی ئەحمەدی کوفیش کەسێکی لادەر و زۆر درۆزن و پەرگیر بووە، باوەڕی بە ئاڵوگۆڕی گیان هەبووە، خاوەنی هەڵەی زۆر بووە، گوێی لێناگیرێت، هەرچەندە لە سەرەتادا باش

بووە، بەڵام دواتر چووەتە ڕیزی شیعە لادەرەکانەوە.(٥)

هەروەها ئەحمەدی کوڕی محەممەدی کوڕی خالید لە زۆرینەی کتێبەکانی تایبەت بە هەڵسەنگاندنی گێڕەرەوەکان لە بارەیەوە وتراوە: "بە زۆری لە کەسە لاوازەکانەوە دەگێڕێتەوە و هاوکات زۆریش پشت دەبەستێت بە گێڕانەوەی مورسەل".(٦)

دووەم- هەندێك لەو گێڕانەوانەی ئاماژە بە دەستکاریی قورئان دەدەن لە ڕووی سەنەدەوە ڕاست و دروستن، بەڵام مەبەست لێیان دەستکاریی وشەیی نییە، بەڵکو دەستکاریی واتاییە، یاخود بە دەربڕینێکی تر: قورئان هەر ئەو قورئانەیە لەبەردەست موسڵماناندایە بەبێ زیاد و کەم، بەڵام ڕاڤە و ماناکردنی هەندێك لە ئایەتەکانی وەك خۆی نەکراوە و گۆڕدراوە.(٧)

هەر بۆیە گەورە زانایانی شیعە دەڵێن: وشەی (التحریف) لە زاراوەی شیعەدا بە چەند واتایەك بەکار هاتووە:

١- ڕاڤەکردن و تەئویلکردنی جیاواز لەوەی لە ئیمامی پارێزراوەوە وەرگیراوە.

٢- جیاوازی بە زیاد و کەمی یەك پیت، یان یەك وشە، یان دوو وشە، یان پاش و پێشکردن لە نێوان دوو وشەدا، وەك ئەوەی لای زانایانی سوننە پێی دەوترێت جیاوازی خوێندنەوەکان (اختلاف القراءات). یان لە نموونەی ئەوەی ئایا (بسم الله الرحمن الرحیم) ئایەتێکە لە سورەتەکان، یان نا؟

٣- جیاوازی لە ڕێکخستن و ڕیزبەندی سورەتەکان.

٤- زیادکردنی ئایەت بۆ قورئان.

٥- لابردنی وشە و تەعبیری قورئانیی بە ئەنقەست.(٨)

کەواتە وشەی (التحریف) بە واتای یەکەم و دووەم و سێیەم هیچ گرفتێك دروست ناکات، چونکە جیاوازی ڕاڤەکردن و خوێندنەوەکان لای زانایانی سوننەش بوونی هەیە، هاوکات یەکێك لە هۆکارەکانی کۆکردنەوەی موسڵمانان لەسەر یەك موسحەف لەلایەن خەلیفە عوسمانەوە بریتی بوو لە جیاوازی نێوان هەندێك لە موسحەفە تاکییەکان لە ڕووی زیاد و کەمی هەندێك وشە و ڕێکخستنی ڕیزبەندی سورەتەکان و نەنووسینەوەی هەندێك سورەت وەك ئەوەی لە موسحەفی ئیبن مەسعوددا هەبووە، هاوکات هەندێك لە زانایان و فەرمووەدەناسانی سوننەش لایان وابووە کە ئیمام عەلی موسحەفێکی نووسیوەتەوە، ڕێکخستنی سورەتەکان بە پێی ڕیزبەندی دابەزینیان بووە.(٩)

سەبارەت بە واتای چوارەمی (التحریف) سەرجەم موسڵمانان کۆك و هاوڕان لەسەر ئەوەی قورئان هیچی بۆ زیاد نەکراوە.(١٠)

دەمێنێتەوە لێکدانەوەی (التحریف) بە واتای پێنجەم کە چەند کەسانێکی کەمی ڕەوتی ئەخبارییەکانی شیعە لە نموونەی

نیعمەتوڵڵای جەزائیری لە ساڵی (١١١٢ك مـردووە) و دواتـریـش نـووری تـەبروسی باوەڕیان پێی بووە، بەڵام ئەم ڕایە ڕایەکی زۆر لاواز و نامۆ و وەلانـراوە و بە توندی ڕەتکراوەتەوە.

سێیەم- سـەرجـەم پێشەوا پارێزراوەکان و زانا ناودار و ڕاگرەکانی مەزهەبی شیعە لـە کۆن و نـوێدا بـاوەڕیـان وابـووە ئەو قورئانەی لەبەر دەستدایە بە سـەرجەم سـورەت و ئـایەتەکانییەوە هـەمان ئەو قـورئـانـەیـە لـە ڕێـگـەی جـوبرەئیـلەوە بۆ پێـغـەمبـەر(درووی خـوای لـەسـەر بێ) دابـەزیـوە، هـیـچ کـەم و کورتییـەکی تێدا نییە.

## (حسێن نوری تەبروسی) هەوڵیداوە بە پشتبەستن بە هەندێك گێڕانەوە لە کتێبەکانی زانایانی پێشینی شیعە و سوننە بیسەلمێنێت قورئان دەستکاری کراوە

لـە پێشـەنگی ئـەو موجتـەهید و گـەورە زانایانـەی شیعە کـە بـاوەڕی تـەواویان بە پـارێـزراوی قـورئـان هـەبـووە و ڕاشـکاوانـە لـە کتێبـەکانیانـدا بـاسیـان کـردووە و بە تـونـدی بیرۆکـەی دەسـتـکاری قـورئـانـیـان ڕەتکردووەتەوە، هەرکام لە: شێخ سەدوق ئیبن بـابوەیـهی قـومی لـە سـاڵی (٣٨١ك مردووە) شێخ موفید لە (٤١٣ك مردووە)، سەید مورتەزا کە ناسراوە بە (علم الهدی) لـە (٤٣٦ك مـردووە) ئـەبـوجـەعـفـەری تـووسی نـاسـراو بـە (شـیـخ الـطـائـفـة) لە (٤٦٠ك مردووە).(١١)

هەروەها ڕاڤەکاری ناودار تەبروسی خاوەنی (مجمع البیان) لە (٥٤٨ك مردووە)، شێخ عـەبدولجـەلیلی ڕازی قـەزوینی لـە دوای (٥٥٦ك مردووە)، قوتبەدینی ڕاوەندی لە (٥٧٣ك مـردووە)، موحـەقیقی حیللی لە (٦٧٦ك مردووە)، ئیبن تاووس لە (٦٦٤ك مـردووە)، عـەللامەی حیللی لـە (٧٢٦ك مردووە)، سـەدرەدینی شیرازی لە (١٠٥٠ك مردووە)، فەیزی کاشانی لە (١٠٩١ك مـــردووە)، شـێـخ جـەعـفـەر (کـاشـف الغطاء) لە (١٢٢٨ك مـردووە)، عـەللامە شەهشەهانی خاوەنی (العروة الوثقی) لە (١٢٨٩ك مردووە) و چەندانی تر.(١٢)

لە زانایانی نوێ و هاوچەرخیشیان هـەر کـام لـە محـەمـمـەد جـەواد بـەلاغی لە (١٩٣٣ز مـردووە)، سـەید شـەرەفـەدین موسەوی لە (١٩٥٧ز مردووە)، محەممەد ڕەزا موزەفەر لە (١٩٦٤ز مردووە)، سەید موحسین حـەکیم لە (١٩٧٠ز مـردووە)، محەممەد جەواد موغنییە لە (١٩٧٩ز مـــردووە)، مـورتـەزای مـوتـەهـەری لە (١٩٧٩ز مردووە) محەممەد باقر سەدر لە (١٩٨٠ز مـردووە)، محەممەد حسین تەباتەبائی خاوەنی تەفسیری (المیزان) لە (١٩٨١ز مردووە)، خومەینی لە (١٩٨٩ز مردووە)، ئەبولقاسمی خوئی لە (١٩٩٢ز مـردووە) و عـەلی سیستانی و خامنەیی

و چەندانی تر ڕاشکاوانە دانیاننناوە بە پارێزراوی قورئان لە هەر کەموکورتییەك.(١٣)
بۆ نموونە: شێخ سەدوق دەڵێت: "ئەو قورئانەی خوا ناردویەتی بۆ محەممەد (درووردی خوای لەسەر بێت) بە بڕوای ئێمە هەمان ئەو قورئانەیە لەبەردەستی خەڵکدایە و لەوە زیاتر نییە، هەر کەسیش جگە لەمە بداتە پاڵمان درۆزنە".(١٤)
هەروەها گەورە فەقیهو فەرمووودەناس ئەبوجەعفەری تووسیش پێوایە ئەو قورئانەی لەبەر دەستدایە بە ڕێگەی کۆدەنگی بەدوای یەکدا هاتووە، یان تەواتور گەیشتووە پێمان، بەڵام ئەو ڕیوایەتانەی هەندێك لە شیعە و سوننەکان سەبارەت بە کەموکورتی و دەستکاری قورئان دەیگێڕنەوە، سەرجەمیان ڕیوایەتی تاکی (الآحاد)ن و یەقین بەخش نین، دەبێت ڕەتبکرێنەوە.(١٥)
هەروەها فەیزی کاشانی ڕاشکاوانە دەڵێت، ئەگەر ئەو ڕیوایەتانە ڕاست بن هیچ متمانەیەك بە قورئان نامێنێت، چونکە ئەو کات هەر ئایەتێکی قورئان بهێنیت دەشێت دەستکاری کرابێت، ئەمەش پێچەوانەی پەیمانی خوایە بە پاراستنی، لەلایەکی ترەوە ئێمە بە شێوازێکی یەقین بەخش لە پێغەمبەر و ئیمامەکانەوە پێمان گەیشتووە، کە دەبێت قورئان هەڵسەنگێنەری ڕاستی و دروستیی فەرموودە و ڕیوایەتەکان بێت، لێرەدا ئەگەر خودی قورئان جێگەی متمانە نەبێت ئەوکات چۆن دەبێتە دادوەر و هەڵسەنگێنەر، کەواتە سەرجەم ڕیوایەتەکانی دەستکاریکردنی قورئان ناڕەوایە و ڕەتدەکرێنەوە، یان تەئویل دەکرێن.(١٦)
شێخ محەممەد حسێن (کاشف الغطاء) دەڵێت: "ئەو قورئانەی لەبەر دەستی موسڵماناندایە هەر ئەو قورئانەیە کە خوا دایبەزاندووە بۆ ئیعجاز و مەیدانخوازی و فێرکردنی حوکمە شەرعییەکان و جیاکردنەوەی حەڵاڵ لە حەرام، ئەو قورئانە هیچ جۆرە کەموکورتی و گۆڕانێکی تێدا نییە، ئەمە کۆدەنگیی زانایانی شیعەی لەسەرە، هەر کەس لە شیعە و جگە لە شیعەش لای وابێت کەموکورتی تێدایە، یان گۆڕانکاری تێدا کراوە، ئەوە هەڵەیە".(١٧)

**ئەحمەدی کوڕی محەممەدی سەییاری لە هەرچوار کتێبە سەرەکییەکەی (علم الرجال)ی شیعەدا بە شیعەیەکی لادەر، زیادەڕەو، لاواز، خاوەن مەزهەبی فاسید، وەلانراو ناوزەدکراوە**

گەورە مەرجەعی پێشووی شیعەکان ئەبولقاسمی خوئی دەڵێت: "ئەوەی

لە نێو سەرجەم موسڵمانانندا زانراوە: بەدووردانان و ڕەتکردنەوەی دەستکاریی قورئانە، ئەوەی لەبەر دەستدایە هەموو ئەو قورئانەیە کە بۆ پێغەمبەری سەردار (دروودی خوای لەسەر بێت) دابەزیوە". (١٨)

هەر لە هەمان باسدا دەبینین چەندین بیریار و گەورە نووسەری سونی وەك: ڕەحمەتوڵڵای هیندی (١٨٩١ز مردووە)، مستەفا سادق ڕافعی (١٩٣٧ز مردووە)، محەممەد عەبدوڵڵا دەراز (١٩٥٨ز مردووە)، مەحموود شەلتوت (١٩٦٣ز مردووە)، شێخ محەممەد ئەبو زەهرە (١٩٧٤ز مردووە)، شێخ محەممەدی غەزالی (١٩٩٦ز مردووە)، سالم بەهنساوی (٢٠٠٦ز مردووە)، گەورە بیریاری کورد عیرفان عەبدولحەمید (٢٠٠٧ز مردووە) و تەها جابر عەلوانی (٢٠١٦ز مردووە) و چەندانی تر بەرگریان لە هەڵوێستی شیعە کردووە سەبارەت بە قورئان و ئاماژەیان بەوە داوە کە شیعە و سوننە وەك یەك باوەڕیان بە پارێزراوی قورئان هەیە.(١٩)

کەواتە زۆر هەڵەیەکی گەورەیە لە ڕووی زانستی و میتۆدی لێکۆڵینەوە و گیانی ئەمانەت پارێزییەوە ڕاو بۆچوونی تاقە کەسێك، یان چەند کەسێك بکرێت بە ماڵ بەسەر مەزهەبێکەوە، لە کاتێکدا زۆرینەی گەورە زانایانیان ڕەتیانکردبێتەوە و بە ڕایەکی نامۆو دوور لە ڕاستییان لە قەڵەم دابێت، ئەگەر بەم میتۆدە مامەڵە لەگەڵ مەزهەبە سونییەکانیشدا بکرێت، ئەوانیش دەکەونە نێو بازنەی تۆمەتبارییەوە بە هۆی هەبوونی چەندین ڕا و بۆچوونی نامۆ و لاواز لە نێویاندا.

لەگەڵ ئەوەی زانایانی مەزهەبی سوننە بە سەرجەم ئاراستە فکری و فیقهییە جیاوازەکانیانەوە کۆك و یەکڕان لەسەر باوەڕبوون بە پارێزراوی قورئان لەهەر هەڵە و دەستکاری و کەموکورتییەك، بەڵام لە هەمان کاتدا چەندین ڕیوایەت و گێڕانەوە لە کتێبە باوەڕپێکراوەکانی ئیمامی بوخاری و موسلیم و ئەوانی تردا بەدی دەکرێت، ئەگەر بە شێوازێکی سادە و ڕووکەش مانا بکرێن، ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ سەردەکێشن بۆ هەبوونی کەموکورتی و ڕوودانی دەستکاریی لە قورئاندا، کە نوری تەبروسی و هاوشێوەکانی لە شیعە پشتیان پێ بەستووە بۆ بەهێزکردنی بیرۆکەی دەستکاریی قورئان.

ئیمامی بوخاری و موسلیم و ئەوانی تر دەیگێڕنەوە لە ئیبن عەباسەوە ئەویش لە عومەری کوڕی خەتتابەوە، وتویەتی: "خوا محەممەدی بە ڕاستی ناردووە و قورئانی بۆ دابەزاندووە، لەو ئایەتانەی خوا دایبەزاندووە، ئایەتی ڕەجم بووە، ئێمە خوێندومانەتەوە و لێیشی تێگەیشتووین، پێغەمبەر(دروودی خوای لەسەر بێت) ڕەجمی کردووە و ئێمەش ڕەجممان کردووە، دەترسم ڕۆژێك بێت کەسێك بڵێت: سوێند بەخوا ئایەتی

ڕەجم لە کتێبی خوادا نابینین، ئەو کاتیش گومڕا دەبن بە وازهێنانیان لە واجبێکی خوایی، ڕەجم لە کتێبی خوادا جێگیرە؛ بۆ کەسێکی خاوەن ژن، یان خاوەن مێرد، بە مەرجێك بسەلمێنرێت لە ڕێگەی شایەتی، یان دانپێدانان، یان سکپڕبوونی ئافرەتێکی خاوەن مێرد لە کەسانی تر". (٢٠)

## هەندێك لەو گێڕانەوانەی ئاماژە بە دەستکاریی قورئان دەدەن لە ڕووی سەنەدەوە ڕاستو دروستن، بەڵام مەبەست لێیان دەستکاریی وشەیی نییە، بەڵکو دەستکاریی واتاییە

لای ئەبو داود ئەمەشی بۆ زیاد کراوە: "سوێند بەخوا ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە خەڵك دەڵێن: عومەر لە کتێبی خوای زیاد کرد، دەمنووسییەوە".(٢١)

ئیمامی نەوەوی دەڵێت: "مەبەستی لە ئایەتی ڕەجم ئەمەیە (الشیخ والشیخة إذا زنیا فارجموهما البتة) ئەمەش لەو جۆرەی قورئانە کە تەعبیر و وشەکانی سڕاوەتەوە و حوکمەکەی ماوە".(٢٢)

هاوواتای گێڕانەوەی ناوبراو لای زۆربەی فەرموودەناسان هەیە بە چەندین ڕێگە، لەوانە: ئەبو ئومامە سەهلی کوڕی حونەیف لە پوریەوە دەیگێڕێتەوە، وتویەتی: "پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) ئایەتی ڕەجمی فێرکردین کە بریتییە لە: " الشیخ والشیخة إذا زنیا فارجموهما البتة نکالا من الله و الله عزیز حکیم".(٢٣)

یان لە بابەتی شیردانىدا لە دایکی ئیمانداران عائیشەوە گێڕدراوەتەوە: "کان فیما أنزل من القرآن: عشر رضعات معلومات یحرمن. ثم نسخن بخمس معلومات. فتوفي رسول الله (صلی الله علیه وسلم) وهن فیما یقرأ من القرآن". (٢٤)

واتە: "لەو ئایەتانەی قورئان کە دابەزیوە: دە جار شیرخواردنی دیاریکراو حەرامکەر دەبێت، دواتر نەسخ بووەوە بە پێنج جار شیرخواردنی دیاریکراو، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) وەفاتی کرد ئەوە لە قورئاندا دەخوێندرایەوە".

ئیمامی موسلیم لە ئەبوموسای ئەشعەریەوە دەیگێڕێتەوە، وتویەتی: "... ئێمە سورەتێکمان لە قورئان دەخوێندەوە لە درێژی و توندیدا دەمانچواند بە سورەتی بەرائەت(تەوبە)، لەبیرم چووەتەوە، بەڵام ئەم ئایەتەم لە بیرە: "لَوْ كَانَ لِابْنِ آدمَ وادیانِ مِنْ مَالٍ لابْتَغَى وادِيًا ثالثًا ولا يملأ جَوْفَ ابن آدمَ إِلَّا التُّرَابُ"، هەروەها سورەتێکمان دەخوێندەوە دەمانچواند بە یەکێك لەو سورەتانەی بە پاك و بێگەردی خوا (المُسَبِّحَاتِ)، دەستپێدەکەن لەبیرم چووەتەوە تەنها ئەمەم لەبیرە تێیدا: "یا أیها الذین آمنوا لِمَ تَقُولُونَ مَا لا تَفْعَلُونَ فَتُكْتَب شهادة فِي

أَعْنَاقِكُمْ فَتُسْأَلُونَ عَنْهَا يوم القيامة"(٢٥) لەلایەکی ترەوە ئیمامی بوخاری و موسلیم هاوشێوەی تەعبیری پێشوو لە ئیبن عەباسەوە وەکو فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) دەگێڕنەوە: "لَوْ أنَّ لِابْنِ آدَمَ مِلْءَ وادٍ مالًا، لَأَحَبَّ أنْ يَكونَ إلَيْهِ مِثْلُهُ، ولا يَمْلأُ نَفْسَ ابْنِ آدَمَ إلَّا التُّرابُ، واللَّهُ يَتُوبُ علَى مَن تابَ" بەڵام ئیبن عەباس لە کۆتاییدا دەڵێت: "نازانم ئەوە قورئان بوو، یان قورئان نەبوو، گوێبیستی ئیبن زوبەیر بووم لە خوتبەدا ئەویش وای گوت".(٢٦)

بە هەمانشێوە ئیمامی تیرمزی لە ئوبەی کوڕی کەعبەوە دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) پێی فەرمووە: خوای پەروەدگار فەرمانی پێداوم ئەمەت بۆ بخوێنمەوە، یان پێتبگەیەنم، پێغەمبەر ئەمەی خوێندەوە: "لَمْ يكُنْ الذين كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ" هاوکات ئەمەشی تێدا خوێندەوە: "إنّ ذات الدين عند الله الحنيفية المسلمة لا اليهوديّة ولا النّصرانية ، من يعمل خيراً فلن يكفره" ئەمەشی خوێندەوە : "لو أنَّ لابنِ آدمَ واديًا مِن مالٍ لابتَغى إليهِ ثانيًا، ولو كانَ ثانيًا، لابتَغَى إليهِ ثالثًا ، ولا يملأُ جوفَ ابنِ آدمَ إلاَّ التُّرابُ ، ويَتوبُ اللَّهُ علَى مَن تابَ".(٢٧)

چەندین گێڕانەوەی تری هاوشێوەی ئەوانەی پێشوو لە کتێبەکانی تایبەت بە فەرموودەدا هاتووە، کە لە ڕاستیدا هەبوونی ئەو گێڕانەوانە و بەرگریکردن لە ڕاستی و دروستییان زۆر مەترسیدارترە لە ڕیوایەتەکانی شیعە، لەسەر بنەمای پارێزراوی قورئان، کە بنەمایەکی جێگیری حاشا هەڵنەگرە.

باشتر بوو زانایانی پێشین و ئەوانەشی لە ئەمڕۆدا خۆیان خەریك کردووە بە هێرشکردنە سەر شیعە و کافرکردنیان، بهاتنایە لێکۆڵینەوەی ورد و چارەسەری گونجاو و یەکلاکەرەوەی ئەو گێڕانەوانەیان بکردایە.

بەداخەوە تەنها موعتەزیلەکان و هەندێك زانای پێشینی سوننە و چەند بیریارێکی هاوچەرخ توانیویانە ڕاشکاوانە و بە بەڵگەی بەهێزی عەقڵی و نەقڵی ئەو ڕیوایەتانە ڕەتبکەنەوە، هاوکات زۆرینەی فەقیهـ و ئوسوڵی و فەرموودەناسان؛ زۆربەی ئەو ڕیوایەت و گێڕانەوانەیان بە ڕاست و دروست لە قەڵەم داوە و هاتوون تەئویلی لاواز و نابەجێیان بۆ کردوون.

من پێمووایە دوو هۆکاری زۆر بەهێز لە پشت ڕەتنەکردنەوەی زۆرێك لەو گێڕانەوانەوە بوون:

یەکەم- گرنگیدانی زۆری فەرموودەناسان و فەقیهەکان بە سەنەدی ڕیوایەت و گێڕانەوەکان، هاوکات گوێنەدان، یاخود کەمتر گرنگیدان بە مەتنی ڕیوایەتەکان.

دووەم- سڵەمینەوەی زۆربەی زانایان لە ڕەتکردنەوەی فەرموودە و ڕیوایەتەکانی بوخاری و موسلیم، پاش ئەوەی جۆرێك کۆدەنگی لای فەرموودەناسان دروست دەبێت کە کتێبی سەحیحی ئەو دوانە لە

دوای قورئان ڕاسترین کتێبن.
لێرەدا ئەگەر لە چۆنێتی و تایبەتمەندی کاری فەرمووودەناس و فەقیهەکان وردبینەوە، لەوانەیە کەمتر گلەییان ڕووبەڕوو بێتەوە، بەڵام کارەسات لەوەدایە گەورە زانایانی ئوسوڵی فیقهـ کە کاری سەرەکییان ڕێکخستنی میتۆدی تێگەیشتنی دروستە لە دەقەکانی قورئان و سوننەت، هاوکات برەوپێدەری لایەنی فەلسەفی و عەقڵانیی شەریعەتی ئیسلامن، نەیانتوانیوە چارەسەری گونجاوی ئەو گێڕانەوانە بکەن.
زانایانی ئوسوڵ هەوڵیانداوە لە ڕێگەیەکەوە چارەسەری گرفتی ناوبراو بکەن، کە لە ڕاستیدا ئەوەندەی تر کارەکەیان ئاڵۆز کردووە، وەك دەڵێن قوڕەکەیان خەست کردووەتەوە، هاتوون بابەتێکیان داڕشتووە بە ناوی (نسخ التلاوة والحکم) یان (نسخ االتلاوة دون الحکم) واتە ئەو ئایەتە قورئانیانەی نەماون لە موسحەفدا، دەچنە ژێر یەکێك لەم دوو ناونیشانە: یان لە جۆری سڕاوەی وشە و واتان (نسخ التلاوة والحکم)، یان لە جۆری سڕاوەی وشەن، بەڵام واتا و حوکمەکەیان ماوە (نسخ التلاوة دون الحکم)، ئەم کاری سڕینەوەش بە فەرمانی خوا خۆی بووە. (٢٨)
لە ڕاستیدا ئەمە نەك چارەسەر نییە، بەڵکو چەند ئەوەندە گرفتی ئەو گێڕانەوانەی قورس و ئاڵۆزتر کردووە، زۆرینەی ڕیوایەتەکان لەگەڵ یاسا و ڕێسا و مەرجەکانی خودی بیرۆکەی سڕینەوە (النسخ)دا یەکناگرنەوە، لەوانەیە زۆربەشیان هەستیان بەمە کردبێت، بەڵام هەروەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا دەشێت هاتنی زۆربەی ڕیوایەتەکان لە سەحیحی بوخاری و موسلیمدا هۆکاری سەرەکی بووبێت بۆ ڕەتنەکردنەوەی ڕیوایەتەکان و پەنابردنیان بۆ ئەو جۆرە چارەسەرە تەمومژاوییە، هەربۆیە دەبینین زۆربەی کتێبە سەرەکی و ڕەسەنەکانی ئوسوڵی فیقهـ لەگەڵ باسکردن و خستنەڕووی بابەتی (نسخ التلاوة) بە هەردوو جۆرەکەیەوە، خاوەنەکانیان ڕاشکاوانە دەڵێن کۆمەڵێك لە زانایان ئەم بابەتەیان ڕەتکردووەتەوە، ئیتر بێ ئەوەی ناوی کەس بهێنن.(١٩)

## سەرجەم موسڵمانان کۆك و هاوڕان لەسەر ئەوەی قورئان هیچی بۆ زیاد نەکراوە

لەگەڵ ئەوەی زۆرینەی زانایانی موعتەزیلە و شیعە و هەندێك لە پێشینەکانی سوننە ئەو ڕیوایەتانە و بابەتی (نسخ التلاوة)یان بە هەردوو جۆرەکەیەوە ڕەتکردووەتەوە، هاوکات لە زانایان و بیریارانی هاوچەرخیش هەرکام لە شیخ محەممەد عەبدە (١٩٠٥ز مردووە)، محەممەد خزری بەگ

(١٩٢٧ز مردووه)، محەممەد ڕەشید ڕەزا (١٩٣٥ز مردووه)، مەحمود شەلتوت، محەممەد ئەبو زەهرە، شێخ سوبحی ساڵح (١٩٨٦ز مردووه)، شێخ عەبدوڵڵا غوماری(١٩٩٣ز مردووه)، محەممەد غەزالی، عەبدولموتەعال جەبری (١٩٩٥ز مردووه)، مستەفا زەڵمی (٢٠١٦ز مردووه) و چەندانی تر بە بەڵگەی بەهێز بابەتی ناوبراویان ڕەتکردووەتەوە.(٣٠)

دەتوانین لە چەند خاڵێکدا ئاماژە بە گرنگترینی ئەو بەڵگانە بدەین کە دەبنە مایەی لاوازی و هەڵوەشاندنەوەی بیرۆکەی (نسخ التلاوة):

١- زۆرینەی ئەو زانایانەی باوەڕیان بە بیرۆکەی سڕینەوە (النسخ) هەیە مەرجیان داناوە، کە دەبێت دەق سڕەرەوەکە (الناسخ) بوونی هەبێت و لە لایەنی کاتەوە لە دوای دەقە سڕاوەکە (المنسوخ)وە بێت(٣١)، بەڵام لە سەرجەم ئەو ئایەتانەی ئاماژەیان پێدراوە تەنها دەقی سڕاوە بوونی هەیە.

٢- یەکێکی تر لە مەرجەکانی پرۆسەی سڕینەوە، دەبێت بابەتەکە حەرام و حەڵاڵ بێت، یان بە واتایەکی تر لە بابەتی فەرمان پێکردن و ڕێگری لێکردن بێت، نەك بابەتەکە هەواڵ و چیرۆك و باسی پێشینەکان و مەسەلە بیروباوەڕییەکان بێت.(٣٢) دەبینین هەندێك لەو ئایەتانە بابەتەکەیان هەواڵە نەك حەرام و حەڵاڵ.

٣- لەلایەکی ترەوە سەرجەم زانایانی سوننە بە جیاوازی مەزهەبەکانیانەوە کۆکن لەسەر ئەوەی قورئان وتەی هەربوویی (الأزلي) خوایە، لێرەدا باوەڕبوون بە ئەو دووجۆر سڕینەوەیە لەگەڵ بنەمای هەربوویی وتەی خوا تێکدەگیرێت، ئەگەر ئەو ئایەتانە وتەی ئەزەلیی خوان چۆن دەبێت بسڕێنەوە؟(٣٣)

هەر بۆیە ئەگەر موعتەزیلەکان باوەڕیان بە (نسخ التلاوة) هەبوایە شیاو و لۆژیکیانەتر بوو، چونکە لای ئەوان قورئان دروستکراوی خوایە، واتە نەبووە و بووە.

٤- باشە ئایەتێك حوکمەکەی مابێت و کاری پێبکرێت، چ حیکمەتێك لە سڕانەوەی وشەکانیدا هەیە، ئەمە لە یاسا زەمینی و مرۆییەکاندا ناگونجێت و مایەی گاڵتەجاڕییە، چ جای یاسای خوای بێ هاوتا و بێ وێنە.

٥- ئەگەر لە ئایەتەکانی پەیوەست بە حوکمی زینا لە قورئانی پیرۆزدا وردبینەوە، دەبینین ورد و درشت و دوور و نزیکی مەسەلەکانی تایبەت بە زینای باس کردووە، ئەی خێرە گەورەترین و ترسناکترین شوێنەواری زینا، کە ڕەجمکردنە لە قورئاندا سڕابێتەوە.(٣٤)

٦- ئەو قورئانەی لەبەردەستدایە لە ڕێگەی گێڕانەوەی کۆدەنگی حاشاهەڵنەگرەوە جێگیر بووە، بەڵام ئەو ڕیوایەتانەی ئاماژە دەدەن بە نەمانی ئایەتی قورئانی، سەرجەمیان ڕیوایەتی جۆری ئاحادن.(٣٥)

٧- لای هاوەڵان و زۆربەی زانایان، قورئانی پیرۆز پێوەر و هەڵسەنگێنەری سەرەکی فەرموودە و سەرجەم دەقە مرۆییەکانە، دەی باوەڕبوون بەو ڕیوایەتانە دەبێتە مایەی دروستبوونی گومان لە ڕاستی و دروستی خودی قورئان.

٨- بە وردبوونەوەمان لەو ئایەتانەی بەپێی گێڕانەوەکان بەشێك بوون لە قورئان، دەبینین لەڕووی واتایی و دارشتنی زمانەوانی و ڕەوانبێژییەوە زۆر لاوازن و جیاوازی زۆریش لە مەتنی گێڕانەوەکاندا هەیە، بۆ نموونە: ئایەتی ڕەجم، هەندێك لە فەرموودەناسان بەمشێوە گێڕاویانەتەوە: (الشیخ والشیخة إذا زنیا فارجموهما البتة)، هەندێکی تر ڕاستەوخۆ ئەمەیان بۆ زیاد کردووە: (بما قضیا من اللذة)، هەندێکی تریش لە بری تەعبیری پێشوو، ئەمەیان هێناوە: (نکالا من الله والله عزیز حکیم)٣٦.

هەروەها مەرجی سەرەکی سزای ڕەجمکردن لە تاوانی زینادا لای سەرجەم زانایان بریتییە لەوەی دەبێت تاوانبار زەواجی کردبێت، بەڵام لە ئایەتی ڕەجمدا تەنها تەعبیری (الشیخ والشیخة) هاتووە، کە ئەمەش واتای مەرجی ناوبراو نادات بەدەستەوە.

٩- مەرجی سەرەکي ڕوودانی سڕینەوە (النسخ) دەبێت لە سەردەمی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت)دا بێت، بەڵام بەپێی هەندێك لەو گێڕانەوانە لە دوای وەفاتی پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەر بێت) ڕوویداوە.

١٠- لایەنگرانی بیرۆکەی (النسخ) بە گشتی لایانوایە بەرژەوەندییەك لە پێشدا هەبووە ئایەتی لەسەر دابەزیوە، بەڵام دواتر بەرژەوەندییەکە گۆڕاوە، هاوکات ئایەتێکی تر دابەزیوە حوکمی ئایەتی پێشتری سڕیوەتەوە، دەی ئەگەر لە ماوەی بیست و سێ ساڵی تەمەنی دابەزینی قورئاندا لە ناوچەیەکی وەك نیوەدوورگەی عەرەبی دەیان ئایەت حوکمەکەی سڕابێتەوە و کاری پێ نەکرابێت، بە هۆی گۆڕانی دابونەریت و بەرژەوەندییەوە، دەبێت لە ئێستادا کار بە زۆرینەی ئایەتی قورئان نەکرێت، چونکە دابونەریت و بەرژەوەندی مرۆڤایەتی سەد قات بگرە هەزار قاتی ئەو چەند ساڵە گۆڕانی بەسەردا هاتووە.(٣٧)

## خومەینی و ئەبولقاسمی خوئی و عەلی سیستانی و خامنەیی و چەندانی ترڕاشکاوانە دانیاناوە بە پارێزراوی قورئان لە هەرکەموکورتییەك

کەواتە گومانی تێدا نییە سەرجەم موجتەهیدان و گەورە فەقیه و زانایانی شیعە و سوننە هاوڕان لەسەر پارێزراوی قورئان لەهەر دەستکاری و گۆڕانکاری و کەموکورتییەك، هەر دوو لاشیان یەکڕان لەسەر ئەوەی ئەگەر هەر گێڕانەوەیەك

پێچەوانەی قورئان بێت و بەپێی هیچ ئامرازێکی لۆژیکی و شیاو نەتوانرێت لەگەڵ واتا و مەبەستە قورئانییەکان بسازێنرێت، ئەو کات ئەو گێڕانەوانە ڕەتدەکرێنەوە، لە هەر کەس و لە هەر ڕێگەیەکەوە سەرچاوەی گرتبێت!

بەڵام بە هۆی نەبوونی میتۆدێکی زانستی دیاریکراو و هاوبەش لە نێوان شیعە و سوننە لەلایەك، ئاراستە و مەزهەبە جیاوازەکانی سوننە لەنێو خۆیاندا لەلایەکی ترەوە بۆ چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ڕیوایەت و گێڕانەوانە، وایکردووە ئەو هەموو تۆمەتبەخشین و بێ متمانەییە بێتەکایەوە.

لەبری ئەوەی گەورە مەرجەع و زانایان و بیریارانی شیعە و سوننە کار بکەن لەسەر نزیکبوونەوەو لێکتێگەیشتن و بەهێزکردنی متمانە بە یەکتر و جەختکردنەوە لەسەر خاڵە هاوبەشەکان و کاڵکردنەوەی جیاوازییەکان، دواتریش دانانی میتۆدێکی زانستی هاوبەش بۆ چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ کولتووری فیقهی و فیکری هەردوولا، بە پێچەوانەوە دەبینین ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کار دەکرێت لەسەر نەهێشتنی متمانە و تۆخکردنەوەی جیاوازییەکان و تۆمەتبەخشینەوە و بەهێزکردنی تێڕوانینی ڕقاوی و دوژمنکارانەی هەر دوو لا بۆ یەکتر.

لەوانەیە زیادەڕۆیی نەکەین گەر بڵێین وروژاندنی مەسەلەی دەستکاری قورئان لە ئەمڕۆدا بەو شێوەیەی لەبەرچاودایە و بەرجەستەکردنی وەك ڕایەکی بەهێز و بڵاوی مەزهەبی شیعەی ئیمامی، زیاتر بۆ مەبەست و مەرامی سیاسییە، کە زۆرتر لەلایەن ئاراستەیەکی فیکری دیاریکراوەوە کاری لەسەر دەکرێت.

لەبەرامبەریشدا چەندین کۆلکەمەلا و ئاخوندی شیعەش بە میتۆدی هەمان ئاراستەی ناوبراو کار دەکەن لەسەر شێواندنی حەقیقەتەکان و تۆمەتبارکردنی هاوەڵانی پێغەمبەر و زانایانی پێشینی سوننە بە دەستکاریکردنی ئایەتەکانی قورئان.

## ئەگەرخودی قورئان جێگەی متمانە نەبێت ئەوکات چۆن دەبێتە دادوەر و هەڵسەنگێنەر، کەواتە سەرجەم ڕیو ایەتەکانی دەستکاریکردنی قورئان ڕەتدەکرێنەوە

هەروەك چۆن لە کۆندا ململانێی سیاسی نێوان سەفەوییەکان و عوسمانییەکان گەورەترین کاریگەری نەرێنی هەبوو لەسەر تۆخکردنەوەی جیاوازییەکان لە نێوان زانایانی شیعە و سوننەدا، بە هەمان شێوەش لە ئەمڕۆدا ململانێی سیاسی نێوان سعودیە و ئێران لەلایەك و حزبە سیاسییەکانی عێراق لەلایەکی ترەوە گەورەترین کاریگەری خراپی هەیە لەسەر قووڵکردنەوە و تیژکردنەوەی جیاوازییەکانی نێوان شیعەو سوننە.

## سەرچاوەو پەراوێز

١- بڕوانە: الخوئي، أبوالقاسم: البيان في تفسير القرآن، منشورات أنوار الهدى، ط٨، ١٩٨١،ص ٢٠٠. مغنية، محمد جواد: الجوامع والفوارق بين السنة والشيعة، مؤسسة عز الدين للطباعة والنشر، بيروت، د.ت، ص ٣٣٠.
٢- کتێبی( القراءات أو التنزيل والتحريف) لەلایەن دەزگای بریلەوە وەبە لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتناسی جولەکە ئیتان کولبریغ و محەممەد عەلی ئەمیر مەعزی چاپکراوە وبڵاو بۆتەوە.
٣- بڕوانە: الخوئي: المصدر السابق، ص ٢٢٦. المحمدي، فتح الله: سلامة القرآن من التحريف وتفنيد الافتراءات على الشيعة الإمامية، دار مشعر، تهران، ١٤٢٤هـ، ص٤٩.
٤- بڕوانە الطوسي: الفهرست: منشورات الشريف الرضي، قم،ص ١٤٥، رجال الكشي، تحقيق: جواد القيومي الأصفهاني، مؤسسة النشر الإسلامي،قم، ص٥٠٠. النجاشي: رجال النجاشي: مؤسسة الأعلمي للمطبوعات، بيروت، ط١، ٢٠١٠.ص ٧٨. ابن الغضائري: الرجال، تحقيق: محمد رضا الحسيني دار الحديث قم، ط١، ١٤٢٢ق، ص ٤٠.
٥- بڕوانە: النجاشي: المصدر السابق ص ٢٥٤. الطوسي: الفهرست، ص ٩١. ابن الغضائري: المصدر السابق، ص٨٢. الحلي، العلامة: ترتيب خلاصة الأقوال في معرفة علم الرجال، مجمع البحوث الإسلامية، مشهد، ط١، ١٤٢٣ق، ص٢٩٣.
٦- بڕوانە: النجاشي: المصدر السابق، ص٧٤.
٧- بڕوانە: المحمدي، فتح الله: المصدر السابق ص ١٦.
٨- بڕوانە: الخوئي: المصدر السابق، ص ١٩٧. الخرم آبادي، آية الله حسن طاهري: تحريف القرآن أسطورة أم واقع، ترجمة: تحسين البدري، المجمع العالمي للتقريب بين المذاهب الإسلامية، طهران، ط١، ٢٠٠١، ص ٢٥.
٩- بڕوانە: السيوطي: الإتقان في علوم القرآن، تحقيق: مكتب الدراسات القرآنية، المملكة العربية السعودية، ٤٠٦/٢،
١٠- بڕوانە: الخوئي: : المصدر السابق، ص ٢٠٠.
١١- پایەی شێخ سەدوق و ئەبو جەعفەری تووسی لای شیعە وەك بوخاری و موسلیم وایە لای سوننە.
١٢- بڕوانە: الصدوق: الاعتقادات، تحقيق: عصام عبد السيد، المؤتمر العالمي لألفية الشيخ المفيد،قم، ط١، ص ٨٤. الطوسي: التبيان في تفسير القرآن، دار إحياء التراث العربي، بيروت، د.ت، ٣/١. الطبرسي: مجمع البيان في تفسير القرآن، دار العلوم، بيروت، ط١، ٢٠٠٥، ١٤/١. المحمدي، فتح الله: سلامة القرآن من التحريف، ص٦٥.
١٣- بڕوانە: الطباطبائي: الميزان في تفسير القرآن، مؤسسة الأعلمي للمطبوعات، بيروت، ط١، ١٩٩٧، ١٠٢/١. البلاغي، محمد جواد: آلاء الرحمن في تفسير القرآن، دار إحياء التراث العربي، بيروت، د.ت، ٢٥/١.

المظفر، محمد رضا: عقائد الإمامية،د.ط، د.ت، ص ٤٧. الخوئي: المصدر السابق ص ٢٠٠. المحمدي، فتح الله: المصدر السابق ص١٦.
١٤- الصدوق: المصدر السابق، ص ٨٤.
١٥- الطوسي: التبيان في تفسير القرآن ١/٣.
١٦- الفيض الكاشاني: تفسير الصافي، تحقيق: الشيخ حسين الأعلمي، مكتبة الصدر، تهران، ط٣، ١٤١٥هـ، ١/٥١، الوافي، مكتبة الإمام أمير المؤمنين علي عليه السلام، أصفهان، د.ت، ٥/١٧٧٨.
١٧- آل كاشف الغطاء، محمد الحسين: أصل الشيعة وأصولها، دار الأضواء، بيروت، ط١، ١٩٩٠، ص ١٤٣.
١٨- الخوئي: المصدر السابق، ص ٢٠٠.
١٩- الهندي، رحمة الله: إظهار الحق، دار إحياء التراث الإسلامي، الدوحة، ص ٤٣٨. دراز، محمد عبدالله: مدخل إلى القرآن الكريم، ترجمه من الفرنسية:محمد عبدالعظيم علي، دار القلم، الكويت، ١٩٨٤، ص ٣٩. أبوزهرة، محمد: الإمام الصادق، حياته عصره، آراؤه وفقهه، دار الفكر العربي، القاهرة، د.ت، ص ٢٩٦. الغزالي، محمد: ليس من الإسلام، دار الشروق، القاهرة، د.ت ص ٥٧. العلائي، صادق: إعلام الخلف بمن قال بتحريف القرآن من أعلام السلف، مركز الآفاق للدراسات الإسلامية، قم، ١٤٢٥هـ، ص ١٩٧.
٢٠- أخرجه البخاري في صحيحه(٦٨٢٩) ومسلم في صحيحه (١٦٩١) وأبو داود في سننه (٤٤١٨) والترمذي في سننه (١٤٣٢) والنسائي في الكبرى (٧١٥٦) وابن ماجه في سننه (٢553) ومالك في الموطأ (١٥٥٨)، وأحمد في مسنده (٣٩١) وابن حبان في صحيحه (٤١٣) وعبدالرزاق في المصنف (١٣٣٢٩) وغيرهم من أصحاب السنن والمسانيد.
٢١- أخرجه أبو داود في سننه (٤٤١٨) وأورده الألباني في (صحيح سنن أبي داود).
٢٢- النووي: شرح صحيح مسلم، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي، دار إحياء التراث العربي –بيروت،د.ت، ٦/٢٥١.
٢٣- أخرجه الحاكم في المستدرك (٨٠٧٠) والطبراني في المعجم الكبير (٨٦٧) وقال الحاكم: هذا الحديث صحيح الإسناد ولم يخرجاه.
٢٤- أخرجه مسلم في صحيحه (١٤٥٢) وأبوداود في سننه (٢٠٦٢) والترمذي في سننه (١١٥٠) والنسائي في الكبرى (٥٤٢٥) وابن ماجه في سننه (١٩٤٢) وغيرهم.
٢٥- أخرجه مسلم في صحيحه (١٠٥٠).
٢٦- أخرجه البخاري في صحيحه ( ٦٤٣٧) ومسلم في صحيحه (١٠٤٩) وأحمد في مسنده (٣٥٠١) وابن حبان في صحيحه (٣٢٣١) وغيرهم.
٢٧- أخرجه الترمذي في سننه (٣٧٩٣) وقال: هذا حديث حسن صحيح.
٢٨- بروانة: الجصاص: الفصول في الأصول، تحقيق: عجيل جاسم النشمي، وزارة الأوقاف والشؤون الإسلامية، الكويت، ط٢، ١٩٩٤، ٢/٢٥٣. الزركشي: البحر المحيط

في أصول الفقه، وزارة الأوقاف والشؤون الإسلامية، الكويت، ط١، ١٩٨٨، ١٠٣/٤. الشوكاني: إرشاد الفحول إلى تحقيق الحق من علم الأصول،تحقيق: أبو حفص سامي بن العربي الأثري، دار الفضيلة، الرياض، ط١، ٢٠٠٠، ٨٠٥/٢.

٢٩- بڕوانە: الشيرازي: اللمع في أصول الفقه، دار ابن كثير، بيروت-دمشق، ط٣، ٢٠٠٢،ص ١٢٦. الزركشي: المصدر السابق ١٠٣/٤.

٣٠- بڕوانە: الزركشي: المصدر السابق ١٠٤/٤. رضا، محمد رشيد: تفسير القرآن الحكيم، دار المنار، ط٢، ١٩٤٧، ٤١٥/١. الخضري، محمد: أصول الفقه، المكتبة التجارية الكبرى، مصر، ط٦، ١٩٦٩، ص٢٦٣. الرافعي، مصطفى صادق: إعجاز القرآن والبلاغة النبوية، دار الكتاب العربي، بيروت، ٢٠٠٥، ص ٣٢. أبو زهرة، محمد: المعجزة الكبرى القرآن، دار الفكر العربي، د.ت، ص ٤٣. الغزالي، محمد: كيف نتعامل مع القرآن، شركة نهضة مصر، ط٧، ٢٠٠٥، ص ٨٢، نظرات في القرآن، شركة نهضة مصر، ط٦، ٢٠٠٥، ص ١٩٥. الصالح، صبحي: مباحث في علوم القرآن، دار العلم للملايين، بيروت، ط١٩٧٧،١٠، ص٢٦٥. الغماري، عبدالله بن الصديق: ذوق الحلاوة ببيان امتناع نسخ التلاوة، جمعية آل البيت للتراث والعلوم الشرعية، فلسطين، د.ت، ص ١٠. الزلمي، مصطفى: أصول الفقه في نسيجه الجديد، نشر إحسان للنشر والتوزيع، ط١، ٢٠١٤، ص ٤٢٨.

٣١- بڕوانە: الشيرازي: المصدر السابق، ص ١٣١. الزركشي: المصدر السابق ٧٨/٤. أبو زهرة، محمد: أصول الفقه، دار الفكر العربي، القاهرة، ٢٠٠٦، ص ١٧٦.

٣٢- بڕوانە: الشيرازي: المصدر السابق، ص ١٢٢. أبو زهرة، محمد: أصول الفقه،ص ١٧٥.

٣٣- الغماري: المصدر السابق، ص ١١.

٣٤- بڕوانە: الكردي، أوميد عثمان: عقوبة الإعدام في الشريعة الإسلامية، مؤسسة الرسالة ناشرون، بيروت، ط١، ٢٠٠٨، ص ٢٠٩.

٣٥- الصالح، صبحي: المصدر السابق، ص ٢٦٥. الغماري: المصدر السابق، ص ١١.

٣٦- بڕوانە: الغماري: المصدر السابق، ص ١٠. الزلمي، مصطفى: التبيان لرفع غموض النسخ في القرآن، مكتب التفسير، أربيل، ط١، ٢٠٠٠، ص ٨٤. الكردي: المصدر السابق، ص ١٩٨.

٣٧- بڕوانە: الزلمي، مصطفى: أصول الفقه في نسيجه الجديد، ص ٤٣١.

# زوهد لە کەلەپووری ئیسلامدا تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانە

د. ئەیوب زەڵمی

لەمرۆدا بابەتی زوهد یەکێکە لەو چەمکانەی لە نێو موسڵمانان قسە و مشتومڕی زۆری لەبارەوە دەکرێت، جۆرێك لە تێکەڵی لە تێگەیشتن بۆ ئەو چەمکە دروستبووە، بەجۆرێك هەندێك بە تەواوی زوهد لە دوورکەوتنەوە لە دنیا و تەنانەت دەوڵەمەندی و نیعمەتەکانی خوا ئەژمار دەکەن و بەشێکی زۆری موسڵمانان بە هەڵە لە چەمکی زوهد تێگەیشتوون، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا بە پێویستمان زانی کرۆك و واتای ڕاستەقینەی (زوهد) لە چەند خاڵێکدا بخەینە ڕوو، لەوانە:

1. واتای زمانەوانی زوهد
2. واتای زاراوەیی زوهد
3. زوهد لە قورئاندا
4. زوهد لە سوننەتدا
5. مێژووی سەرهەڵدانی زوهدی نادروست

**یەکەم: و اتای زمانەو انی زوهد:**
(جەوهەری) لە فەرهەنگی (الصحاح)دا دەڵێت: (الزُّهْدُ: خلاف الرَّغبة. تقول: زَهِدَ في الشيء وعن الشيء، يزْهَدُ زهداً و زَهَادَةً) واتە: زوهد پێچەوانەی ئارەزووچوونە بۆ شتێك، زوهد هەم لە شتێكدا دەبێت هەم دەربارە بەو شتە..
هەروەها دەڵێت: فلانەكەس زوهد دەكات، واتە عیبادەت دەكات و ڕووی دڵی دەكاتە قیامەت، زوهدكردن لە شتێكدا واتە كەم بایەخدان بەو شتە و ئارەزوو نەبوون لێی. بە كەسێكی كەمخۆر دەوترێت (زهيد الأكل)، هەروەها (وادٍ زهيد) واتە: شیوێك كە ئاوی كەم لە خۆدەگرێت. لەناو عەرەبدا ئەگەر بوترێ: (خذ زهد ما يكفيك) واتە: ئەو ئەندازەیەی كە پێویستتە هەڵیبگرە. یان فلانەكەس بەخششەكەی فیسارەكەس بە كەم دەزانێت(١). زوهد واتە پێچەوانەی هەڵپەكردنی زیادە بە شوێن دنیادا، پێچەوانەی ئارەزوو لێبوونە. لە قورئاندا هاتووە: براكانی یوسفیان فرۆشت بە نرخێكی كەم بە چەند درهەمێك (وكانوا فيه من الزاهدين)، واتە: حەزیان لەو چەند دیرهەمەش نەبوو، واتە گیرفانیان بۆ ئەوەش هەڵنەدورابوو، ئەوان دەیانویست بە هەر نرخێك بووە چاویان لە چاوی یوسف ببڕێت و لێیان دوور بكەوێتەوە، بۆیە ئەگەر لە بەرامبەر بردنەكەیدا هیچیشیان دەست نەكەوتایە هەر دەیاندا، چونكە ئەوان (فيه) واتە: لە نرخ (ثمن)ەكەیدا، (من الزاهدين).(٢) هەروەها زوهد واتە پێچەوانەی ئارەزوو(٣). هەروەها بە لای بەرتەسكی و تەنگەبەری زەوییەك دەوترێ (زهيد الأرض).
لەمەی ڕابورد ڕوون بووەوە كە لە ڕووی زمانەوانییەوە وشەی (زهد) چوار واتای هەیە: پێچەوانەی حەزلێبوون، پێچەوانەی هەڵپەكردن، عیبادەت، بڕێكی دیاریكراو، كە بنەمای هەموویان دەگەڕێتەوە سەر یەك شت، ئەویش بریتییە لەو شتەی بەرامبەر بە ئارەزوویەكی زۆرە بۆ شتێك، پێچەوانەی ئارەزووی زۆر، كە دەكاتە ئارەزووی زۆر بۆ پشت تێكردن و وازلێهێنان(٤).

**دووەم: و اتای زاراوەیی زوهد:**
زانایانی پێشین بە چەندین شێوە پێناسەی زوهدیان كردووە، دەكرێت لێرەدا ئاماژە بە چەند شێوە پێناسەیەك لە دروستترینیان بكەین لەوانە:
-بۆچوونی شەیخولئیسلام ئیبن تەیمیە:
ئیبن تەیمیە لە پێناسەی زوهددا دەڵێت: زوهدی شەرعی و دروست بریتییە لە وازهێنان لە ئارەزووكردنی ئەوەی سوودی نییە بۆ ماڵی دوارۆژ(٥). هەروەها دەڵێت: ئەو شتانەی كە مرۆڤی موسڵمان بە هۆیانەوە هێزی زیاتری دەستدەكەوێت بۆ كاری چاكە و خواپەرستی، واتە: كردن، یان خواردن، یان وتنی ئەو شتانە ببنە یارمەتیدەر بۆ خواپەرستی، وازلێهێنانی

ئەو جۆرە شتانە ناچێتە خانەی زوهدی دروستـەوە(٦)، هەروەها دەڵێت: بە دڵنیاییەوە بوونی ماڵ و دارایی و پلەوپایە و دەسەڵاتێك كە خوای تێدا مەبەست بێت و مافی بدرێت و فەرمانی خوای پێ بە ئەنجام بگەیەنرێت و ببێتە هۆی فەرمانبەرداری فەرمانەكانی خوا، ئەوە لە هەرە بەخششە مەزنەكانی خوایە(٧).
پاشان واتای (زوهد) زیاتر ڕوون دەكاتەوە و دەڵێت: كردەوەیەك ناوترێت ئەمە باشە، یاخود خراپە، تەنها لەبەر ئەوەی چێژئامێزە، بەڵكو ئەو شتە بە چاك لە قەڵەم دەدرێت كە فەرمانبەرداری خوا و سوودی بەندەكانی خوای تێدایە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی چێژئامێزە، یاخود سەخت و سەنگینە، چونكە جاری وا هەیە شتێك زۆر چێژبەخشە، كەچی ئەنجامدانیشی خێر و چاكە و پڕسوودە، پێچەوانەكەشی هەر وایە.(٨)
هەروەها دەڵێت: هەر شتێك سوودی قیامەتی تێدا بێت، خۆگرتنەوە لەو شتە و وازلێهێنانی لە ئیسلامدا جێگەی نابێتەوە و كارێكی شەرعی نییە، بەڵكو خاوەنەكەی دەچێتە خانەی ئەو كەسانەوە كە ئەم ئایەتە پیرۆزە دەیانگرێتەوە، كە دەفەرموێت: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تُحَرِّمُواْ طَيِّبَاتِ مَا أَحَلَّ اللّهُ لَكُمْ وَلاَ تَعْتَدُواْ إِنَّ اللّهَ لاَ يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ) (المائدة: ٨٧)، (بڕواداران ئەو شتانە لەسەر خۆتان یاساغ و حەرام مەكەن، كە خوا بۆی حەڵاڵ كردوون و سنوور مەبەزێنن، چونكە خوا سنوورشكێنانی خۆشناوێن).
لەم تێڕوانینەی شەیخولئیسلام ئیبن تەیمییەدا تێدەگەین كە:
١. زوهدی دروست و شەرعی هەیە، وەك چۆن زوهدی ناشەرعیش هەیە.
٢. هەر شتێك یارمەتیدەری مرۆڤی موسڵمان بێت بۆ باشتركردنی خواپەرستی، وازلێهێنانی كارێكی نادروستە و پێی ناوترێت زوهد بە واتا شەرعیەكەی.
٣. ماڵ و دارایی و سەروەت و سامان، یان پلەوپایە و دەسەڵات لە خودی خۆیاندا شتانێكی خراپ نین، بەڵكو بۆ مرۆڤی موسڵمان لە بەخششە هەرە مەزنەكانی خوای گەورەن و پێویستە موسڵمان بە ناوی زوهدكردنەوە پشتیان تێ نەكات، بەڵكو بۆ ڕەزامەندی خوا و خزمەتی خۆی و بەندەكانی خوا بە كاریان بهێنێت.
٤. لە ئایینی ئیسلامدا چێژوەرگرتن لە بەخششەكانی خوا كارێكی ڕێپێدراوە و جێگەی ڕەزامەندی خوایە و هیچ كارێكیش لە خودی خۆیدا بە هۆی بوونی چێژ، یان سەختی تیایدا، بە چاك یان خراپ لە قەڵەم نادرێت، بەڵكو پێوەر لە كارەكاندا شەرعی و ناشەرعی بوون، یان سوود و زیانە تێیاندا، نەوەك هیچ شتێكی تر.
- بۆچوونی عیزی كوڕی عەبدولسەلام:
ئەم زانا پایەبەرزە سەبارەت بە زوهد دەڵێت: زوهدكردن بەرامبەر بە هەر شتێك واتە: خاڵیبوونەوەی دڵ لە وابەستەبوون بەو شتەوە و ئارەزوو

نەبوون بۆی و دەست لێ شۆردنی( ٩).
دواتر دەڵێت: واتە: مەرج نییە هەر دەبێت دەستت لەو شتە بووبێتەوە و خاوەندارێتیت بە سەریەوە نەمابێت(١٠)، چونکە ئەوەتا پێغەمبەری ئازیز (ﷺ): کاتێك لە دنیا دەرچوو چەندین باخ و بێستان و موڵکی لە پاش بەجێما، هەروەها گەورەمان سولەیمان و داود (عليهما السلام) پادشای هەموو سەر زەوی بوون، لەگەڵ ئەوەشدا پێشەنگ و سەرقافڵەی کاروانی زاهیدەکانن.(١١)

**ماڵ و دارایی و سەروەت و سامان، یان پلەوپایە و دەسەڵات لە خودی خۆیاندا شتانێکی خراپ نین، بەڵکو بۆ مرۆڤی موسڵمان لە بەخششە هەرە مەزنەکانی خوای گەورەن و پێویستە بە ناوی زوهدکردنەوە پشتیان تێ نەکات**

هەر سەبارەت بە (زوهد) دەڵێت: زوهد ئەوەیە دڵت وابەستەی ماڵ و دارایی نەبێت، نەوەك دەستت تێیدا نەبێت، کەواتە دەوڵەمەندیی پێچەوانە نییە لەگەڵ زاهید بووندا (١٢)، بە گوێرەی ئەم تێگەیشتنە: دەگونجێت کەسێك پادشا و دەسەڵاتدار بێت وەك پێغەمبەران (داود و سولەیمان) سڵاوی خوایان لێبێت و زاهیدیش بێت، هەروەها دەکرێت کەسێك سەرمایەدارێکی گەورە و دەوڵەمەندێکی ناوداریش بێت و خۆشخۆر و جوانپۆشیش بێت، لەگەڵ ئەوەشدا کەسێکی زاهیدیش بێت.

لە تێگەیشتنی دروستی ئەم زانا پایەبەرزەوە بۆ زوهد تێگەیشتین کە:

١. زوهد بریتییە لە وابەستە نەبوونی دڵ بەو شتەوە کە مرۆڤی موسڵمانی زاهید دەیەوێت زوهدی بەرامبەر بکات.

٢. بۆ ئەوەی بە کەسێك بوترێت زاهید، بەمەرج نەگیراوە کە هەر دەبێت بە شێوەی کردەیی واز لە دنیا بهێنێت و پشتی تێبکات، بەڵکو تەنها ئەوەندە بەسە کە دڵی بە دنیاوە نەبەستێت و پێشی نەخات بە سەر قیامەتدا.

٣. نموونەی تێگەیشتنی دروست بۆ زوهد بریتییە لە زوهدی پێغەمبەران (سولەیمان و داود) کە پادشا و دەسەڵاتدار بوون و لەگەڵ ئەوەشدا زاهیدترینی سەردەمی خۆشیان بوون.

٤. بۆ کەسێك کە دڵی وابەستەی موڵك و ماڵەکەی نەبێت و هەوڵی دەستخستنی ڕەزامەندی خوای پێ بدات، دەوڵەمەندییەکەی هیچ کات پێچەوانە نییە لەگەڵ زاهید بووندا.

- بۆچوونی ئیبن قەیم:

ئەم زانا لێکۆڵەرە پایەدارەش لە پێناسەی زوهددا دەڵێت: زوهد بریتییە لە سەفەری دڵ لە نیشتمانی دنیاوە بەرەو مەنزڵگاکانی دوارۆژ(١٣). کاتێک سەرنجی ئەم پێناسەیە دەدەین، دەبینین کە ئیبن

قەیم بابەتەکەی پەیوەست کردووەتەوە بە دڵەوە، نەوەك وازهێنان لە ژیان و پشتکردنە دنیا، بۆیە دەبینین زیاتر جەخت لەم تێگەیشتنە دروستە دەکاتەوە و دەڵێت: مەبەست بە سەفەرکردنی دڵ بەرەو قیامەت، وازهێنان و ڕەتکردنەوەی دەسەڵات و پلەو پایە نییە، چونکە ئەوەتا هەردوو پێغەمبەر (داود و سولەیمان) - سەلامی خوایان لەسەر - پادشا بوون و خاوەنی ئەو هەموو دەسەڵات و ماڵ و دارایی و ژن و کوڕوکاڵە بوون و لەگەڵ ئەوەشدا زاهیدترین کەسی سەردەمی خۆیان بوون، یاخود پێغەمبەری ئێمە (محەممەد) (ﷺ) زاهیدترین مرۆڤ بوو لەسەر زەویدا و خاوەنی (٩) خێزان بووە!! یان هاوەڵان (عەلی و عەبدوڕەحمان و زوبەیر و عوسمان) - خوایان لێ ڕازی بێت- لە ڕیزی هەرە زاهیدەکاندان و ئەو هەموو ماڵ و داراییەشیان هەبووەو خەڵکانی تریش(١٤).

لە تێگەیشتنی ئەم زانا لێکۆڵەرەوە تێگەیشتین کە:

١. زوهد بریتییە لە سەفەرکردنی دڵ بۆ قیامەت، نەوەك وازهێنان و پشکردنە دنیا.

٢. مەبەست بە زوهدکردن وازهێنان نییە لە دنیا و پلەوپایە و دەوڵەمەندیی.

٣. پێغەمبەران (داود و سولەیمان و محەممەد) سەلامی خوایان لەسەر بێت- هەروەها هاوەڵان (عەلی و عەبدوڕەحمان و زوبەیر و عوسمان) لە هەرە زاهیدترین بوون و خاوەنی دەسەڵات و ژن و ماڵ و دارایی و .... بوون.

- بۆچوونی پێشەوا ئەحمەد:

پرسیار لە پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل دەکەن سەبارەت بە پیاوێك خاوەنی هەزار دینارە، ئایا دەبێتە زاهید، واتە ئایا بە کەسێکی زاهید دێتە هەژمار؟! لە وەڵامدا دەفەرموێت: بەڵێ بەو کەسە دەوترێت زاهید، بە مەرجێك بە زیاتربوونی پارەکەی دڵخۆش نەبێت و بەکەمبونەوەی دڵتەنگ و خەمبار نەبێت(١٥).

سەبارەت بە پێناسەی زوهد دەفەرموێت زوهد بریتییە لەوەی کەسێك دڵخۆش نەبێت بەوەی دەرگاکانی ژیانی دنیای بەڕوودا دەکرێتەوە و خەمباریش نەبێت بەوەی دنیا پشتی تێبکات و دەرگاکانی بەڕوودا دابخرێت(١٦).

کاتێك سەرنجی تێگەیشتنی ئەم پێشەوا پایەبەرزە دەدەین دەبینین کە:

١. بە بوونی هەزار دینار - کە هەزار مسقاڵ زێڕی ئێستا دەکات -بۆ کەسێك، ئەو کەسە لەوە ناکەوێت کە پێی بوترێت کەسێکی زاهید.

٢. تەنها مەرجی زاهید بوون ئەوەیە کە مرۆڤ دڵی نەبەستێت بە دنیاوە و بە زۆربوونی دڵخۆش و بە کەمبوونەوەی دڵتەنگ نەبێت.

٣. کەواتە با مرۆڤ خاوەنی هەزاران مسقاڵ زێر و سەرمایەیەکی گەورەش بێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەگونجێت

کەسێکی زاهید بێت.

**سێیەم: زوهد لە قورئاندا:**

وشەی زوهد لە قورئانی پیرۆزدا تەنها یەك جار هاتووە، ئەویش بە واتا زمانەوانییەکەی.

خوای گەورە لە چیرۆکی فرۆشتنی گەورەمان (یوسف)دا (علیه السلام) لە لایەن براکانییەوە دەفەرموێت: [وَشَرَوْهُ بِثَمَنٍ بَخْسٍ دَرَاهِمَ مَعْدُودَةٍ وَكَانُوا فِيهِ مِنَ الزَّاهِدِينَ] یوسف/٢٠، واتە: یوسفیان فرۆشت بە نرخێکی هەرزان و چەند درهەمێکی کەم، ئەوان زاهیدانە مامەڵەیان لەگەڵ نرخەکەیدا کرد و بە تەمای ئەوەندەش نەبوون. وەك ئیبن کەسیر دەفەرموێت: ئەگەر کڕیارەکان بێ بەرامبەر و بە خۆڕاییش بیانویستایە ئەوان هەر ڕازی دەبوون و پێیان دەدان (١٧).

## لە ئایینی ئیسلامدا چێژوەرگرتن لە بەخششەکانی خوا کارێکی ڕێپێدراوە و جێگەی ڕەزامەندی خوا یە

لە هیچ شوێنێکی قورئانی پیرۆزدا بە ئاماژەش نەوەك بە ڕاشکاوانە ئەوەی تێدا نییە کە بفەرموێت: پشت بکەنە ژیانی دنیا و ڕوو بکەنە قیامەت. یان بفەرموێت: ژیانی دنیا بێ نرخە و نابێت موسڵمان هەوڵی بۆ بدات و خۆی پێوەخەریك بکات، یاخود بفەرموێت: وا باشە مرۆڤی خواپەرست هەژار و نەدار و ڕووت و ڕەجاڵ بێت و پێویستە خۆی یەکلا بکاتەوە بۆ نوێژ وعیبادەت و خواپەرستی. یان خواپەرستترین مرۆڤ ئەو کەسەیە کە جلوبەرگی کۆن و شڕ و ماڵ و حاڵی خاکی و نزم و بێ ڕەونەق بێت.

یاخود بفەرموێت: دنیا ئەوە ناهێنێت مرۆڤ دڵی پێ خۆش بکات و پێویستە زۆربەی کاتی مرۆڤی خواناس لە گۆشەگیری و خەڵوەتدا بێت و هەتا لە دنیا دوور بیت لە خواوە نزیکتریت. یان بفەرموێت: دنیا کەلاکی تۆپیوە، ئەوە تەنها سەگەکانن هەڵپەی بۆ دەکەن و پەلاماری دەدەن.یان .. یان .. یان..

بەڵکو بەپێچەوانەوە قورئان فێرمان دەکات کە:

١. لە خوا بپاڕێینەوە کە ژیانێکی خۆشی پڕ لەناز و نیعمەت و ماڵ و دارایی و لەشساغی و خۆشگوزەرانیمان پێ ببەخشێت (ربنا آتنا في الدنيا حسنة)، هەروەها بپاڕێینەوە کە خوا منداڵی باش و چاك و ساڵحمان پێ ببەخشێت [رَبَّنَا هَبْ لَنَا مِنْ أَزْوَاجِنَا وَذُرِّيَّاتِنَا قُرَّةَ أَعْيُنٍ ] (الفرقان: ٧٤)، هەروەها لە پێغەمبەرانەوە فێر ببین کە داوای لێبوردن لە خوا بکەین و بگەڕێینەوە بۆ لای، تا ئەویش لێمان خۆش ببێت و بارانمان بۆ ببارێنێت و ماڵ و منداڵ و داراییمان زیاد بکات [اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ إِنَّهُ

كَانَ غَفَّارًا * يُرْسِلِ السَّمَاءَ عَلَيْكُمْ مِدْرَارًا * وَيُمْدِدْكُمْ بِأَمْوَالٍ وَبَنِينَ] (نوح: ١٠).

٢. قورئان بانگمان دەكات بۆ بەشداریكردن لە مەراسیمی نوێژی هەینی، بەڵام دەشفەرموێت: كە لە نوێژ تەواوبوون بچنەوە سەر كار و كەسابەتی خۆتان و دەست بكەنەوە بە كاروباری دنیایی خۆتان: [فَـإِذَا قُضِيَتِ ٱلصَّلَوٰةُ فَانتَشِرُواْ فِي ٱلْأَرْضِ وَٱبْتَغُواْ مِن فَضْلِ ٱللَّهِ ] (الجمعە: ١٠).

٣. قورئان پێمان دەفەرموێت: نەكەن ژیانی خۆتان لە بیر بكەن: [وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ الدُّنْيَا] (القصص: ٧٧). بەڵكو پێویستە سەرزەوی ئاوەدان بكەنەوە، بیكەن بە ڕێگەوبان و باڵەخانە و كۆڵان و شەقام و بازاڕ و باخ و باخات و بێستان و هتد.. [ وَاسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا] (هود: ٦١).

ئاگاداریشمان دەكاتەوە كە خوای بە بەزەیی خۆی شەو و ڕۆژی بۆ بەدیهێناون ئەویش بۆ ئەوەی بە ڕۆژدا هەوڵ بدەن و كردە و كەسابەت بكەن، بە شەویش پشوو بدەن و بحەوێنەوە: [ وَمِن رَّحْمَتِهِ جَعَلَ لَكُمُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ لِتَسْكُنُوا فِيهِ وَلِتَبْتَغُوا مِن فَضْلِهِ ] (القصص: ٧٣).

دەشفەرموێت: خوا زەوی بۆ ملكەچ و ڕام كردوون و سائێوەش بگەڕێن بە هەموو گۆشە و كەنارەكانیدا و لە ڕۆزی خوا بخۆن و لێی سوودمەند ببن [هُوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ ذَلُولًا فَامْشُوا فِي مَنَاكِبِهَا وَكُلُوا مِن رِّزْقِهِ] (الملك: ١٥).

هەروەها دەفەرمووێت: هەرچی لە زەویدا هەیە بۆ هەمووتانم بە دیهێناوە (نەوەك هەندێكتان دەستی بە سەردابگرن و ئەوانی ترتان بێبەش بكەن) [هُوَ الَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا ] (البقرە: ٢٩).

یاخود دەفەرموێت: خەڵكینە لە خواردنی پاك و جوان و بەتام و چێژی زەوی بخۆن و سوودی لێ وەربگرن [يَا أَيُّهَا النَّاسُ كُلُوا مِمَّا فِي الْأَرْضِ حَلَالًا طَيِّبًا ] (البقرە: ١٦٨).

٤. خوای گەورە بۆ خۆی خۆشەویستی شتەكانی ژیانی دنیای خستووەتە دڵی مرۆڤەكانەوە، واتە خۆشویستنیان شتێكی فیتری و خۆسەپێنە، نەوەك ویستەكی و سەرپشكبوون، ئایینی ئیسلامیش ئایینی فیترەتە و پشتگیری لەشتە فیترییەكان دەكات و دژیان ناوەستێتەوە، ئەوەتا خوای گەورە دەفەرمووێت: [ زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ الشَّهَوَاتِ مِنَ النِّسَاءِ وَالْبَنِينَ وَالْقَنَاطِيرِ الْمُقَنطَرَةِ مِنَ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ وَالْخَيْلِ الْمُسَوَّمَةِ وَالْأَنْعَامِ وَالْحَرْثِ ذَلِكَ مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَاللَّهُ عِندَهُ حُسْنُ الْمَآبِ] (آل عمران: ١٤).

واتە: لە لایەن خواوە بۆ خەڵكی (هەردوو ڕەگەز) جوانكراوە و ڕازێنراوەتەوە خۆشی و ئارەزووەكانی نەفس لە ئافرەتان (پیاوان) و منداڵ و ماڵ و دارایی زۆری كەڵەكەكراو لە زێڕ و زیو و ئەسپ و ماینی جوان و نیشانەدار وئاژەڵ و كشتوكاڵ، ئەمانە بەهرە و كەلوپەل و خۆشی ژیانی دنیان، خوای گەورە جێگە و نیشتگەی جوان و باشتریشی لەلایە.

ئەگەر کەسێك وابزانێت زوهدکردن بریتییە لە پشتکردنە ژیانی دنیا و وازهێنان لە خۆشییەکانی، بەدڵنیاییەوە ئەوە دژە بە فیترەتی لەسەر بەدیهێنراوی مرۆڤ، ئایینی ئیسلامیش ئایینی فیترەتە، کەواتە ئەو جۆرە تێگەیشتنە لە زوهد دەکەوێتە دەرەوەی ئایینی ئیسلام و لەودا جێگەی نابێتەوە. خوای گەورەش دەفەرموێت: [ فِطْرَتَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ذلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ] (الروم: ٣٠)، واتە: ئەو بە دیهێنانەی خوا خەڵکی لەسەر بەدیهێناوە، هیچ گۆڕانکارییەکی تێدا ڕوو نادات و هەروا دەمێنێتەوە، هەر ئەوەش ئایین و بەرنامە ڕاست و تەندروست و چاکەکەیە، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی زۆری خەڵك ئەمە نازانن.

٥. قورئان داستانی پێغەمبەران (علیهم السلام) باس دەکات و فەرمان بە پێغەمبەری ئازیزشمان (ﷺ) دەکات کە شوێنپێی ئەوان هەڵگرێت و شوێنی هیدایەت و ڕێنمونی ئەوان بکەوێت [أُولَئِكَ الَّذِينَ هَدَى اللَّهُ فَبِهُدَاهُمُ اقْتَدِهْ] (الانعام: ٩٠).

لە ناو ئەو پێغەمبەرانەشدا دوانیان پادشا و دەسەڵاتدارن (داود و سولەیمان) (علیهما السلام)، هەردوکیشیان (نعم العبد)ن واتە: بەندەی باش و چاکن، گەورەمان سولەیمان خۆی دەفەرموێت (أنی احببت حب الخیر) (ص: ٣٢)، واتە: بەڕاستی من ماڵ و داراییم زۆر خۆشدەوێت، ئەمەشم لە زیکر و یادی خواوە وەرگرتووە، کە ماڵ و دارایی و ئەسپ و ...تاد خۆش بوێن.(١٨)

خوا سەبارەت بە پێغەمبەرانی نەوەی ئیبراهیم دەفەرموێت: (وَآتَيْنَاهُم مُّلْكًا عَظِيمًا) (النساء: ٥٤)، واتە: موڵك و دەسەڵاتێکی گەورە و مەزنم پێبەخشیون. کە یوسفی تێدایە. سەلامی خوای لێبێت . خاوەنی پلەوپایە و دەسەڵات بووە و خۆی داوای کردووە و هەوڵی بۆ داوە تا پێی گەیشتووە، هەروەها سولەیمانی تێدایە . سەلامی خوای لێبێت .کە داوای لە خوا کردووە: خوایە دەسەڵاتێکم بدەرێ کە لە دوای من بۆ هیچ کەسی تر دەست نەدات، گەورەمان ئیبراهیم .سەلامی خوای لێبێت . خۆی ئەوەندە ماڵ و سامان و ئاژەڵی هەبوو کە نانی بەبێ میوان نەدەخوارد و گوێرەکەی بۆ میوان سەر دەبڕی و بە برژاوی دەیهێنایە بەردەمیان و فەرمووی لێ دەکردن، (فجاؤ بعجل حنیذ).

پێویستە ئەوەش بە ڕوونی بخەینە ڕوو کە: ئەو شتەی سەرکۆنەی لە سەرە و قورئان لە ڕووکردنە دنیادا پێی پەسەند نییە و قبوڵی ناکات، بریتییە لە دوو شت: یەکەم: لە پێناوی دنیادا واز لەقیامەت بهێنرێت.

دووەم: لە هەوڵبۆداندا دنیات پێ لەپێشتر بێت لە قیامەت.

بەدەر لەم دوو حاڵەتە: هیچ جۆرە بە کەمزانینێکی ژیانی دنیا و بێ نرخ سەیرکردنی لە قورئاندا بوونی نییە.

بۆ نموونە کاتێك خوای گەورە دەفەرموێت: [أَنَّمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا لَعِبٌ وَلَهْوٌ] (الحديد: ٢٠)، [وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلَّا مَتَاعُ الْغُرُورِ ] (آل عمران: ١٨٥)، یان دەفەرموێت: [ قُلْ مَتَاعُ الدُّنْيَا قَلِيلٌ] (النساء: ٧٧)، یان دەفەرموێت: [فَمَا مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا فِي الْآخِرَةِ إِلَّا قَلِيلٌ ] (التوبة: ٣٨)، [وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا فِي الْآخِرَةِ إِلَّا مَتَاعٌ ] (الرعد: ٢٦)، مەبەستی ئەوەیە: ژیانی دنیا بەراورد بە ژیانی قیامەت گاڵتەوگەپ، کەموکورتە و کاریگەرە، ئەگەر مرۆڤ وریا نەبێت دوور نییە لە خشتەی ببات و قیامەتی لە بیر بباتەوە.

ئەگینا وەك وتمان لە خودی خۆیدا ژیانی دنیا پڕ بایەخە و پێویستە مرۆڤی موسڵمان بۆ کردەوەی چاکە و دەستخستنی ڕەزامەندی و بەهەشت، بە هەلی زێڕینی بزانێت.

قورئان سەرکۆنەمان دەکات و دەفەرموێت: ئێوە گرفتی گەورەتان ئەوەیە کە ڕێزی دنیا دەدەن بەسەر قیامەتدا [بَلْ تُؤْثِرُونَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا ] (الاعلى: ١٦)، [وَآثَرَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا ] (النازعات: ٣٨)، چونکە ئەوەی لە مرۆڤی موسڵمان دەخوازرێت ئەوەیە کە: هاوسەنگی لە هەوڵدان بۆ باشترکردنی ژیانی هەردوو جیهان ڕابگرێت و هەر ئەوەش خولیا و ئامانج و نزای بێت: (ربنا آتنا في الدنيا حسنة وفي الآخرة حسنة وقنا عذاب النار) کە ئەمەش کارێکی قورس و گران نییە.

لەمەی ڕابوورد گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی کە:

١. زوهد لە قورئاندا نەهاتووە، بێجگە لەو تەنها جارەی کە بە واتای زمانەوانی (زوهد) لە داستانی گەورەمان یوسفدا هەیە.

٢. لە قورئاندا چێژبردن لە خۆشییەکانی ژیانی دنیا بە مافی مرۆڤی ساغ دەناسرێت و بەشێکە لەو کردە فیترییانەی مرۆڤی لەسەر بە دیهێنراوە.

٣. بوونی ماڵ و دارایی و دەسەڵات پێچەوانە نییە بە زاهید بوون، چونکە بەشێك لە پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەر بێت) هەبوو پادشا و وەزیر و دەسەڵاتدار بوون و لە هەمان کاتدا زاهیدترین کەسی سەردەمی خۆشیان بوون.

٤. ئەوەی لە مرۆڤی موسڵمان دەخوازرێت وازهێنان نییە لە ژیانی دنیا، بەڵکو هاوسەنگی ڕاگرتنە لە نێوان ژیانی دنیا و قیامەتدا و هەوڵدانە بۆ هەردووکیان.

**دەکرێت کەسێك سەرمایەدارێکی گەورە و دەوڵەمەندێکی ناوداریش بێت و خۆشخۆرو جوانپۆشیش بێت، لەگەڵ ئەوەشدا کەسێکی زاهیدیش بێت**

### چوارەم: زوهد لە سوننەدا:

سوننەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بریتییە

لە گوفتار و ڕەفتار و پەسەند کراوی پێغەمبەر (ﷺ) لە گوفتار و ڕەفتاری هاوەڵاندا کە بێدەنگی لە بەرامبەریان هەڵبژاردبێت. بە دڵنیاییەوە گوفتار و ڕەفتاری پێغەمبەری ئازیزیش (ﷺ) بریتییە لەو شتانەی لە خولگەی بەرینی قورئانی پیرۆزدا دەسوڕێنەوە.

دایکی بڕواداران خاتوو عائیشە سەبارەت بە بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (كانَ خُلُقُهُ الْقُرْآنَ، يَرْضى لِرِضاهُ، ويَسْخَطُ لِسَخَطِهِ)، (١٩) واتە: ڕەوشتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بریتی بوو لە قورئان، بەوە ڕازی دەبوو کە جێگەی ڕەزامەندی قورئان بوایە، بەوەش نیگەران دەبوو کە قورئان پێی نیگەرانە.

لەمەوە تێدەگەین کە (زوهد لە سوننەتدا) هەمان ئەو زوهدەیە لە بابەتی (زوهد لە قورئان)دا باسمان کرد، بە هەمان ئاڕاستە و هەمان بایەخدان بە ژیانی دنیا و هاوسەنگیی لەگەڵ قیامەتدا، چونکە سوننەت مەحکومە بە قورئان، نەك بە پێچەوانەوە، ئەوەتا خوای گەورە داوا لە پێغەمبەری ئازیز (ﷺ) دەکات، کە پابەند بێت بە قورئانەوە و لێی لانەدات، وەك دەفەرموێت: (وَاتَّبِعْ ما يُوحَى إِلَيْكَ مِنْ رَبِّكَ) (الاحزاب: ٢)، واتە: شوێن ئەو ڕێنموییانە بکەون کە لەلایەن پەوەردگارتەوە بە سرووش بۆت ڕەوانە دەکرێن، هەروەها دەفەرموێت: (قُلْ إِنَّمَا أَتَّبِعُ مَا يُوحَى إِلَيَّ مِن رَّبِّي) (الاعراف: ٢٠٣). واتە: ئەی محەممەد بڵێ من تەنها شوێنکەوتەی ئەو شتەم کە لە لایەن پەروەردگارمەوە بۆم دادەبەزێت، کە قورئانە.

کەواتە ئەگەر لە سوننەدا شتێك هەبوو پێچەوانەی قورئانی پیرۆز بوو، یاخود لەگەڵ سروشت و بڕیار و بنەما سەرەکییەکانی قورئاندا نەدەگونجا، ئەوە بە دڵنیاییەوە ئەو شتە لە سوننەت نییە و بە زۆر ئاخنراوەتە ناو سوننەت و بەرگی ئەوی بەبەردا کراوە، یان تێگەیشتنمان بۆی تێگەیشتنێکی دروست نییە و پێویستە سەرلەنوێ خوێندنەوەی بۆ بکەین، بە دڵنیاییەوە ئەگەر لە جۆری یەکەم بوو، ئەوە پێویستە وازی لێ بهێنرێت و کاری پێ نەکرێت و کار بە ڕێنمونییەکانی قورئانی پیرۆز بکرێت، خۆ ئەگەر لە جۆری دووهەمیش بوو، ئەوا پێویستە خوێندنەوەی نوێ بۆ ئەو شتە بکرێت کە لە سوننەدایە و لە ڕواڵەتدا واتاکەی دژە بە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز، جا با ئێستا بەم تێگەیشتنە دروستەوە بگوێزینەوە بۆ بابەتی زوهد لە سوننەدا.

کاتێك سەرنجی فەرموودەکانی پەیوەست بە زوهد لە سوننەتدا دەدەین، ئەوا دەبینین کە:

١-تەنها یەك فەرموودەی پێغەمبەریشمان (ﷺ) دەست ناکەوێت (صحیح) بێت و خەڵکی بۆ زوهد بە (واتای وازهێنانی کردەیی) بانگ بکات و بەو جۆرە زوهدەدا هەڵبداتێ و مەدحی بکات.

٢- خۆ ئەگەر فەرموودەیەکی لەو

جۆرەشمان بینی خەڵکی هاندەدا بۆ وازهێنان لە ژیانی دنیا و بە چاوی ڕێزەوە سەیری (زوهدی کردەیی، نەوەك دەروونی) دەکرد، ئەوا دەبێت چاومان بخەینە سەر ڕشتەی گێڕانەوە (سند)ەکەی، تا بۆمان دەرکەوێت کە بەدڵنیاییەوە زنجیرەی گێڕانەوەکەی لاوازی تێدایە و لای فەرموودەناسان وەرگیراو نییە، وەگەرنا تێگەیشتنمان بۆ ئەو فەرموودەیە پێویستی بە وردبوونەوەی زیاتر هەیە و پێویستە تەئویل بکرێت. بۆ نموونە دەوترێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە وەڵامی کەسێکدا کە وتویەتی: شتێکم پێ بڵێ کە بە هۆیەوە لای خوا و لە لای خەڵکیش ببمە کەسێکی خۆشەویست، فەرموویەتی: (ازهد فی الدنیا یحبك الله، وازهد فیما عند الناس یحبك الناس)،(٢٠) واتە: واز لە دنیا بهێنە خوا خۆشی دەوێیت و واز لە ماڵی خەڵکیش بهێنە و چاوت لە دوای نەبێ دەبیتە خۆشەویستی خەڵکی.

کاتێك لەم فەرموودەیە ڕادەمێنین دەبینین کە بەشێکی زۆر لە زانایان قسەیان لەسەر سەنەدەکەی هەیە و لە لایان وەرگیراو نییە، بۆ نموونە (ذهبي) دەڵێت: لە زنجیرەی گێڕانەوەکانی ئەم فەرموودەیەدا (خالد بن عمرو القرشی) تێدایە کە پیاوێکی درۆزنە و تۆمەتبارە بە هەڵبەستنی فەرموودە (الوضع) بەدەم پێغەمبەری خواوە (ﷺ)(٢١)، (البزار) دەڵێت: (خالد بن عمرو منکر الحدیث) (٢٢)، هەروەها پێیدەڵێن: (مجمع علی ترکه، کذبه ابن معین)(٢٣)، (ابن عدی) دەڵێت: (أحادیث خالد کلها باطلة، وضاع)(٢٤)، (الهیثمي) پێی دەڵێت: (کذبه یحی بن معین وأحمد بن حنبل، ونسبه الی الوضع)(٢٥)، هەروەها لە بارەیەوە دەڵێن: (وهو ضعیف متفق علی ضعفه) (٢٦)، (متروك الحدیث)(٢٧). واتە هەر فەرموودەیەك لە زنجیرەی گێڕانەوەکەیدا ئەم پیاوەی تێدا بێت، قبوڵ ناکرێت و ڕەتدەکرێتەوە، چونکە ئەم پیاوە لە لای فەرموودەناسانی وەك پێشەوا ئەحمەد و ئیمامی زەهەبی و ... هتد جێگەی گومانە و بەدرۆزن و هەڵبەستنی فەرموودە تۆمەتبارە.

**لە هیچ شوێنێکی قورئانی پیرۆزدا بە ئاماژەش نەوەك ڕاشکاوانە ئەوەی تێدا نییە کە بفەرموێت: پشت بکەنە ژیانی دنیا و ڕوو بکەنە قیامەت**

ئەمە سەبارەت بە سەنەدی فەرموودەکە، خۆ ئەگەر کەسانێکی شلگیریش لە زانایانی فەرموودەناس چاوپۆشی لە بوونی ئەم پیاوە گوماناوییە لە زنجیرەکانی گێڕانەوەکانیدا بکەن و وەك (متروك الحدیث) مامەڵەی لەگەڵ نەکەن، ئەوە بە دڵنیاییەوە دەقی فەرموودەکەش دژایەتی ڕاستەوخۆی

لەگەڵ ئایەتە پیرۆزەکانی قورئاندا هەیە، چونکە وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا قورئانی پیرۆز داوای ئاوەدانکردنەوەی سەر زەوی لە مرۆڤەکان دەکات و بە بڕوادران دەفەرمویت، کە بانگ درا وەرن بۆ نوێژی هەینی و کە نوێژ تەواو بوو بچنەوە سەر ئیش و کردە و کەسابەتی خۆتان، کەچی ئەم فەرموودەیە داوای وازهێنان لە دنیا دەکات و دەیکاتە مەرجی دەستخستنی خۆشەویستی لەلای خوا: (ازهد فی الدنیا یحبك الله)، مەگەر تەنها کاتێك واتای ئەم فەرموودەیە لە دژایەتی قورئانی پیرۆز ڕزگار بکرێت، کە بچینەوە سەر واتای ڕاستەقینەی (زوهد) کە بریتییە لە (وازهێنانی دەروونی) نەوەك (کردەیی و فیزیکی).

هەروەها ئەم فەرموودەیە دژایەتیشی لەگەڵ ئەو فەرمودانەدا هەیە کە ژیانی دنیا بە هەلێکی زێڕین لە قەڵەم دەدەن و هانی مرۆڤی موسڵمان دەدەن بۆ هەوڵدانی زیاتر و کۆڵنەدان وەك فەرموودەی:

١- (نعمت الدار الدنیا لمن تزود فیها لأخرته)،(٢٨) واتە ئای دنیا چەند ماڵێکی باشە بۆ کەسێك کە توێشووی تیا دەخات بۆ قیامەتی.

٢- (ما من مسلم یغرس غرسا أو یزرع زرعا فیأکل منه گیر أو انسان أو بهیمه الا کان له به صدقه)، (٢٩) واتە: هیچ موسڵمانێك نییە کە نەمامێك بنێژێت یان کشتوکاڵێك داچینێت و باڵندە، یان مرۆڤ، یان ئاژەڵێك لێی بخوات، مەگەر ئەوەی کە بۆ ئەو کەسە دەبێتە خێر و چاکە.

٣- (ان قامت علی أحدکم القیامه وفی یده فسیله فلیغرسها)، (٣٠) واتە: ئەگەر قیامەت هەستا، لەو کاتەدا یەکێك لە ئێوە نەمامێکی بەدەستەوە بوو با هەر بینێژێت، واتە بە هاتنی قیامەتیش ڕاینەگرێت و لە ئاوەدانکردنەوەی سەرزەوی و کارکردن نەکەوێت.

مێژووی سەرهەڵدانی زوهدی نادروست:

زوهد بە واتای پشتهەڵکردن لە ژیانی دنیا .وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا .لەئایینی ئیسلامدا بوونی نییە، بەڵکو ئەم جۆرە (وشکە زوهد)ە لە دوای فراوانبوونی قەڵەمڕەوی موسڵمانان لە دوای سەدەی سێیەمی کۆچییەوە بەشێك لە موسڵمانان بە کاریگەربوون بە هەندێك لە ڕاهیبە مەسیحییەکانەوە بۆیان ماوەتەوە.

شێخولئیسلام ئیبن تەیمیە .ڕەحمەتی خوای لێبێت .لەم بارەیەوە دەڵێت: (فی المشرکین زهاد، وفی أهل الکتاب زهاد، وفی أهل البدع زهاد)، واتە: لەناو هاوەڵدانەر و ئەهلی کیتاب و ئەهلی بیدعەش دا لەوجۆرە زاهیدانە بوونیان هەیە(٣١). هەروەها دەڵێت: بەشێکی زۆر لە زاهیدەکان پشتیان لەجوانی و باشی دنیا هەڵکردووە و ئەوەی خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) پێیانخۆشە ئەوان وەریناگرن و لە لایان پەسەند نییە، کە

هەرگیز نە خوا و نە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) فەرمانیان بە ئاوەها زوهدێك نەکردووە(٣٢). دەشڵێت ئەو جۆرە زوهدەی کە خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) فەرمانیان پێکردووە و لایان پەسەندە، تەنها بریتییە لەوەی کە مرۆڤی موسڵمان واز لەو شتە بهێنێت کە خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) خۆشیان ناوێت و لەلایان پەسەند نییە(٣٣).

## ئەگەرکەسێك واز بهێنێت زوهدکردن بریتییە لە پشتکردنە ژیانی دنیا ووازهێنان لە خۆشییەکانی، بەدڵنیاییەوە ئەوە دژە بە فیترەتی لەسەربەدیهێنراوی مرۆڤ

سەبارەت بە مێژووی سەرهەڵدانی خەڵوەتکردن و بوونیادنانی (پەرستگا) لە چۆڵەوانی و پشتکردنە ژیانی دنیاش دەڵێت: یەکەم جار لە شاری بەسرە لە لایەن بەشێك لە هاوەڵانی (عەبدولواحید بن زەید)ەوە کە هاوەڵی نزیکی شێخ حەسەنی بەسری بوو، سەری هەڵداوە(٣٤)، شوێنکەوتە (تابعی)ی (محەممەد بن سیرین) دەفەرموێت: خەڵکێك هەیە پشتیان کردووەتە ژیانی دنیا و لە جیاتی جلوبەرگ، خوری لەبەر دەکەن و دەڵێن: (انهم متشبهون مسیح بن مریم)(٣٥)، خۆیان بە گەورەمان عیسای کوڕی مریەمەوە. علیه السلام. دەچوێنن و وەك ئەو دەکەن، واتە لەژێر کاریگەری ڕاهیبە مەسیحییەکانی ئەو ناوچەیەدا ئەو کارە دەکەن، بەڵام ئەم شوێنکەوتە دیار و زانا مەزنە ئەم کارەی پێ باش و پەسەند نییە، بۆیە دەبینین کە دەفەرموێت: (وهدی نبینا أحب إلینا)(٣٦) واتە: ڕێنمایی و ئاڕاستەکانی پێغەمبەرەکەی خۆمانمان (ﷺ) لەلا خۆشەویستتر و لەپێشترە. بەڵێ وایە، ئەوەتا قورئانی پیرۆز بە بڕواداران دەفەرموێت: (لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ) (الأحزاب: ٢١)، (قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ) (آل عمران: ٣١)، هەروەها پێغەمبەری ئیسلام (ﷺ) ڕێگری لەم جۆرە گۆشەگیری و دابڕانە لە کۆمەڵگە دەکات، ئەوەتا ڕێگە بە هاوەڵی بەڕێز (عوسمان کوڕی مەزعون) نادات کە لە گۆشەی ماڵەکەیدا پەرستگەیەك دروست بکات و لە گۆڕەپانی ژیان دوور بکەوێتەوە و پەراوێز بکەوێت، پێی دەفەرموێت: لە سەرتە لە پێناوی خوا جیهاد بکەیت، ئەوەیە خۆیەکلاکردنەوە بۆ خواپەرستی، ئەوەیە ڕەهبانیەتی ئیسلام(٣٧).

خاوەنی (فیض القدیر) لە ڕاڤەی ئەم فەرموودەیەدا دەڵێت: ئەگەر لەلای مەسیحییەکان خۆ یەکلاکردنەوە بۆ خواپەرستی بریتی بووبێت لە (گۆشەگیری)، ئەوە لەلای ئیمەی موسڵمان باشترین

شت بریتییە لە (تێکۆشان لە پێناوی خوا) (٣٨) (بە هێنانەدی ئامانجەکانی جیهاد کە بریتین لە بەرزکردنەوەی وشەی خوا و ڕزگارکردنی چەوساوان).
هەروەها دەڵێت: ڕەهبانیەت بریتییە لە وازهێنان لە خۆشییەکانی ژیانی دنیا و زوهدکردن و دوورەپەرێزی و گۆشەگیری لە خەڵکی و هەڵگرتنی سەختی و خۆئازاردان بە چەندین جۆر لە سزا و ئازار(٣٩).

## لە قورئاندا چێژبردن لە خۆشییەکانی ژیانی دنیا بە مافی مرۆڤی ساغ دەناسرێت و بەشێکە لە وکردە فیترییانەی مرۆڤی لەسەربە دیهێنراوە

هەر ئەمەشە وای کردووە لە کەسێکی وەکو خاوەنی کتێبی (أموال النبی) کە بڵێت: ئەو جۆرە زوهدەی کە وەك خواپەرستی ڕاهیبەکان وایە و پشتهەڵکردنە لە ژیانی دنیا، ئەمە لە بنەڕەتدا داهێنراوێکە لەلایەن ئاگرپەرست و هیندۆس و لادەرە سۆفییەکانەوە هێنراوەتە ناو ئیسلامەوە و نە لە قورئان و نە لە سوننەتدا هیچ ڕیشەیەکی نییە.
قورئانی پیرۆزیش ئەم جۆرە خواپەرستییە داهێنراوە، بە بەشێك لەلادانی مەسیحییەکان لە قەڵەم دەدات، وەك دەفەرموێت: (وَرَهْبَانِيَّةً ابْتَدَعُوهَا) (الحدید: ٢٧) زانای پایەبەرز (واحدی نیسابوری . ت٤٦٨هـ.) لە تەفسیری ئەم ئایەتە پیرۆزەدا دەفەرموێت: ئەم بڕگەیە عەتف نەکراوەتەوە سەر پێش خۆی، بەڵکو مەنسوبە بەفیعلێکی لابراو کە فیعلەکەی لە دوای خۆی تەفسیری دەکاتەوە و واتاکەی دەبێتە (ابتعدوا الرهبانیة ابتعدوها، أی: جاؤوا بها من قبل أنفسهم)، واتە: مەسیحییەکان خۆیان ئەم گۆشەگیری و زیادەڕەویەیان لە خواپەرستیدا داهێناوە و بەشێك نەبووە لەئایینەکەیان.
دواتر ئەم زانا پایەبەرزە شافیعی مەزهەبە، لەسەر ئەم (رهبانیة) داهێنراوە ڕوونکردنەوە دەدات و دەڵێت: واتە: ئەو ڕەهبانیەتە داهێنراوە کە بەدوور لە فەرمانی خوا هێنایانە ناو ئایینی مەسیحییەوە، بریتییە لە: زیادەڕەویکردن لە خواپەرستیدا و شت قورسکردن لەسەر خۆیان، وەك خۆگرتنەوە لە خواردن و خواردنەوە و جلوبەرگ و هاوسەرگیری و خواپەرستی لە چیاکاندا.
(ابن الجوزی . ت٥٩٧هـ.) و (طبری . ت٦٧١هـ.) و (سمعانی . ت٤٨٩هـ.) لە تەفسیری ئەم ئایەتە پیرۆزەدا دەفەرموون: ئەو ڕەهبانیەتە ڕێ پێ نەدراوە کە ئەوان لە خۆیانەوە دایانهێنا، بریتی بوو لە ڕووکردنە کێوەکان و خەڵوەکێشان لەو شوێنانەی بونیادیان نا بۆ خواپەرستی!!

## ئەنجام

ئـەوەی لـەم بـابـەتـەدا بـاسـمـان کـرد، دەکـرێـت کـورتـی بـکـەیـنـەوە لـەم چـەنـد خاڵەی لای خوارەوەدا:

١. وەك چـۆن زوهـدی دروسـت هـەیـە، زوهـدی نـادروسـتیش بـوونی هـەیـە، وەك زوهـدی بێ بـاوەڕ و جـوولـەکـە و ئـەهلی بیدعە.

٢. زوهـدکـردن بـە واتـای پـشـتـکـردنـە دنـیـا و وازهـێـنـانـی کـردەیـی لـە خـۆشـیـیـەکـان لـە ئیسلامدا بوونی نییە.

٣. ئەم جۆرە زوهدە نادروستە بە کەوتنە ژێر کاریگەری مەسیحییەکان پەڕیوەتە ناو ئایینی ئیسلامەوە.

٤. لە ئایینی مەسیحیدا لە ئینجیل ئەم جـۆرە زوهـدە بـوونـی نـەبـووە، بـەڵـکـو پـاش (٤٠٠) چـوارسـەد سـاڵ لـە لـەدایـکـبـوونـی پێغەمبەر عیسادا (سەلامی خوای لەسەر بێت) داهێنراوە.

٥. زوهـد بـە واتـای وازهـێـنـانـی کـردەیـی لـە ژیـان و بێ بـەشـبـوون لـە چـێـژبـردن لەخۆشییەکانی دنیا، بۆ یەکەمجار لە لایەن بەشێك لە هاوەڵانی (عەبدولواحید بـن زەیـد)ی هـاوەڵـی شـێـخ حـەسـەنـی بەسریەوە لە شاری بەسرە سەری هەڵدا.

٦. لە بابەتی پەیوەست بەجۆرەکانیەوە زوهد دوو واتای هەیە:

یەکەم: وازهێنانی دەروونی لەژیانی دنیا و پەیوەست نەبوونی دڵ پێوەی.

دووەم: وازهێنانی کردەیی لەژیانی دنیا و خۆشییەکانی.

زوهـد بـە واتـای دووەم لـە ئیسلامدا هیچ ڕیشـەیەکی نییە و بیدعـەیەکی داهێنراوی نـاشـەرعـیـیـە، کـە لـەلایـەن ڕاهـیـبـە مەسـیـحـیـیـەکـانـەوە گـوێـزراوەتـەوە بـۆ نـاو موسڵمانان.

٧. ژیـانـدۆسـتـی و چـێـژوەرگـرتـن لـە دنـیـا و دەوڵـەمـەنـدی لـەگـەڵ دەقـە ئـایـیـنـیـیـەکـان کـۆك و تـەبـایـە و پـشـتـلێکـردنیان زوهـدێکی نادروستە.

---

١- الصحاح تاج اللغة وصحاح العربية، أبو نصر إسماعيل بن حماد الجوهري الفارابي (ت٣٩٣هـ)، تحقيق: أحمد عبد الغفور عطار، دار العلم للملايين – بيروت، ط(٤)، ١٤٠٧ هـ -١٩٨٧م، (٢/٢٨١).

٢- المـفـردات في غـريـب الـقـرآن، الـراغـب الأصفهاني (ت٥٠٢هـ)، المحقق: صفوان عدنان الداودي، دار القلم، دمشق، ط(١)، ١٤١٢هـ، (ص٣٨٤).

٣- الصحاح تاج اللغة وصحاح العربية، (٢/ ٤٨١).

٤-الـتـحـقـيـق فى كـلـمـات الـقـرآن، حسن المصطفوى، (٤ /٣٧٥).

٥- مجموع الفتاوى، شيخ الاسلام، المحقق: عبد الرحمن بن محمد بن قاسم، مجمع الملك فهد لطباعة المصحف الشريف، المدينة المنورة، ١٩٩٥م، (١٠/٢١).

٦- مجموع الفتاوى، (١١/٢٨). مجموع الفتاوى، (١١/٢٨).

٧- مجموع الفتاوى، (٢٠/١٤٣).

٨-الاستقامة، ابن تيمية(ت٧٢٨ه)، المحقق: د.محمد رشاد سالم، جامعة الإمام محمد بن سعود- المدينة المنورة، ط(١)، ١٤٠٣هـ، (٣٤٠/١).
٩-قواعد الأحكام في مصالح الأنام، أبو محمد عز الدين عبد العزيز بن عبد السلام (ت٦٦٠ه)، مكتبة الكليات الأزهرية – القاهرة، ١٩٩١م، (٢٢٣/١).
١٠- هەمان سەرچاوە.
١١- هەمان سەرچاوە.
١٢- هەمان سەرچاوە، (٢٢٣/٢)
١٣- مدارج السالكين، ابن القيم الجوزية،، ت: محمد معتصم بالله، دار الكتاب العربي، بيروت، ط (٣) ، ١٩٩٦م، (١٥/٢).
١٤- هەمان سەرچاوە.
١٥- الآداب الشرعية والمنح المرعية، ابن مفلح بن محمد بن مفرج (ت٧٦٣هـ)، عالم الكتب، (٢٤١/٢).
١٦- هەمان سەرچاوە.
١٧- تفسير القرآن العظيم، ابن كثير، المحقق: سامي بن محمد سلامة، دار طيبة، ط(٢)، ١٩٩٩م، (٣٧٧/٤).
١٨- تفسیری الرازی، الفخر الرزای (ت ٦٠٦ه)، دار إحياء التراث العربي – بيروت، ط(٣)، ١٤٢٠ه، (٣٩٠/٢٦)
١٩- أخرجه البيهقي في شعب الإيمان، فصل في خلق رسول الله، برقم (١٣٦٠).ينظر: شعب الإيمان، أحمد بن الحسين أبو بكر البيهقي (ت ٤٥٨ه)
، تحقيق: د.عبد العلي عبد الحميد حامد، مكتبة الرشد، الرياض، ط(١)، ٢٠٠٣م، (٢٢/٣).
٢٠- أموال النبي كسبا وإنفاقا و توريثا، د. عبدالفتاح محمد السمان، دار الفكر، سورية، دمشق، ط(٣)، ٢٠١٨م، (ص٤٩٦).
٢١- أخرجه ابن ماجه في سننه، كتاب: الزهد، باب: الزهد في الدنيا، برقم(٤١٠٢).ينظر: سنن ابن ماجه (ت٢٧٣ه)، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي، دار إحياء الكتب العربية - فيصل عيسى البابي الحلبي، (١٣٧٣/٢).
٢٢- التبيان في تخريج و تبويب حديث بلوغ المرام، خالد ضيف الله، دار الرسالة العلمية، ط(١)، ٢٠١٢م، (٢٨٩/١١).
٢٣- الروض البسام بترتيب و تخريج فوائد تمام، ابوسليمان جاسم بن سليمان حمد الفهيد الدوسري، دار البشائر الاسلامية، بيروت، ط(١)، ١٩٨٧م، (١٤٣/١).
٢٤- هەمان سەرچاوە.
٢٥- هەمان سەرچاوە.
٢٦- مجمع الزوائد ومنبع الفوائد، أبو الحسن نور الدين الهيثمي (ت٨٠٧هـ)، المحقق: حسام الدين القدسي، مكتبة القدسي، القاهرة،(١٤٠/١).
٢٧- تخريج أحاديث إحياء علوم الدين، العراقي(ت٨٠٦هـ)، ابن السبكي(ت٧٧١هـ)، الزبيدي(ت١٢٠٥ه)، دار العاصمة، الرياض، ط(١)، ١٩٨٧م، (١٩٩٤/٥).
٢٨- المداوي لعلل الجامع الصغير وشرحي المناوي، احمد بن محمد الغماري (ت١٣٨٠ه)، دار الكتبى، القاهرة، ط(١)، ١٩٩٦م، (٥٠٨/١).
٢٩- أخرجه الحاكم في المستدرك، كتاب: الرقائق، برقم(٧٨٧٠)، وقال: حديث صحيح

الاسـنـاد ولـم يـخـرجـاه. يـنـظـر: المسـتـدرك عـلى الـصـحـيـحـين، أبـوعـبـد الله الحـاكـم الـنـيـسـابـوري(ت٤٠٥هـ)، تحـقـيـق: مصطفى عبدالقادرعطا، دار الكتب العلمية، بيروت، ط(١)، ١٩٩٠م، (٣٤٨/٤).

٣٠- أخرجه البـخـاري في صحيحه، كتاب: المزارعـة، بـاب: فـضل الـزرع والـغـرس، برقم (٢٣٢٠). يـنظر: صحيح البـخـاري، تحقيق: محمد زهير بن ناصر الناصر، دار طوق النجاة، ط(١)، ١٤٢٢هـ، (١٠٣/٣).

٣١- أخرجه احمد، مسند انس بن مالك، برقم(١٢٩٠٢). ينظر: مسند الإمام أحمد بن حنبل(ت٢٤١هـ)، تحقيق: شعيب الأرنؤوط، عـادل مرشد، وآخـرون، مؤسسة الرسالة، ط(١)، ٢٠٠١م، (٢٥١/٢٠).

٣٢- مـجـمـوع الـفـتـاوى، ابــن تـيـمـيـة الحراني(ت٧٢٨هـ)، تحقيق: عبدالرحمن بن محمد بن قاسم، دار مجمع الملك فهد لطباعة المصحف، المدينة المنورة، ١٩٩٥م، (٦٥٢/٧).

٣٣- هه‌مان سه‌رچاوه.

٣٤- هه‌مان سه‌رچاوه. (٧/ ٦٥٣).

٣٥- هه‌مان سه‌رچاوه. (١١/ ٦).

٣٦- هه‌مان سه‌رچاوه. (١١/ ٧).

٣٧- هه‌مان سه‌رچاوه.

٣٨- أخرجه أحمد، مسند أبي سعيد الخدري، برقم (١١٧٧٤). أخرجه أحمد، مسند أبي سعيد الخدري، برقم (١١٧٧٤).

٣٩- فيض القدير شرح الجامع الصغير، تاج العارفين(ت١٠٣١هـ)، المكتبة التجارية الكبرى، مصر، ط(١)، ١٣٥٦هـ، (٧٥/٣).

## سه‌رچاوه‌كان

١. الآداب الشرعية والمنح المرعية، ابن مفلح بن محمد بن مفرج (ت٧٦٣هـ)، عالم الكتب.

٢. الاسـتـقـامـة، ابـن تـيـمـيـه (ت٧٢٨هــ)، المحقق: د.محمد رشاد سالم، جامعه الإمام محمد بن سعـود- المدينه المنـوره، ط(١)، ١٤٠٣هـ.

٣. أموال النبي كسبا وإنفاقا و توريثا، د. عبدالفتاح محمد السمان، دار الفكر، سورية، دمشق، ط(٣)، ٢٠١٨م.

٤. التبيان في تخريج وتبويب حديث بلوغ المــرام، خـالـد ضـيـف الله، دار الـرسـالـة العلمية، ط(١)، ٢٠١٢م.

٥. الـتـحـقـيـق في كـلـمـات الـقـرآن، حسن المصطفوى.

٦. تفسير القرآن العظيم، ابن كثير، المحقق: سامي بن محمد سلامة، دار طيبة، ط(٢)، ١٩٩٩م.

٧. تـفـسيرى الــرازي، الـفـخـر الـرازي (ت ٦٠٦هـ)، دار إحياء التراث العربي – بيروت، ط(٣)، ١٤٢٠هـ.

٨. الـروض البـسـام بترتيب وتخـريج فـوائد تمام، ابوسليمان جاسم بن سليمان حمد الفهيد الدوسري، دار البشائر الاسلامية، بيروت، ط(١)، ١٩٨٧م.

٩. سـنن ابـن مـاجـة (ت٢٧٣هــ)، تحـقـيـق: محمد فؤاد عبد الباقى، دار إحياء الكتب العربية - فيصل عيسى البابي الحلبي.

١٠. شعب الإيمان، أحمد بن الحسين أبو بكر البيهقي (ت ٤٥٨هــ)، تحقيق: د.عبد العلي عبد الحميد حامد، مكتبه الرشد،

الرياض، ط(١)، ٢٠٠٣م.
١١. الصحاح تاج اللغة وصحاح العربية، أبو نصر إسماعيل بن حماد الجوهري الفارابي (ت٣٩٣هـ)، تحقيق: أحمد عبد الغفور عطار، دار العلم للملايين – بيروت، ط(٤)، ١٤٠٧ هـ-١٩٨٧م.
١٢. صحيح البخاري، تحقيق: محمد زهير بن ناصر الناصر، دار طوق النجاة، ط(١)، ١٤٢٢هـ.
١٣. فيض القدير شرح الجامع الصغير، تاج العارفين (ت١٠٣١هـ)، المكتبة التجارية الكبرى، مصر، ط(١)، ١٣٥٦هـ
١٤. قواعد الأحكام في مصالح الأنام، أبو محمد عز الدين عبد العزيز بن عبد السلام (ت٦٦٠هـ)، مكتبة الكليات الأزهرية – القاهرة، ١٩٩١م.
١٥. مجمع الزوائد ومنبع الفوائد، أبو الحسن نور الدين الهيثمي (ت٨٠٧هـ)، المحقق: حسام الدين القدسي، مكتبة القدسي، القاهرة.
١٦. مجموع الفتاوى، ابن تيمية الحراني (ت٧٢٨هـ)، تحقيق: عبدالرحمن بن محمد بن قاسم، دار مجمع الملك فهد لطباعة المصحف، المدينة المنورة، ١٩٩٥م.
١٧. مدارج السالكين، ابن القيم الجوزية، ت: محمد معتصم بالله، دار الكتاب العربي، بيروت، ط(٣)، ١٩٩٦م.
١٨. المداوى لعلل الجامع الصغير وشرحي المناوي، احمد بن محمد الغماري (ت١٣٨٠هـ)، دار الكتبى، القاهرة، ط(١)، ١٩٩٦م.
١٩. المستدرك على الصحيحين، أبو عبد الله الحاكم النيسابوري (ت٤٠٥هـ)، تحقيق: مصطفى عبدالقادر عطا، دار الكتب العلمية، بيروت، ط(١)، ١٩٩٠م.
٢٠. مسند الإمام أحمد بن حنبل (ت٢٤١هـ)، تحقيق: شعيب الأرنؤوط، عادل مرشد، وآخرون، مؤسسة الرسالة، ط(١)، ٢٠٠١م.
٢١. المفردات في غريب القرآن، الراغب الأصفهاني (ت٥٠٢هـ)، المحقق: صفوان عدنان الداودي، دار القلم، دمشق، ط(١)، ١٤١٢هـ.

# مێژووی دێرینی ئایین و دابونەریتی جوولەکەکانی باشووری کوردستان

توێژینەوەی: عەدنان نیلوفەڕی

## پێشەکی

جوو، یان جوولەکە، گەلێکی زۆر و فرە سەرەن و بە هۆی ئاڵۆزییە سیاسییەکانی چوار هەزارساڵی ڕابردووەوە.. دوچاری پەڕاگەندەیی بوون و لەم ڕێیەوە دابەش بوون بە سەر هەموو جیهاندا، هەموو سەرچاوەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە سەرچاوەی بوونی سەرەکی جووەکان زەوی فەلەستینی ئێستایە، واتە ئەو مەئوایەی کە سەرچاوەکانی ئاییناسی ئاماژە بەوە دەدەن پێغەمبەر ئیبراهیم لێیەوە پەیامی ئاسمانی خۆیی ڕاگەیاندووە، دوای پەڕاگەندەبوونی جووەکان.. بەشێکیشیان – بەدرێژایی مێژوو- کەوتونەتە وڵاتی عێراق بە کوردستانی خۆشمانەوە، ئەم کورتە توێژینەوەیە تیشك دەخاتە سەر مێژوو و دابونەریتی جووەکان لە باشووری کوردستان.

## هاتنی جوولەکە بۆ کوردستان

سەبارەت بەکاتی هاتنی جوولەکە بۆ باشووری کوردستان سەرچاوەیەکی زۆری لەسەر هەیە، بەڵام تێکڕا کۆك نین لەسەر کاتی هاتنی جوولەکە بۆ کوردستان و هەندێك لە سەرچاوەکان دەڵێن: ڕیشەی جوولەکەی عێراق و کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ بەدیلگرتنیان لەلایەن پاشای بابلییەوە (نبوخت نەسر - ٥٨٦ پ . ز )، بەڵام هەندێك لە سەرچاوەکان ڕیشەی جوولەکەکانی کوردستان و عێراق دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمی پاشا (شەلمان نەسر، ٧٢١)، و (سەنماری - ٧٠٢ پ. ز)، کە ژمارەیەکی زۆریان لێ هێنان بۆ کوردستان، سەرچاوەکان دەڵێن: کۆنترین بوونی جوولەکە لە باشووری کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئاشووری لە ماوەی (٩١١ . ٦١٢٩ پ. ز) کە هەموو ناوچەکانی (هلال الخصیب) و (میسر) یان، خستبووە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە و هەر ئەمەش هانیدان کە دەست بەسەر مەملەکەتی ئیسرائیلدا بگرن و خەڵکەکەی بەدیل بهێنن بۆ ناوچە شاخاویە دوورەکانی کوردستان.(١)

## سەرژمێری جوولەکەکانی کوردستان

بەپێی ئەو سەرژمێریانەی کراوە، ئاماژەیان تێدایە سەبارەت بە ژمارەی جوولەکەکانی کوردستان، هەرچەندە لەوانەیە سەرژمێرییەکان تەواو نەبن، چونکە زۆربەی جوولەکەکانی کوردستان لە گوند و ناوچە شاخاویەکاندا نیشتەجێبوون، بۆیە لەوانەیە لە کاتی سەرژمێریدا بە خەملاندن دانرابن بە هۆی نەگەیشتنی لیژنەی سەرژمێری بۆ ئەو ناوچانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێت – بە شێوەیەکی گشتی- پشت ببەسترێت بەو سەرژمێرییانە، جا بەپێی ئەو سەرژمێرییەی کە لە کۆتایی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا ئەنجامدراوە، جوولەکەکانی کوردستان بە نزیکەی (٦٠) هەزار کەس خەملێنران، بەپێی سەرژمێری ساڵی (١٩٢٠) کە لەلایەن حکومەتی بەریتانیاوە ئەنجامدراوە، ئەم ژمارانەی لای خوارەوەی بەپێی بوونیان لەشارەکان و ناوچەکاندا بۆ داناون:

| | |
|---|---|
| ویلایەتی موسڵ | ٧٦٣٥ |
| کەرکوك | ١٤٠٠ |
| هەولێر | ٤٨٠٠ |
| سلێمانی | ١٠٠٠ |

کۆی گشتی دەکاتە (١٤٨٣٥) جوولەکە.(٢).

هەروەها لە سەرچاوەکاندا هاتووە، کە لەسەدەی (١٩) و لە سەردەمی حوکمی (داود پاشا)دا، نزیکەی (١٥٠٠ . ١٨٠٠) جوولەکە لەسلێمانی هەبوون و لەشاری موسڵیش (١٠٠٠) کەس بوون و بەپێی ڕاپۆرتی (لۆزان) ژمارەی جوولەکە لە ویلایەتی موسڵدا (١٣٠٠) کەس بوون و لە ڕاپۆرتی بەریتانیاشدا لە ساڵی (١٩٢١)

ژمارەی جوولەکەکانی کوردستان (١٦,٨٦٥) کەس بوون، لە سەرژمێری ساڵی (١٩٣٣) دا، کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە ئەنجامدراوە بە (١١,٨٩٧) کەس خەمڵێنراون، بەڵام سەرجەمی ژمارەی جوولەکە لە عێراق و کوردستاندا لەلایەن (نوری سەعید) ەوە، لە کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەمدا بە (٢٠٠,٠٠٠) کەس دانراون!(٣)

بەڵام بەپێی سەرژمێری ساڵی (١٩٤٧) کە لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە ئەنجامدراوە، بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

| ناوی لیوا | | ژمارەی نێر | ژمارەی مێ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| لیوای موصڵ | قەزای موصڵ | ٢٧٤٧ | ٢٩٤١ | ٥٦٨٨ |
| | قەزای زاخۆ | ٧٣٤ | ٦٦٠ | ١٣٩٤ |
| | عەقرە (ئاکرێ) | ٤٠٧ | ٦٠٧ | ١٠١٤ |
| | (ئامێدی) | ١٥٣ | ١٥٠ | ١٢٠٣ |
| | دهۆك | ٦٣٤ | ٦١٠ | ١٢٤٤ |
| | شێخان | ٨٢ | ٨١ | ١٦٣ |
| | تەلەعفەر | ٩ | ٥ | ٤ |
| | شەنگال | ٢٧٥ | ٢٥٠ | ٥٢٥ |
| | **کۆی گشتی** | | | **١٠٣٤٥** |

| ناوی لیوا | | ژمارەی نێر | ژمارەی مێ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| لیوای کەرکوك | قەزای کەرکوك | ١٥١٨ | ١٥١١ | ٣٠٢٩ |
| | قەزای چەمچەماڵ | ٢ | - | ٢ |
| | داقوق | ٣١٣ | ٢٧٢ | ٥٨٥ |
| | کفری | ٢١٥ | ٢١١ | ٤٢٦ |
| | **کۆی گشتی** | | | **٤٠٤٢** |

| ناوی لیوا | | ژمارەی نێر | ژمارەی مێ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| لیوای سلێمانی | قەزای سلێمانی | ٧٤١ | ٧٧٦ | ١٥١٧ |
| | قەزای هەڵەبجە | ٣٠٧ | ٣٣٢ | ٦٣٩ |
| | پشدەر | ٥٧ | ٥٨ | ١١٥ |
| | **کۆی گشتی** | | | **٢٢٧١** |

| | ناوی لیوا | ژمارەی نێر | ژمارەی مێ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| لیوای هەولێر | قەزای هەولێر | ٧٩٣ | ٨٠٨ | ١٦٠١ |
| | قەزای ڕەواندوز | ٢٣١ | ٧٥٧ | ٤٨٨ |
| | (مەخمور - دزەیی) | ١٧٠ | ١٨٩ | ٣٥٩ |
| | ڕانیە | ٩٥ | ٨٨ | ١٨٣ |
| | کۆیە | ١٨٩ | ٢٥١ | ٤٤١ |
| | زێبار | ١٥ | ٢٣ | ٣٨ |

بەپێی ئەم سەرژمێرییەی لای سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە کۆی گشتی جوولەکەکانی کوردستان لە ساڵی (١٩٤٧)دا دەکاتە نزیکەی (١٩٧٦٧) کەس (٤)

## دابونەریتی کوردە جوولەکەکانی کوردستان

### پەیوەندی کۆمەڵایەتی

جووەکانی کوردستان وەکو کەمینەیەکی ئایینی، بە شێوەی گرووپ گرووپی بچوك لە گوند و شارەکان لەناو کوردەکاندا بڵاوبوونەتەوە و نیشتەجێبوون، ئەم جووانەش پێش دوو هەزار و پێنج سەد ساڵ پەنایان بۆ ئێرە هێناوە، ئیتر لێرەوە دەستیان کرد بە تێکەڵاوبوون و خۆنزیککردنەوە لە سەرۆك عەشیرەتەکان و خۆگونجاندنیان لەگەڵ خەڵك، کوردەکان ڕێزیان لێ دەگرتن یارمەتیان دەدان و ڕێگایان پێ دەدان بە سەربەستی کاروباری ئایینی خۆیان ئەنجام بدەن، بۆ ڕاستی ئەم قسەیە (ساسۆن) کە یەکێکە لە کوردە جووەکان کە ئێستا لە ئیسرائیل نیشتەجێیە لە ١٩٩٣/٥/١ لە ئیسرائیل لە گۆڤاری مامۆستای کورد دەڵێت:(بەپێی مێژووی قسەی پیرە پیاوانی کوردستان، نەتەوەی کورد زیاتر لە هەموو نەتەوەکانی دی ڕێزی جووەکانی گرتووە و وەکو هاووڵاتییەکی کورد سەیریان کردوون و پاراستویانن و بە هیچ جۆرێك بە چاوێکی سووك و بێگانە سەیری کوردە جوولەکەکانیان نەکردووە).(٥)

هەروەها (فێزنەر) لە کاتی گەشتەکەی بۆ ناوچەی کوردستان و شار و گوندەکانی لە مانگی تشرینی دووەمی (١٨٣٤)دا، دەڵێت: بە ڕێبەری (عەلی خدر ئاغا) لە سلێمانی دەرچووین بەرەو کفری، گەیشتینە دێی (کەڕان) شەو لەوێ ماینەوە، یەکێك لەسیفەتەکانی ئەم دێیە ئەوە بوو دانیشتوانی بریتی بوون لە (١٥٠. ٢٠٠) ماڵ سێیەکی ماڵە جوو بوون، بەپێی ڕۆژگاری ژیان موسڵمان و جووەکان ڕێککەوتبوون و بە تێکەڵبوونێکی باش تێکەڵاو ببوون.(٦)

ئـەم تێکـەڵـیـیـەی جـووەکـان لـەگـەڵ کـوردەکـان دەگـەیـشـتـە ئـاسـتی ژن و ژنخـوازی، سـەرچـاوەکان لە زاری خەڵکی شـارەکـەوە ئـەوەیـان بـاس کـردووە کـە: جووەکانی هەڵەبجە زۆر ڕێزیان لێ دەگیرا و وەکـو هـاوشـاری مـامـەڵـەیـان لـەگـەڵ دەکـرا و چـەنـدەها جار موسـوڵـمانـەکان ژنـیـان لێ هـێـنـاون، بـۆ نـمـوونـە، کچی یەعقوب کە لە ئەشرافی جوولەکەکان بـووە شـووی کـردووە بـە (مـەلا ئـەمینی کەریمی ڕەزا)، هەروەها (ئەستێرەی کچی دوودە) موسـوڵـمان دەبێ و نـاوی خـۆی دەنێ (ئامینە خان) و شوو دەکات بە (باقی حاجی مورادخان)، هەروەها (ئامینە خانی کچی شاوڵەکەڕی زەڕەنگەر) شوو دەکات بە (تایەر بەگی جاف)، هەروەها (جەصلی) ناوێکی جوولەکە هەبووە شووی کردووە بـە (عـەزەی حـەمـەسـەعـید) کـە پـیـاوی (داود بەگی جاف) بووە، ئەمەش بەڵگەی خـۆش پـێـکـەوەژیـانـی مـوسـڵـمـانـەکان و جـووەکـان بـووە، هـەروەهـا لـە نـاوچـەی سلێمانی کاتێک شـێخ مـەحـمـوود بـووە مەلیکی کوردستان، یەکێک لە گرنگترین بـڕیـارەکـانی پـاراسـتـنـی مـاڵ و سـامـانی جـووەکان بـوو، بۆیە کاتێک لـە ئیسرائیل هەواڵی مردنی شێخ مەحموودیان لە ساڵی (١٩٥٨)دا بـیـسـت، پـارێـزەر (ئیـسـحـاق میری) بـە نـاوی جـووە کـوردەکـانـەوە لـە ڕادیۆی ئیسرائیلەوە سەرەخۆشی لە کورد کرد و دڵتەنگی خۆیانی دەربڕی.(٧)

## ژیانی کۆمەڵایەتییان

ئەو جـوانـەی لـە شـار و شـارۆچکـەکانی کوردسـتـانـدا دەژیـان گـوزەرانـیـان بـاشـتر بـوو لـەوانـەی لـە گـونـد بـوون و لـە ١٥ -٢٠٪ جووەکانی کوردستان سـەرقاڵبوون بـە کـاری کـشـتـوکـاڵ و بـەخـێـوکـردنی مەڕوماڵاتـەوە و هەندێکیشیان خەریکی بازرگانی و پیشـەی دەسـتی بـوون، ئـەم جـوانـە بـەپێی کولـتـوور و ئـایینـەکـەیـان لـە ئـامـۆژگـاریـیـەکـانی (تـــەورات) لایـان نـەدەدا و بێ فـڕوفـێـڵ کـاریـان دەکـرد و بـە شـێـوەیـەکی گـشـتی کـار و پیشـەی جووەکان بریتی بوو لە شوانی و جوتیاری و باخەوانی و ئاژەڵداری و هەندێکیشیان دوکـانـدار بـوون، وەك (زەڕەنـگـەری و وردەواڵــە فـرۆشـتن و هـەنـدێك پیشـەی دەسـتی، وەك دروسـتـکـردنی بـەرمـاڵ و جاجم و خومچێیتی، جـووەکـانی زاخـۆ و هەندێك ناوچەی تـر بازرگانیان دەکرد)، هـەروەهـا زۆربـەی هـەرەزۆری جـووەکـان دەوڵـەمـەنـد بـوون و مـوسـڵـمـانـەکـان پـارەیـان بـە قـەرز لێ وەردەگـرتـن، بـەڵام شـێـوازی قـەرزکـردنـەکـە بـە (ڕەهـن) بـوو، واتـە دەبـوایـە موسـوڵـمـانـەکان لـە داهـاتی خـۆیـان شـتـێـکـیـان بـدایـە بـە جـووەکـان لـەبـری قـەرزەکـە و جـووەکـان خـۆشـیـان هـەژاریـان هـەبـوو، بـەڵام لـەنـێـو خـۆیـانـدا لـە سـنـدوقـێـکـدا پـارەیـان کـۆدەکـردەوە بۆیان و پاشـان (حـاخـام) دابەشی دەکـرد بەسەریاندا.(٨)

## ژنهێنانیان

جووەکان لە نێوان خۆیاندا ژن و ژنخوازیان کردووە، هەروەکو کوردەکان شایی و هەڵپەرکێیان دەکرد و گۆرانی کوردیان دەوت، بە پۆشاکی کوردی خۆیان دەرازاندەوە، بەپێی دینەکەیشیان بۆیان هەبوو ژنێک، یان دوان بهێنن، یەکێک لە نەریتەکانیان ئەوە بوو کاتێك کچێکی خۆیان بدایە بە شوو، دەبوایە ماڵی کچە هەموو ئەرك و پۆشاکێکیان بۆ کچەکەیان لە ئەستۆ بگرتایە، هەروەها جووەکان هەروەکو موسڵمانەکان کوڕیان خەتەنە دەکرد، بەڵام خەتەنەکردنی کچ لەنەریتیاندا نەبوو. (٩)

## شەممەی جوان

ئەم ڕۆژە لای جووەکان ڕۆژێکی پیرۆزە، بەپێی شەریعەتی ئەوان هەموو جۆرە کارێك قەدەغەیە، تەنیا بە خواپەرستی و نوێژ و خوێندنەوەی بابەتی پیرۆزی ئایینی و فێربوونی ئایین خەریك دەبن، نەریتی جوولەکەکان وابوو، هەر لە ئێوارەی ڕۆژی هەینی پێش خۆرئاوابوون شیویان بۆ ڕۆژی شەممە ئامادە دەکرد و مەنجەڵەکەیان لەسەر ستوونی ناوکە خورما دادەنا و بە جوانی سەریان دادەپۆشی، بۆ ئەوەی بۆ ڕۆژی شەممە سارد نەبێتەوە، بەناوبانگترین شیویان بریتی بوو لە (کفتەی خڕیلەی ناواخن پڕ لە قیمە) و شلەکەش ئاوی بە زەردەچەوە بوو، ئێستاش کوردەکان شیوی ساردیان بخەیتە بەردەم، دەڵێن: (دەڵێی کفتەی شەممەی جوانە!)، هەروەها نەریتی شەممەی جوان وابوو لەم ڕۆژەدا بەهیچ شێوەیەك ئاگریان نەدەکردەوە، تەنانەت شەوی شەممان، موسڵمانەکان دەچوون فانۆسیان بۆ دادەگیرساندن!(١٠)

## بەپێی سەرچاوەکان لە سەدەی (١٩) و لە سەردەمی حوکمی (داود پاشا)دا، نزیکەی (١٥٠٠.١٨٠٠) جوولەکە لەسلێمانی هەبوون

## جەژنەکانیان

جووەکان جەژنیان زۆر بوو، لە هەموویان پیرۆزتر جەژنی (کەپرەشینە) بوو، کە لە پانزەیەمین ڕۆژی مانگی حەوتی ساڵنامەی جوولەکەدایە و هەشت ڕۆژ دەخایەنێت، ڕۆژی یەکەم و ڕۆژی هەشتەم ئاهەنگی گەورە دەگێڕن، ئەم جەژنە دەکەوێتە مانگی سەرماوەزی کوردی و دوا ڕۆژی مانگی تشرینی دووەمی زایینی، کە نیشانەیەکی تایبەتیشیان بۆ ئەم جەژنەیان هەبوو، ئەویش دەبوایە لە ماوەی ئەم (٨ - ١٠) ڕۆژەدا جارێك باران ببارێت، جەژنێکی تریشیان جەژنی (نانی بێ خوێ، یان فەقیرە) بوو، ئەم جەژنە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کاتێك موسا پێغەمبەر (د.خ) لە دەست فیرعەون هەڵات، نانی بێ خوێی دەخوارد و ئەمەش

جەژنێکی جوولەکەیە و حەوت ڕۆژ دەخایەنێت، بۆیە هەموو ساڵێك لەو ڕۆژەدا جووەکان ئەو جەژنەیان دووبارە دەکردەوە و نانی بێ خوێیان دەخوارد.(١١)

## نەریتی ناشتنی مردوو

بێگومان جووەکان بڕوایان بە مردن و زیندووبوونەوەی دواڕۆژ هەبوو، هەمیشە ڕێزیان لە مردوو دەنا، جووەکان جیاواز لە گۆڕستانی موسڵمانان گۆڕستانی خۆیان هەبوو، شایەتحاڵەکانی ئەو دەمە دەڵێن: لە کاتی قەبرلێدانیان خاکەنازیان بەکاردەهێنا و بەرزیان دەکردەوە لەگەڵ بەرزی خۆیان، ئەوجا بە قووڵایی ئەو خاکەنازە مردووەکەیان دەناشت و هەرجوویەك لەگەڵ جەنازە بچوایە، دەبوایە بەردێك وەك نیشانەی خۆشەویستی لەگەڵ خۆی ببات و سەرینگای جووەکان بە پێچەوانەی موسڵمانەکان بوو، سەری دەکەوتە ڕۆژهەڵات، لەسەر شانی ڕاستی درێژیان دەکرد، کە مردووەکەیان دەخستە ناو گۆڕەگە ڕوویان لە ڕۆژهەڵات دەکرد، (مالم) بەردەوام شتی دەخوێند، هەندێک خۆڵی هەڵدەگرتەوە و دەیخستە ناو گۆڕەکە، دواتر بەردیان لەسەر سنگی دادەنا و پڕیان دەکردەوە، مالم بە زوبان و دینی خۆیان تەڵقینی دەدا و نزای بۆ دەکرد، جووەکانیش شتێکیان دەگوت وەکو (ئامین)ی موسڵمانەکان، جووەکان نەریتیان وابوو کچێکی شۆخ ئەگەر شووی نەکردایە و بمردایە، دەیان شۆرد و بە پۆشاکی بووکێنی و گوارە و ئەنگوستیلەی زێڕ و پارچە زێڕێکی بچووکیشیان لەژێر زمانی دادەنا و ئەوجا کفنیان بۆ دەکرد و لەنێو گۆڕیان دەنا.(١٢)

## پرسەی جووەکان

موسڵمانەکان بەشداری پرسەی جووەکانیان دەکرد، لە کاتی چوون بۆ پرسەیان نەدەبوو بڵێن: (خوا لێی خۆش بێ)، چونکە ئەم بابەتە لە ئایینی ئەواندا جیاوازە و دەبێ بوترێت: (ئێوە سەلامەت بن)، هەر کاتێك جوولەکەیەك دەهاتە پرسەی موسڵمانەکان، بڕێك بە پێوە دەوەستا، ئەوجا دادەنیشت و بەخێرهاتنیان دەکردن و ئەوانیش دەیانوت: (ئێوە خۆش بن).(١٣)

## جووەکانی کوردستان وەکو کەمینەیەکی ئایینی، بە شێوەی گرووپ گرووپی بچوك لە گوند و شارەکان لەناو کوردەکاندا نیشتەجێبوون

ناوەندە سەرەکییەکانی جوولەکە لە گوند و شارەکانی کوردستاندا

جووەکانی شاری هەولێر: لە ناوجەرگەی شاری هەولێر نیشتەجێبوون، ژمارەیان

زۆر بووه، ئەو کاتە لە خوارووی شاری هەولێرەوە گەڕەکێك هەبووە جوولەکەی لێ بوون، کە ژمارەیان نزیکەی هەزار کەس بووە، هەروەها ئەو جوانە لە سەردەمێکدا لە قەڵای هەولێر نیشتەجێ بوون، لەلایەکی ترەوە بەپێی سەرژمێری حکومەتی بەریتانیا لەساڵی (١٩٢٠) نزیکەی (٤٨٠٠) جوولەکە لە شاری هەولێر نیشتەجێ بوون، لە سەرژمێرییەکی تردا کە حکومەتی عێراقی لەساڵی (١٩٤٥)دا ئەنجامیداوە نزیکەی (٣١٠٩) جوولەکە لە شاری هەولێری ئێستادا بوونیان هەبووە، لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتی عوسمانیدا ئەو ناوەندەیان گواستەوە بۆ گەڕەکێك لە شاری هەولێر بە ناوی (تەعجیل).(١٤)

ژمارەیەکی زۆر جوولەکە لە گەڕەکی (تەعجیل) نیشتەجێ بوون و زۆر ساماندار بوون، پەیوەندییان لەگەڵ موسڵمانە کوردەکاندا باش بووە، هەروەها جووەکان جەژنێکی تایبەتیان هەبووە بە ناوی (کەپرەشینە) لە کۆتایی مانگی پایزدا بوو، سەبارەت بە گەورەی جوولەکەکان لەم شارەدا، ناوی (ساڵح یوسف نوری) بووە و سەرپەرشتی دەکردن، جووەکان بە زۆری ئافرەتیان لێ موسڵمان دەبوو، وەك (حاجی فاتمە) موسڵمان بووە و لە گەڕەکی (سەیداوە) دادەنیشت، هەروەها (حاجی فەقێ موراد) بازرگانێکی گەورە بوو لە شاری هەولێر بە ماڵ و منداڵەوە موسڵمان بوون، حاجی موراد قورئانخوێنێکی زۆر چاك بوو، مزگەوتێکی دروستکرد بە ناوی مزگەوتی (فەقێ موراد) لەسەر جادەی شەستی، حاجی موراد لە (٢٠٠١/١١/١) ژیانئاوایی کردووە.(١٥)

جووەکانی هەولێر بەگشتی سەرقاڵی کاری بازرگانی و دوکانداری و سبوخچێتی و زەڕەنگەری بوون، هەروەها زۆربەیان دەوڵەمەند بوون، لە ناودارەکانیان وەك:

- (ساڵح یوسف نوری)، زمانڕاستی جووەکان بوو لە گەڕەکی تەعجیل.
- (دانیال عزەرە قەساب) مامۆستایەکی هونەرمەند بوو.
- (زەکی باروخ) مامۆستای هونەر و مۆسیقاژەن بوو.
- (ساسۆن ڕدێن) گەورە دوکاندارێکی ناسراو بوو لە هەولێر.
- (نەسیم دائی) قوماشفرۆش بوو.
- (موشی کۆج شەمعون) بەهارات فرۆش بوو.
- (نامۆم پیخلی) مەی فرۆش بوو.(١٦)

**نەتەوەی کورد زیاتر لە هەموو نەتەوەکانی دی ڕێزی جووەکانی گرتووە و وەکو هاووڵاتییەکی کورد سەیریان کردوون و پاراستویانن**

**جووەکانی ئاکرێ:** لە شاری ئاکرێ نزیکەی (١٠٠ . ١٢٠) ماڵی جوولەکە هەبوون

و گەڕەکی تایبەت بە خۆیان هەبووە بەناوی (جۆسلی: jewsily)، واتە: شاری جوولەکە، هەندێکی تریشیان لەگەڕەکی (حەزینگا) دەژیان، هەروەها کەنیسە و گۆڕستانی تایبەت بە خۆیان هەبووە و تا ئێستاش شوێنەواریان ماوە.(١٧)
لەبارەی زەماوەندی ژنهێنانیانەوە وەکو موسڵمانەکان وابوون، دەگێڕنەوە کاتێك دەهۆڵیان لێدەدا هەموویان بەیەك دەنگ دەیانوت: (ئیسرائیل)! کاتێك مردوویەکیان لێ بمردایە بە جوانترین شێوە دەیاننناشت، (حاخام) بەزمانی خۆی تەڵقینی دەدا.(١٨)
جووەکانی دیانا: جووەکانی ئێرە لە دێهاتەکانی (بادلیان، دیانە، مجییە، ڕەواندوز) هەبوون، لە گوندی (بادلیان) ژمارەیان نزیکەی (١٠) ماڵ بوو، لەگەڵ موسوڵمانەکان تێکەڵاوبوون، هەروەها ماڵەکانیان بە تەنیشت یەکترەوە بوون، جووەکان لە نێوان خۆیاندا بە زمانی (عیبری) قسەیان دەکرد، بەڵام هەموویان ڕۆژانە بە کوردی قسەیان دەکرد، هەندێك لەم جوانە دەبوونە دەستوپێوەندی ئاغاکان، سەبارەت بە کار و پیشەی جووەکانیش، زۆربەیان بە کاری جۆلایی و ڕەنگکردن خەریکبوون، جووەکان بە گشتی زۆر سووربوون لەسەر ئایینی خۆیان و گرنگییان زۆر پێدەدا و هیچ جۆرە سازشێکیان لەسەر ئایینەکەیان نەدەکرد، (میخائیل، بەخشی، چامۆبناس، داود) ناوی هەندێك لە جووەکانی دیانا بوو.(١٩)
جووەکانی ڕۆستێ: ژمارەی جووەکانی گوندی (ڕۆست) دەگەیشتە نزیکەی (١١٠ . ١٤٠) هاووڵاتی، نزیکەی (١٧ . ٢٠) ماڵ دەبوون، خانووەکانیان نزیکی یەکتری دروست دەکرد، وەکو گەڕەکێك لە گوندەکەدا دیاربوون، زۆر هەرەوەزی یەکترییان دەکرد، جووەکانی (ڕۆست) دەوڵەمەند بوون و خەریکی کاری دروستکردنی ڕانکوچۆغە بوون، گوزەرانیان لە موسڵمانەکان باشتر بوو، چونکە خاوەن پیشە و کار بوون، زۆرجار موسڵمانەکان پارەیان لێ قەرز دەکردن، لێرە هەڵسوکەوتی موسڵمانەکان لەگەڵیاندا باش بوو، سەبارەت بە دابونەریتی ژنهێنان و گواستنەوەی بوك لایان، هەروەك کوردەواری خۆمان وابوو، هیچ گۆڕانکاری وای تێدا بەدی نەدەکرا، موسڵمانەکان دەچوونە زەماوەندی ئەوان ئەوانیش دەچوونە زەماوەندی موسڵمانەکانەوە، هەروەها لەم گوندەدا گۆڕستانی خۆیان هەبوو.(٢٠)
یەکێك لە هاووڵاتیانی ئەم گوندە دەڵێت: ئەو کات لە گوندی (ڕۆست) قوتابخانە هەبوو، هەندێک قوتابی جوولەکە لەگەڵماندا بوون، وەك: (ئاهودەی کوڕی بلیل، ملمۆکی سۆنوێ، حیسل برانسیوك)، (بنیامین) ناوێك لەم گوندەدا وەکو ڕیشسپی و گەورەیان هەڵسوکەوتی دەکرد و بۆ کاروباری خۆیان پرسیاریان لێ دەکرد، هەروەها پیاوێك بە

ناوی (مۆزەخانەی گوند) جارنا جارێ بۆ ماوەی سێ مانگ و بگرە زیاتریش بزر دەبوو، دوایی کە دەهاتەوە لێیان دەپرسی لە کوێ بوویت؟! دەیوت من (مالم)م، لەگوندەکاندا دەگەڕێم بۆ سەربڕینەوەی ئاژەڵەکان و هەواڵی جووەکان و کاروباری ئایینییان، بەڵام دوای ئەوەی کە گەڕانەوە بۆ ئیسرائیل وتی: من فێڵتانم لێکرد، هەموو جارێک دەچوومەوە بۆ ئیسرائیل، لەوێ سەرقاڵی کاری ڕامیاری بووم!(٢١)
(ژەمێرە رۆنۆ، ماڵی شێت، میکایل ڕزی، برایم جوو، چروڕلینعاس، شەبەتە، ماڵم دانیر)، ناوی هەندێکە لەو جوانەی ئێرە، (بلبل، شیرین، مەلکان، ناز، لێرۆك، رفقە) ناوی ژمارەیەکە لە ئافرەتە جووەکانیان کە لەوێ دەژیان.(٢٢)
جووەکانی شەقڵاوە: لە ساڵی (١٨٨٠ز)دا، گەڕیدەیەکی فەڕەنسی بەناوی (ڤیستاڵا کوینی) سەردانی ئەم ناوچەیەی کردووە، بەتایبەتی شەقڵاوە، ئەو نووسیویەتی: ژمارەی دانیشتوانی شەقڵاوە لەو دەمەدا نزیکەی (١٥٠٠) کەس بوون، (١٠٥٠) کەسیان موسڵمان و (٤٥) کەسیان مەسیحی و (٥٠) کەسیشیان جوولەکە بوون، ئەمانە کار و پیشەیان بۆیاخچێتی و کۆتاڵ فرۆشتن و دوکانداری و ئەوانە بووە، بەناوبانگترین فرۆشیاریان ناوی (نیسوو) بوو، دەوڵەمەندترینیان ناوی (دانوو) بوو، هەندێکی تریان مامۆستا بوون، وەکو (زەکی باروخ)، گۆڕستانی تایبەت بەخۆیان هەبووە، کە لەشوێنێکی بەرز لە ڕۆژهەڵاتی شەقڵاوەدا بووە، دابونەریتیان وەکو کوردەکان وابوو، بەڵام بەپێی ڕێنمایی ئایینی خۆیان پەرستشیان ئەنجام دەدا، (ڕێنماییکاری ئایینییان – حاخام) لە گوندی (هەریر) دادەنیشت.(٢٣)
من بە چاوی خۆم ئەوەم بینی، لەکاتی جەژنی جوولەکەکاندا موسڵمانەکان سەردانیان دەکردن و جەژنە پیرۆزەیان لێدەکردن.(٢٤)
**جووەکانی بەحرکە:** ژمارەی جووەکانی بەحرکە (١٠ . ١٥) ماڵ دەبوون، زۆربەیان بە کاری دەستی خەریکبوون، وەکو کوتاڵ فرۆشتن و دروستکردنی بەرماڵ و جاجم، بەم کار و پیشانە بژێوی خۆیان دابین دەکرد، جووەکان هەمیشە هەوڵیان دەدا خۆیان لەگەڵ خەڵکی ناوچەکەدا بگونجێنن، سەبارەت بە بۆنەکانیان، بۆنەیەکیان هەبوو پێی دەوترا (کەپرەشینە) دەکەوتە کۆتا مانگی پایزەوە، چۆنێتی جەژنەکەش ئەوە بوو کۆمەڵە جوویەك کەپرێکیان بە قوماشی ڕەنگا و ڕەنگ دروست دەکرد و ئەو قوماشانەیان پێدا هەڵدەواسی، هەروەها قوماشی تریان ڕەنگاوڕەنگ دەکرد و دایاندەنا و لەو ڕۆژەدا ئاگریان نەدەکردەوە، ڕۆژی هەینی شیویان لێ دەنا، هەروەها گۆڕستانی تایبەت بە خۆیان هەبوو، ئێستایش بە گۆڕستانی جوولەکەکان ناسراوە.(٢٥)

**جووەکانی ناوچەی دزایەتی دەشتی هەولێر:** دەشتی دزایەتی هەولێر ژمارەیەکی زۆری جووی لێبوو، لە دێرزەمانەوە لەوێ لەگەڵ خەڵکی ئەو ناوچەیە نیشتەجێ بوون، تێکەڵاویەکی باشیان هەبوو لەگەڵ خەڵکەکە، جووەکان بە کاری کشتوکاڵی و وردەواڵە فرۆشتنەوە خەریکبوون.(٢٦)

## کاتێك شێخ مەحموود بووە مەلیکی کوردستان، یەکێك لە گرنگترین بڕیارەکانی پاراستنی ماڵ و سامانی جووەکان بوو

ئەو گوند و شارۆچکانەی لەم دەڤەرەدا جووی تێدا نیشتەجێبوون ئەمانە بوون: (گوندی سۆربەشی خدری پاشا)، پێنج ماڵی جوولەکەی لێبوو، وەکو ماڵی (ئیسحاق. میکاییل. بنیامین)، هەروەها لە (گوندی قازایخاند)یش (٤) ماڵ هەبوون، لەوانە ماڵی بنیامین ساڵحۆکی، (گوندی قورلشاغلۆ) چەند ماڵێکی لێبوون، لەوانە ماڵی (موشی)، کە ژنەکەی ناوی (سێمۆن) بوو، دوو کوڕ و دوو کچی هەبوون، هەروەها لە گوندی (ئۆمەراوە) سەر بەناحیەی قوشتەپە (٣) ماڵی جووی لێ بوو، لەوانە ماڵی (دانیاڵ) و (یەعقوب) و (شالوم)، لە گوندی (گروملا)ی، ڕۆژهەڵاتی ناحیەی قوشتەپەش (١٢) ماڵە جوو هەبوون، لەناوچەی (مەخمور)یش چەند ماڵە جوولەکەیەك هەبوون.(٢٧)

**جووەکانی کۆیە:** شاری کۆیە نزیکەی (٦٠. ٧٠) ماڵە جوو هەبوون، لەپێشدا بەگشتی لە کۆنەقەڵای گەڕەکی (هەداوان) بوون و پەرستگایەکیشیان لەوێ هەبوو، پاشان ماڵیان گواستەوە بۆ گەڕەکی (بەفریقەندی) لە دەوروپشتی (مزگەوتی حەتك)، بەوێیان دەوت: (گەڕەکی جوولەکان)، هەروەها جووەکان منداڵەکانیان تا دەگەیشتنە (١٥. ١٦) ساڵی بسکۆکەیەکیان هەبوو پێ دەوترا (زوڵف)، زۆر پێی دەناسرانەوە.(٢٨)

جووەکان لەم شارەدا گۆڕستانی تایبەت بەخۆیان هەبوو، کە لەسەر درێژە گردێك بوو پێی دەوترا (گردی جوانی)، دەکەوتە ڕۆژهەڵاتی شاری کۆیە.(٢٩)

**جووەکانی سلێمانی:** لەدێرزەمانەوە ژمارەیەکی زۆر جوولەکە لە گوندەکانی دەوروپشتی سلێمانیدا ژیاون، ئەمانە پێشتر لە دەوروبەری قەڵاچوالان بوون و دوایی هاتوونەتە ناو شاری سلێمانی.(٣٠)

دێرینترین سەرچاوە باس لە جووەکانی ئەم ناوچەیە بکات، گەشتەکەی (ڕیچ)ە، کە لە ساڵی (١٨٢٠ز)دا هاتووەتە کوردستان، سەبارەت بە شاری سلێمانی دەڵێت: (شارەکە ژمارەی دانیشتوانی (١٠٠٠٠) کەس دەبێ و نزیکەی (٢١٤٤) خانووی تێدایە، (١٠٣) خانوویان هی جوولەکەیە.(٣١)

هەروەها (مێجەرسۆن) لە کتێبەکەیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە ناوچەکەی سلێمانی و دەوروبەری، کورد و جوولەکە و گاوری تێدا بووە، ژمارەی ماڵەکانی (١٠٠٠) خانوو بوون، لە ساڵی (١٨٢٢ز) دا، نزیکەی (٨٠٠) کەس لە جوولەکە و گاور و کلدانی تێدا بووە.(٣٢)
هەروەها لەساڵی (١٨٦٨ز)دا گەڕیدە (لیك لاما) ژمارەی دانیشتوانی سلێمانی بەم شێوەیە داناوە، (٦) هەزار خێزانی موسڵمان و (٣٠) خێزانی (کلدان) و (١٥٠) خێزانی جوولەکە.(٣٣)
لەلایەکی ترەوە (مستەر هارت) لە ساڵی (١٨٣٠ز)دا، ژمارەی دانیشتوانی سلێمانی بە (١٠) هەزار کەسێك خەمڵاندووە، لەوانە (١٣٠) ماڵی جوولەکە و (٩) ماڵی کلدانی و (٥) ماڵی ئەرمەنی.(٣٤)
هەروەها (مێجەرسۆن) کە خۆی لە ساڵی (١٩١٩ز)دا، حاکمی سیاسیی شاری سلێمانی بووە، دەڵێت: ژمارەی دانیشتوانی سلێمانی گەیشتووەتە (٩٧٨٧) کورد، (٥٧٢) جوولەکە و (٦٠) کلدانی.(٣٥)
بەپێی سەرژمێری بەریتانیاش لە ساڵی (١٩٢٠)دا، هەزار جوولەکە لە سلێمانی هەبوون، لە سەرژمێری ساڵی (١٩٤١ز) دا، کە لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە ئەنجامدراوە، ژمارەی جوو بە (٢٢٧١) کەس خەمڵێنراوە.(٣٦)
پیشەی هەرەگرنگی جولەکەکان لە شاری سلێمانیدا ئەمانە بوون، زەڕەنگەری، بەزازی، عەتاری، بازرگانی، دوکانداری، کۆتاڵفرۆشی، بۆیاخچێتی و دروستکردنی ڕەف و بەرماڵ و جاجم، ئەوان لەچاو کەمی ژمارەیانەوە بەشێکی زۆری بازاڕیان بەدەستەوە بوو، ئەگەر گوزەرانیان بەراورد بکەین لەگەڵ گوزەرانی کوردەکاندا، گوزەرانی جووەکان زۆر باشتر بوو. (٣٧)
جووەکانی شاری سلێمانی پەرستگا و قوتابخانەی خۆیان هەبوو، لەڕووی دابونەریتیانەوە زۆر باش بوون لەگەڵ یەکتریدا، لە ناوخۆیاندا ژن و ژنخوازیان دەکرد، هەروەها ڕێزێکی زۆریان لە ژن دەگرت، کاتێك کوڕیان ببوایە ڕاستەوخۆ دەخیلەیان بۆ دادەنا، ڕۆژانە بەپێی توانا بڕێك پارەیان تێدەکرد، تا تەمەنی (١٨) ساڵ! مەبەست لەم کارەشیان ئەوە بوو، کە لەم تەمەنەی خۆیدا پارەیان داوەتێ بۆ ئەوەی بیکاتە دەستمایە و بەڵکو لەژیانیدا پشت بە خۆی ببەستێت، لە نەریتیاندا نەبوو ژوور، یاخود خانووی زیادە دروست بکەن بۆ ئەوەی بیدەن بە کرێ، ئەگەر کوڕیان ژنی بهێنایە لەگەڵ خۆیاندا دەژیا، لەگەڵ ئەوەشدا کێشەی بووك و خەسوویان نەبوو.(٣٨)
هەروەها سەبارەت بە ڕۆژی (شەممە) و جەژنەکانی (کەپرەشینە، فەقیرە، هامان) ئەمان لایان زۆر پیرۆز بوون، هەروەها لەم شارەدا گەڕەکی تایبەت و گۆڕستانی تایبەت بە خۆیان هەبووە.(٣٩)
ناوی هەندێك لە جوولەکە ناودارەکانی

شاری سلێمانی: خواجە سەعید ئیسحاق، عەبدوڵڵا بنورش، حەمەوی داود، شەمعون شاولی، میخائیل یانەیە، حاخام خواجەمیرە ئەفەندی، خواجە ساڵح بنورش، خواجە یەعقوب حەسەنە جوو، خواجە ئیسحاق پێنجوێنی، ڕفایل - کە بەناوبانگترین زەڕەنگەر بوو.(٤٠)

**جووەکان لە نێوان خۆیاندا ژن وژنخوازییان کردووە، هەروەکو کوردەکان شایی و هەڵپەڕکێیان دەکرد و گۆرانی کوردیان دەوت، بە پۆشاکی کوردی خۆیان دەڕازاندەوە**

**جووەکانی چەمچەماڵ:** لە شاری چەمچەماڵ (چوار) ماڵە جووی لێبووە، ئەوانیش ناویان (ئیسحاق، میرەجوو، عەبدوڵڵا جوو ، ناجی جوو)، ئیسحاق قوماشفرۆش، میرەجوو گەنمفرۆش بوو، هەروەها (لوولی) ئافرەتێکی جوولەکە بوو بۆ یەکەمجار لەوێ دوکانی مەیفرۆشی دانا، مێردەکەشی ناوی عەبدوڵڵا بوو، دوکانی شەکر و چایی هەبوو، ڕیشسپی و گەورەی جووەکان لە شاری کەرکوك دادەنیشت، ئەگەر یەکێکیان لێبمردایە دەیانبرد بۆ گۆڕستانی کەرکوك، ئەوان ڕۆژانی شەممە دوکانیان نەدەکردەوە. (٤١)

**جووەکانی پێنجوێن:** (ڕیچ) لەگەشتنامەکەیدا بۆ کوردستان ئاماژە بۆ ناوچەی پێنجوێن دەکات و دەڵێت: (لە پێنجوێن هەندێك بنەماڵەی جوولەکە هەبوون، خەریکی بازرگانی و پێستە فرۆشی بوون و بۆ (هەمەدان)یان دەبرد، هەندێکیشیان زەڕەنگەرییان دەکرد، هەندێکیشیان سەرقاڵی بازرگانی بوون لە نێوان شارەکانی (سنە) و (هەمەدان) دا.(٤٢)

**جووەکانی هەڵەبجە:** دەڤەری شارەزوور و هەڵەبجە و دەوروبەری – بە هۆی بەپیتی خاکەکەی بۆ کشتوکاڵ خەڵکێکی زۆری تێدا نیشتەجێ بووە- بەم هۆیەوە جولەکەیەکی زۆریشی تێدا کۆبوونەتەوە، جوولەکەکانی هەڵەبجە دوای ئاوەدانکردنەوەی شارەکە ڕوویان کردووەتە ئەوێ و لەناو شاردا جێگیربوون، خانوەکانیان بە پشت خانووی موسڵمانەکانەوە دروستکردووە، پەرستگای تایبەت بە خۆیان هەبووە کە کاروباری ئایینییان تێدا ئەنجام دەدا.(٤٣) جوولەکەکان لە هەمووکەس دەوڵەمەندتر بوون، زۆربەی بازاڕ و دوکانەکانی شاری هەڵەبجە و قەیسەرییەکان هی ئەوان بوون، وەك (مێجەرسۆن) لە گەشتەکەیدا بۆ شاری هەڵەبجە دەڵێت: (لە بازاڕی هەڵەبجەدا (٥٢) دوکان هەبوون، (٢٠) دوکانیان هی جولەکەکان بوو، سەرقاڵی قوماشفرۆشی و بازرگانی بوون، جووەکان پلەی یەکەمیان هەبوو لە بازرگانیکردندا و

ژمارەیەکیان بازرگانی گەورە بوون.(٤٤) جـوولـەکـەکانی هـەڵـەبـجـە گۆڕسـتـانی تـایـبـەت بـە خـۆیـان هـەبـوو لـە گـەڕەکی (مۆردانە) مردوویان لێ دەناشت، هەروەها بە ئازادی جەژنی (ژەقالە) و (کەپرەشینە) یان ئەنجام دەدا.(٤٥)

## جووەکانی هەڵەبجە زۆر ڕێزیان لێ دەگیرا و وەکو هاوشاری مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا و چەندەها جار موسوڵمانەکان ژنیان لێ هێناون

**جـووەکـانی کـفـری:** لـە دێـرزەمـانـەوە لـەنـاو شـاری کـفـری (٤٠ . ٥٠) ماڵە جـوولـەکـە هـەبـوون، کـە زۆربـەیـان کـوردی قـەرەداغ و سلێمانی بـوون، لە سـەردەمی عـوسـمـانییـەکاندا (قـۆجـە شاوڵ) دەمڕاستیان بوو، پاش ئەم (ساڵح دانیاڵ) بووە دەمڕاستیان، لە کفریدا زۆر ڕێزیان لە خۆی و بنەماڵەکەشی دەگرت، کورێکی ڕووناکبیر و ناسـراوی هـەبـوو بە نـاوی (حـەسقیل)، ئـەم کـوڕە چـەند جارێك بەرپرسیارێتی و کاروباری فـەرمی لە دەزگاکانی دەوڵەتدا گرتووەتە دەست، دواتر کەسایەتییەکی زۆر دیاریان هەبوو بە ناوی (ئالیا خدوری)، ئەم پیاوە لای کاربەدەستانی دەوڵـەت کەسایەتییەکی زۆر دەستڕۆیشتوو بوو، برایەکی هەبوو بە نـاوی (بیـشـان)، جولـەکـەکانی کـفری گـۆڕسـتـانی تـایـبـەت بـە خـۆیـان هـەبـوو لـە نـزیك (دەربـەنـد تـاڵـە)، هـەروەهـا لە دەوروبـەری شـاری (کـفـری)ش هـەندێک خێزانی جوولەکە هەبوون، کە زۆر تێکەڵی خەڵکی ناوچەکە بوون!(٤٦)

**جـووەکـانی کـەلار:** ئـەو جـوولـەکـانـەی لـە کـەلاری کـۆن بـوون، ژمـارەیـان (٦ . ٧) خـێـزان بـووە، (نـەسـیم جـوولـەکـە) دیارترترین کەسیان بووە، دایکی نەسیم نـاوی (سـاڵیحـە) بـووە، ژنـەکـەشی نـاوی (مری) بووە، نەسیم زۆر پیاوێکی دڵاوا و بەخشندە بوو، بەردەوام یارمەتی هەژار و لێقەوماوانی داوە، جووەکانی ناوچەی کەلار ژیان و گوزەرانیان زۆر باشتر بووە لە دانیشتوانی کەلار، زۆربەیان دەوڵەمەند بوون، تەنانەت (نەسیم جوولەکە) لەو دەمـەدا ڕانـەمـەڕێکی هـەبـووە نزیکـەی (٣٠٠) سـەر بـووە! ئـەگـەر کـەسێکیان لێبمردایە دەیانبرد لەشاری (خانەقین) لە گۆڕستانی تایبەت بە خۆیان دەیاننناشت. (٤٧)

### دەرەنجام

لـەم کورتـە تـوێـژینـەوەیـەوە بـەم چـەند دەرەنجامەی لای خوارەوە دەگەین:

١- گـەلی جـوو گـەلـێکی مـوحـافـیزکار و خۆپـارێـز بـوون، بـە جـۆرێك تـوانـیـویـانـە بە درێژایی هـەزاران سـاڵ پارێزگاری لە ئایین و بیرکردنەوە و دابونەریتی خۆیان لـەنـاو گـەلانی زۆریـنـە مـوسـڵـمـانـدا، بە

کوردیشەوە بکەن و بە پابەندی بە ئایینی تایبەتی خۆیانەوە بمێننەوە.

٢- کوردستان هەمیشە لانکی پێکەوەژیان و یەکتر قبوڵکردن بووە، ئەمە ئەو ڕاستییەیە جووەکانیش دانی پێدا دەنێن و لەو ماوە زۆرەدا جووە کوردەکان بەوپەڕی ئازادی و خۆشییەوە درێژەیان بە بڕواداری تایبەت بە خۆیان داوە و کوردە موسڵمانەکانیش هیچ جۆرە لەمپەڕێکیان بۆ دروست نەکردوون.

٣- جووەکانی کوردستان دابەشبوون بە سەر هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا و کەم شار، یان شارۆچکە هەیە جوولەکەی تێدا نەژیابێ، بەڵام لە دێهاتەکاندا نەژیاون، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە جووەکان زۆربەیان زیاتر بە کاری بازرگانییەوە خەریکبوون و بازرگانیش زیاتر لە شارەکاندا برەوی هەیە، نەوەك لە دێهات!

٤- نیو سەدەیەکە جووەکان کوردستانیان جێهێشتووە و گەڕاونەتەوە وڵاتی ئیسرائیل، کە بە شوێنی دێرینی خۆیانی دەزانن، ئێستاش ژمارەیەکی زۆر کوردی جوولەکە لە ئیسرائیل دەژین و زمانی کوردی باش دەزانن و لە میدیاکانەوە زۆر بە شانازییەوە باسی کوردبوونی خۆیان دەکەن و دان بەوەدا دەنێن باشی خەڵکی کوردستان لەگەڵیان وایکردووە هەمیشە لە بیری وڵاتی خۆیاندا بن.

٥- ئەگەر بڕیارێکی سیاسی جیهانی نەبوایە، هەرگیز کوردە جووەکان ئامادەییان نەبوو وڵاتی خۆیان جێبهێڵن و ڕوو لە وڵاتێکی تر بکەن، کە زیاتر دۆخێکی ئەمنیەتی هەیە و بە ئێستاشەوە مەترسی بەردەوام لەسەر ئەو قەوارەیەیان هەیە، لە کاتێکدا پێش نیو سەدە کە لە کوردستان ژیاون، ئەوپەڕی بێ مەترسی بوون.

٦- ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی کورت و پوختە لەبارەی کوردە جووەکانەوە، ئێستا بە زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبی و زۆر زمانی تریش بە درێژی باس لە ژیان و دۆخ و دابونەریتی دێرینی کوردانی جوو لە کوردستانی خۆمان و کوردستانی گەورەش کراوە، توێژەرانی تایبەت بەم بوارە دەتوانن بۆ زانیاری زیاتر ئەو سەرچاوانە دەست بخەن.

**جووەکانی شاری سلێمانی پەرستگا و قوتابخانەی خۆیان هەبوو، لەڕووی دابونەریتیانەوە زۆر باش بوون لەگەڵ یەکتریدا**

### ژێدەرو پەڕاوێزەکان:

(١). میجرسون، الترجمة: فوآد جمیل، رحلة منتکر الی بلاد مابین النهرین و کردستان، الطبعة الأولی، مطبعه الحرّیة، بغداد – ١٩٧١، ل٢٣٤

(٢). ئەحمەد باوەڕ، جوولەکەکانی کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی

کریستاڵ، هەولێر – ٢٠٠٠، ل٨٦
(٣). هەمان سەرچاوە، ل ١١٢
(٤). عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، یەهوودی عێراق و یەهوودی کوردستان، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە (١٦)، پاییزی ٢٠٠١، ل٣٧ – ٥٣
(٥). ئەحمەد باوەڕ، جوولەکەکانی کوردستان، ل١١٢
(٦). هەمان سەرچاوە، ل١١٩
(٧). کەریم زەند، ئایین و باوەڕ لە کوردستاندا، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، ١٩٧١، ل١٨٩
(٨). ئەحمەد باوەڕ، جوولەکەکانی کوردستان، ل١٣٤
(٩). هەمان سەرچاوە، ل١٣٦
(١٠). عەباس سڵێمان ئیسماعیل، ڕیشەی جوولەکەکانی کوردستان و دابونەریتیان لەپارێزگای هەولێر، گۆڤاری هەولێر، ژمارە (١٤)، بەهاری ٢٠٠٢، ل١٣ – ٣٩
(١١). هەمان سەرچاوە، ل٢٢
(١٢). کەریم زەند، ئایین و باوەڕ لە کوردستاندا، ل١٥٥
(١٣). هەمان سەرچاوە، ل١٥٧
(١٤). گەڕەکی تەعجیل دەکەوێتە نێوان گەڕەکی عەرەب و سەعدوناوەوە، زۆربەی دانیشتوانی ئەم گەڕەکە جوولەکە بوون و کەمێکیان موسڵمان بوون، بۆیە ئەو دەمە گەڕەکی (تەعجیل) کرابووە دووکەرتەوە، پێیان دەووت گەڕەکی تەعجیلی ئیسلام و گەڕەکی تەعجیلی جوولەکە. بڕوانە: ئەحمەد باوەڕ، جوولەکەکانی کوردستان، ل١٤٢
(١٥). هەمان سەرچاوە، ل١٤٤
(١٦). عەباس سڵێمان ئیسماعیل، ڕیشەی جوولەکەکانی کوردستان و دابونەریتیان لەپارێزگای هەولێر، گۆڤاری هەولێر، ژمارە (١٤)، بەهاری ٢٠٠٢، ل٢٨
(١٧). هەمان سەرچاوە، ل٢٩
(١٨). ئەحمەد باوەڕ، جوولەکەکانی کوردستان، ل١٤٥
(١٩). هەمان سەرچاوە، ل١٤٦
(٢٠). عەباس سڵێمان ئیسماعیل، ڕیشەی جوولەکەکانی کوردستان و دابونەریتیان لەپارێزگای هەولێر، گۆڤاری هەولێر، ژمارە (١٤)، بەهاری ٢٠٠٢، ل٣٠
(٢١). هەمان سەرچاوە، ل٣١
(٢٢). هەمان سەرچاوە، ل٣١
(٢٣). کەریم زەند، ئایین و باوەڕ لە کوردستاندا، ل١٦٦
(٢٤). ئەحمەد باوەڕ، جوولەکەکانی کوردستان، ل١٣٥
(٢٥). هەمان سەرچاوە، ل١٣٧
(٢٦). عەباس سڵێمان ئیسماعیل، ڕیشەی جوولەکەکانی کوردستان و دابونەریتیان لەپارێزگای هەولێر، گۆڤاری هەولێر، ژمارە (١٤)، بەهاری ٢٠٠٢، ل٣٢
(٢٧). هەمان سەرچاوە، ل٣٣
(٢٨). عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، یەهوودی عێراق و یەهوودی کوردستان، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە (١٦)، پاییزی ٢٠٠١، ل٣٧ – ٥٣

(٢٩). هەمان سەرچاوە، ل٣٩
(٣٠). ماردین عەبدولکەریم، ئەوسای جوولەکە لەسلێمانی و ئێستایان لە ئیسرائیل، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٧)، ل٣٦ – ٥٢، هاوینی ٢٠٠٠
(٣١). جەمال بابان، سلێمانی شارە گەورەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی تەمەدون، بەغدا - ١٩٩٢، ل٢٤٩
(٣٢). میجرسون، الترجمة: فوآد جمیل، رحلة منتكر الى بلاد مابین النهرین و کردستان، ل١٨٩
(٣٣). ئەحمەد باوەڕ، جوولەکەکانی کوردستان، ل١٤٥
(٣٤). هەمان سەرچاوە، ل١٤٦
(٣٥). میجرسون، الترجمة: فوآد جمیل، رحلة منتكر الى بلاد مابین النهرین و کردستان، ل٢١١
(٣٥). ئەحمەد باوەڕ، جوولەکەکانی کوردستان، ل١٤٦
(٣٦). هەمان سەرچاوە، ل١٤٧
(٣٧). کەریم زەند، ئایین و باوەڕ لە کوردستاندا، ل١٦٠
(٣٨). ماردین عەبدولکەریم، ئەوسای جوولەکە لەسلێمانی و ئێستایان لە ئیسرائیل، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٧)، هاوینی ٢٠٠٠، ل٤٤
(٣٩). هەمان سەرچاوە، ل٤٥
(٤٠). ئەحمەد باوەڕ، جوولەکەکانی کوردستان، ل١٥٢
(٤١). هەمان سەرچاوە، ل١٥٣
(٤٢). عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، یەهوودی عێراق و یەهوودی کوردستان، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە (١٦)، پاییزی ٢٠٠١، ل٤٦
(٤٣). بەکر حەمەصدیق عارف، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی هەڵەبجە، بڵاوکردنەوەی کتێبخانەی ڕۆشنبیر - سلێمانی، چاپی یەکەم ، ١٩٩٧ ، چاپخانەی پەیڤ.ل٨٩
(٤٤). حەکیم مەلاصالح، هەڵەبجە لەئامێزی مێژوودا، چاپخانەی منارە، بەرگی یەکەم، ٢٠٠٤، ل٥٧
(٤٥). بەکر حەمەصدیق عارف، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی هەڵەبجە، ل٩٤
(٤٦). ئەحمەد باوەڕ، جوولەکەکانی کوردستان، ل١٧٢
(٤٧). هەمان سەرچاوە، ل١٧٣

# پەتا
# لە نێوان زانستی فیقهـ و زانستی پزیشکیدا

جەمال حسێن

یەکێك لە کۆنترین پیشەکان، پزیشکی و زانستەکەیەتی بە واتا تەقلیدی و کۆنەکەی. لەناو هەمو شارستانیەت و گەلێکدا پزیشکی هەم وەك پیشە و هەم وەك جۆرێك لە ئەزموون و وشیاری بە جۆرێك لە جۆرەکان بوونی هەبووە. کە بە پلەی یەکەم بریتی بووە لە کەڵەبوونی زانیاری لە ڕێگای ئەزموون و فێربوون لەڕێی چاودێریکردنی نەخۆش و کاریگەری چارەسەرییەکان. لەم بوارەدا لە لێکۆڵینەوەکاندا کاتێك دەوترێت زانستی پزیشکی (هیندی، چینی، بابلی، فیرعەونی، یان یۆنانی)، مەبەست پێی ئەزموونی پزیشکی ئەو شارستانیەتانەیە. کە بێگومان گەشاوەترین و فراوانترینیان پزیشکی یۆنانی بووە، بەشێکی ئەوەش بۆ سروشتی عەقڵیەتی یۆنانی دەگەڕێتەوە کە توانای ڕەخنەگرتنی خۆی و پێداچوونەوە و خۆدۆڵەمەندکردنی هەیە. بەشێکی تریشی پەیوەندی بەوەوە هەیە کە پزیشکی یۆنانی زۆر ڕەگەزی ئەزموونی گەلانی تریشی کۆکردبووەوە. پزیشکی یۆنانی پزیشکی سەردەمی تێکەڵی فەلسەفە و جادو و ئەفسانەیە بە پزیشکی، بۆیە زۆر ڕەگەزی نا (زانست)ی تێدایە بەپێی واتای ئێستای زانست. بەڵام خاڵی پۆزەتیڤی ئەم زانستە لەسەر دەستی یۆنانییەکان موقەدەس نەبوونی سەرچاوەی پزیشکییە.

ئەمەش هۆی سەرەکی بوە بۆ ئەوەی یۆنانییەکان بۆیان هەبێ گومان لەچارەسەرکردنەکان بکەن و سەرەنجام ئەم بوارە پێش بخەن. ئەم پزیشکییە کە لە سەدەی پێنجی پێش زایین گەیشتە ئاستێکی بالا. ئەوەش بە جیابوونەوەی پزیشکی وەکو بوارێکی فەلسەفی و عەقلانی لە ئەفسانە و بیروباوەڕە ئایینییەکان. لە دوای یۆنانییەکانەوە ڕۆمانییەکان بوونە میراتگرەوەی زانستی پزیشکی یۆنانی و پێشخستنی، لەسەر دەستی ئەمان ئەم زانستە وەك بەشێك لە فەلسەفە (سروشتناسی) دۆڵەمەندتر کرا و گالینۆس ڕەمزی ئەم قۆناغەیە. دوای ئەوەش ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی بە کاریگەری ئایینی مەسیحی ناوەندەکانی خوێندنی فەلسەفە و لاهوتی داخست، پزیشك و ڕۆشنبیرەکانیان ڕوویان کردە چەند ناوەندێکی تر، کەگرنگترینیان (جوند نیسابور)ە لە باشووری ڕۆژئاوای ئێرانی ئێستا. کە چەند سەدەیەك پێش ئیسلام و تا سەردەمی عەباسییەکانیش ببوە ناوەندی هەرەگرنگی زانستە کۆنەکان و پزیشکی بەتایبەتی بەزمانەکانی یۆنانی و سریانی و فارسی و عیبری و هیندی. بۆیە لە کولتووری ئیسلامی و عەرەبیدا کە وتراوە حەکیم، هەم مەبەست پزیشك بووە و هەم فەیلەسوف. پێش هاتنی ئیسلام یەکەمین کەس کە لەو ناوەندەوە زانستی پزیشکی خوێندووە و گەڕاوەتەوە بۆ نیوەدوورگەی عەرەبی، کەسێك بووە بە ناوی (حارسی کوری کیندە). ئەم کەسایەتییە ماوەیەکی کەم پێش هاتنی ئیسلام گەڕاوەتەوە بۆ نیوەدوورگەی عەرەبی و لە سەردەمی پێغەمبەری ئیسلامیدا (د. خ) بێ ئەوەی موسڵمان بێ مردووە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە ڕێگری نەکردووە لەوەی کە موسڵمانان بۆ چارەسەرکردن و نەخۆشی پرسی پێبکەن و پەنای بۆ ببەن. لەم بارەیەوە چیرۆکی نەخۆشکەوتنی (سەعدی کوری ئەبی وەقاص) لە هەموویان بەناوبانگترە، کاتێکیش نەخۆش کەوت و پێغەمبەر (د. خ) داوای کرد ببیبەنە لای حاس بۆ چارەسەرکردن. لەم چیرۆکەدا کە زۆربەی سەرچاوە کۆنە ئیسلامییەکان گێڕاویانەتەوە لانی کەم دوو ئاماژەی زۆر گرنگ بوونیان هەیە. بێ باوەڕی ئەم کەسە ڕێگری نەکردووە لەوەی پێغەمبەر (د. خ) دان بە زانستەکەیدا بنێ. سەرباری ئەوەی خودی زانستە پزیشکییەکەی ناوبراویش هی کافر و بیانییەکان بووە. لە لایەکی ترەوە ئەم کارە دانپێدانانە بەوەی کە پێغەمبەر (د. خ) پرسی چارەسەرکردنی جەستەیی بەکاری خۆی نەزانیوە و بە کردەیەکی دنیایی سەیری کردووە. لەم ڕوانگەیەشەوەیە وەکو لە کۆتاییدا دەبینین ئیبن خەلدون باوەڕی بە ئایینیبوون و پیرۆزی ئەو پزیشکییە نەبووە کە لەناو کولتووری فیقهیدا بە (الطب النبوی) ناسراوە.

بەگشتی زانستی پزیشکی لەناو

شارستانیەتی ئیسلامی بە دوو ئاڕاستەی سەرەکیدا ڕۆیشتووە: یەکیان بەرەنجامی وەرگێڕان و بڵاوبوونەوەی زانستی بیانییە، بەتایبەت پزیشکی یۆنانی و لە سەردەمی دەرکەوتنی خیلافەتی عەباسییەوە تا قۆناغی دووەمی ئەم دەسەڵاتدارییە. دووەمیش ئەوەیە کە لە دوای ئەم سەردەمەوە و وەك پەرچەکردارێکی پیاوانی ئایینی بەرامبەر زانستی یۆنانی بەگشتی یۆنانی، زاراوەی پزیشکی پێغەمبەرایەتییان بەرهەم هێناوە. وەکو جۆرێك لە پزیشکی جێگرەوە بۆ پزیشکێك کە سەرچاوەکەی بیانی بووە. لێرەوە هەوڵدەدەین لە گۆشەنیگای هەڵوێست لە پەتای تاعوون لەسەر هەردووك فۆرمی پزیشکی لەناو کۆمەڵگای ئیسلامیدا بوەستین و چەند سەرەقەڵەمێکی گشتی بخەینە ڕوو، بەو هیوای لە دەرفەتێکی تردا بۆ پەتای کۆرۆنا و شێوەی مامەڵەکردن و پەرچەکردار و تەفسیری ئەم پەتایە بگەڕێینەوە لە سەردەمی تازەدا، لەنێوان عەقڵیەتێك کە زانستییە، لەگەڵ دانەیەکی تر کە تەنها لە چوارچێوەیەکی فیقهی کۆنەوە نەبێ ناتوانێ لە دیاردە و نەخۆشییەکان بڕوانێ. چونکە کۆرۆنا لە سەردەمی تازە و پەتاکان لە سەردەمی کۆندا، چەند ڕووداوی تەندروستی بوون، ئەوەندەش ڕووداوی کولتوورین و لەگەڵ خۆیان لێکەوتەی کۆمەڵایەتییان جێدێڵن.

## تاعوون لە مێژووی ئیسلامیدا

تاعوون، یان پەتای نەخۆشی کوشندە، یەکێك بووە لەو مەترسیانەی کە بەردەوام مرۆڤایەتی لە ڕابردوودا ڕووبەڕووی بووەتەوە. هەندێك جار ئەم پەتایانە گۆڕانکاری سیاسی گەورەی بە دوای خۆیدا هێناوە و هەندێك دەوڵەت و دەسەڵاتی داوە بەعەرزدا و دەرفەتی سەرکەوتنیشی بۆ هەندێکی تر ڕەخساندووە. لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە تاعوون هەبووە نەخشەی کۆمەڵایەتی و ئەندازەیی کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگاکانی گۆڕیوە و بازێکی بەو کۆمەڵگایانە داوە و کەلێنێك و بۆشاییەکی کۆمەڵایەتی دروست کردووە کە تا ئێستا پڕ نەبووەتەوە. وەکو پەتای تاعوونی سەدەکانی ناوەڕاست کە لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا بە (نەخۆشییە مەزنەکە) ناسراوە و لە ئەوروپاش بە (مەرگی ڕەش). هەمو پەتایەکیش تاعوون بووبێ، یان نا، جگە لەو کوشتار و وێرانکاریانەی دروستی کردووە، بە دوای خۆیدا قات و قڕی و نەبوونییەکی کوشندەشی بەرهەم هێناوە. بۆیە ترس لە تاعوون تەنها ترسێکی بایۆلۆژی نەبووە، بەڵکو ترسێکی کۆمەڵایەتیش بووە. پەتاکان تەنها ڕووداوی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و ئابووری نەبوون، بەڵکو لەوەش زیاتر بۆ داهاتووی دوور بوونەتە ڕووداوی کولتووری و کاریگەری فکریان جێهێشتووە، لەناویشیاندا تاعوون. بۆیە هەیە پێی وایە

تاعوونی مەرگی ڕەش لەئەوروپا پرۆسەی ڕیفۆرمی ئایینی مەسیحی و ڕێنسانسیشی هەم هێنایە پێشەوە و هەمیش زەمینەی دروستبوونی بۆ ڕەخساندن. چونکە وەکو بەشێك لە لێکۆڵیاران دەڵێن ئەم پەتایە (باوەڕی خەڵکی بە پیاوانی ئایینی لەق کرد و بەپێچەوانەشەوە باوەڕی بە خوا بەهێزتر کرد). واتە مرۆڤایەتی لەم تاعوونەوە تێگەیشت کە دەسەڵاتی خوایی وابەستە نییە بە کەنیسە و پیاوی ئایینییەوە، دەکەوێتە سەروو ئەمەوە. ئەوەش دوای ئەوەی هیچ لە چارەسەرییەکانی قەشەکان نەیتوانی بەر بەم پەتایە بگرێ و بەپێچەوانەشەوە هیچ کەنیسەیەك لێی پارێزراو نەبوو. تا ئەوەی نوخبەیەك دەرکەوتن و وتیان ئەوەی زانست دەتوانێت بیکات، ئایین و لاهوت لە توانایدا نییە. کە ئەوەش لێدان بوو لە کولتووری ئایینی مەسیحی و کەنیسە، بێ ئەوەی لێدان بێت لە خودی ئینجیل و باوەڕبوون بە خوا. لە جیهانی ئیسلامیشدا وەکو بەشێك لە جیهانە گەورەکە تاعوونەکان سەرچاوەی گۆڕانکاری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی گەورە بوون، هەرچەندە کەمترین کاریگەری کولتووریان بە دوای خۆیاندا دروست کردووە بەراورد بە جیهانی مەسیحی!! کە دەشێ بەشێکی سەرەکی ئەم بێ کاریگەرییە کولتوورییە بۆ هەژموونی عەقڵیەتی فیقهی بووە لەناو کۆمەڵگاکان و نەبوونی کولتووری ڕەسەنی زانستی پزیشکی. لەڕووی مێژوویەوە یەکەمین پەتای تاعوون کە لەناو موسڵمانان بڵاوبووەتەوە، ئەوەی مێژونوسانی موسڵمان تۆماریان کردووە ئەوەیە کە لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەتاب و ساڵی هەژدەی کۆچی بۆ یەکەمین جار تاعوونێك لە شام و لە سوپای موسڵماناندا بڵاوبووەوە. ئەو سوپایەی لەبەرەکانی پێشەوەی غەزا و بەرگریدا بوو. ئەوەش بە تاعوونی (عەمواس) ناسراوە. بەو هۆیەی گوایە یەکەمین جار لەو گوندەوە دەرکەوتووە کە لە فەڵەستین و نزیك شاری قودسە.

## پەتاکان تەنها ڕووداوی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و ئابووری نەبوون، بەڵکو لەوەش زیاتر بۆ داهاتووی دوور بوونەتە ڕووداوی کولتووری و کاریگەری فیکریان جێهێشتووە

لەم تاعوونەدا ژمارەیەکی زۆر ئەسحابە مردن و زیانی زۆری بە موسڵمانان گەیاندووە. تا ئەوەی بووە هۆی بڵاوبوونەوەی ترس و بەشێك لە موسڵمانان ئەم سەنگەرەیان چۆڵ کرد، کە لە ئەدەبیاتی ئیسلامی بە (الرباط) ناسراوە و بەهایەکی ئایینی پیرۆزی هەیە. کاتێکیش خەلیفەی موسڵمانان (عومەری کوڕی خەتاب) نزیك بووەوە

لەوەی بچێتە ئەم ناوچەیە، پێیان ڕاگەیاند کە تاعوون بڵاوبووەتەوەوە و زۆر کەس مردووە، هەیانە ڕادەکا و سەنگەر چۆڵ دەکات و هەشیانە لە شوێنی خۆی ماوەتەوە. بۆ گفتوگۆکردن و گەیشتن بە بڕیارێکی پەسەند بە لای هەموانەوە، عومەر زۆرینەی ئەسحابەکانی بانگ کرد لە هەردووك پێکهاتەی موهاجرین و ئەنسارەکان. سەرەنجام بە هۆی نەبوونی پاشخانی ڕووداوی لەم جۆرە، نەگەیشتنە کۆدەنگی لەسەر بڕیارێك. هەیان بوو پێی دەوت چۆن هاتووی ئاوا بگەڕێوە و هەشیان بوو ڕای وابوو کە نابێت بوەستێت و دەبێت بەردەوام بێ لە ڕۆیشتن بۆ ناو سەنگەرەکانی پێشەوە، کە تاعوونی تێدا بڵاوبووەتەوە. تا ئەوەی عومەر بریاریدا بگەڕێتەوە، کە ئەوەش لای کەسانێك بووە مایەی ڕەخنەگرتن. چونکە پاشگەزبوونەوە لە ئەرکێکی ئایینی، پێویستی بە بەڵگەیەکی ئایینی هەیە. بۆ بەیانییەکەی یەکێك لەئەسحابەکان هات و وتی من لەبارەی ئەم پرسەوە فەرموودەیەکی پێغەمبەرم پێیە کە وتویەتی: ئەگەر بیستتان لە ناوچەیەك تاعوون بڵاوبووەتەوە نزیکی مەبنەوە، ئەگەر لەناوچەیەکیش بوون و تێیدا بڵاوبووەوە، ئەوا لە دەستی ڕامەکەن. بە هۆی ئەم فەرموودەیەوە عومەری خەلیفە دەرچەیەکی ئایینی دەستکەوت و بە هۆیەوە نەچوونی بۆ ناوچەی پەتاکە بە گوێڕایەڵی پێغەمبەر ئەژمار کرا و بەپێچەوانەشەوە ڕێگەگرتن لەوەی سوپای موسڵمانان ناوچەی پەتاکە جێبێڵن و سەنگەرەکان چۆڵ بکەن، لە بڕیارێکی سیاسی و سەربازییەوە بووە بڕیارێکی پیرۆزی ئایینی. ئەوانەشی بەهۆی ئەم پەتایەوە دەمردن، بە شەهیدی سەنگەر ئەژمار کران، لێرەوە بەشەهید ناساندنی مردووی دەستی تاعوون لە ڕووداوێکی تەندروستی و بایۆلۆجییەوە گۆڕا بۆ چەمکێکی ئایینی و سیاسی. ئەوەش وەکو هاندانێکی بێ وێنە بۆ مانەوە لەسەنگەرەکان و بەردەوامیدان بە غەزا. ئەم تاعوونە کە یەکەمین ئەزموونی پەتایە کە ڕووی لە موسڵمانان کردووە، تەنها لە سەرەتای دەرکەوتنیدا موسڵمانانی بەسەر بەرەی جیاجیادا دابەش نەکردووە، بەڵکو لە بەردەوامی خۆشیدا بووە سەرەتای ئەزموونێکی تر. بۆ نموونە دوای ئەوەی (ئەبوعوبەیدەی جەراح) و (مەعازی کوری جەبەل)ی ئەسحابە و والی شام، یەك لەدوای یەك بەو پەتایە مردن، (عەمری کوری عاص) بووە والی. عەمر کە شارەزایی لە کولتووری سریانی هەبوو بە هۆی کورەکەیەوە (عەبدوڵلا) کە ئەویش ئەسحابەیەکی خوێندەوار بوو. بەپێچەوانەی ئەزموونی ئەوانی تر خۆی ڕادەستی قەدەری خوایی پەتاکە نەکرد، کاتێکیش بووە والی شام داوای لە خەڵکی کرد کە ئاگر بکەنەوە و بەرەو شوێنە بەرزەکان کۆچ بکەن و لە یەکتری دووربکەونەوە. کە بێگومان

سەرچاوەی ئەم ڕۆشنبیرییە خۆپارێزییە یۆنانی و بیانییە، بەو پێیەی پێشتر موسڵمانان خاوەنی هیچ پێشینەیەك نەبوون لە بەرەنگاری پەتای تاعووندا. دواتر چەندین جار پەتای تاعوون ڕوی لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکان کردووە تا سەدەی سێی کۆچی. کە لە هیچ یەکێك لەو سەردەمانە (بەتایبەت ئەمەوی) هیچ بەرهەمێکی تایبەت بەم پەتایانە نەنووسراوە، نە لەڕووی مێژوییەوە نە لەڕووی ئایینی، یان پزیشکییەوە.

## لەجیهانی ئیسلامیشدا وەکو بەشێك لە جیهانە گەورەکە تاعوونەکان سەرچاوەی گۆڕانکاری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی گەورە بوون

## زانستی پزیشکی لە کولتووری ئیسلامیدا

سەرەتای دەرکەوتنی ئەدەبیاتی نوسین لەبارەی تاعوونەوە، بۆ سەردەمی زێڕینی نووسین و وەرگێڕان خۆی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خیلافەتی عەباسی یەکەم. ئەو کاتەی دوای دامەزراندنی شاری بەغدا و دەوڵەتی عەباسی بە پشتیوانی ئێرانییەکان و ئەبو موسلیمی خوراسانی بەتایبەتی، بە هاندانی بنەماڵەی بەرمەکییەکان خیلافەتی عەباسی ڕووی کردە وەرگێڕان و بایەخدان بە کتێب و بڵاوکردنەوەیان. لەم چوارچێوەیە و سەرەتا دەسەڵاتداران بایەخی زۆریان بە دوو جۆر لە زانستی تازە و ئەدەبیاتەکەی دا: یەکیان زانستی پزیشکییە وەك سەرچاوەیك بۆ چارەسەکردن و پاراستنی جەستەی خۆیان. دووەمیش زانستی فەلەکناسییە بۆ پاراستنی دەسەڵاتی سیاسییان، بەو پێیەی ئەمان باوەڕیان وابوو لە ڕێگای فەلەکناسییەوە دەتوانن ئەو پیلان و مەترسییانە ئاشکرا بکەن پێش ڕوودانیان کە پاشماوەی ئەمەویەکان و نەیارانی تری دەسەڵاتی تازەی عەباسی کاری بۆ دەکەن. وەکو چۆن لە ڕێی پزیشکی ڕێگای پاراستنی جەستەییە. لە چوارچێوەی بایەخی دەسەڵاتداران بەم زانستە، پزیشك و شارەزایانی ئەم بوارەیان لە کۆشکی خیلافەت لە بەغدا کۆکردەوە، لە هەرنەتەوە و ئایینێك بوون (کە بە زۆری مەسیحی سریانی و ئێرانی بوون). یەکەمین نەخۆشخانەش بە پشت بەستن بە پزیشکە ئێرانییەکان دروست کرا و ناونرا (بیمارستان)، بۆیە تا سەدەی نۆزدەش لەناو کولتووری ئیسلامی عەرەبیدا نەخۆشخانەکان بەو ناوە فارسییەوە ناساراون. چیرۆکی نەخۆشکەوتنی ئەبو جەعفەری مەنسوور، خەلیفەی دووەمی عەباسی و دامەزرێنەری ڕاستەقینەی دەسەڵاتی عەباسی و چاکبوونەوەی لەسەر دەستی پزیشکی ئێرانی (یەختشوع)، ڕووداوێکی

کولتووری و سەرەتایەکی گرنگی دەرکەوتنی پزیشکی یۆنانی و بیانییە بەشێوەیەکی ڕەسمی لەناو کۆمەڵگای ئیسلامی. چونکە لەدوای ئەم ڕووداوەوە بە بڕیاری خەلیفە یەختشوعی مەسیحی و ئێرانی و سریانی لە بەغدا دەمێنێتەوە تا سەرپەرشتی یەکەمین بیمارستان و وەرگێڕانی ئەدەبیاتی پزیشکی (جوندنیسابور) بکات. کە ناوەندی پاشماوەی حیکمەتی یۆنانی و گەلانی تریش بوو. لە هەمان کاتدا ئەم پزیشکە و خێزانەکەی و قوتابییەکانی، دەبنە دەستپێکی دەرکەوتنی پزیشکی وەکو زانستێك و بوارێکی فراوان بۆ وەرگێڕانی بەرهەمە پزیشکییەکان. هەر لەو سەردەمەوە کە سەدەی سێی کۆچییە، نووسین و وەرگێڕان لە بواری تاعوون لە ڕووی پزیشکییەوە دەستی پێ کردووە. لە سەرچاوە کۆنەکاندا هاتووە کە کۆنترین کەسایەتی کە هانی خەلیفە و دەسەڵاتدارانی عەباسی دەدا بۆ وەرگێڕان و بایەخدان بە بەرهەمە پزیشکییەکانی میللەت و نەتەوە ناموسڵمانەکان، واتە (کندی) فەیلەسوف لە سەدەی سێیەمەوە لە بواری تاعووناسی لەڕووی پزیشکییەوە زۆرترین کتێبی نووسیوە کە لانی کەم سێ نامەیە، کە هیچیان نەگەیشتوون بە ئەمڕۆ. وەرگێڕە گەورەکانی ئەو سەردەمەش کە مەسیحی بوون، خۆیان پزیشك بوون وەکو یوحەننای کوری ماسەویهی کە باوکیشی پزیشکێکی ناسراوی جوندنیسابور بووە، کە ئەمەیان سەرباری ئەوەی پزیشکی خەلیفە بووە، لە هەمان کاتدا لە سەردەمی هارونە ڕەشید کرایە بەرپرسی وەرگێڕانی ئەو کتێبە پزیشکیانەی موسڵمانان لە داگیرکردنی وڵاتی ڕۆم دەستیان بەسەردا گرتبوون. ئەم کەسە جگە لە وەرگێڕانی چەندین بەرهەمی بواری پزیشکی، خۆشی چەند نامە و کتێبێکی نووسی و سەرپەرشتی پێگەیاندنی چەندین پزیشکیشی کردووە. لەوانە (حونەینی کوری ئیسحاق)ی وەرگێڕ و پزیشکی هەرەناسراوی ئەو سەردەمە، کە زۆرترین بەرهەمی پزیشکی لە یۆنانی و سریانییەوە کردووە بە عەرەبی و سەرباری وەرگێڕانەکانی لەم بوارە (بەتایبەت بەرهەمەکانی گالینۆس)، لە هەمان کاتیشدا خۆی دەیان نامە و بەرهەمی پزیشکی نووسیوە. کە تەنها لەکتێبی (رسالە حنین بن اسحاق الی علی بن یحی فی ذکر ما ترجم من کتب جالینوس)، کە نامەیەکە و حونەین نووسیویەتی، سەد و بیست کتێبی گالینۆس لە بواری پزیشکی باس دەکات کە وەرگێڕدراون بۆ سریانی و عەرەبی. بە هەمان شێوە کوڕەکەی ئیسحاقی کوری حونەین و پێش ئەوانیش بنەماڵەی (یەختشوع)، سەرچاوەی ڕاستەقینەی زانستی پزیشکی ئیسلامین. لەهەمان سەدە (قسطا بن لوقا)ی مەسیحی کە پزیشکێکی کاریگەر و دیارە لەناو ژینگەی ڕۆشنبیری ئیسلامی، جگە

لە بەشدارییە گەورەکانی لەم بوارە، ئەویش بەرهەمێکی تایبەتی نووسیوە لەبارەی پەتاکان و چۆنێتی خۆپارێزی. بە هۆی زاڵبوونی مەسیحییە سریانییەکانیش بەسەر زانستی پزیشکی لەو کاتەدا، (زانستی پزیشکی) و (مەسیحی بوون) وەکو دوو ڕاستی پەیوەندیدار بە یەکترییەوە سەیر دەکران. ئەوەش بە هۆی زمانزانی و پێشخانی زانستییان لە ناوەندەکانی خوێندنی ئەدەبیاتی یۆنانی. بۆیە زۆرینەی ئەوانەی لەو بورادا ئیشیان کردووە، مەسیحی، یان جولەکە بوون. لەم بارەوە جاحیز لە (البخلاء) چیرۆکی کەسێك دەگێڕێتەوە بەناوی (اسد بن جانی)، ئەو کەسە شارەزای بواری پزیشکی بووە، لە سەردەمێکدا کە پەتا و نەخۆشی زۆر بووە. لە هەمان کاتدا ئەو کەسە خاوەنی هیچ نەبووە و دۆخی دارایی زۆرخراپ بووە، بۆیە لێیان پرسیوە حاڵت بۆ ئاوایە؟ لە وەڵامدا ئەویش وتویەتی سێ هۆ هەیە: یەکەمیان ئەوەیە من موسڵمانم و خەڵکیش بەگشتی و دەسەڵاتدارانیش بەتایبەتی پێیان وایە "موسڵمانان لە پزیشکیدا سەرکەوتوو نابن". دووەمیش ئەوەیە "من ناوم ئەسەدە، دەبو ناوم سلیبا و جبرائیل و یوحەنا بوایە." سێیەمیش ئەوەیە "من زمانم عەرەبییە، دەبوو زمانم زمانی ئەهلی جوندنیسابور بوایە."(١) هەر لەو سەردەمەش (ئیبن ئەبی دونیا)ی فەقیهـ و زاهیدی ناسراویش نامیلکەیەکی لەبارەی تاعوونەوە نووسیوە، بەڵام بە هۆی ئەوەی فەوتاوە دیارنییە ناوەڕۆکەکەی چۆنە، ئایا پزیشکییە، یان نا. هەرچەندە بە گەڕانەوە بۆ بەرهەمەکانی تری ئەم کەسایەتییە و سروشتی ڕۆشنبیرییەکەی، کە سەر بە قوتابخانەی ئەهلی نەقڵە، دەتوانین بە متانەوە بڵێین پێناچێت ئەو ئەم بەرهەمەی تایبەت بێت بە تاعوون لە چوارچێوەی زانستی پزیشکی. هەر لەو سەدەیەدا کەسایەتییەکی پزیشکی ئێرانی دەرکەوت، کە زۆر کەم ناوی لە ناو لێکۆڵینەوەکانی ئەو بوارە دێت، ئەویش (ابن ربن الطبری)یە، کە ساڵی ٢٦٠ کۆچی مردووە. کە یەکێکە لەو پزیشکانەی سەرەتای نووسینی بەرهەمی پزیشکییە لەناو زمانی عەرەبی، بە هۆی ئەوەی ئەم کوری باوکێکی پزیشك بووە و زمانەکانی هیندی و یۆنانی و فارسی و عیبری و عەرەبی زانیوە، بۆیە تاکە کتێبی کە گەیشتووە بەم سەردەمەی ئێستا بە سەرچاوەی بەرهەمە پزیشکییەکانی دوای خۆشی دەناسرێت. لەباسی ئەم کتێبە و بایەخەکەشیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەو چەندین ساڵ خەریکی کۆکردنەوەی زانستی پزیشکی بووە لە ناو پزیشکاندا. بۆیە کارەکەی خۆی بەوە دەچوێنێت وەکو ئەوە وایە کەسێك "گەوهەری پەرش و بڵاو کۆبکاتەوە و زنجیرێکی ڕێکوپێکی لێ دروست بکات."(٢) بەم کارەش ئەو هاوکاری ئەوانەی کردووە کە بە دوای گەوهەرەکانەوەن. سەرچاوەی

یەکەمی ئەویش لەم زانستە ئەبیقراتی یۆنانی و گالینۆسی ڕۆمانی و حونەینی کوری ئیسحاق و یوحەنای پزیشکەکانی سەردەمی دەسەڵاتی عەباسین. لەم کتێبەشدا لە بواری تاعووننناسی، ئەو هەمان باوەڕە ئەبیقراتییەکان دووبارە دەکاتەوە، کە تا کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپاش باوەڕی سەرەکی و باو بووە لەبارەی هۆی تاعوونەوە، واتە ئەوەی هۆی تاعوون پیسبوونی هەوایە. (٣) لە سەدەی چواریشدا ئەبیبەکری ڕازی پزیشکی فەیلەسوفی هەرەناسراوی موسڵمان زۆرترین بەرهەمی نووسیوە لە بواری پەتاکان، کە بەشی زۆری ئەم بەرهەمانەی گەیشتوون بە ئەمرۆ، بەڵام هێشتا دەستنووسن و چاپ نەکراون. ئەم سەردەمەی دەسەڵاتی عەباسییەکان، کە قۆناغی گەورەی دەستپێکردن و گەشەکردنی زانستی پزیشکییە وەکو هەر هەموو زانستەکانی تریش، دوای کۆتاییهاتنیشی و دەستپێکردنی قۆناغی دووەمی دەسەڵاتی عەباسییەکان کە هەڵگەڕانەوەیە لە فەلسەفە و کەلام و زانستە بیانییەکان، بەڵام زانستی پزیشکی هێشتا پێگە و بایەخی خۆی بە تەواوەتی لە دەست نەدابوو. بۆ نموونە ئەحمەدی کوری حەنبەلی سەرلەشکری فەرموودەناسەکان و نەیاری گەورەی کەلام و فەلسەفە و بەشری حافی سۆفیش، پزیشکی تایبەتییان هەبووە بە ناوی (عبدالرحمان الطبیب) و لە کاتی نەخۆشی چارەسەری کردوون. هەر لەو سەردەمەدا ڕازی کتێبە گەورەکەی لە بواری پزیشکی نووسی بە ناونیشانی (الحاوی فی الطب) کە بیست و سێ بەرگ و چوار هەزار لاپەڕەی گەیشتووە بە مرۆ، کە خۆی زیاتر بووە لە هەشتا بەرگ و تایبەت بووە بە نەخۆشی و پەتا و نیشانە و چارەسەر و هەموو ئەو نەخۆشیانەی تووشی مرۆڤ دەبن و چارەسەرەکانیان. ڕازی لەم بەرهەمەدا زانستی پزیشکی بە هەردووك ئاڕاستەی ئەبیقراتی و گالینۆسی کۆکردەوە لە بۆتەی یەك بەرهەمی فراوانی بێ وێنە، کە دەشڵێین بێ وێنە مەبەستمان پێش خۆی وێنەی نەبووە و لە دوای خۆشی دووبارە نەکراوەتەوە. بۆیە ئەم بەرهەمە یەکەمین گەورە سەرچاوەی زانستی پزیشکییە و سەرچاوەیەکی سەرەکی ئەم زانستە بووە بۆ سەدەکانی دوای خۆی. هەر ئەم بەرهەمە لە ساڵی ١٢٧٩ەوە کراوە بە لاتینی و تا سەدەی حەڤدەی زایینی پێنج جار چاپکراوەتەوە. ئەم سەرچاوەیەش بە تەنیشت چەند سەرچاوەیەکی تری پزیشکی ڕازی، بوونەتە سەرچاوەی سەرەکی زانستی پزیشکی ئەورووپی لە سەدەکانی ناوەڕاست وەکو پول کراوس ساغی کردووەتەوە.(٤) ڕازی نزیکەی سەد و پەنجا کتێبی لە بواری پزیشکیدا نووسیوە و بەو هۆیەشەوە بە گالینۆسی موسڵمانان ناوبانگی دەرکردووە. جگە لە نووسین و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری

زانستی (بە پێوانەکانی ئەو سەردەمە)ی پزیشکی، کارێکی تری گرنگی ڕازی کە کردویەتی جیاکردنەوەی کاری پزیشکی بووە لە فرت و فێڵ و جادوگەری. لە هەمان کاتدا بەستنەوەی کاری پزیشکی بە ڕەوشت و بەها مرۆییەکانەوە. هەربۆیە ڕازی جگە لە نووسین لە بواری زانستی پزیشکی، لە هەمان کاتدا یەکەمین کەسیشە بایەخیشی بە ڕەوشتی پزیشکی داوە، بۆیە لە کتێبێکی تری لەبارەی ڕەوشتی پزیشکەوە وتویەتی "دز و جەردە و چەتەکان لەوانە باشترن پروپاگەندەی پزیشکی دەکەن و پزیشکیش نین، چونکە ئەمان پارە دەدزن و ئەوانی تر تەندروستی و ژیانی کەسەکان."(٥)

## ئیبن سینا خاوەنی چەندین داهێنانی پزیشکییە و هەرزووش بەرهەمەکانی لەلایەن ئەوروپییەکانەوە وەرگێڕدراوە بۆ سەرزمانی لاتینی

تایبەتمەندییەکی تری گەورەی ڕازی، کە لە سەردەستی ئەو گەشەی کرد و دواتر بوو بە نەریتێکی زۆرێك لە پزیشکە موسڵمانە گەورەکان، بریتی بوو لە بوونی دیدێکی ڕەخنەیی بۆ تێڕوانین و نەخۆشی و چارەسەرییە پزیشکییەکانی پێش خۆی. لەم بارەشدا بێگومان گرنگترین بەرهەمی ناسراوی ئەو کتێبی (الشكوك على جالينوس)ە، سەرباری ئەوەی ئەو بە چاوێکی ڕێز و مامۆستایەکی گەورەی بواری پزیشك و فەلسەفە سەیری گالینۆسی دەکرد. بەڵام ئەو کە خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی یۆنانی بوو، باوەڕی پتەوی بەوە هەبوو "پیشەی پزیشکی و فەلسەفە تەسلیم بوون هەڵناگرێ."(٦) هەرچەندە پێش ئەویش ئەم نەریتە لەناو کۆڕی پزیشك و فەیلەسوفانی موسڵمان برەوی هەبوو، بەتایبەت لە دوای جابری کوڕی حەیانەوە و پێش ئەویش لەناو قوتابخانەی ئەسکەندەریەی یۆنانی زۆر پێش هاتنی ئیسلام گومان و دیدی ڕەخنەیی بۆ باوەڕە پزیشکییەکانی گالینۆس دەستی پێکردبوو. بەڵام لە ڕازییەوە بە تەواوەتی ئەم نەریتە گرنگ و زانستییە چەسپا و هەر لەویشەوە ئەم گفتوگۆیە بڵاوبووەوە، کە بۆچوونەکانی گالینۆس موقەدەس نین و دەشێت کەموکوڕیان تێدا بێت. بۆیە ئەم کتێبەی گالینۆس پزیشکە موسڵمانەکانی کرد بە دوو بەرە: یەکەم ئەوانەی لایەنگری ڕاکانی گالینۆسیان دەکرد و وەڵامی ڕازیان دایەوە، ئەوانەی هاوڕای ڕازی بوون و بە هەمان شێوە ئەم بوارەیان دۆڵەمەندتر کرد، ئیبن ڕوشد دیارترینیانە. ئەمەش هەنگاوێکی گەورە بوو بۆ گەشەکردنی ڕۆشنبیری پزیشکی و نزیکبوونەوە لە تێگەیشتێکی دروست بۆ پەتا و تاعوون. هەر لە هەمان سەدە ئیبن سینا کە فەیلەسوفێکی پزیشکە،

بەرهەمە تایبەتەکەی بە زانستی پزیشکی دەرکەوت (القانون فی الطب)، کە تایبەتە بە زانستی پزیشکی لە هەردووک ئاستی تیۆری و پراکتیکی وەکو خۆی لە پێشەکیدا وتویەتی. ئەم بەرهەمە بە هۆی پێگەی ئیبن سینا خۆی و فراوانی و قووڵی بەرهەمەکە و بوونی چەندین شەرحی هەمەجۆر بۆی، لە قۆناغەکانی دواتر بۆ ماوەیەکی زۆر زانستی پزیشکی بەم بەرهەمەدا گوزەری دەکرد و بەویش دەپێورا. جیاوازی سەرەکی ئەم کتێبەی ئیبن سیناش بە کتێبەکانی تری پێش خۆی، ئەوەیە نووسەرەکەی فەیلەسوفێکی شارەزا و ناسراویشە. ئەوە جگە لە چەندین بەرهەمی تری پزیشك و نامەیەکی تایبەت لەبارەی پەتاکانەوە، کە لەم نامەیەشدا پێناسەی تاعوونی کردووە بەوەی "بۆگەنبوونی هەوایە، ئەوەش بەهۆی ئەوەی هەڵمی پیس، یان پاك تێکەڵ بە هەوا دەبێت و دەمێنێتەوە و با بڵاوەی پێ نەکردووە تا تێکدەچێت."(٧) ئەم پێناسەکردنەش کە لە بنچینەدا یۆنانییە و بۆ گالینۆس دەگەڕێتەوە، باوەڕی باوی ناو کۆڕی پزیشکانی ئیسلامی بووە تا سەردەمی دەرکەوتنی میکرۆسکۆب و زانستی بەکتریا و میکرۆب لەخۆرئاوا. پزیشکەکان زانیویانە پەتا لە ڕێی هەوا و هەناسەوە بڵاودەبێتەوە، بەڵام هێشتا نەیانزانیوە کە لەناو ئەم هەوایەدا بوونەوەرگەلێکی زیانبەخش بوونیان هەیە کە بە چاو نابینرێن، بۆیە نزیکترین وەڵام ئەوە بووە بڵێن دەرەنجامی بۆگەنبوونی هەوایە، بە هۆی نەبوونی جوڵەوە. کە ئەم بۆچوونە پزیشکییەش بنچینەیەکی فەلسەفی یۆنانی هەیە. بەم هۆیەوە ئیبن سینا خاوەنی چەندین داهێنانی پزیشکییە و هەرزووش بەرهەمەکانی لەلایەن ئەوروپییەکانەوە وەرگێڕدراوە بۆ سەرزمانی لاتینی و زیاتر لە پێنج سەدە سەرچاوەیەکی سەرەکی زانستی پزیشکی ئەوروپی بووە. یەکێك لەو پزیشکانەی تر کە هاوسەردەمی ئیبن سینا ژیاوە و داهێنانی زۆری کردووە لە بوارەکەی خۆی، پزیشکێکی موسڵمانە بە ناوی (أبو القاسم خلف بن عباس الزهراوی) کە ساڵی (٤٠٤) کۆچی مردووە. کتێبە بەناوبانگەکەشی بە ناوی (التصریف لمن عجز عن التألیف) لەسێ بەش پێکهاتووە و تایبەتە بە سێ بابەتی سەرەکی (پزیشکی، دەرمانخانە، نەشتەرگەری). بە هەمان شێوە بە هۆی گرنگی ئەم کتێبەوە لە ناوەڕاستی سەدەی شانزە لە چوارچێوەی بایەخی ڕۆژئاوا بە زانست و وەرگێڕانی ئەدەبیاتی پزیشکی کراوە بە ئینگلیزی، بەڵام تا ئێستا لە جیهانی ئیسلامی بەدەستنووسی ماوەتەوە بەم هۆیەوە (د. یوسف زێدان) لە کتێبی (کولتووری نەزانراو) بەشێکی تەرخانکردووە بۆ ناساندنی ئەم کتێبە و گرنگترین بیرۆکەکانی، کە ئەم کتێبەش ساڵی ١٩٩٤ نوسراوە. تا ساڵی ٢٠٠٦ لەلایەن (الدکتور محمد یاسر زکوری)

تەنها بەشی سێیەمی کە تایبەتە بە نەشتەرگەری ساغکرایەوە و لەژێر ناونیشانی (کتاب الزهراوی فی الطب لعلم الجراحه) چاپ و بڵاو کراوەتەوە. کە تایبەتە بە نەشتەرگەری و ئامێرەکانی، دەشێت تایبەتمەندی سەرەکی ئەم بەرهەمەش بۆ بوونی وێنەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە، کە بەکارهاتووە بۆ ناساندنی ئامێرە پزیشکییەکانی کاتی نەشتەرگەری و ناوەکان و جۆرەکانیان. لەوەش سەرنجڕاکێشتر (لانی کەم بۆ من) ئەوەیە کە لەم دەستنووسەدا جگە لەوەی باسی چۆنێتی نەشتەرگەری و پێویستی تەعقیمکردنی ئامێرەکانی بڕین دەکات، باسی چەندین جۆری نەشتەرگەری کردووە کە تا ئێستاش بە هەمان شێواز بەڕێوە دەچن. هەر لەوانەوە کە بۆ چارەسەرە تا دەگاتە نەشتەرگەری جوانکاری، بگرە لە باسی شێرپەنجەدا ئەو بە ڕوونی لەم دەستنووسەدا باسی ئەوە دەکات کە ئەگەر لە سەرەتادا پێی بزانرێت (وەکو شێرپەنجەی مەمك) ئەوا دەکرێت لەڕێی نەشتەرگەرییەوە چارەسەر بکرێت و بەری پێ بگیرێت. کە ئەم ڕێگایە بۆ چەندین سەدە بۆ ئەم نەخۆشییە کاری پێکراوە بە ئێستاشەوە.(٨) لە هەمان سەردەم و کاتدا، کەسایەتییەکی تری پزیشك دەرکەوت، بەناوی (عەلی عەباسی مەجوسی) کە گوایە دەوروبەری ٤٠٠ کۆچی مردووە. تایبەتمەندی ئەم پزیشکە کە بە هۆی شارەزاییە زۆرەکەی و پزیشکی دەسەڵاتداران بووە، ئەوە بووە بەردەوام بە چاوێکی ڕەخنەییەوە لە بەرهەمە پزیشکییەکانی پێشتری دەڕوانی، بە کتێبەکەی ڕازیشەوە واتە (الحاوی). ئەوەی جێی بایەخی زیاترە ئەوەیە کە نووسەر بەشێکی تەرخان کردووە بۆ قسەکردن لەبارەی پەتاکان و هۆی گواستنەوە و بڵاوبوونەوەیان و چۆنێتی خۆپارێزی لێیان. یەکێکی تر لەو بەرهەمانەی کاریگەری زۆری هەبووە بە سەر پێشکەوتنی زانستی پزیشکی، بەتایبەت لە خۆرئاوای مەسیحی، کتێبەکەی ئیبن ڕوشدی فەیلەسوفە بە ناونیشانی (الکلیات فی الطب). گرنگی ئەم بەرهەمە ئەوەیە کە نووسەر بە چاوێکی ڕەخنەیی سەیری کەلەپووری پزیشکی پێش خۆی کردووە، نەك تەنها کۆی بکاتەوە و بینووسێتەوە. بۆیە ئەو بۆچوونانەی ئەو باوەڕی پێی نەبووە نەینوسیوەتەوە و بایەخی پێی نەداوە وەکو لە یەکەم پەرەگرافی پێشەکی ئەم نووسینەیدا باسی دەکات. بە لای ئەوەوە هەموو ئەو ڕاستییانەی لەگالینۆسەوە خراونەتەڕوو لە بواری پزیشکی و زۆرینەی هەرەزۆری پزیشکەکانیش دووبارەیان کردووەتەوە، قابیلی ئەوەیە جارێکی تر بە دیدێکی ڕەخنەییانە شی بکرێتەوە و لە ڕێی بەڵگەکانییەوە هەڵبەسەنگێنرێت. بۆیە دەشێت وەك (جابری) دەڵێ ئەم بەرهەمەی ئیبن ڕوشد وەکو "پرۆژەیەك بۆ بەرزرکردنەوەی پزیشکی بۆ ئاستی

زانست؟ وێنا بكرێت".(٩) بە ڕەچاوكردنی زیادەڕۆییەكان جابری لە ستایشی ئیبن ڕوشد كە پێی دەناسرێتەوە دەتوانین بڵێین ئەگەر ئەم قسەیە زیادەڕۆییشی تێدا بێت، بەڵام هیچ لەو ڕاستییە كەم ناكاتەوە كە ئەم كتێبە سەرچاوەیەكی گرنگی گەشەكردنی زانستی پزیشكی بووە لەناو كۆمەڵگای ئیسلامی ئەوكات و سەدەكانی ناوەڕاستی ئەوروپاش. هەربۆیە ئەم كتێبە لە سەدەی چواردەشەوە كراوە بە لاتینی. (ئیبن هوبەلی بەغدادی) لە ٦١٦ كۆچی مردووە، یەكێكی ترە لەو كەسایەتییانەی هەوڵی داوە لە ڕێی كۆكردنەوە و نووسینەوەی بابەتەكانی پەیوەست بە زانستی پزیشكی (نەخۆشی، چارەسەر، دەرمان) لە چوار بەرگدا لەژێر ناوی (كتاب المختارات في الطب) خزمەتێكی ئەو بوارە زانستیە بكات. بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی ئەم كردویەتی تەنها كۆكردنەوە و نووسینەوەی جارێكی تری ئەوەی نووسراو بووە لەم بوارە، بەتایبەت كتێبی القانونی ئیبن سینا كە بە ڕادەیەك كاریگەری بە سەر ئەو بەرهەمەوە هەیە، كە زۆرجاران تەنها كۆپی كردووە.

**دوای زاڵبوونی گوتاری فەرموودەناسی لە قۆناغی دووەمی خیلافەتی عەباسییەوە، شەرعناسەكان بەگشتی هەموو ئەو زانستانەیان ڕەتدەكردەوە كە سەرچاوەكەی بیانی و دەرەكی بوون**

## پزیشكی ئایینی لە كولتووری ئیسلامیدا

دوای زاڵبوونی گوتاری فەرموودەناسی لە قۆناغی دووەمی خیلافەتی عەباسییەوە، شەرعناسەكان بەگشتی هەموو ئەو زانستانەیان ڕەتدەكردەوە كەسەرچاوەكەی بیانی و دەرەكی بوو. بەتایبەت ئەوانەی بۆ (یۆنانییە بتپەرستەكان) دەگەڕایەوە. لەم چوارچێوەیە زانستی پزیشكی یۆنانیش، كە بەشێكی دانەبڕاویش بوو لە فەلسەفەی یۆنانی، ڕەتكرایەوە. لەبری ئەوە جۆرێك لە چارەسەریان پێشنیار كردووە، كە گونجاو و تەبا بووە لەگەڵ بیروباوەڕە ئایینییەكانیان. كە لە قۆناغەكانی دواتردا ناویان لەو پزیشكییە بەدیلە ناوە (الطب النبوی). واتە پزیشكییەك كە سەرچاوەكەی وەحی خوایی بێت و ڕەسەن (اصیل) بێت. بەشێك لە لێكۆڵیاران پێیان وایە كە سەرەتای دەركەوتنی ئەم زاراوەیە لەناو مێژووی ئیسلامیدا بۆ سەرەتای سەدەی سێی كۆچی دەگەڕێتەوە، لەوانە (دكتۆر حەسەن شەمسی) لە نووسینێكیدا بە ناوی (قبسات من الطب النبوی العلاجی). كە ئەو پێیوایە كۆنترین بەرهەمی سەربەخۆ لەم بوارە بۆ (عەلی ڕەزا موسای كازم)ی ئیمامی هەشتەمی شیعەكان دەگەڕێتەوە، كە خاوەنی نووسینێكە بە ناونیشانی (الرسالە الذهبیە فی الطب النبوی). لە كاتێكدا بە گەڕانەوە بۆ ئەم

بەرهەمەی ئەو ئیمامە، بە ڕوونی ئەوە دەردەکەوێت کە ناوەڕۆکی ئەم کتێبە بە هیچ شێوەیەك ناچێتەوە سەر پزیشکی پێغەمبەرایەتی بەو شێوەی لە ناوەندی فیقهی ئیسلامیدا پێناسە کراوە. کە پزیشکییەکە سەرچاوەکەی وەحی و دەقە ئایینییەکانە. بگرە بە پێچەوانەوە ئەم کتێبە کە نامیلکەیەکی بچوکە و بۆ یەکەمجار ساڵی ١٩٨٢ لە تاران چاپکراوەتەوە لەژێر ناوی (الرسالە الذهبیە)، تەنها بریتییە لە گێڕانەوەی ئەزموونی کەسی و پشت بەستن بە ئەزموونی نەخۆشی و دەرمان و چارەسەکردنەکان لای ئەم ئیمامە. گوایە ئیمامی هەشتەم لەسەر داوای خەلیفە مەئمونی خوێندەوار و ئەهلی کەلام ئەزموونی کەسی خۆی نووسیوەتەوە تا سوودی لێوەربگیرێت بۆ خۆپارێزی لەنەخۆشییەکان. سەرباری ئەوەش لە ناوەڕۆکی کتێبەکەدا بە هیچ شێوەیەك زاراوەی (الطب النبوی) بەکارنەهاتووە و بگرە لەو چاپەشی کە لەبەردەستدایە ناونیشانەکەی بەم شێوەیە (الرسالە الذهبیە المعروفە ب (طب الامام رضا)! ئەوەی زاراوەی (الطب النبوی) بۆ ئەم کتێبە زیاد کردووە، کەسێکە بەناوی (محمد علی البار) کە لە ساڵی ١٩٩٠ جارێکی تر ئەم کتێبەی لە سعودیە چاپکردووەتەوە. لە پێشەکیشدا دەڵێت ئەمە یەکەمین کتێبە کە موسڵمانێکی عەرەب نووسیبی لە بواری پزیشکی و لە هەمان کاتدا یەکەمین کتێبیشە لە بواری پزیشکی پێغەمبەرایەتی.(١٠) بۆ ئەوەی هیچ لەم دوو (یەکەمینە) بسەلمێنێ، چونکە یەکەم ناوەڕۆکی ئەم کتێبە پزیشکی نییە نەك بە واتا هاوچەرخەکەی، بەڵکو بەو واتایەی کە لەو سەردەمەشدا بوونی هەبووە، واتە سەردەمی مەئمون کە چەندین پزیشکی ناسراو بوونیان هەبووە و بەشێکی زۆر لە زانستی پزیشکیش وەرگێڕدراوە بۆ عەرەبی. دووەم ناوەڕۆکی ئەم کتێبە تەنها لە بواری خۆپارێزییە، نەك چارەسەر، یان پێناسە و ناساندنی نەخۆشی. سێیەم زۆر و کەم نووسەر پشتی بە دەقی پیرۆزی قورئان، یان فەرموودە نەبەستووە بۆ ئەو کارەی، بەڵکو تەنها گێڕانەوەی ئەزموونی کەسی خۆیەتی، لەگەڵ ئەزموونی باب و باپیرانی. چوارەمیش (کە لە هەمووی گرنگترە) لە زۆربەی شوێنەکان کاریگەری ڕۆشنبیری پزیشکیی یۆنانی بە سەریەوە زاڵە، بەتایبەت لەو شوێنانەی کە باسی چوار ڕەگەزە سەرەکییەکەی پێکهێنەری جەستەی مرۆڤ دەکات (گەرمی، ساردی، وشکی، تەڕی) و کاریگەری چوار وەرزەکە بە سەر تەندروستییەوە. کە ئەمە ڕەگەزێکی سەرەکی (زانستی) پزیشکی یۆنانییە. لە دوای ئەمەوە کەسایەتییەکی تر کە ناوی دێت بەوەی دووەم کەسە زاراوەی پزیشکی پێغەمبەرایەتی بەکارهێناوە، کەسێکە بەناوی (عبدالملك بن حبیب الاندلسی)یە، کە فەقیهێکی

مالکی ڕۆژئاوای عەرەبییە و ئەویش لەسەدەی سێی کۆچیدا ژیاوە. بەڵام ئەویش بەهەمان شێوە بە گەڕانەوە بۆ کتێبەکەی، دەردەکەوێت کە نە لەڕووی ناوەرۆکەوە تایبەتە بە پزیشکی پێغەمبەرایەتی و نە ناونیشانە ڕاستەقینەکەشی ئەوەی هەڵگرتووە، بەڵکو ئەویش لە ناوەرۆکدا قسەکردنە لەبارەی خۆپارێزی و تەندروستی لە گۆشەنیگای ئەزموونەوە، بەڵام لەبری ئەوەی ئەزموونی کەسی و بنەماڵەیی بێت وەك کتێبەکەی پێشتر، گێڕانەوەی ئەزموونی کۆمەڵایەتی و کۆی کۆمەڵگایە. بۆیە ڕاستترین ناونیشان بشێت بۆ ئەم کتێبە ئەوەیە بوترێت (پزیشکی عەرەبی)، چونکە گێڕانەوەی ئەزموونی عەرەبی دەشتەکی و ڕۆژئاواییە لە ئەندەلوس لەم بوارە. جگە لەوەش بە هەمان شێوە ئەو کتێبەشیان نەك بێ کاریگەر نەبووە لە ڕۆشنبیری پزیشکی یۆنانی، بەڵکو ئەویش دیسان بە ڕوونی کاریگەرییەکانی پێوە دیارە. تێبینیەکی گرنگتر لەوانەش کە پێویستە بوترێت لەبارەی ئەم کتێبەوە پەیوەندی بە پزیشکی پێغەمبەرایەتی ئەوەیە: ئەگەر پزیشکی پێغەمبەرایەتی بە پلەی یەکەم و بەشە هەرەگەورەکەی پشت بەستن بێت بەو فەرمودانەی لە پێغەمبەرەوە دەگێڕدرێتەوە، ئەوا ئەم (حەبیب) ناوە بۆ ئەم بوارە نەشیاوە. چونکە ئەو کەسێکە لەناو کۆڕی فەرموودەناسان بە کەسێکی ناڕاست و بگرە درۆزن ئەژمارکراوە لە گێڕانەوەی فەرموودەدا، ئەی چۆن دەتوانێت کتێبەکەی بە سەرچاوەی ئەو بوارە ئەژمار بکرێ؟! هەربۆیە ئەو فەرموودانەی لە ناوەرۆکی ئەم کتێبەدا گێڕدراونەتەوە، جێی متمانە نین و زۆرینەیان بە درۆی هەڵبەستراو بە ناوی پێغەمبەرەوە ناسێنراون، ئەوەی لە زانستی فەرموودەناسیدا پێی دەوترێت (حديث موضوع). کتێبی سێیەم کەناوی دەبرێ وەکو سەرچاوەی سەرەکی دەرکەوتنی پزیشکی پێغەمبەرایەتی، کتێبی (ابن الدينوری) ناسراو بە(ابن السنی)یە لە نیوەی دووەمی سەدەی چواری کۆچی، بەناونیشانی (مختصر الطب النبوی). ئەمیش لە ڕاستیدا هەڵگری دوو تێبینییە: یەکەمیان لەم نووسینەدا کە تائێستا دەستنووسە، زاراوەی پزیشکی پێغەمبەرایەتی بەکارنەهێنراوە، بۆیە دەشێت ئەم ناونیشانە بۆ سەردەمانی دواتر بگەڕێتەوە. چونکە دەستنووسی بەردەست بۆ کۆتاییەکانی سەدەی پێنجەم دەگەڕێتەوە، بە دیاریکراویش بۆ ساڵی (٤٩٤)ی کۆچی. دووەم لەڕووی ناوەرۆکیشەوە تەنها ڕیزکردنی ژمارەیەك فەرموودەیە کە پەیوەندیان بە تەندروستی مرۆڤەوە هەیە بێ هیچ شەرح و لێکدانەوەیەك. ئەم بەرهەمە (وەکو زۆربەی بەرهەمەکانی تری هاوشێوە) زۆر فەرموودەی تێدایە کە بە پێوانەکانی خودی فەموودەناسی لاوازو ناڕاستن.

(١١) بۆیە ڕەنگە ڕای ڕاست ئەوە بێت کە یەکەمین کەس کتێبی تایبەتی نووسیبێت لەم بوارە و بەرهەمەکەشی گەیشتبێت بەدەستی ئێمە، کتێبەکەی سەنعانیە بەناونیشانی (الطب النبوی). لە نیوەی یەکەمی سەدەی پێنجی کۆچی، واتە سەردەمی دوای تەکفیرکردن و تەحریمکردنی ئەدەبیاتی یۆنانی و هاتنی گەورەترین خەلیفەی نەیار بە فەلسەفە و کەلام و زانستە بیانییەکان، واتە (القادر باللە) لە سەرەتای ئەم سەدەیە. ئەم کتێبەش لە ناوەڕۆکدا شەرح و لێکدانەوەی کتێبەکەی (ئیبن سونی)یە وەکو چۆن خۆی لە سەرەتادا ئاماژەی بۆ دەکات.(١٢) هەر لەو سەردەمانە کتێبێکی تر خراوەتە پاڵ کەسایەتییەکی سەدەی حەوتی کۆچی، بەناوی موفق الدین البغدادی، کە لە ناوەڕاستی سەدەی حەوتی کۆچی مردووە. ئەم بەرهەمە بەناونیشانی ( الطب من الکتاب والسنە)یە و ساڵی ١٩٨٦ لەلایەن (دار المعرفە) چاپکراوە و تا ئێستا چەندین جاری تر چاپکراوەتەوە. بەڵام بە ڕوونی دیارە کە ئەم کتێبە بۆ سەردەمانی دوای ئیبن تەیمیە و و ئیبن قەیم دەگەڕێتەوە لە نیوەی دووەمی سەدەی هەشت، چونکە لەزۆر شوێن و بۆنەدا وتەکانی ئیبن تەیمیە دەگێڕێتەوە و قسەکانی ئەو بەکاردێنێت، لە کاتێکدا ٣٢ ساڵ پێش ئەوەی ئیبن تەیمیە لەدایك ببێت، ئەم نووسەرە مردوە!! جگە لەوەش لە ناوەڕۆکدا ئەوەندەی پشت بەستنە بە ئەزموونی میللی، ئەوەندە گەڕانەوە نییە بۆ دەقە ئایینییەکان، بۆیە دەشێت ئەم کتێبەش وەکو پزیشکی میللی سەیر بکرێت، نەك پێغەمبەرایەتی. بە لای هەندێك لێکۆڵینەوەوە سەرچاوەی ئەم هەڵەیەش ئەوەیە کە ئەو کەسەی ئەم کتێبەی ساغکردووەتەوە کتێبەکەی (الذهبی) نەخوێندووەتەوە لەبارەی پزیشکی پێغەمبەرایەتی. چونکە ئەوکات دەیزانی کە ئەم کتێبەی بە ناوی بەغدادی بڵاوی کردووەتەوە، هەمان کتێبە کە بە ناوی زەهەبی بڵاو بووەتەوە لە نیوەی یەکەمی سەدەی هەشتی کۆچی. لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە ئەوەی بە ناوی زەهەبیشەوە بڵاوبووەتەوە، بەپێی زۆربەی لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکان ئەویش هی ئەم نییە، سەرباری ئەوەی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە تا ئێستا دەیان جار بە ناوی ئەمەوە چاپ و بڵاوکراوەتەوە! دەشێت ڕای ڕاست بۆ سەرەتای ڕاستەقینەی دەرکەوتنی پزیشکی پێغەمبەرایەتی چ وەك زاراوە و چ وەك ناوەڕۆك، بۆ ئیبن قەیمی قوتابی ئیبن تەیمیە دەگەڕێتەوە لەنیوەی یەکەمی سەدەی هەشتی کۆچی. پێش کتێبە بەناوبانگەکەی ئیبن قەیم لە بواری پزیشکی پێغەمبەرایەتی، چەند ناو و بەرهەمێکی تر بوونیان هەیە لە نێوان سەدەی پێنج و شەش و حەوت، بەڵام هیچ بەرهەمێك بە ئەندازەی کتێبەکەی

ئیبن قەیم ڕۆڵی نەبووە لە چەسپاندنی ئەم زاراوەیە و ئەم جۆرە نووسینانە. کتێبەکەی (ابن القیم الجوزیە) بەناونیشانی (الطب النبوی) وەك وتمان بەناوبانگترین بەرهەمی بواری پزیشکی پێغەمبەرایەتییە. هەروەها ناسراوترین بەرهەمی بواری خۆیەتی و سەرچاوەی سەرەکی ئەم بوارەشە لەناو کۆڕی فەقێکان. ئەویش بە دوو هۆی سەرەکی: یەکیان نووسەرەکەی کە شەرعناس و فەقیهـ و ئوسوڵی حەنبەلی ناو کولتووری ئیسلامییە و خاوەنی چەندین بەرهەمی تری ناسراوە، وەك (زاد المعاد) و ( اعلام الموقعین) و چەند بەرهەمێکی تر. کە هەر خودی ئەم کتێبەشی بەشێکە لەبەرهەمی یەکەمی. دووەم: لەڕووی ناوەڕۆکەوە بە شێوەیەکی فیقهی و ئایینی تۆکمە نووسراوە و هەوڵی داوە کۆی ئەو فەموودانەی بەشێوەی پەرت و بڵاو لە بواری پزیشکیدایە کۆبکاتەوە و ڕاوبۆچوونی پێشینان لەبارەیەوە بخاتەڕوو. جگە لەوەش نووسەر ئاگاداری زۆری هەبووە لە زانستی پزیشکی نائایینی لەناو کولتووری ئیسلامی و سوودی لەمەش بینیوە. ئیبن تەیمیەی شێخی ئیبن قەیم لە هیچ شوێنێك زاراوەی پزیشکی نەبەوی، یان شەرعی، یان ئایینی بەکارنەهێناوە، بگرە لە زۆر شوێن لەناو نووسینەکانی ئاماژەی ئەوە دەدۆزینەوە کە ئەو بڕوای بەو زاراوە و زانستە نەبووە و بگرە بەپێچەوانەوە، ئەو زانستی پزیشکی بە زانستێکی نائایینی ئەژمار کردووە. بۆ نموونە لەو شوێنەی بەراوردی زانستەکانی ئوممەتی محەممەد بەراورد دەکات بە زانستەکانی ئەهلی کتاب، دەڵێت "ئوممەتی محەممەد لە هەموو ئوممەتەکان زیرەکترن لە هەموو زانستەکاندا، هەتا ئەو زانستانەشی کە نە ئایینین و نە پەیوەندیشیان بە ڕۆژی دواییەوە هەیە، وەکو زانستی پزیشکی و ماتماتیك."(١٣)

## دەرکەوتنی پزیشکی پێغەمبەرایەتی چ وەك زاراوە و چ وەك ناوەڕۆك، بۆ ئیبن قەیمی قوتابی ئیبن تەیمیە دەگەڕێتەوە لە نیوەی یەکەمی سەدەی هەشتی کۆچی

بگرە ئەو پێی وایە پزیشکە یۆنانییەکان، سەرباری ئەوەی لە خواناسیدا بڕوایان بە فرەخوایی هەبووە، بەڵام لەڕووی پزیشکییەوە کەسانی زۆر شارەزا بوون. تا ئەوەی بە لای ئەمەوە (ڕازی پزیشك) کە کەسێکی کافر و بێ دین بووە، بەڵام "شارەزاترین کەسە لە پزیشکیدا"(١٤) بۆیە پزیشکی بێ دین، مەرج نییە کەسێکی نەشارەزا بێت لە بوارەکەی خۆی وەکو پێشتر دەڵێت. ئەوجار دەڵێت سەرباری ئەوەی ئەوانەی لەو زانستانەدا شارەزان لەئوممەتی محەممەد خەڵکانی خراپ

و هیچ و پووچن، ئەوەش ئاماژەیە کەئەو مەبەستی بە زانستی پزیشکی ڕازی و ئیبن سینا و ئەوانی ترە. دەبێ ئەوەش بڵێین دەرکەوتنی ئیبن قەیم و پزیشکە پێغەمبەرایەتییەکەی، دوای کەوتنی خیلافەتی عەباسی و هاتنی مەغۆلەکانە، کە سەردەمێکی تاریکی کۆمەڵگای ئیسلامی و گەڕانەوەی توندە بۆ بە ئایینی کردنی هەموو ئەو بوارانەی کە ڕەنگە پێشتر بەو خەستییەش بە ئایینی نەکرابن. هەرچەند موسڵمانان لەو سەردەمەش لە هەوڵەکانیان لە بواری پزیشکی نەکەوتن، بۆ نموونە ئیبن نەفیس سەرۆکی بیمارستانی مەنسوری لە قاهیرە کتێبی (الشامل فی الصناعە الطبیە)ی بە هەشتا بەرگ نووسی، کە خۆی بەنیاز بووە بە سێ سەد بەرگ تەواوی بکات. بەڵام مەرگ بواری پێنەدا. بە هۆی فەوتان و تێداچوونیشی تەنها دوو بەرگی گەیشتووە بە ئێستا. ئەم بەرهەمەش تایبەتە بە دەرمان و چارەسەرە ڕووەکییەکان بەتایبەتی. ئیبن خەلدون کە ساڵی (٨٠٨ کۆچی مردووە)، دەشێت خاوەنی مەنتقیترین بۆچوونی ئەم بوارە بێت. ئەو لە بەشی بیست و پێنج کە تایبەتە بە زانستی پزیشکی، دوای ئەوەی بە کورتی باسی دەرکەوتنی ئەم زانستە دەکات لەناو شارستانیەتی ئیسلامی لە ڕێگای وەرگێڕانی ئەدەبیاتی یۆنانییەوە، ئەوەش بە هۆی پێویستی شار و قەرەباڵغییەکان بەم زانستە، دوای ئەوەی دەڵێت، دەشتەکییەکان (البدو) پێویستیان بەم زانستە نییە، بە هۆی کەمی نەخۆشی تێیاندا. ئەوجار دەڵێت، پزیشکی دەشتەکییەکانی عەرەب پشتی بە ئەزموونی کەسانی بەتەمەنی پێشتر بەستووە کە پشتاوپشت گێڕاویانەتەوە و کەڵەکەیان کردووە. دوای ئەوەی دەڵێت، "ئەو پزیشکییەش کە لە شەرع (الطب النبوی)دا دەگوازرێتەوە لەو جۆرەیە و هیچ پەیوەندی بەوەحیەوە نییە، بەڵکو ئەوە شتێکە لەناو عەرەبدا ئاسایی بووە." لەوەش گرنگتر و ڕوونتر دەڵێت، کە ئەم جۆرە پزیشکییە کە لە ژیاننامە و باس و خواسەکانی پێغەمبەردا هاتووە وەك شتی "عادەتە و سروشتی، نەك لەو ڕووەوە کە ئەوە بەو شێوە کارە شەرعی بێ. چونکە پێغەمبەر (د.خ) بۆ ئەوە نێردراوە تا فێری شەریعەتمان بکات، بۆ ئەوە نەنێردراوە تا پزیشکی، یان هەر عادەتێکی ترمان پێ بناسێنێت. لە موتوربەکردنی خورماکەش ئەوە ڕوویدا کە ڕوویدا (انتم اعلم بأمور دنیاکم). "(١٥)

## تاعوون لە پەتایەکی تەندروستییەوە بۆ لەعنەتێکی خوایی

هەر لە سەردەمی ئیبن قەیم کە سەدەی هەشتی کۆچییە و سەردەمی کەوتنی خیلافەتی عەباسییە، دوای چەند ساڵێك لە بڵاوبوونەوەی تاعوون، بەناوبانگترین کتێبی فیقهیش کە لەبارەی تاعوونەوە لە ڕوانگەی پزیشکی پێغەمبەرایەتییەوە

نوسراوە، کتێبەکەی (ابن حجر العسقلانیە) لە سەدەی هەشتی کۆچی بەناوی (بذل الماعون فی فضل الطاعون) کە چەندین جار شەرحی بۆکراوە و کورت کراوەتەوە. بەناوبانگترینیان کورت کردنەوەکەی (جلال الدین السیوطی)یە لەسەدەی یانزەی کۆچی بەناوی (ما رواه الواعون فی أخبار الطاعون). ئەم کتێبەی ئیبن حەجەر (کە خۆی دوو کچی بە پەتای تاعوونی ناوەڕاستی سەدەی هەشتی کۆچی مردووە.) لەبەر چەند هۆکارێك سەرچاوەیەکی هەرەگرنگی گرووپی فەقیهەکان بووە بەرامبەر گرووپی پزیشکەکان و بۆچوونەکانیان لەبارەی تاعوونەوە. یەکەمیان: نووسەرەکەی کەسایەتییەکی فەقیه و فەرموودەناسی گەورەی شافعی ناو کولتووری ئیسلامییەوە و خاوەنی چەندین بەرهەمی تری فیقهییە، کە ناسراوترینیان شەرحەکەیەتی بۆ (صحیح البخاری) بەناوی (فتح الباری). دووەم: لەڕووی ناوەرۆکەوە ئەم بەرهەمە زۆر بەدوور و درێژی و لە هەموو لایەنێکی فیقهییەوە بابەتی تاعوونی تاوتوێ کردووە. هەرچی فەقیهەکانە بڕوایان وابوو کە تاعوون نوقورچ و دەرزییەکی جنۆکەکانە. ئەوەش بەپشت بەستن بە فەموودەیەك کە تێیدا لەبارەی تاعوونەوە وتراوە (نوقورچێکە تووشی ئوممەتەکەم دەبێت لەلایەن جنۆکە دوژمنەکانییەوە.) ئەم باوەڕەش وای لە فەقیهەکان کردبوو بە چەکی پزیشکەکان قسەکە بکەن کە عەقڵ و ئەزموون بووە بۆ دژایەتی کردنی خودی باوەڕی پزیشکەکان، کە سەرچاوەی تاعوونیان دەبەستەوە بە گۆڕانکاری سروشتییەوە. بۆیە دەیانوت: ئەگەر سەرچاوەی تاعوون فاسد بوونی هەوا بێت، ئەوا دەبێت لە یەك کاتدا هەموو کەس و ئاژەڵێك بگرێتەوە لە هەموو شوێنێك. وەکو چۆن پزیشکەکانیش بە چەکی فەقیهەکان وەڵامیان دەدانەوە کە نەقڵە، دەیانوت ئەگەر سەرچاوەی تاعوون جنۆکەکان بن، ئەوا نابێت لە مانگی ڕەمەزان بتوانن زیان بە موسڵمانان بگەیەنن. چونکە بەپێی دەقی فەرموودە لەم مانگەدا شەیتانەکان دەبەسترێنەوە و ناتوانن زیان بە موسڵمانان بگەیەنن. هەرلەم ڕوانگەیەوە پزیشکانی موسڵمان بەپێچەوانەی فەقیهەکانەوە بڕوایان وابووە کە تاعوون پەتایەکە مرۆڤی ساغ لە کەسی نەخۆش دەیگرێتەوە لە ڕێی هەناسەوە. لە کاتێکدا فەقیهەکان وەکو (ئیبن حەجەر بۆ نموونە) بە توندی دژی ئەم باوەڕە بووە و پێی وابووە ئەمە لادانە لە تێگەیشتن لەو فەرموودەیەی کە تێیدا هاتووە نەخۆشی گرتنەوە بوونی نییە (لاعدوی)، هەتا ئەگەر بێت و خاوەنی ئەم ڕەئیە فەقیه و شەرعناسێکی موسڵمانیش بێ. لەم بارەیەوە لە قازی تاجەدین دەگێڕێتەوە کە وتویەتی "ئەگەر دوو پزیشکی شارەزای موسڵمانی ڕاستگۆ دانیان بەوەدا نا کەتێکەڵبوون زیانی

هەیە (واتە تێکەڵبوون بە کەسێك کە تاعوونی هەبێت)، ئەوا دوورکەوتنەوە لە تێکەڵبوون ڕەوایە."(١٦) بنچینەی ئەم باوەڕە پتەوەی ئیبن حەجەریش بە نەگواستنەوەی نەخۆشی (کە باوەڕێکی بەهێزی فەرموودەناسانە)، هۆی بوونی فەرموودەی ڕاستە لەڕووی سەنەدەوە. کە وەکو ئەحمەد ئەمین وتویەتی فەرموودەناسان بە هۆی سەرقاڵبوونی زۆریان بە بەدواداچوونی سەنەدی فەرموودەکان، کە ڕەخنەیەکی دەرەکییە، بیریان نەبووە بە چاوێکی ڕەخنەیی ناوخۆیی سەیری دەقی فەرموودەکان بکەن، واتە هەڵسەنگاندنی ڕاستی و ناڕاستی فەرموودە لە ڕێی مەتنەوە. بەم هۆیەوە (وەکو ئەو دەڵێت) زۆرینەی ئەو فەرموودانەی لە بواری پزیشکیدا وتراون، دەکرا بەشێوەی ئەزموونکردنەوە یەکلا بکرێنەوە(١٧) سەربارى ئەوەش وەکو نەریتێکی فیقهی ئەمانە ویستویانە بەڵگەی تری عەقڵانی بۆ سەلماندنی ئەو باوەڕانە بەکاربێنن، کە لە بنچینەدا و لە ئاستە ڕووکەشییەکەی واتاکەی، عەقڵانی نەبوون. بۆیە لە وەڵامداوەی ئەوانەی بەڵگە دێننەوە بۆ بوونی نەخۆشی گوازراوە، ئیبن حەجەر دەڵێت "دان پێدانانی کەس لەم بوارەدا پەسەند نییە، چونکە هەست (الحس) ئەوە ڕەتدەکاتەوە." ئەوجار باسی ئەوە دەکات کە لە وڵاتی میسر و شام چەندین جار تاعوون دووبارە بووەتەوە، زۆر لەوانەی تووشبوون لەناو ماڵانن و کەس و کاریان تێکەڵیان دەبن و هەیانە تووشی پەتاکە بووە، هەشە تووش نەبووە، کەواتە گرتنەوەی پەتا ڕاست نییە"(١٨) بەکورتی بەلای ئەمەوە: نەخۆشی بە سروشتی خۆی ناگوازرێتەوە و نەخۆشی گرتنەوە ڕاست نییە.(١٩) لەم بوارەدا یەکێك لە پزیشکە موسڵمانە ناسراوەکان کە (ئیبن خطیب ٧٧٦ کۆچی مردووە) لە وەڵامی بۆچوونێکی ئاوادا ئەو کەسانەی بە خەواریج ناو بردووە. وەك ئاماژەیەك بۆ کەسانی توندڕەو و ئەوانەی لە ناوەرۆکی دەقەکان نەگەیشتوون و شوێن واتا ڕووکەشییەکانی ئایین کەوتون. لە وەڵامی ئەوانەی دەڵێن بۆچی کەسانێك هەن تێکەڵ بە کەسی توش بوو بە نەخۆشی تاعوون دەبن، بەڵام نەخۆشییەکە ناگرنەوە؟ دەڵێت، ئەوە پەیوەندی بە ئامادەباشی کەسەکەوە هەیە بۆ تووشبوون و دووربوون لە تووشبوون بەپەتاکە،(٢٠) بۆیە ئەو زاراوەی (استعداد) ئامادەباشی بەکاردێنێت بۆ تەفسیری گرتنەوەی نەخۆشی و بڵاوبوونەوەی پەتا. نموونەکەشی لە دنیای هەستپێکراو و ئەزموونکردنەوە ئامادەباشی فتیلی تەڕ بەنەوت بۆ ئاگرگرتن، ئەگەر بەراورد بکرێت بە فتیلێکی تری وشك. لەوەڵامی ئەوانەش کە دەڵێن شەرع وتویەتی گرتنەوە نییە، دەڵێت ئەزموون و بەڵگە ئەوەی ساغ کردووەتەوە، کە گرتنەوە هەیە(٢١).

ئەوجار بە ڕوونی دەڵێت، ئەوە سەلماوە کە ئەم پەتایە لەچەندین شوێن و بە هۆی چەندین شتەوە بڵاوبووەتەوە و خەڵکی تر گرتویەتییەوە. بەپێچەوانەشەوە ئەو شوێنانەی دابڕاون و دووربوون لەو پەتایە. لە بەرامبەردا ئەو وەکو کەسێکی موسڵمان کە لە ئەنجامی وردبوونەوە و ئەزموونی پزیشکی خۆیەوە گەیشتووە بەو باوەڕەی کە نەخۆشی گرتنەوە بوونی هەیە و لە کاتی پەتادا دەبێت کەسەکان خۆیان بپارێزن، کە ئەوەش ناکۆکە بە واتای ڕووکەشیانەی بەشێك لەو دەقە ئایینییانەی کەسانی وەکو ئیبن حەجەر پشتی پێ دەبەستن بۆ ڕتکردنەوەی ئەم ڕاستییە پزیشکییە، دەگاتە ئەوەی ئەو بڵێت " قسەکردن لەبارەی بوونی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و گرتنەوەی و پێچەوانەکەی لەڕووی شەرعیەوە ئەرکی ئەم هونەرە نییە." بۆیە ئەو بەشێوەیەکی ڕیزپەڕ و ڕاگوزەر ئەو دەقانە باس دەکا و دەخاتەڕوو. چونکە هونەری ئەو پزیشکییە، پزیشکیش ئەوەی سەلماندووە کە تاعوون نەخۆشییەکی گوازراوەیە و ئەوانەشی بە بەڵگەی ئایینی دەڵێن ناگوازرێتەوە، "پێداگری لەسەر ئەم جۆرە بەڵگاندنە بێ ڕەوشتییەوە خۆبەگەورەزانینە بەرامبەر خوا و بەکەم سەیرکردنی ڕوحی موسڵمانانە."(٢٢) بەم هۆیەوە وەکو خۆی دەڵێت، هەندێك لەوانەی فەتوای ئەوەیان داوە پەتا گرتنەوە نییە، دوای ئەوەی ئەم فەتوایە بووەتە هۆی مردنی ژمارەیەك موسڵمان، پەشیمان بوونەتەوە. ئەم گفتوگۆیە کە سروشتێکی ناڕاستەوخۆی هەیە، بە تەواوەتی پەیوەندی بە بڵاوبوونەوەی پەتای تاعوونەوە هەیە لەناو کۆمەڵگای ئیسلامی و ناکۆکی هەڵوێستی پزیشکەکان کە پشتی بە ئەزموون دەبەست، لەگەڵ موفتییەکان کە پشتی بە تێگەیشتن لە دەقەکان دەبەست. سەرەتای ئەم پەتایە لەچینەوە دەستیپێکردووە لە دەورەبەری ٧٣٤ وەکو (ئیبن خەتیب) دەڵێت، ئەوەش بەپشت بەستن بە شاهیدی چەندین کەس کە لە چین گەڕاونەتەوە و بە چاوی خۆیان ئەو ڕاستییەیان بینیوە. ئەم وەڵامدانەوەیەی ئیبن خەتیب، گەرچی سەرەتاییە و هی سەردەمێکە کە هێشتا زانست و تاقیگە لە دایك نەبووە بۆ یەکلاکردنەوەی، بەڵام گفتوگۆیەکە بێ ئەنداز لەسەر ڕێڕەوێکی ڕاست و عەقلانییە. هەرچەندە ئەم بۆچونانەی ئەو کە پشتی بەپاشخانی پزیشکی یۆنانی بەستووە لەناو کولتووری ئیسلامیدا، لە بەرامبەر تۆپەکانی فیقهی و فەتوای شەرعناسەکان خۆی نەگرتووە و تەنها لە ئاستی نووسین و بوارێکی بچوکدا ماوەتەوە. خۆ ئەگەر هاتبا و ئەم تێگەیشتنانە لەڕووی کولتوورییەوە پشتیوانی کرابا، ئەوا بێگومان دەبووە هۆی پاراستنی گیانی هەزاران کەس و گۆڕانکارییەکی فیکریش دەبوو. بۆیە پەتای

تاعوون کاتێك دەگاتە کۆمەڵگا موسڵمانەکان، هەرچەندە هیچ ئامارێکی زانستی لەبەردەستدا نییە، بەڵام بە گەڕانەوە بۆ بەرهەمە مێژوییەکان بووە هۆی گیانلەدەستدانی ملیۆنان کەس و بۆ چەند دەیەیەکیش کاریگەرییە قورسەکانی بەسەر کۆمەڵگاکان مابووەوە. سەرەتا پەتای تاعوون لە ساڵی ٧٤٩ لە ئەندەلوس و مەغریب بڵاوبووەوە، کەسانێکی زۆری کوشت. پەتایەك ساڵی ٧٤٢ لە قاهیرەوە بڵاوبووەوە کە بە شەشەم پەتای تاعوون دادەنرێت لەناو شارستانیەتی ئیسلامی و پانزە ساڵی خایاند، بە هەزاران کەسی کوشت، گوایە بەس لە قاهیرە نۆسەد هەزار کەسی کوشتووە. بە هۆی کارەستباری ئەم پەتایەوە، مێژوونووسان ناوی جیاجیان لێناوە، وەکو پەتای گشتی (الوباء العام، الطاعون الاسود، المرض الوافد، المرض العالم...). ئیبن بەتوتە لە سەردەمی بڵاوبوونەوەی ئەم پەتایە لە سوریایە لە حەلەب، لەوێوە تا دیمەشق و غەزە و قاهیرە کارەساتی ئەو پەتایە دەگێڕێتە. لەم بارەیەوە چەندین چیرۆکی تراژیدی و ترسناکی ئەم پەتایە دەگێڕێتەوە. بۆ نموونە دەگێڕێتەوە لە مزگەوتێك لە دیمەشق بە ناوی (مزگەوتی پێکان) کە بەردێکی تێدایە و گوایە شوێن پێی موسای بە سەرەوەیەوە، بۆیە پیرۆزە لای هەرسێك ئایینداران‌ی موسڵمان و مەسیحی و جولەکە. بەم هۆیە دەگێڕێتەوە کە موسڵمانان بە ئەمیر و خەڵکی ڕەش و رووتەوە بە پێخواسی و بەوپەڕی پەشۆکاوییەوە و بەدەم گریان و بە دوعا و قورئان بەدەستەوە، جولەکەش بە تەورات و مەسیحیش بە ئینجیلەکانیانەوە کۆبوونەوە لەم مزگەوتە و لەخوا دەپاڕانەوە کە ڕزگاریان بکات لەو بەڵایە، بەم هۆیەشەوە (وەکو ئیبن بەتوتە دەڵێت) خوا بە بەخشندەیی خۆی پەتاکەی لەسەر سوککردن و ڕۆژانە تەنها دوو هەزار و چوار سەد کەسی لێ دەکوشتن(٢٣). کاتێکیش دەگەڕێتەوە بۆ قاهیرە، دەڵێت پەتاکە کۆتایی هاتبوو، بەڵام پێیان وتم ڕۆژانە بیست و یەك هەزار کەسی کوشتووە، بەو هۆیە هەموو ئەو کەسانەی دەمناسین کە بۆ جاری دووەم چوومەوە قاهیرە مردبوون. زۆر شاعیر و ئەدیبی موسڵمان لەبارەی ئەم کارەساتەوە نووسیویانە، کە رەنگە بەناوبانگترینیان (النبأ عن الوباء)ی (زین الدین عمر ابن الوردی)بێت، کە خۆشی بە هەمان پەتا ساڵی ٧٤٩ مردووە. ئەم کتێبە تایبەتە بە پەتاکە لە شاری حەلەب. ئەم پەتایە لە ڕێی بازرگانی و هاتوچۆوە لەڕێی ئیتاڵیاوە بە ئەوروپادا بڵاوبووەتەوە و ناونراوە بە تاعوونی ڕەش، بە هۆی ترسناکی و زۆری ژمارەی کوژراوەکانی کە چارەکی هەموو دانیشتوانی ئەوروپای کوشتووە، کە دەکاتە بیست و پێنج ملیۆن کەس. یەکێك لەو ئەدیب و شاعیرانەی ئەم پەتایەیان بینیوە و دواجاریش هەر

بەو پەتایە مردووە، کەسایەتییەکە بە ناوی (ابن الوردی)، نامەیەکی نووسیوە بەناوی (رسالو النبأ عن الوباء)، کە لە ناو دیوانەکەی چاپ کراوە(٢٤). هەرچی ئیبن خەلدونە لە وێناکردنی ئەو کارەسات و تراژیدیایەی ئەم پەتایە دروستی کردووە، وتویەتی ئەم پەتایە: کە ئوممەتەکانی بچوك کردەوە و نەوەکانی لەناوبرد و زۆر دیوی جوانی ئاوەدانی (عیمران)ی نەهێشت و لەناوی برد، لە کاتی پیربوونی دەوڵەتەکان هات و گەیشتنی بەوپەڕی خۆی، سێبەرەکەی کەم کردەوە و تیژییەکەی کول کردەوە و دەسەڵاتەکەی لاواز کرد و بەرەو تێداچوون و لەناوبردن بردی و پارەی پێ نەهێشت و ئاوەدانی زەوی نەما بە نەمانی مرۆڤەکان و کارگە و ئاوەدانییەکان وێران بوون و ڕێگا و شوێنەوارەکان فەوتان و ماڵ و حاڵەکان چۆڵ بوون و دەوڵەت و خێڵەکان لاواز بوون...."(٢٥) موسڵمانان لە مێژوودا و بە کاریگەری ئەم ڕەوتە فیقهییەی بەردەوام بە شێوەیەکی نازانستی و بە جۆرێکی خراپ مامەڵەیان لەگەڵ پەتاکان کردووە. کە لەبری ئەوەی بەر بە پەتاکان بگرن، بوونەتە هۆی بڵاوبوونەوەی زیاتر و زیانگەیاندنی زیاتر بە موسڵمانان. بۆ نموونە سیوتی شەرعناس بە هەمان میتۆدی ئیبن حەجەر و لە سەدەی یانزەی کۆچی، بە هۆی کاریگەری پەتای تاعوون بە سەر دەروونی موسڵمانان لەکتێبی (الرحمە فی الطب و الحکمە)، بەشێك لەبارەی چارەسەری تاعوون فێری موسڵمانان دەکات لە ڕێی نوشتە و نزا و پاڕانەوە.(٢٦)

**پەتای تاعوون کاتێك دەگاتە کۆمەڵگا موسڵمانەکان، هەرچەندە هیچ ئامارێکی زانستی لەبەردەستدا نییە، بەڵام بە گەڕانەوە بۆ بەرهەمە مێژووییەکان بووە هۆی گیانلەدەستدانی ملیۆنان کەس و بۆ چەند دەیەیەکیش کاریگەرییە قورسەکانی لە سەرکۆمەڵگاکان مابووەوە**

تا ئەوەی لە سەردەمی دەسەڵاتی مەمالیکەکان لە میسر عادەتێك بڵاوبووەوە بۆ خۆپارێزی لەپەتاو تاعوون، ئەویش کۆبوونەوەیە بۆ خوێندنەوەی سەحیحی بوخاری، ئەم عادەتە لەناو عوسمانییەکانیشدا بوونی هەبووە. ئەو کاتە هەندێك پیاوی ئایینی باوەڕیان وابوو کە خوێندنەوەی بوخاری دەبێتە هۆی نەمانی پەتا و بەڵاکان. لە سەدەی نۆزدەشدا موفتی سەڵتەنەتی عوسمانی (کمال باشا) (رسالە اراحە الارواح فی دفع عاهە الاشباح) دەنووسێت، کە پڕیەتی لە تەلیسم و نوشتە بۆ خۆپاراستن لە پەتای تاعوون. بێگومان تا ئەمڕۆش کەسانێك

هەن پێیان وایە لەڕووی ئایینییەوە نابێت موسڵمانان بڕوایان بە گرتنەوەی نەخۆشی و بڵاوبوونەوەی هەبێت، هەرچەندە لە سەرەتای سەدەی بیستەوە و لەگەڵ دەرکەوتنی زانستی نوێی پزیشکی و میکرۆسکۆب ئەوە یەکلا بووەوە کە پەتاکان ئەوانەن لە ڕێی بوونەوەری نەبینراوەوە بڵاو دەبنەوە. ڕەنگە یەکەمین فەقیهیش بە پشت بەستن بەم زانستە نوێیە پشتیوانی پزیشکە موسڵمانەکانی کردبێت لەسەردەمی تازەدا، ڕەشید ڕەزا بووبێت لە گۆڤاری مەناری ژمارە پێنجی ساڵی ١٩٠٢، لە گۆشەی (هەواڵ و بۆچوون)دا، لەوێدا ڕەشید ڕەزا لەژێر تایتڵی (پەتا و عەدوا) وتویەتی کە بە هۆی میکرۆسکۆبەوە ئەوە ساغ بووەتەوە ڕشانەوەی کەسی توش بوو بە کۆلێرا مادەیەکی ژەهراوی تێدایە و بەو هۆیەشەوە ئەم پەتایە بڵاودەبێتەوە. بەڵام ئەو مادەیە بە چاو نابینرێت، بۆیە بۆ خۆپاراستن پێویستە خۆمان لە کەسی تووشبوو بەدوور بگرین. لە کۆتاییشدا دەڵێت "ئینکاری کردنی گواستنەوەی ئەم نەخۆشییە بە ناوی ئایینەوە چ واتایەکی دەمێنێتەوە بۆ ئەوانەی هیچ لە ئایین و دنیا نازانن؟"(٢٧) کاتێکیش کوتان (تلقیح) وەکو بەرهەمێکی زانستی دێتە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی لە سەرەتاکانی سەدەی ڕابردوو بۆ پاراستنی منداڵان لەچەندین نەخۆشی و خۆپارێزی، بەشێکی زۆر لە موفتییەکانی قوتابخانەی پزیشکی ئایینی بەرەنگاریان دەبنەوە و تەحریمی دەکەن. وەکو موفتی مالکییەکان لە میسر لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە. بیانووەکەش ئەوە بووە کە هیچ شتێك ڕێگە لە قەزاوقەدەری خوا ناگرێت و شتێك نییە بە ناوی خۆپارێزی لە قەزای خوا. هەر لە چوارچێوەی خۆپارێزی و چارەسەر لەڕێی نوشتە و نزار و دوعاوە، چەندین بەرهەمی تر لەناو مێژووی پزیشکی ئایینیدا بوونیان هەیە، کە زۆرینەی هەرە زۆریان هێشتا دەستنووسن و چاپ نەکراونەتەوە(٢٨). بێ ئەوەی ئەوە واتای ئەوە بێت کە ئەم عەقڵیەتە کارا نییە و لە ئێستاشدا لەوپەڕی ئەکتیڤی خۆیدا نییە. نموونەی زیندووی ئەم جۆرە عەقڵیەتەش شێوەی مامەڵەکردن و سەیرکردنی پەتای کۆرۆنایە لە چەند ساڵی ڕابردوو، کە بەشێکی زۆر لە فەتوا و لێکدانەوە بەناو ئایینییەکان، ناکۆك بوون بە لێکدانەوە زانستی و ڕاستەکان لە دەرکەوتنی ئەم پەتایەوە و ناونانی ڤایرۆسەکە بە سەربازی خوا، تا بەستنەوەی بە بڵاوبوونەوەی تاوان و پێشنیارکردنی چارەسەری کۆمیدی. کارەساتەکەش بەردەوام ئەوە بووە کە لەگەڵ تێپەڕینی ئەم پەتایانە، پەتایەك کە بە زیندوویی دەمێنێتەوە و چاوەڕێی دەرفەتێکی ترە بۆ خۆنمایشکردنەوە، عەقڵیەت و کولتوورەکەیە.

## سەرچاوە و پەراوێز

١ - البخلاء، عمرو بن بحر بن محبوب الكناني بالولاء، الليثي، أبو عثمان، الشهير بالجاحظ (المتوفى: ٢٥٥هـ)، الناشر: دار ومكتبة الهلال، بيروت، الطبعة: الثانية، ١٤١٩ هـ، ل ١٣٩.

٢ - فردوس الحكمة في الطب، ابي الحسن علي بن سهل بن رِبن الطبري، اعتنى بنسخه وتصحيحه، الدكتور محمد زبير الصديقي، مدير الشعبة العربية بجامعة لكنو، طبع في مطبعة "آفتاب" ببرلين، سنة ١٩٢٨، ل ٣.

٣ - هەمان سەرچاوە، ل ٣٣٠.

٤ - اخلاق الطبيب، ابي بكر محمد بن زكريا الرازي، تحقيق، دكتور عبداللطيف محمد العبد، مكتبة دار التراث، القاهرة، الطبعة الاولى، ١٩٧٧، ل ٨١.

٥ - السيرة الفلسفية، محمد بن زكريا الرازي، بتصحيح و مقدمة ثول كراوس و ترجمة عباس اقبال، باانضمام شرح احوال واثار وافكار از دكتر مهدي محقق، از انتشارات كمسيون ملي يونسكو در ايران ، ١٣٤٣، ل ٣٢.

٦ -كتاب الشكوك للرازي، على كتاب فاضل الاطباء جالينوس في الكتب التي نسب اليه، تحقيق، د. مصطفى لبيب عبدالغني، القاهرة، دار الكتب والوثائق القومية، ٢٠٠٥، ل ٤٠.

٧ - من مؤلفات ابن سينا الطبية، كتاب دفع المضار الكلية عن الابدان النسانية، ابن سينا، دراسة وتحقيق، الدكتور محمد زهيرالبابا، منشورات، جامعة حلب، معهد التراث العلمي العربي، ١٩٨٤ل ٣٠.

٨ - التراث المجهول، ل٦٣ بۆ ٦٨.

٩ - الكليات في الطب، مع معجم المصطلحات الطبية، ابن رِشد، مدخل و مقدمة، محمد عابد الجابري، مركز الدراسات الوحدة العربية، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٩٩، ل ٥٧.

١٠ - امام علي الرضا ورسالته في الطب النبوي، محمد علي البار، دار المناهل للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، لبنان، ١٩٩٠، ل٨.

١١- دەستنووسي (مختصر الطب النبوي) https://www.alukah.net/manu/files/ (makhtot.pdf/٥٥٦٥_manuscript

١٢ - . الطب النبوي، المؤلف: أبو نعيم أحمد بن عبد الله بن أحمد بن إسحاق بن موسى بن مهران الأصبهاني (المتوفى: ٤٣٠هـ)، المحقق: مصطفى خضر دونمز التركي، الناشر: دار ابن حزم، الطبعة: الأولى، ٢٠٠٦.

١٣ - الجواب الصحيح لمن بدل دين المسيح، ابن تيمية الحراني الحنبلي الدمشقي (المتوفى: ٧٢٨هـ)، تحقيق: علي بن حسن - عبد العزيز بن إبراهيم - حمدان بن محمد، الناشر: دار العاصمة، السعودية، الطبعة: الثانية، ١٤١٩هـ/ ١٩٩٩م، بەرطي شەش، ل ٢٢.

١٤ - منهاج السنة النبوية في نقض كلام الشيعة القدرية، المؤلف: ابن تيمية الحراني الحنبلي الدمشقي (المتوفى: ٧٢٨هـ)، المحقق: محمد رشاد سالم، الناشر: جامعة الإمام محمد بن سعود الإسلامية، الطبعة: الأولى، ١٤٠٦ هـ - ١٩٨٦ م، بەرطي دوو، ل ٥٧٢.

١٥ -تاريخ ابن خلدون، ابن خلدون أبو زيد، ولي الدين الحضرمي الإشبيلي (المتوفى:٨٠٨هـ) ، المحقق: خليل شحادة، الناشر: دار الفكر، بيروت، الطبعة: الثانية، ١٤٠٨ هـ - ١٩٨٨ م، ل ٦٥١

١٦ - بذل الماعون في فضل الطاعون، ابن حجر العسقلاني، ٨٥٢ هـ، تحقيق، احمد عصام عبدالقادر الكاتب، دار العاصمة، السعودية، الرياض، ل ٣٤١.

١٧ - هەمان سەرچاوە، ل ٣٤٢ .

١٨ - ضحى الاسلام، احمد امين، مؤسسة الهنداوي للنشر والتعليم، ل ٤٨٢ – ٤٨٣.

١٩ - بذل الماعون، ل ٣٤٣ - ٣٤٤.
٢٠- مقنعة السائل عن المرض الهائل، ابن خطيب السلماني الغرناطي ٧٧٦ مردوة، منشورات، دار الامان، الرباط، الطبعة الاولى، ٢٠٠١٥، ل ٧١.
٢١ - هەمان سەرچاوە، ل ٧٢ .
٢٢ - هەمان سەرچاوە، ل ٧٥. کتێبێك تر لەبارەی ئەم پەتای تاعوونەوە کە تا ئێستا دەستنووسە و چاپنەکراوە، (تحصيل المرض القاصد فی تفصيل المرض الوافد)ە لە نووسینی بن خاتمە کە جگە لەوەی هاوڕێی ئیبن خەتیب بووە، کاریگەری زۆریشی بەسەریەوە هەبووە. بەتایبەت لە بڕوابوون بە گرتنەوە و بڵاوبوونەوەی پەتای تاعوون لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر. هەرچەندە ئەم کتێبە هێشتا دەستنووسە، بەڵام ئەم کاریگەرییە چەند لێکۆڵەرێك ئاماژەیان بۆ کردووە ئەوانەی دەستنووسەکەیان دەستکەوتووە، هەروەها ئیبن خەتیبیش خۆی لە چەند شوێنێك لە کتێبەکەی ئاماژەی بۆ ئەو کاریگەرییە کردووە. یەکێك لەحیکایەتەکانی نێوان ئیبن خەتیب و ئیبن خاتمە ئەوەیە کاتێك ئیبن خەتیب بریاری دا ئەندەلوس جێبێلێت بەرەو مەغریب و لەوێشەوە بەرەو حەج، ئیبن خاتمە نامەیەکی پڕهەست و سۆزی بۆ نارد بە مەبەستی پەشیمانکردنەوەی، چونکە ترسی ئیبن خاتمە ئەوە بوو نەیبینێتەوە. بە نامەکەشەوە دیارە کە ئەم دوو کەسایەتییە ڕێزی زۆری یەکتریان گرتووە و هاوڕێی نزیك بوون.
٢٣ - رحلة ابن بطوطة، أبو عبد الله، ابن بطوطة (المتوفى: ٧٧٩هـ)، الناشر: أكاديمية المملكة المغربية، الرباط، عام النشر: ١٤١٧ هـ، بەرگی یەک، ل ٣٢٦.
٢٤ - ديوان ابن الوردي، زين الدين ابوحفص عمر بن مظفر بن عمر الوردي الشافعي، ٧٤٩، تحقيق، الدكتور، عبدالحميد هنداوي، دار الافاق العربية، القاهرة، الطبعة الاولى، ٢٠٠٦، ل ٨٦ – ٩١.
٢٥ - تاريخ ابن خلدون، بەرطي يەك، ل ٤٣.
٢٦ - كتاب الرحمة في الطب و الحكمة، جلال الدين السيوطي، مطبعة دارالكتب العربية الكبرى، ل ٩١ - ٩٣.
٢٧ - رشيد رضا، مجلة المنار، المجلد (٥)، ساڵی ١٩٠٢، ل ٤٠٠
٢٨ – بۆ نموونە: دەستنووسی: خلاصه مايحصل عليه الساعون فی ادويه دفع الوباء والطاعون، محمد بن فتح الله البيلونی شافعيه، کە لە سەدەی دەی کۆچی ژیاوە، لەم کتێبە بە هۆی ناونیشانەکەیەوە وەکو بەرهەمێکی پزیشکی و خۆپارێزی و چارەسەری تاعوون و پەتا ناودەبرێ، بەڵام لەکاتی خوێندنەوەی دەردەکەوێ کەئەم کتێبە تەنها خۆپارێزی و چارەسەرکردنە لەرێی هەندێك دووعا و تەلیسم و نوشتەوە.
دەستنووسی: (رساله فی ضبط اهل النقل فی خبر الفصل فی حق الطاعون و الوباء)، زين الدين نجم الدين: نامەیەکی کورتە لەبارەی چەند فەرموودەیەك لەبارەی تاعوون و پەتاوە، وەکو نەچوونە شوێنی تاعوون و ڕانەکردن لێی و هەروەها شەهیدبونی مردوو بەتاعوون.
دەستنووسی : (وصف الدواء فی کشف آفات الوباء)، عبدالرحمن بن محمد الانطاکی الحنفی البسطامی، کتێبی دوعا و نوشتە و تەلیسمە بۆ خۆپارێزێ.

وەرگێڕان

ئایینناسی

# پرسی نەتەوەیی لەژێر ڕۆشنایی گوتاری ئیسلامی سیاسیدا

نووسینی: سەربەست نەبی - بەشی دووەم و کۆتایی
وەرگێڕانی: ئاییناسی

دەرکەوتنی بیری نەتەوەیی عەلمانی کە مەودودی وەک "دەمارگیری جاهلی" ناوزەندی دەکات، هۆکار دەبێت بۆ سڕینەوەی نەتەوەیی ئیسلامی و هەڵوەشاندنەوەی، کە بنەمای بیری نەتەوەیی کار و ئیمانە نەوەک ڕەگەز و نیشتمان. بە پێی بۆچوونی ئەو پێویستە لەسەر موسڵمانان لە سەرتاسەری جیهاندا کە هاوبەش و هاوکار بن لەژێر چەتری ئەو نەتەوەیە بە بێ جیاوازی، لەبری بەشداری لە شوناسی نەتەوەیی و پابەند بوون پێوەی.

بە نۆبەی خۆی، سەید قوتب سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئیسلامی بە باشتر زانی بەراورد بەو سیستمانەی کە مرۆڤایەتی ناسیویەتی بە درێژایی مێژووی خۆی وەک کۆیلایەتی و دەرەبەگی و سەرمایەداری، لەبەر ئەوەی بەپێی بۆچوونی ئەو بەرهەمی شەریعەتێکی تایبەتە، نەوەک بە پێچەوانەوە، ئەو شەریعەیەش لە بنەمادا شەریعەتێکی مێژوویی نییە، بەڵکو بەر مێژوو دەکەوێت و تێیدەپەڕێنێت.

قوتب پێی وایە ئەو کۆمەڵگە ئیسلامییەی کە لە شەریعەتەوە سەرچاوە دەگرێت، کۆمەڵگەیەکی جیهانییە و بەپێی جوگرافیا سنووردار نابێت، هەر بۆیە ئەو کۆمەڵگەیە کۆمەڵگەیەکی نانەتەوەییە"، بەم شێوەیە سەید قوتب چەمکەکانی سەروەری تێدەپەڕێنێت و دانی پێدا نانێت، هەروەها دژی چەمکەکانی نیشتمانی و هاووڵاتی بوونە، لەبەر ئەوەی شەریعە لەسەر بنەمای برایەتی ئیسلامییە، نەوەک ڕەگەز و پێگەی نیشتمان.

هەروەها ئەو نیشتمانەی کە قوتب وێنای کردبوو، واپێویستی دەکرد کە موسڵمان هەموو شتێکی خۆی پێببەخشێت، ئەو نیشتمانە نییە کە سنووردار کراوە بە سنووری سیاسی و نەتەوەیی و کولتووری، بەڵکو ئەو نیشتمانەیە کە ملکەچی دەسەڵاتی خوایە و شەریعەتی خوا تێیدا باڵادەستە و موسڵمانان تێیدا ئاگایان لەیەکە وەک برای دینی، نیشتمان، خانەی ئیسلامە، بەدەر لەوەش خانەی جەنگ و کوشتارە، لەو بارەوە قوتب دەڵێت "تەنها ئەو شوێنە نیشتمانە بۆ موسڵمان کە تێیدا شەریعەتی خوا باڵادەستە، کە پەیوەندییەکان تێیدا لەسەر بنەمای پەیوەندی بە خوا داڕێژراوە، موسڵمان ڕەگەزی نییە تەنها باوەڕی هەیە کە وا دەکات ببێت بە ئەندامێک لە "نەتەوەی ئیسلامی"، لە خانەی ئیسلامدا.

بنەمای ئەو برایەتییە ئیسلامییەی کە ئیسلامی سیاسی ڕایدەگەیەنێت، پەیوەندییەکی هاوپشتی ئایینی دروست دەکات لە نێوان تاکەکاندا کە جێگرەوەیە بۆ پەیوەندی هاووڵاتی لە ڕووی سیاسی و یاساییەوە لە نیشتمانێکدا، یاخود پەیوەندی نەتەوەیی کە لەسەر بنەمای شوناس و چارەنووس، ئەو بنەمایەی کە برایەتی موسڵمانان لەسەری دەڕوات سنووری جوگرافی تێدەپەڕێنێت و لەسەر بنەمای دڵسۆز بوونە بۆ ئاسمان و بێبەری بوونە لە زەوی، باوەڕی هاوبەش تەنها شوناس دروست دەکات.

هەر لەسەر ئەو بنەمایە مەودودی جیاکارییەک دەکات لە نێوان هاووڵاتییانی نیشتمانێک و شوناسی نەتەوەیی، لەسەر بنەمای جیاکاری لەنێوان موسڵمان و ناموسڵمان، لەو بارەوە دەڵێت "سۆزی نەتەوەیی ئیسلامی وا دەخوازێت کە موسڵمانان بە لایەنگر و ناموسڵمان بە دوژمن سەیر بکەن لە کاتێکدا کە هەستی نەتەوەیی وادەخوازێت هاونیشتمانی وەک پشت و هاوپەیمانی خۆتان سەیر بکەن".

لەم ڕوانینەوە دەتوانین لە جۆش و خرۆش و ئامادەیی موسڵمانە کوردەکان تێبگەین بۆ بەشداری کردن لە خۆپیشاندان و دەربڕینی نارەزایەتی وەک هاوپشتی و پشتیوانییەک بۆ تەواوی موسڵمانەکانی جیهان لە میانمارەوە تا دەگاتە کشمیر و غەززە، لە کاتێکدا کە هەر ئەو موسڵمانە کەمتەرخەمە بەرامبەر بە وانەی کە نزیکترن لێی وەک مەسیحی و ئێزیدی و تەنانەت ئەو کارەساتانەش کە بەسەر

هاونەتەوەکانیان هاتووە لە خەباتیان دژ بە سیستمە ئیسلامییەکانی ئێران و تورکیا.

باوەڕ، باوەڕدار، کۆمەڵگای باوەڕداران، ئەوە ئەو سێ بنەما سەرەکییەیە کە گوتاری ئیسلامی سیاسی پشتی پێدەبەستێت لە شوناسدا و جێگەی چەمکە نوێکانی ئاگایی بە چارەنووس، هاونیشتمانی و گەل و نەتەوە دەگرێتەوە، هەروەها پێگەیەکی سەرەکی هەیە لە ئایدۆلۆجیای ئیسلامی و بە بنەمای پرۆژەی گێڕانەوەی خیلافەتی ئیسلامی و دامەزراندنی شەریعەتی ئیسلامی ئەژمار دەکرێت، کە بە ئامانجی باڵای جوڵانەوەکانی ئیسلامی سیاسییە، ئەمەش ئەرکە بۆ موسڵمان کە بەپێی ئەو کار دەکات لەسەر جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامی و سەروەر بوونی لەسەر زەوی، کە لە ڕێگەیەوە وتەی خوا باڵادەست دەبێت و کۆمەڵگەی موسڵمانان یەکڕیزی بۆ دەگەڕێتەوە.

تا ئەو جێگەیەش کە ئەم حاڵەتە پەیوەندی بە دامەزراندنی کۆمەڵگەی ئاینییەوە هەیە لە ژێر دەسەڵاتی خواوەند، کۆمەڵەکانی ئیسلامی سیاسی زۆر گوێ بە پرۆژەکانی ڕزگاری نەتەوەیی و دەوڵەتی نیشتمانی و خەبات لە پێناو دیموکراسییەت و یەکسانی نادات، لەبەر ئەوەی ئەو پرۆژە "جاهیلییانە" سەرنجی موسڵمانان لەسەر ئامانجە گرنگەکەیان دوور دەخاتەوە کە بریتییە لە دووبارە زیندووکردنەوەی نەتەوەی ئیسلام و گێڕانەوەی سەروەرییەکانی خیلافەت، کە تێیدا تەواوی نەتەوەکان تێیدا دەتوێنەوە لەسەر بنەمای باوەڕێکی هاوبەش، کە بریتییە لە تەنها شوناسی موسڵمان. ململانێ نەتەوەییەکان دژ بە ڕەوتی نەتەوەیی ئیسلامییە، کە مەودودی پێی وایە دژ بە بنەمای باڵای برایەتی ئیسلامییە، هەر بۆیە پێویستە تەکفیر بکرێت لەگەڵ تێکڕای ئەو ئایینزا سیاسییە نوێ و ئایدۆلۆجیایانەی نموونەی دیموکراسی، عەلمانییەت، عەقڵانییەت، نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری، هەروەک محەممەد قوتب دەڵێت.

بە پێی ئەم گوتارە، ئیسلامی سیاسی دەروازەیەکی تایبەت دەدۆزێتەوە بۆ چەمکەکانی نەتەوە-گەل و هاووڵاتی بەدەر لە دەروازەی سیاسی و یاسایی، لەبەر ئەوەی نەتەوە و گەل بەپێی ئەم گوتارە، بریتییە لە نەتەوەی ئایینی، کە لە چەمکی "کۆمەڵەی ئیسلامی" کورت دەبێتەوە، بە شێوەیەک کە نەتەوە تێکەڵ دەبێتەوە بە چەمکی ئایین و شوناس و باوەڕی کۆمەڵگە، ئەمەش بریتی نییە لە کۆمەڵەیەکی نەتەوەیی، یاخود کۆمەڵێک هاووڵاتی هەروەک لە فەرهەنگی سیاسی هاوچەرخدا هاتووە، بەڵکو کۆمەڵێکی سیاسییە کە باوەڕ و ئیمانی ئایینی کۆی دەکاتەوە، پابەندبوون تاک پێناسە دەکات بە پلەی پابەندبوون بە باوەڕی هاوبەش، بەپێی ئەم بنەمایە کۆمەڵێک مەرجی پێکەوە گونجان لە شوناسی ئایینیدا

دەکات بە پێوەر بۆ هەموان. زۆرینەی کۆمەڵە سیاسییەکان هاوشێوەی ئەوەی لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا دەگوزەرێت کە لەسەر بنەمای پەیوەندی سیاسی دامەزراوە، باوەڕی بە پلوڕالیزمی بیروباوەڕ هەیە لە نێو پێکهاتەکانیدا، بە شێوەیەک کە پەیوەندی ئایینی نایەتەوە لەگەڵ پێناسەکردنی شوناسی هاووڵاتی تێیدا. پەنا بردن بۆ گوتاری سیاسی ئایینی لە دیاریکردنی پەیوەندی نێوان تاکەکان و کۆمەڵگە، یاخود پێناسەی هاووڵاتی بوون بەپێی بیروباوەڕ، بە چارەسەرێکی سیاسی ئەژمار ناکرێت لە بەرامبەر ئەوەی لە ئێستادا دەگوزەرێت، بە تایبەت لەو کۆمەڵگانەی لە ڕووی نەتەوەییەوە تێکەڵن، هەروەها ئەگەر پابەند بوون تەنها لەسەر بنەمای ئایینی بێت، لە بری پابەند بوونی سیاسی و هاووڵاتی بوون، بۆی هەیە کە کۆمەڵگە بە شێوەیەکی ترسناک دابەش بکات و جیاوازی دروست بکات لە نێوان پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگە لە ڕووی پێگە و ڕۆڵەوە، بە تایبەت لە هەرێمی کوردستان.

پێویستە ئەم شێوازە لە گوتار لەسەر بنەمای سڕینەوە و ڕێگە نەدان بەوی دی دابمەزرێت کە لە ڕووی بیروباوەڕەوە جیاوازە و ئەمەش پێچەوانەی خواستەکانی ئازادی نەتەوەیی و ئاڵنگارییەکانیەتی لە یەکڕیزی و یەکسانی، کۆمەڵ، یاخود نەتەوەی ئیسلامی، ئەوەی کە جوڵانەوە ئیسلامییەکان خوازیارین، لە کۆتاییدا لەسەر بنەمایەکی ئەو دنیایە دامەزراوە کە بریتییە لە ڕزگاری نەتەوەی موسڵمان لەو دنیادا کە ئامانجی پێشوەختە و بە پاساوی بوونی دادەنرێت، لە کاتێکدا کە گوتاری نەتەوەیی کار بۆ ڕزگاربوون دەکات لەم دنیایەدا لە ستەمی کۆمەڵە نەتەوەییەکان و ستەمی سیستمە سیاسییەکانی دیکە، تەنانەت گەر لە ڕووی ئایینییەوە هاوبەش بن و کار دەکات لەسەر پاراستنی شکۆی مرۆڤ کە بە بێ پاراستنی قسە کردن لەسەر هیچ جۆرە ئازادی و یەکسانی ئایینی مەحاڵ دەبێت، ڕزگاری نەتەوەیی و کۆمەڵگە پێشمەرجی ئازادی ئایینی و ئازادی ویژدانە، نەوەک بە پێچەوانەوە.

بۆچوونی زۆرینەی جوڵانەوەکانی ئیسلامی سیاسی لەسەر بنەمای شوناس، ڕزگاری نەتەوەیی، بنەمای ئایدۆلۆجیا و سەرچاوەکانییەتی، بە شێوەیەکی گشتی گوتاری جوڵانەوەی ئیسلامی سیاسی کوردیش لەو ڕێگەیە لانادات، هەر بۆیە پرسی ڕزگاری نەتەوەیی وەک کارێک لە پێشترینە لە ڕووی بیر و سیاسەتەوە، نەوەک ئایدۆلۆجیایەکی سیاسی، هەروەها بیری هاوپشتی نەتەوەیی لە نێوان کۆمەڵگەی کوردستانی دابەش بووە، بە تایبەت هاوپشتی هەر پارچەیەک دژ بە پرۆسەکانی چەوەساندنەوەی نەتەوەیی سیستمی ئایینی و نەتەوەیی لە لایەن هێزی باڵادەستەوە. لەو چوارچێوەیەدا پارتە ئیسلامییەکان باوەڕیان بەوە

نییە کە دابەشبوونی نەتەوەی کورد لە ڕووی ئاکاری سیاسییەوە کارێکی ناڕەوا بێت و پێویست بکات کە تێپەڕێنرێت، بەڵکو ئەوەی بە لای ئەوانەوە گرنگە، قسەکردنە لەسەر پرسە گرنگەکە، کە بریتییە لە کەوتنی خیلافەتی ئیسلامی و دابەشبوونی نەتەوەی موسڵمان، کە لە ئێستادا گەورەیی خۆی لەدەست داوە، هەروەها پرسی یەکڕیزی نەتەوەیی لە ڕووی سیاسی و ئایینییەوە هیچ بایەخێکی ئەوتۆی نییە گەر هەنگاوێک نەبێت بۆ گەیشتن بە یەکڕیزی باڵاتر کە یەکڕیزی نەتەوەی ئیسلامییە.

**سەید قوتب چەمکەکانی سەرەوەری تێدەپەڕێنێت و دانی پێدا نانێت، هەروەها دژی چەمکەکانی نیشتمانی و هاووڵاتی بوونە، لەبەرئەوەی شەریعە لەسەربنەمای برایەتی ئیسلامییە، نەوەک ڕەگەز و پێگەی نیشتمان**

لە بەرامبەردا چڕی هەڵوێستەکانی هاوپشتی و ڕەفتاری لەگەڵ گەلانی موسڵمانی تر، ڕەنگدانەوەی بێبەریبوونە لە شوناسی نەتەوەیی و ئاوێتەی پرۆژەی کۆزمۆپۆلەتیکی برایانی موسڵمانە کە لەسەر بنەمای یەکبوونی ئایین دامەزراوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ باوەڕی ئیسلامییەکان بە باڵایی گوتاری ئایینی بەراورد بە خواستە مرۆییەکان. لە دەرەنجامدا دەکرێت بڵێین، کە جوڵانەوە ئیسلامییە سیاسییەکان لە کوردستان باوەڕیان بە ڕەوتی مێژوویی جوڵانەوەی نەتەوەیی کوردستان نییە، تەنانەت گەر بانگەشەی پەیوەستبوونیشی بکات بەو جوڵانەوە سیاسییەوە بە بیانوی ئەوەی پابەندبوون بە شوناسی نەتەوەیی و جوڵانەوە سیاسییەکەی هەڵکەوتێکی مێژووییە و لادانە لە ڕۆحی کۆمەڵگەی ئیسلامی، لەو بارەوە یەکێک لە ڕۆشنبیرەکانیان دەڵێت: "کورد و عەرەب برایانە لە ژێر سێبەری خانەی ئیسلامدا ژیاون، نەوەک لە عێراق، کاتێکیش عەرەب داوای بیری نەتەوەییان کرد لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا و خیلافەتی ئیسلامیان رووخاند بە هاوکاری جولەکە و ڕۆژئاوا و بە دەوڵەتۆچکەی نەتەوەیی ڕازی بوون، کۆتاییان بەو برایەتییە هێنا، بەڵام ئەگەر هەموان بگەڕێنەوە بۆ خیلافەتی ئیسلامی و ڕێکبکەوین لەسەر نەهێشتنی ئەو دەوڵەتۆچکانەی لەسەر خاکی ئیسلام دروستبوون، ئەو کاتە ئیتر هیچ پێویست ناکات داوای ماف و کوردستانەکەیان بکەن.

لێرەدا نهێنی کێشەکە ئاشکرا دەبێت، ڕەوایەتی جوڵانەوەی سیاسی و نەتەوەیی کورد و خواستیان بۆ سەربەخۆیی وەک نەتەوەیەک و یەکسانییان لەگەڵ

نەتەوەکانی دیکە، دەرەنجامی پیلانێکی جولەکەیە لەگەڵ ڕۆژئاوا بۆ ڕووخاندنی خیلافەتی ئیسلامی و هەڵوەشاندنەوەی نەتەوەی موسڵمان، هەر ئەوەندەش کە خیلافەت بەدەست بهێنرێتەوە، ئەو کاتە ئەو خواست و مافانە و تەنانەت کوردە نەتەوەییەکان بیانوی بوونیان نامێنێت و نامێنن. بەپێی ئەم بڕوایە پیرۆزی و ڕەوایەتی مافە نەتەوەییەکانی فەڵەستین و ڕزگارکردنی خاکەکەی زۆر لە پێشترە لە ڕزگارکردنی کوردستان. فەڵەستین و پرسەکەی پێگەیەکی لە پێشتریان هەیە لە خوێندنەوەی ئیسلامییەکاندا، لەبەر ئەوەی قوربانی ئەو پیلانەیە کە جولەکەکان کێشاویانە بە نییەتی ڕووخاندنی خیلافەتی ئیسلامی و هەر ئەمەشە کە ڕوونی دەکاتەوە بۆچی پرسی فەڵەسین هێندە پڕ ڕەنگە لە ئەدەبیاتی ئیسلامی سیاسیدا.

ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی بە شێوەیەکە کاتێک کە مێژووی نەتەوەیی خۆی دەخوێنێتەوە، لەچەند سەرچاوەیەکی ئایدۆلۆجیەوە سەرچاوە دەگرێت کە دژ بە بیری نەتەوەییە، هەر بۆیە دەبینین کە تەکفیری تەواوی مێژووی پێش ئیسلام دەکات و خۆی بێبەری دەکات لێی. ئەو خوێندنەوەیە بۆ مێژووی گەلان و شارستانییەتەکانی پێش ئیسلام بۆ خۆی جۆرێکە لە جاهلیەت، لەبەر ئەوەی پێی وایە ئەو گەلانەی پێش ئیسلام ژیاون، لە ڕووی ڕۆحەوە بەتاڵ و لە تاریکیدا بوون و بە هاتنی ئیسلام و ئیمان توانی بە کەمترین هەوڵ و کەمترین بەرگری ئەو نەتەوانە ئاڕاستە و ملکەچ بکات، لەبەر ئەوەی ئەو نەتەوانە هەر بۆخۆیان چاوەڕوانی ڕزگارکەر بوون، بەپێی ئەم بۆچوونە ئەو گەلانەی کە بوون بە موسڵمان، بە ویستی خۆیان چوونەتە ناو ئایینی خوا و چاوەڕوانی چارەنووسی خۆیان بوون لە ڕزگاری و ڕووناکی بەبێ ئەوەی بچوکترین بەرگری نیشان بدەن، لەبەر ئەوەی بۆخۆی چاوەڕوانی ئەو پەیوندییە بوون بە مەبەستی ڕزگار بوون لە هەژاری و دواکەوتوویی. ئەمە شیکردنەوەیەکی ئیسلامییانەی مێتافیزیکییە بۆ مێژوو، کە لە مەرجەعێکی غەیبییەوە سەرچاوە دەگرێت و نایەتەوە لەگەڵ میتۆدی زانستی و مێژوویی، هەر بۆیە هیچ کات نابێت چاوەڕوانی ئەوە بکرێت کە لەناو ئیسلامییە کوردەکان کەسانێک هەبن باوەڕیان بە شارستانیەتی میدیاییەکان، یا حورییەکان هەبێت، لەبەر ئەوەی لە کۆتاییدا ئەو نەتەوانە بتپەرست و دواکەوتوو بوون، ئەوان پێیان وایە کە مێژووی ڕاستەقینەی کورد لەگەڵ ئیسلام دەستپێدەکات و تەنها لەگەڵ ئەویشدا کۆتایی پێدێت.

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی گوتاری ئیسلامی سیاسی بە شێوەیەکی گشتی ئەوەیە کە ئەو نەتەوانەی کە عەرەب، تورک نین پێویستە پەیڕەوی لە مەرجەعیەتی ناوەند بکەن لە ڕووی

سیاسییەوە بە بیانوی دروست نەکردنی بارگرژی نەتەوەیی و دابەشکردن، لەو بارەوە موحسین عەبدولحەمید ڕابەری ئیخوانی عێراق کە بە ڕەچەڵەک کوردە دەڵێت: شێوەی ئیخوان لەگەڵ نەتەوە ناعەرەبەکان بریتی بووە لە بانگەشەکردن بۆ برایەتی موسڵمان و دروست نەکردنی دووبەرەکی نەتەوەیی، لەبەر ئەوەی ئیخوانەکان تەنها باوەڕیان بە ئیسلام هەیە وەک تەنها ڕێگە بۆ ژیان و پەیوەندیکردن لە نێوان نەتەوە موسڵمانەکاندا.

## قوتب دەڵێت "تەنها ئەو شوێنە نیشتمانە بۆ موسڵمان کە تێیدا شەریعەتی خوا باڵادەستە"

کێشەی ئیسلامییە کوردەکان لە ڕووی ڕێکخراوەیی و سیاسییەوە لە پەیوەندییان بەوی ترەوە سەرچاوە دەگرێت، بەو پێیەی کە جولانەوە ئیسلامییە سیاسییە سەنتراڵەکان وەک تورک و عەرەبەکان ڕێگە نادەن جولانەوەی دیکەی سەربەخۆ دروست ببێت لە ڕووی سیاسی و ڕێکخراوەییەوە لە ترسی ئەوەی مەرجەع دروست نەبێت بۆ جولانەوە ئیسلامییە کوردەکان لەسەر بنەمای نەتەوەیی. ئەوەی جێگەی سەرنجە بوونی هەژموونێکی ئیخوانی هاوشانە لەگەڵ هەژموونی سیاسی و کارگێڕی ئەو وڵاتانەی کە نیشتمانی کوردیان بەسەردا دابەشکراوە و لە ڕووی گوتاریشەوە هاوشانی گوتاری دەسەڵاتی سەرکوتکەر ڕێگە نادات کە جولانەوەیەکی ئیسلامی سیاسی بە ماکێکی نەتەوەیی کوردی دروست ببێت لە کوردستان و لە بەرامبەردا داوا لە موسڵمانە کوردەکان دەکات تەنها ببن بە بنکەیەکی جەماوەری بێ شوناس، جگە لە شوناسی ئیسلامی خاوەن هیچ شوناسێکی دیکە نەبن. ئەمە هەڵوێستی ئیخوانە لە عێراق تایبەت بە دروستبوونی ڕێکخراوێکی ئیخوانی کوردی سەربەخۆ لە کوردستان، هەر ئەمە هەڵوێستی ئیخوانە تورک و سورییەکان بوون، ئەوان پێیان وایە کە کورد تا ئەو کاتەی لەگەڵ ئەوان بن پێویستیان بە ڕێکخراوێکی سەربەخۆ و گوتارێکی سیاسی نییە.

لەم چوارچێوەیەدا ئیسلامی کوردی دەبێتە بابەتێک بۆ پاشکۆیەتی و دووچار بە دوو گوتاری زەوت کردن و کەنارخستن دەبێت، کە لە یەک کاتدا شوناس و ویستی زەوت دەکات لەوەی کە بتوانێت لە ڕووی سیاییەوە چارەنووسی خۆی دیاری بکات، یەکەم گوتاری دەسەڵاتی ناوەندی سەرکەوتکەرە کە دان بە بوونیدا نانێت، دووەم گوتاری ئیسلامی سیاسییە کە ڕەتی دەسەڵاتی نەتەوەیی دەکاتەوە و ڕێڕەوەکەی دەگۆڕێت بە ئاراستەی گەڕان بە دوای ڕزگاری بەدەر لە ڕەوتە نەتەوەییەکەی.

پاشکۆبوونی ئیسلامی سیاسی کورد بۆ مەرجەعی ئایدۆلۆجی نانەتەوەیی، ئیسلامییە سیاسییە کوردەکانی خستە قەیرانی سیاسییەوە، کە ناکرێت پشتگوێ بخرێت لە یادەوەری نەتەوەییدا، لەو بارەوە د. عەبدولڕەحمان ئەسبینداری کە ئیخوانییەکی سەر بە ڕێکخراوی دهۆکی ئیخوان موسلمین بوو دەڵێت، کە ئیخوان موسلمینەکانی کورد بەشداریان لە ڕاپەڕینەی ساڵی ١٩٩١ دا نەکرد، لەبەر ئەوەی محەممەد حامد ئەبونەسر ڕابەری گشتی ئیخوان موسلمین لەو کاتەدا ڕایگەیاندبوو کە ڕاپەڕین پیلانێک بووە بۆ دابەشکردنی عێراق، ئەم هەڵوێستەش کە تێیدا ئیخوان موسلمین سوکایەتی دەکات بە خەباتی نەتەوەیی و قوربانییەکانی گەلی کوردستان لە لایەن ئیخوان موسلمینی عێراق تەنها هەڵوێست نەبووە، بەو پێیەی پێشتر ئەم حزبە ئیدانەی کیمیابارانەکەی هەڵەبجەی نەکردووە لە ئازای ١٩٨٨، هەروەها هیچ هەڵوێستێکی نەبووە لە کاتی ئەنفال کردنی ١٨٢ هەزار هاووڵاتی کورد بە منداڵ و ئافرەت و بەتەمەنەوە، لەم بارەوە ئیخوان موسلمینی عێراق و ئیخوانی جیهان بێدەنگییەکی شەرمەزارکەریان هەڵبژارد، کە هیچ کات ناکرێت لەیاد بکرێت. ئەم هەڵوێستە بە هیچ شێوەیەک ناکرێت لە یاد بکرێت لەبەر ئەوەی دەرخەری هەڵوێستی بانێکە و دوو هەوایە لەلایە گرووپە ئیسلامییەکان.

دیارترین نموونەش لەبارەی قەیرانی شوناس لەلای ڕۆشنبیری ئیسلامی کورد لە نموونەی شێخی کوردی و زانای ئایینی محەممەد ڕەمەزان بوتی بەدی دەکرێت، کە ئامادە نەبوو دەست هەڵبگرێت لە پابەند بوونی نەتەوەیی خۆی، هەر بۆیە دەرەنجام تیرۆریان کرد.

بوتی، سەرباری ئەوەی هەوڵی دەدا خۆی بەدوور بگرێت لە چالاکی سیاسی ڕاستەوخۆ، بەڵام بە هۆی هەوڵەکانی بۆ خۆگونجان لەگەڵ ئایدۆلۆجی باودا، بە ناچار خۆی لە هەڵوێستێکدا بینییەوە کە دژ بە شوناسە نەتەوەییەکەی بوو، بەشێوەیەک کە تێوەگلا لەهەستی نەتەوەیی عەرەبچێتی و ئیسلامی باو لەو سەردەمەدا لەگەڵ شێخەکانی ئەزهەر و عەبدولمەجید زەنەدانی لە یەمەن کە پشتیوانیان لە ڕژێمەکەی سەدام حسێن دەکرد بە بیانوی داکۆکیکردن لە عێراق و یەکرێزییەکەی لە بەرامبەر داگیرکاری ئەمەریکا. ناوبراو لە یەکێک لە هەڵوێستە توندەکانیدا کاتێک کەوتبووە ژێر کاریگەری هەستی گوێگرەکانی لە گوتارێک لە ٢٠٠٣/٤/٤ وتی، کە هەستی نەتەوەیی خۆی (وەک کورد) دەخاتە ژێر پێکانی، لەبەر ئەوەی لەگەڵ ئایینەکەی یەک ناگرێتەوە، بەپێی تێگەیشتنی بوتی، هەر پشتیوانییەک لە داگیرکاری ئەمەریکا، یاخود هەر هەوڵێک بۆ خستنی دەسەلاتێکی ستەمکار لەو کاتەدا وەک دژایەتیکردنی بنەماکان ئیسلام وابوو.

بەم شێوەیە هستریای دەستەجەمعی، ئایینی نەتەوەیی و ناعەقڵانییەتی جەماوەری عەرەبی هاوسۆز لەگەڵ ڕژێمی عێراق ئەوەی سەپاندبوو بەسەر شێخ بوتی کە پابەندبوونی بە ئایینەکەی خۆی بسەلمێنێت لە ڕێگەی مەراییکردن بۆ هەستی ئیسلامی باو لەو کاتەدا، بە شێوەیەک کە هەر کەسێک پشتیوانی لە ستەمکارەکەی بەغدا نەکردایە، ئیدانە و تەکفیر و تەنانەت خوێنێشی حەڵاڵ دەکرا. لە ڕاستیدا کورد و پرسەکەی کرۆکی ئیدانە کردن بوو لە لایەن تەکفیری و عەرەبە نەتەوە پەرستەکانەوە. بە نۆبەی خۆی شیخ بوتی گەیشتبووە ئەو باوەڕەی کە ئیمانداری و ئەو وتارانەی کە دەیدا بەس نەبوون بۆ ئەوەی تاوانی کوردبوونی لێ پاک بکاتەوە، بەو پێیەی کە گومانێک لە دڵی جەماوەرە ئایینییەکە دروست ببوو تایبەت بە دڵسۆزی شێخەکەیان بۆ ئایین و بیروبارەکەی بە هەڵبژاردنی بێدەنگی بەرامبەر هەڵوێستی کورد لە باشووری کوردستان و خواستیان بۆ ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی سەدام حسێن.

## ئەوەی کە جوڵانەوە ئیسلامییەکان خوازیارین بریتییە لە ڕزگاری نەتەوەی موسڵمان

بێدەنگی بەس نەبوو، بوتی دەبوایە ئەو ڕووبەڕووبوونەوەی ئەنجامبدایە تایبەت بە قسە وتن بە شوناسەکەی بەو شێوە ناشرینە، ئەگەر زیاتریشی بۆ بکرایە ئەنجامی دەدا تا هیچ شتێک نەهێڵێتەوە کە کورد بوونی بسەلمێنێت و ملکەچی خۆی دەربخات بۆ ئیسلامی نەتەوەیی عەرەب تا لە ڕووی شوناسەوە خۆی پابەند بکات پێوەی. بەم شێوەیە بوتی بەپێی بۆچوونی خۆی ڕزگاری بوو لە کوردبوونی خۆی و پاکبووەوە لەو تارماییەی کە بە درێژایی تەمەنی کەوتبووە دوای ئەو و هەر کوردێکی ئیسلامی کە بیویستایە دڵسۆزانە ئەمەکی خۆی بۆ گوتاری ئیسلامی سیاسی ڕابگەیەنێت.

بەکورتی، ئیسلامی سیاسی عەرەبی، نەتەوەپەرستی عەرەبییە لە پێکهاتە و لە لۆژیکەکەیدا، هەروەها لە سیستم و چەمکەکانیدا، ئەم پابەندبوونە بە نەتەوەپەرستی عەرەبی مەرجە بۆ باوەڕی ئیسلامی، لەبەر ئەوەی ناکرێت ئیسلام لە بیری عروبی جیابکرێتەوە. چەمکی نەتەوە لە دروشمە ئایینییەکاندا یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ئایدۆلۆجیای نەتەوەیی عەرەب کە لە گوتاری بەعس و ناسرییەکان شێوەیەکی ئاشکرای بەخۆوە بینی. لەو بارەوە میشێل عەفلەق دەڵێت کە ئەوە ئیسلام بوو کەسایەتی بەخشی بە نەتەوەی عەرەبی. بیریارێکی ئیسلامی بەناوی محەممەد عەمارە لە خوێندنەوەی بیری عەفلەق دەڵێت: "هیچ گومانی تێدا نییە کە ئەو پەیامە نەمرەی میشێل عەفلەق مەبەستی بوو، هەر

هەمان ئیسلام بوو".
ئیسلامی سیاسی کوردی بە پێچەوانەوە بەبێ سیمای نەتەوەییە و هەڵوەشاوەیە لە ڕووی شوناسەوە، بگرە پێی وایە کە ئەو هەڵوەشانەوەیە مەرجە دڵسۆز بێت بۆ مەرجەعە سیاسییەکەی. فارسەکان زۆر لە مێژە بەم هاوکێشەیەیان زانیوە، هەر بۆیە هەستان لە ڕێگەی ئایینزای شیعەوە ئیسلامیان بە فارسی کرد، تا لەو ڕێگەیەوە خۆیان بەدوور بگرن لە مەرجەعیەتی نەتەوەی دیکە جگە لە مەرجەعیەتی نەتەوەی خۆیان، هاوشان لەگەڵ ئەوە دامەزرێنەرانی ئیسلامی سیاسی تورکی خواستی خۆیان نەشاردووەتەوە بۆ ئیسلامێک کە تایبەتمەندی نەتەوەیی هەبێت، بە شێوەیەک کە کەسایەتی تورکی و مێژووی ئیسلامی خۆی نمایش بکات، ئەڵبەتە ئەم حاڵەتە لە ڕەوتی مێژووی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی پەرەی سەند، تورکەکان پێیان وایە کە ئیسلامێکی تورکی هەیە بە تایبەتمەندی شوناسی نەتەوەی تورکی، هەروەها باوەڕیان بە دانایی و دەگمەنی مێژووی تورکیا و ڕۆڵی ناوازەی تورک لە بڵاوکردنەوەی ئیسلام و دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەیە، هەڵبەت ئەم باوەڕە پشت بەهەستێکی هاوبەشی دیکە دەبەستێت کە پێی وایە تورکەکان هەڵبژێردراون تا ڕۆڵێکی پێشەنگ بگێڕن لە جیهانی ئیسلامدا.
لێرەوە شوناسێکی ئایدۆلۆجی ئاوێتە دێتە ئاراوە کە پێکهاتووە لە سیمبولی ئایینی و نەتەوەیی کە بە قووڵی تێکەڵ بەیەک بوون بە ئامانجی دروستکردنی ئاگاییەکی هاوبەش بۆ پابەندبوون. لێرەوە ئایین لە گوتاری ئیسلامی تورکیا تێکەڵ بوو بە هەستی نیشتمانی و کاری کرد لەسەر ڕوونکردنەوەی ڕەسەنایەتی و دەگمەنی کولتووری و نەتەوەیی و پاساو بۆهێنانەوە و پاسای سەرو مرۆڤایەتییەوە. بەمشێوەیە ئایین دەبێتە چوارچێوەیەکی شەرعی بۆ شیکردنەوەی ڕووداوە سیاسییەکان و پاساوهێنانەوە بۆ خواستەکانی دەسەڵات.

## ئیسلامی سیاسی کورد هێشتا گرفتی هەیە لەگەڵ ئاگایی شوناس

ئیسلامی سیاسی کورد هێشتا گرفتی هەیە لەگەڵ ئاگایی شوناس، لە نێوان پابەند بوون بە ئایدۆلۆجیایەکی ئاسمانی کە گوێ بە شتە دنیاییەکان نادات، ئاگاییەک کە باز بەسەر قەیرانەکانی ئێستادا دەدات بەرەو دواوە و پەنا دەبات بۆ جۆرێک لە ئیسلامی شۆڕشگێڕی و لە نێوان ئەوەی کە دەبێت ئەم ئاگاییە پێی بگات، بە شێوەیەک کە دەبێت ئاگاییەکی دنیایی بێت کە ڕەخنەی هەبێت بۆ کۆمەڵگەی نەتەوەیی و ئاڵنگارییەکانی. لە دەرەنجامدا ئەو کەسە لە نێوان نەتەوە

و ئایین بە هەڵواسراوی دەمێنێتەوە، واتا لە نێوان کوردایەتی و ئیسلام، بەڵام دواجار لە بەرژەوەندی ئیسلام دەبێت، ئەڵبەتە نەوەک ئیسلام بە گشتی، بەڵکو جۆرێک لە ئیسلام کە بیروباوەڕەکەی لە ئایینزایەکی تایبەتەوە وەردەگرێت، بەڵام لە دواجاردا جەخت لە بانگەشەیەکی سەرتاپاگیر دەکات بۆ ئاگاییەکی گەردوونی "موسڵمانەکان بران" کە تێیدا خۆی ناخاتە ژێر باری بەرپرسیارێتی جەخت کردنەوە لەوەی کە تایبەت و خۆییە.
بەم شێوەیە کورد لە ڕووی مێژووییەوە ماوەتەوە بە بێ ئەوەی بتوانێت جۆرێک لە ئاگایی خۆیی-نەتەوەیی بە ئیسلام دروست بکات، ئێمە پێمان وایە کە ئەوان نەیانتوانیوە ئیسلام بە کوردی بکەن هاوشێوەی گەلە موسڵمانەکانی دیکە، بە شێوەیەک کە بتوانن خوێندنەوەیەک بۆ ئیسلام بکەن بگونجێت لەگەڵ ژینگەی نەتەوەیی خۆیان، ڕاستە کە ئیسلامی شافعی لە سەردەمی ئەیوبی-دا باڵی کێشابوو و لە ڕێگەی کوردەوە بڵاوبووەوە و بووە ئایینی باو لە نێوان کورد و عەرەبی شام و میسر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت بڵێین کە ئەوە گوزارشت لە تایبەتمەندی کورد دەکات هاوشێوەی ئایینزای شیعە بۆ فارس، بەو پێیەی کە فارسەکان توانیان ئیسلام بگونجێنن لەگەڵ تایبەتمەندی نەتەوەییان لە سەردەمی سەفەوییەکاندا، لە ئێستادا ئیسلامی شیعەی دوانزە ئیمامی، ئیسلامێکی فارسی نەتەوەییە کە خاوەن سروشتێکی نەتەوەیی تایبەتە و تایبەتە بە مێژووی گەلێک و شوناسێکی نەتەوەیی.

## تیرۆرو بەخشین و ئازادی بیروباوەڕ

جوڵانەوەکانی ئیسلامی سیاسی تا ئێستا زۆرترین زیانی گەیاندووە بەو کۆمەڵگانەی کە لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا سەریانهەڵداوە، ئەم مۆدێلە شکستی هێناوە لەوەی کە نموونەیەکی سیاسی سەرکەوتوو پێشکەش بکات لەسەر بنەمای بەخشین و فرەیی و پێکەوە گونجان کە بتوانێت ئازادی بیروباوەڕ مسۆگەر بکات لە نێوان ئەوانەی کە هەڵگری بیروباوەڕی جیاوازن. ئەو بنەمایانەش کە دواتر باس لە چارەنووسیان دەکەین لە ژێر ڕۆشنایی ئیسلامی سیاسیدا، ئەو بنەمایانەن کە هەر کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی کاردەکات لەسەر ئەوەی بەدەستی بهێنێت ئەگەر ئەندامەکانی بیانەوێت بە ئازادی و ئاشتی و ڕێزەوە تێیدا بژین. ئەوەندە بەسە کە چاوێکی بەراوردکارانە بخشێنین بە ئەزموونەکانی ئیسلامی سیاسی و پیادەکردنەکانی لە ئەفغانستان، جەزائیر، ئێران، لیبیا، میسر و سوریا تا دواتر بگەینە دەرەنجامێکی نائومێدکەر بە شێوەیەک کە توندوتیژی ئایینی، دەمارگیری و شەڕی ناوخۆیی لە سیما دیارەکانی ئەو کۆمەڵگانە بوون.

پرسیاری دیار لەو بارەوە ئەوەیە کە بۆچی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان، لەناو هەموو کۆمەڵگە ئایینییەکانی دیکە، ژینگەیەکە دەناڵێنێت بە دەست توندوتیژی ئایینییەوە؟ ئایا ئایین هۆکاری تیرۆرە؟ ئایا ئایینی ئیسلام سەرچاوەی ئەو تیرۆرەیە کە باڵی کێشاوە بەسەر جیهانی هاوچەرخدا؟ بۆچی ئیسلام لە توندوتیژیدا کورت دەکرێتەوە؟ دواتر لەگەڵ فرانسوا بۆرگا دەپرسین "ئایا ئەو توندوتیژییەی کە ڕۆژئاوا لە ١١ سێپتەمبەر بە خۆیەوە بینی و هێشتا بە خۆیەوە دەیبینێت تەنها ئایینی بوو؟ ئایا دەکرێت کە جیاکاری بکەین لەنێوان دەرمارگیری ئایینی و توندوتیژی ئایینی و دژە توندوتیژی سیاسی تەنانەت گەر هەردووکیان پێکەوە کۆببنەوە بە بێ ئەوەی پێکەوە تێکەڵ بن؟

ئەم توێژینەوەیە ناگەڕێت بەدوای سەرچاوەکانی ئەم تیرۆرە لە دەقی ئایینی، یاخود لە فەتوا دژ بە یەکەکاندا، لەبەر ئەوەی نزیککردنەوە، یان شیکردنەوەی کولتووری بۆ دیاردەی تیرۆر، ئەم توێژینەوەیە لە بابەتیبوون دوور دەخاتەوە. هەر لێکۆڵەرێک دەتوانێت لە زۆرینەی ئایینەکاندا نەوەک تەنها لە ئیسلامدا دەقی دژیەک بدۆزێتەوە کە لە لایەک هانی توندوتیژی بدات و لەلایەک ڕەخنەی لێبگرێت. ئەوەی جێگەی سەرنجە لێرەدا ئەوەیە کە ئەم جۆرە خوێندنەوانە سەرجەمیان هاوبەشن لەوەی باڵ دەکێشن لەلای چاودێر و ڕۆشنبیر و ڕاگەیاندنکارەکان لە کاتی شیکردنەوەی دیاردەی توندوتیژی ئیسلامی، دوای هەر ڕووداوێکی تیرۆریستی کە سروشتێکی جیهانی هەبێت. بۆ نموونە لە دوای ١١ سێپتەمبەرەوە ئەو بەراوردکارییە باڵی کێشا لەگەڵ توندوتیژی ئایینی کە هاوکات بوو لەگەڵ ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی، بەتایبەت لەگەڵ دیاردەی توندوتیژی داعش، ئەو کاتەش قسە لەسەر ئەوە دەکرا کە ئایا ئەو توندوتیژییەی داعش ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی ئیسلامە، یاخود نا، هەڵبەت توندوتیژی داعش پاڵی بە زۆرێکەوە نا کە فۆکەس بخەنە سەر سروشتی ئایینی چاخەکانی ناوەڕاست لە هەندێک لە نووسینەکاندا لە هەردوو حاڵەتەکەدا نزیککردنەوەی کولتووری بڵاو بوو بۆ کولتووری ئیسلامی لە ڕێگەی گێڕانەوەی توندوتیژی بۆ دەقی ئایینی و میراتی فیقهی.

هاوشان لەگەڵ ئەوەدا تێبینی ئەوە دەکرێت کە جۆرێک لە توندڕەوی سیاسی و بە مەبەست هەیە لە کاتی بەکارهێنانی چەمکی تیرۆر لە توندوتیژی ئایینی لەم کاتەدا کە مەبەست لێی بەرژەوەندی ئایدۆلۆجییە. لە بەرامبەردا پێمان وایە کە هیچ ئایینێک لە خودی خۆیدا تیرۆریست نییە، هەروەک چۆن لە خودی خۆیدا بەخشندە نییە، ئایین دەبێت بەوەی کە هەڵگرەکانی هەن لە ڕێگەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی زۆر ئاڵۆزەوە،

کە بەرژەوەندییە مادییەکان ڕۆڵێکی زۆر دەگێڕن لەدیاریکردنی سروشتی ئایین و تێگەیشتن لێی. هەر لەبەر ئەو هۆیەش ئەم توێژینەوەیە گوێ بەو جیاکاریيانە نادات کە لە نێوان ئیسلامی میانەڕەو و توندڕەودا، هەروەها بایەخ بە هیچ جۆرە بڕیارێکی دۆگمایی نادات کە پێی وایە تیرۆر وەک ڕەفتار و بیروباوەڕ تەنها لەسەر موسڵمانەکان ماڵە. لە ڕووی زانستیشەوە ناکرێت لابدەین بە لای ئیسلامی دروست لە بەرامبەر ئیسلامێکی دیکە، کە توندڕەو، یاخود هەڵە بێت. هەروەها دروست نییە کە ئاماژە بدرێت کە توندڕەوی ئیسلامی شتێک نییە جگە لە لادان لە ڕێگەی ڕاستی ئیسلام، ئەم بۆچوونە ڕەنگە هانمان بدات بەرەو مشتومڕێکی بێ مانا.

خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە بۆ مێژوو بەڵگەی بەهێز لەسەر لاوازی ئەو بۆچوونانە دەردەخات، بۆ نموونە هەروەک چۆن ئیسلام لە سەدەکانی ناوەڕاست نوێنەری کولتووری کۆمەڵگەیەکی کراوە و لێبوردە بوو، مەسیحیەت لەوپەڕی توندڕەوی دەمارگیریدا بوو، هەروەها لە کاتێکدا کە مەسیحیەت لە ئێستادا خۆی بێبەری دەکات لە خراپەکارییەکانی ئەو سەردەمە، بەڵام ئیسلامی ئەمڕۆ زۆر دوور کەوتووەتەوە لە ڕۆحی ئیسلامی ئەو سەردەمە زێڕینە، ئیسلامی ئەبو عەلائی مەعەری و ئیمامی شافیعی و ئیبن ڕوشد. ئەمڕۆکەش توندڕەوەکانی ڕۆژهەڵات لە مەسیحیەکان زۆر نزیکن لە هاوسێ موسوڵمانە توندڕەوەکانەوە تا لە مەسیحیەکانی ڕۆژئاوا، هەروەک چۆن بوزییەکانی بۆرما لە توندڕەویدا زیاتر لە موسڵمانە تەکفیرییەکانەوە نزیکن تا لە بوزییەکانی هیند و چین و ڕۆحی بەخشندەیی بوزییەکان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕوونە کە هەر ئایینێک بیەوێت ڕۆڵێکی سیاسی بگێڕێت، بە ناچار دەبێت بە ئایینێکی تەکفیری و کەنارخەر تا ئەو پەڕی سنوور، بەتایبەت گەر بەشداری بکات لە ململانێی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ببێتە گوزارشتکەرێکی ئایدۆلۆجی لە بەرژەوەندییەک.

**کێشەی ئیسلامییە کوردەکان لە ڕووی ڕێکخراوەیی و سیاسییەوە لە پەیوەندییان بەوی ترەوە سەرچاوە دەگرێت، بەو پێیەی کە جوڵانەوە ئیسلامییە سیاسییە سەنتراڵەکان وەک تورک و عەرەبەکان ڕێگە نادەن جوڵانەوەی دیکەی سەربەخۆ دروست ببێت**

هەروەها جێگەی خۆیەتی کە وەک یادهێنانەوە باس لەم وتەیەی عەبدولڕەحمان ڕاشد بکەین کە دەڵێت، تەواوی موسڵمانەکان تیرۆریست نین،

بەڵام ڕوونە کە زۆرینەی تیرۆریستەکان موسڵمانن، کەواتە ڕوونە کە ناکرێت بە هیچ شێوەیەک ئەو پەیوەندییەی نێوان ئایین و تیرۆر جیابکرێتەوە لە تەواوی سەردەمەکاندا بەو پێیەی کە هەمیشە ئایین کەرەستەی پێویستی پێشکەش کردووە بۆ پاساوهێنانەوە بۆ توندوتیژی لە دژی ئەوی دی جیاواز لە ڕووی ئایینەوە لە شێوەی فەتوا و بڕیارەکانەوە، هەروەها پێویستە ئاگاداری ئەوە بین کە پێمان وا نەبێت توندوتیژی و تیرۆر دەرەنجامی تەنها ئایینە. ئەو باوەڕەی کە پێی وایە "ئایین هۆکاری توندوتیژییە یەکێکە لەو ئەفسانە بڵاوانەی کولتووری ڕۆژئاوا لەمڕۆدا، بە تایبەت لە نێوەندە کولتووری و ئەکادیمی و میدیاییەکاندا، هەروەها لە بەرامبەر ئەو ڕاستییە ڕەقانەی کە لە مێژووی ئایینەکاندا هەیە ئەوەمان بەسەردا دەسەپێنێت کە درک بەوە بکەین بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە نزیکایەتییەک هەیە لە نێوان ئایین و توندوتیژی، ئەو توندوتیژییە کە بەرگی ئایینی پۆشیوە، بە درێژایی مێژوو سایەی خۆی خستووەتە سەر ئایین و کولتوور و ژمارەیەکی زۆر لە مرۆڤی باش پەلکێشی سەما وێرانکارییەکەی بکات.

دوور ناکەوینەوە لە ڕاستی گەر بڵێین هیچ موسڵمانێک لە خودی خۆیدا تیرۆریست نییە، یان ئەگەر وردتر بڵێین هیچ تیرۆریستێک نییە کە موسڵمان، یاخود مەسیحی، یا بودایی، یا جولەکە بێت، بەڵکو ئەوەی هەیە ئەوەیە کە کەسێکی تیرۆریستە کە بیروباوەڕێکی دیاری کراوی هەیە و لە دەرەنجامدا توندوتیژی، یاخود "تیرۆری ئیسلامی" لە ئیسلامەوە دەرناچێت و بەرهەمی ئەو ئایینە نییە، بەڵکو ئەوە دەرەنجامی مێژووی نوێی موسڵمانەکانە، مێژوویەکە لە لایەن چەند دەستێکەوە نووسراوەتەوە، لەوانە دەستی هێزە ئیمپریالییە باڵادەستەکان.

کەسی تیرۆریست، لەبەر ئەوەی تیرۆرست نییە کە باوەڕی بە ئایینێکی دیاریکراو هەیە، ئەو تیرۆریستە لەبەر ئەوەی لە هەلومەرجێکدا گیرساوەتەوە کە هانی تیرۆر و دژایەتی دەدات، هەر ئەو ژینگەیەشە کە هانی دەدات بەو شێوەیە خوێندنەوە بۆ ئایین بکات و هانی دەدات بەرەو ڕق و دەمارگیری و کوشتن و وێرانکردن و ڕەفتارکردن وەک کەسێکی تیرۆریست. بە باوەڕی من ئەو تیرۆرەی کە خۆی لە ئایینەوە ئاڵاندووە و ناسراوە بە تیرۆری پیرۆز، نامێنێت گەر هەلومەرج بگۆڕێت.

لە بەرامبەردا هیچ ئیماندارێک بە حوکمی ئایینەکەی کەسێکی لێبوردە نییە، واتە ناکرێت کەسێک لەبەر ئەوەی مەسیحییە بە کەسێکی لێبوردە ئەژمار بکرێت، بەڵکو کەسەکان لێبوردە دەردەچن گەر لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتووری وادا بن کە هانیان بدات بۆ قبوڵکردنی ئەوی دی، ژینگەیەکی لەو چەشنەش تەواوی ئەو بیانوانە ڕەتدەکاتەوە کە وای

لێدەکات ڕقی لە کەسێکی دیکە بێت و وا دەکات خوێندنەوەی بۆ ئایین هاندەرێکی گەورە بێت بۆ بەخشین.

هەموو ئایینێک بە بێ جیاوازی بۆی هەیە کە ببێت بە ئایینێک بۆ بەخشین، یاخود بە پێچەوانەوە ببێت بە ئایینێک بۆ تیرۆر و تەکفیر لە چوارچێوەی ململانێ لەسەر دەسەڵات و هەژموون و بەرژەوەندییەکان، بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە ڕەگ و ڕیشەی تیرۆر لە خودی ئاییندا نییە، بەڵکو ئەو هەلومەرجانەیە کە توندوتیژی دروستدەکەن و توندوتیژی ئایینی دەبێت بە تەنها ڕێگەی ڕەتکردنەوەی لە لای مرۆڤ. توندوتیژی ئایینی لەم حاڵەتەدا ڕێگەیەکی شێوێنراو و بە لاڕێدا براوە بۆ گوزارشت لەو ڕەتکردنەوەیەی کە مرۆڤ پەنای بۆ دەبات تا پاساو بۆ خواستە دنیاییەکانی بهێنێتەوە.

دەرەنجام کاتێک کە ئیسلامی سیاسی تەکفیری جیهانی بینی خۆی دەسەپێنێت بە سەر بیرکردنەوە و ژیاندا، بەو پێیەی پێی وایە تەنها خۆی خاوەن ڕاستی ڕەهایە، دەکەوێتە کێشەوە لەگەڵ ڕاستییە ڕێژەییەکانی دیکە هەر بۆیە ناتوانێت کە لێبوردە بێت و ئەوی دی قبوڵ بکات. بە حوکمی سروشتە ڕەهاکەی، ئیسلامی سیاسی ناتوانێت لەگەڵ بژاردەکانی دیکە پێکەوە بژی، هەر بۆیە بە باشی دەزانێت کە لە بوون نەیهێڵێت.

گرووپەکانی ئیسلامی سیاسی بە تایبەت توندڕەوەکانیان پێیان وایە کە ڕاسپێردراون بۆ ئەرکی پیرۆزی دامەزراندنی حوکمی خوا لەسەر زەوی و لەو سۆنگەیەوە بە ڕەوای دەزانێت بۆ خۆی کە هەر ئامرازێک لەبەر دەستی بێت بەکاربهێنێت بۆ گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکانی. ئیسلامی سیاسی پێی وایە کە ئەو نوێنەری ڕێگەی ڕاستییە و ئەرکێتی تەواوی ئەوانە لەناوبەرێت کە سەر بە ڕێگەی ئەو نین، ئەوان پێیان وایە تەواوی کۆمەڵگە هاوچەرخەکان لە سەردەمی جاهلیەتی پێش ئیسلامدا دەژین، بۆچوونیان، بیروباوەڕیان، خو و نەریت و جەژنەکانیان، بە تایبەت بۆنە نەتەوەییەکانی وەک نەورۆز، جاهلییە سەرباری تەواوی ئەو شتانەی کە گوزارشت لە شوناسی گەل، هونەر و وێژە و نەریت و سەلیقە و یاساکان و ... هتد جاهلییە و لێرەوە ڕێگە بە خۆی دەدات کە سەرجەمیان تەکفیر بکات و لە بەرامبەردا پاساو بۆ بەکارهێنانی هەر ئامرازێک دەهێنێتەوە تا بیروباوەڕی خۆی بسەپێنێت.

هەر لەم سۆنگەیەوە بەشێك لە ئیسلامی سیاسی تەکفیری هەموو دەسەڵاتێکی سیاسی جیاواز دەکات، ئەو پێی وایە کە دیموکراسی و عەلمانییەت و لیبڕالیزم و چەمکەکانی مافی مرۆڤ بیروباوەڕی گومڕاکەرن، لەبەر ئەوەی دژ بە یاسا و بنەما ئایینییەکانە. لە بەرامبەردا هەوڵی گەیشتن بە دەسەڵات دەدات بە هەر ڕێگەیەک کە بەردەست بێت بە مەبەستی سەپاندنی جۆرێکی دیاریکراو لە باوەڕ بە

سەر دەوڵەت و کۆمەڵگەدا. کاتێکیش کە شکست دەهێنێت لەو کارە لە ڕێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە، پەنا دەباتە بەر تیرۆر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی. لە بنەمادا دیموکراسی لە لای ئیسلامی سیاسی ڕەتدەکرێتەوە و بێزراوە و لەبری ئەوەی سەرەوە گەل دەخاتە پێش سەرووەری خواوە و ئەمەش کوفرێکی ڕوونە. هەر لەبەر ئەو هۆکارە کاتێک کە گرووپە ئیسلامییەکان بەشداری لە هەڵبژاردن و پرۆسەی سەربازی دەکەن، ئامانج لێی هەڵبژاردنی ڕێگەی دیموکراسی نییە، بەڵکو مەبەست لێی گەیشتنە بە دەسەڵات، بەم شێوەیە زۆرینەی کۆمەڵەکانی ئیسلامی سیاسی و لەوانە پارتی ڕزگاری ئیسلامی پێیان وایە کە دیموکراسی کوفرە و قەدەغەکراوە کە جێبەجێ بکرێت، یاخود بانگەشەی بۆ بکرێت، بە بۆچوونی ئەوان دیموکراسی لە لایەن ڕۆژئاوای کافرەوە ڕەوانەی وڵاتە موسڵمانەکان کراوە، سیستمی کوفرە و هیچ پەیوەندی بە ئیسلامەوە نییە نە لە نزیک و نە لە دوور و بەگشتیش نایەتەوە لەگەڵ بنەماکانی ئیسلام، ئەو سەرچاوەیەش کە لێوەی هاتووە مرۆڤە و هیچ پەیوەندییەکی بە سروش و ئایینەوە نییە.

گوتاری ئیسلامی سیاسی ترسێکی قووڵی دروست کردووە لە لای کەمایەتییە ئایینییەکان و خاوەن بیروبۆچوونە جیاوازەکان لە کۆمەڵگەی کوردستان تایبەت بە چارەنووسیان و ڕەتکردنەوەیان لەلایەن ئەو کۆمەڵانەوە، لەبەر ئەوەی ناکرێت بە متمانەوە قسە لەسەر ئاگاییەکی کۆمەڵگە و نەتەوەیی بکرێت لە ژێر سایەی گەشەکردنی گوتارێک کە هانی دابەشبوون و هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان دەدات و لەسەر بنەمای شوناسی ئایین جیاوازی دەکات، ئەم گوتارە کە بانگەشەی کۆمەڵگەیەکی یەکسان دەکات بۆ موسڵمانەکان، هەموو جۆرە جیاوازییەکی باوەڕ و ئایین ڕەتدەکاتەوە، هەر جۆرە ڕەتکردنەوەیەکیش دەبێتە هۆی نەهێشتنی تەبایی گونجان لەناو کۆمەڵگەدا، لە بەرامبەر جیاوازییەکاندا پەنا دەبەنەوە بەر دەرمارگیری و دژ بە لێبوردەیین لەگەڵ کەسێک کە جیاواز بێت لێیان و هەست بکەن دەبێتە هەڕەشە لەسەر شوناسی گوتار و لۆجیکی ناوخۆییان.

**ئەوەی جێگەی سەرنجە بوونی هەژموونێکی ئیخوانی هاوشانە لەگەڵ هەژموونی سیاسی و کارگێڕی ئەو وڵاتانەی کە نیشتمانی کوردیان بەسەردا دابەشکراوە**

دۆخی مرۆڤی هاوچەرخ وادەخوازێت کە مرۆڤەکان پێکەوە بژین و ململانێش

هەبێت لە نێوانیاندا، ئەم دۆخەش پێویستی بە بڕێکی زۆر لە لێبوردەیی هەیە، لەبەر ئەوەی لەو کۆمەڵگانەی کە فرە کولتوور و بیروباوەڕن، وەک کۆمەڵگەی کوردستان و جیاوازی لە شێوازی بیرکردنەوە و ژیاندا هەیە، چەمکی لێبوردەیی بایەخێکی یەکجار گەورە پەیدا دەکات بۆ مانەوەی ئەو کۆمەڵگەیە بە یەکرێزی و یەکگرتوویی. لێرەوە راینەر فورت جەخت لە پەیوەندی ئۆرگانی دەکات لە نێوان لێبوردەیی و ململانێدا و لە هەمان کاتدا ئاماژەش بەوە دەدات کە لێبوردەیی لە ململانێ و مندالٚدانی ململانێ و جیاوازییەکانی مرۆڤایەتییەوە سەرچاوە دەگرێت. لێبوردەیی لەم چوارچێوەیەدا مانای خۆی وەردەگرێت، بەشێوەیەک کە دەکرێت پیادە بکرێت و پاساویشی بۆ بهێنرێتەوە لەناو جیاوازییەکاندا، چ لە ژیانی تایبەت، یاخود لە بواری گشتیدا و پێویستیشمان بۆ لێبوردەیی وەک بنەما هەر لێرەوە سەرچاوە دەگرێت.

لێبوردەیی ئاماژەیە بۆ هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر بە بۆچوون و بیروباوەڕ و بەرژەوەندییەکانی ئەوی دی سەرباری جیاوازییەکانمان لەگەڵیان، هەروەها توانای مرۆڤ دەردەخات لە گونجان لەگەڵ نەریت و شێوەکانی ڕەفتاری ئەوانی دی، پێویستی بۆ لێبوردەیی لە لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتن لەسەر پرسە جێناکۆکەکانەوە سەرچاوە دەگرێت بە بێ پەنا بردن بۆ توندوتیژی و دەمارگیری و کەنارخستن. لە دیارترین شێوەکانی دەمارگیری و نەبەخشین لە مێژووی مرۆڤایەتیدا شێوە ئایینییەکە دەردەکەوێت کە بووەتە هۆی گەیاندنی زیانێکی زۆر بە مرۆڤەکان، لەسەر ئاستی کوردستانیش مێژوو چەندین نموونەمان نیشان دەدات لەو بارەوە، نموونەی کوشتاری ئێزیدی، ئەرمەنەکان و مەسیحییەکان لە ژێر ناوی ئایینی جیاوازدا.

لە هەمان کاتدا ناکرێت وەک بەهایەکی ڕەها و ئەبستراکت لە لێبوردەیی بڕوانین بەدەر لە مێژوو و پەرەسەندن، هەروەها بنەمایەک نییە کە لە ڕێگەیەوە مرۆڤ بیەوێت بەسەر ململانێکاندا باز بدات، بەڵکو ماناکەی پەیوەستە بە کولتووری باوی سەردەم و پەیوەندییەکانییەوە. ئەگەر بێت چەمکی لێبوردەیی دابڕێن لە ڕەوتە مێژووییەکەی، ئەو کاتە تەواوی بەهاکەی خۆی لە دەست دەدات، دەکرێت لە ڕێگەی ئەم پرسیارانەوە لەم نیگەرانییانە تێبگەین: چۆن دەکرێت لە تەکفیرییەک ببورین و دان بە مافەکانیدا بنێین لە کاتێکدا کە ئەو هەرچی ماف هەیە لەوان زەوت دەکات کە هەمان باوەڕی ئەویان نییە؟ ئایا لێبوردەیی بە مانای لێبوردنە لەو کەسانەی کە نازانن لێبووردن چییە؟ کەواتە ئەو هەلومەرجە چییە کە ڕێگە بە مۆرڤ دەدات لێبوردە نەبێت لەگەڵ ئەوی دی و لەو ئەرکە خۆی بدزێتەوە؟ ئەوە چ بنەمایەکە کە ڕێگری

لە مرۆڤ دەکات لێبوردە نەبێت لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لێبوردەیی نازانن؟
ئەم پرسیارانەی کە دێن لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی کوردستان بایەخێکی تایبەتی هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گوتاری توندڕەوی ئایینی: ئایا پابەندبوون بە ئازادی ئەوانی دی و مافیان لە گوزراشتکردن پاساوە بۆ هەر کەسێک کە بە ناوی ئایینەوە لاقەی منداڵ بکات و سوکایەتی بە ئافرەت بکات و دژ بە مافە سروشتییەکانی مرۆڤ بێت؟ ئایا کاری ئایینی پاساوە بۆ قسەکردن بە ناوی خواوە؟ ئایا بنەمای ئازادی ڕادەربڕین بە مانای ئەوە دێت کە ڕێگە بە هەر پیاوێکی ئایینی بدرێت خۆی بە بەرپرسی ڕەفتار و بەها ئاکاری و سەلیقەی ئەوانی دی بزانێت؟ ئایا بانگەشە کردن بۆ توندوتیژی خێزانی و هاندان دژ بە بەهاکانی یەکسانی لە نێوان هەردوو ڕەگەز هیچ پەیوەندی هەیە بە دیموکراسی و ئازادی بیروڕا؟ ئایا دروستکردنی ئاشووب دژ بە نوێگەری و بەها نیشتمانییەکان و ئاشتی کارێکی تایبەتە بە تاک و مافێکە لە مافەکانی؟ ئایا دەکرێت مینبەری گشتی بەکار بهێنرێت بۆ بانگەشە کردن بۆ کولتووری ڕق دژ بە جیاوازی و خاوەن بیروباوەڕی دیکە؟ لە کۆتاییدا ئایا دەکرێت ئەوانی دی ناچار بکرێت بە جۆرێک لە ڕەفتارکردن؟ بۆچی لە بنەمادا دەبێت پێت وابێت ئەو باوەڕەی کە تۆ هەتە و ئەو شێخ و ڕێگەی کە تۆ لەسەریت ڕاستە و تەنها ڕێگەیە بەرەو ئاسمان؟ چۆن دەتوانیت ئەو بسەلمێنیت؟ کێ ڕێگەی داوە پیاوانی ئایینی دەستوەردان بکەن لە باوەڕی تایبەتی مرۆڤ تا نا چاری بکات بە پێی بیروباوەڕی خۆی بیربکاتەوە کە لە ڕاستیدا بیروباوەڕی کەسی ئایینی تایبەت بەخۆی و دیاری کراوە بە پێی دیاری کراوی دنیابینی خۆی؟

ئەم پرسیارانە و چەندانی تر هانمان دەدەن پێداچوونەوە بە چەمکەکانی مافی مرۆڤ و لێبوردەیی بکەین، کە جەخت لەوە دەکاتەوە هەموو مرۆڤێک خاوەنی مافە جا لەسەر هەر ئایینێک بێت و سەر بە هەر ڕەگە و نەتەوەیەک بێت. لێرەوە بایەخی جەخت کردنەوە لە ئازادی ویژدانی ئایینی دەردەکەوێت وەک بنەمایەک بۆ هەر جۆرە لێبوردەییەک لە نێوان بیروباوەڕ و ئایینە جیاوازەکاندا.

تاک بازنەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە کە پێویستە بەدوور بێت لەهەر جۆرە دەستێوەردانێکی سیاسی و ئایینی، بەپێی بۆچوونی ستیوارت میل، ئەو بازنەیە ئەو بەشە لە ژیانی تاک دەگرێتەوە کە جگە لە خۆی کەسی تر ناگرێتەوە، ئەگەر لە حاڵەتێکدا کەسێکی دیکە بگرێتەوە ئەوە بە ڕەزامەندی کەسەکە خۆی دەبێت ئەمەش چوارچێوەی ئازادی مرۆڤایەتییە، کە سەرەتا شانشینی ئاگایی ناوەکی دەگرێتەوە کە خوازیاری ئازادی ویژدانە بەوپەڕی بەرفراوانی مانا و ئازادی بیر و هەستەوە سەرباری ئازادی

ڕەهای بۆچوون و هەستەکان لە تەواوی بابەتەکانی پراکتیک و دسپلین و ئاکار و ئایین. دووەم ئازادی لە دارشتنی پلانێک بۆ ژیانمان کە بێتەوە لەگەڵ سروشت و ئازادی کار بەپێی ئەوەی کە حەزمان پێیەتی و سێهەم لەم ئازادییەوە ئازادی گردبوونەوە دروست دەبێت کە بریتییە لە ئازادی یەکگرتن و هاوپشتی لە پێناو هەر ئامانجێک کە مەبەست لێی ئازاردانی ئەوی تر نەبێت. هەر کۆمەڵگەیەک ئەم ئازادییانەی تێدا نەبوو، ئازاد نابێت جا هەلومەرجی حکومەتەکەی هەرچۆنێک بێت. ئەو ئازادییەش کە شایانی ئەو ناوەیە ئەو ئازادییەیە کە بەبێ ئەوەی کەسی تر بێ بەش بکەین لە ئازادی، ئازادی خۆمان بەدەست بهێنین.

**ئیسلامی سیاسی عەرەبی، نەتەوەپەرستی عەرەبییە لە پێکهاتە و لە لۆژیکەکەیدا، هەروەها لە سیستم و چەمکەکانیدا، ئەم پابەندبوونە بە نەتەوەپەرستی عەرەبی مەرجە بۆ باوەڕی ئیسلامی**

ستیوارت میل پێی وایە کە تاک تایبەت بە باوەڕی خۆی، خاوەن دەستی باڵایە و ئەوانی دی تەنها لە حاڵەتی ئەرێنیدا دەتوانن ڕۆڵ ببینن تێیدا و ڕۆڵی دامەزراوەی ئایینی وەک تاک ڕۆڵێکی لاوەکییە و تەنها بۆ پەیوەندیکردنە، دەستوەردانی دامەزراوەی ئایینیی بۆ کۆنترۆڵکردنی ویژدانی تاک و سروشتی باوەڕەکەی لەسەر بنەمایەکی هەڵە ئەنجام دەدرێت بە ناوی ئایین و ڕێگەی ڕاستەوە و ئەمەش بۆی هەیە کە بێسەرەوبەرەیی بێنێتە ئاراوە و هەندێک کەس بە بەرژەوەندی خۆیان ئەو کارە بەکاربهێنن، ئەو زیانەش کە کەسێکی لەم جۆرە دەتوانێت بیگەیەنێت گەورەیە و زیانی مەترسیداری لێدەکەوێتەوە، بەتایبەت لەسەر کۆمەڵگە بەتایبەت گەر توانی بچێتە سەر مینبەر بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکانی. هەڵسوکەوتی لەم جۆرە ئاشتی و پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی تێکدەدات و سنووری ئازادی بیروڕا دەبەزێنێت.

ئازادی تاک لە بەرژەوەندی گشتییە – هەروەک زۆرێک لە بیریارەکانی ئەو بۆچوونەیان هەیە - و ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە مەبەستێکی گەورەتری کە ئەویش "پێکەوە گونجانی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی مرۆڤەکانە" کە بۆ هەموو تاکێکی کۆمەڵگە گرنگە. تەنها لە حاڵەتێکدا ڕێگەپێدراوە بە مرۆڤ کە دەستوەردان بکات لە ئازادی تاک، ئەویش ئەو کاتەی کە بۆ پاراستنی خودی تاک بێت. واتە دەستوەردان بە مەبەستی دوورخستنەوەی زیانکەوتن بەر کەسێک. لێرەوە تەواوی دامەزراوە مەدەنییەکان بانگهێشت دەکرێت تا ڕووبەڕووی

ئەو جۆرە بیرکردنەوانە بوەستنەوە کە پاساو بۆ بەکارهێنانی توندتیژی و سوکایەتی بە شکۆی مرۆڤ دەهێننەوە و سنووری بۆ دابنێن لە ڕووی تیۆری و مادییەوە. ئەم جۆرە بیرکردنەوانە لە ماف و بژاردەکانی تاک کەم دەکاتەوە و ژیانی خۆی و کۆمەڵگەکەی دەخاتە ژێرکاریگەری خۆیەوە. ئەگەر نەکرێت لە ڕووی یاساییەوە سنوورێک بۆ ئەو حاڵەتە دابنرێت، پێویستە پەنا ببرێتەبەر ڕەتکردنەوەی ئەو حاڵەتە لە ڕێگەی ڕایگشتییەوە بۆ کەمکردنەوەی زیانەکان. گوتاری ئیسلامی سیاسی گوێ بەو سنوورانە نادات، بەڵکو هەوڵدەدات پێشێلی بکات بە هەر ڕێگەیەک کە بۆی بکرێت. گرووپە سەلەفییە توندڕەوە خۆسەپێنەکان هەوڵدەدەن سوود لە کرانەوەی کۆمەڵگە دیموکراتییەکان وەربگرن بۆ سەپاندنی هەژموونی خۆیان بە سەر ژیانی گشتیدا و بۆ ئەو کارەش تەواوی ڕێگەکانی گوشار دەگرنەبەر.

لەلایەکی دیکەوە پیاوانی ئایینی پێگەیەکی ناوازەیان هەیە لەو کۆمەڵگانەی بەرەو کرانەوە دەڕۆن و ئەمەش هەژموونی ڕوو لە زیادبوونی پیاوانی ئایینی دەردەخات، کە دەیانەوێت بواری گشتی کۆنترۆڵ بکەن بە مەبەستی پیادەکردن و بەرهەمهێنانی جۆرێک لە دەسەڵاتی ناوەندی بەسەر ڕۆح و بیری خەڵکیدا وەک ڕێگەیەک بۆ دروستکردنی دەسەڵاتێکی هاوشانی دەسەڵاتی شار لە چوارچێوەی مەرجەکانی خودی سیستمی سیاسی. ئەم چینە هیچ گرنگی بە مانەوەی هەلومەرج و باشترکردنی نادات، بەڵکو مەبەستێتی ڕۆڵی سیاسی خۆی جێگیرتر بکات بە سوودوەرگرتن لەو هەلومەرجەی ڕەخسێنراوە. لێرەوە هەڵدەستێت بە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی شێوەی کۆن لە گوتاری دژ بە بەهاکانی نوێگەری و دیموکراسی.

لێرەدا لە چوارچێوەی دەسەڵاتی پیاوانی ئایینی لەسەر کۆمەڵگە و ویژدانی تاک دەپرسین، سنووری شەرعی و یاسایی بۆ سەروەری ڕوحی و ئاکار تا کوێیە؟ ئایا دەکرێت لە پەنای ئازادی دیموکراسیدا خۆمان حەشار بدەین بە مەبەستی سەپاندنی بیروباوەڕە دواکەوتووەکان، ئەو بیروباوەڕانەی کە ڕێگری دەکەن لە گەشە و پەرەسەندن لەگەڵ دیموکراسی نایەنەوە؟ لە کوێدا دەبێت سنوور دابنێین و چۆن دەکرێت گونجاندن بکەین لە نێوان ئازادی بیروڕا و پەرستن و لە نێوان سەربەخۆیی ویژدانی تاک و ئازادی بیروباوەڕ لە لای هاووڵاتییان؟ لە کوێ دەسەڵاتی دامەزراوەی ئایینی و پیاوەکانی دەستپێدەکات و لە کوێدا کۆتایی پێدێت؟ تا چەند دەستکراوە بێت لە کردار و بۆچوون و شێوازەکانی بانگەشەکردن بۆ خۆی و لە کوێ ڕێزی کۆمەڵگە و تاک دەستپێدکات؟ بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە بە ئەگەری زۆر هەموو شتێک یەکلایی دەبێتەوە.

هەر یەک لە تاک و دامەزراوەی ئایینی دەتوانێت پیادەی ڕۆڵە دادپەروەرانەکەی بکات ئەگەر بتوانێت ئەوەی خۆی بپارێزێت بۆ خۆی بە بێ ئەوەی هەژموونی خۆی بە زۆر بسەپێنێت. بەم شێوەیە تاک ئازادە لەوەی باوەڕ بەچی دەهێنێت و دامەزراوەی ئایینیش مافی خۆیەتی لە چوارچێوەی تایبەتی خۆی بانگەشە بۆ بیروبۆچوونەکانی بکات بە بێ بەکارهێنانی زۆر و خۆهەڵقورتاندن لە بیروباوەڕی ئەوانی تر و بەرژەوەندییەکانیان.

## دامەزرێنەرانی ئیسلامی سیاسی تورکی خواستی خۆیان نەشاردووەتەوە بۆ ئیسلامێک کە تایبەتمەندی نەتەوەیی هەبێت

## کۆتایی

بەپێی ئەوەی کە خرایە ڕوو، بنەما ستراتیژییەکانی گوتاری ئیسلامی بە شێوەیەکی گشتی نایەتەوە لەگەڵ هیچ گوتارێکی نەتەوەیی و شوناس و پابەندبوون بە نەتەوەوە. ئەو سەرچاوانەی ئەم گوتارە سەرچاوەی لێوەردەگرێت، مانای سیاسی نەتەوە لە مانای ئایینیدا کورت دەکاتەوە و گرووپێکی ئایینی دروست دەکات کە لە ڕووی ئایینییەوە یەکڕیزە، لەسەر بنەمای دەمارگیری ئایینی دامەزراوە، نەوەک هاووڵاتیی بوون و دڵسۆزی بۆ نیشتمان و نەتەوە. بەم پێیە بە هیچ شێوەیەک ناکرێت قسە لەسەر مافی کەمینە ئایینییەکان و بیروباوەڕە جیاوازەکان بکرێت کە بە تێکڕایان پێکهێنەری نەتەوەن، بەمەش هەر هەوڵێک بۆ قسەکردن لەسەر یەکسانی لە کۆمەڵگە لە نێوان ئایین و ئایینزاکان لە دەست دەچێت.

ئەم پێشەکییانە دژ بە تەواوی شێوەکانی شوناس و کۆمەڵگە نوێکانە کە زۆرێک لە موسڵمانەکان وەک بوون لە ژێر دەسەڵاتی "جاهلی" ناوزەدی دەکەن، لە کاتێکدا ئەو کۆمەڵگەیەی کە وێناکراوە لەم گوتارەدا و ئەوان هەوڵی بەدەستهێنانی دەدەن لەسەر بنەمای بیروباوەڕی ئایینی بوونیادنراوە و هەر لەسەر بنەمای ئەوەش پێناسە دەکرێتەوە، نەوەک لەسەر بنەمای پابەندبوون بە خاک و کولتوور و زمان، بەم شێوەیە ئەم گوتارە نایەتەوە لەگەڵ هیچ جۆرە پێناسەیەک بۆ چەمکی گەل و گرووپی نەتەوەیی و دەستەواژەکان دیکەی گوتاری نەتەوەیی، ویستی نەتەوەیی، دەوڵەت، گەل، ویستی نەتەوە، هاووڵاتی بوون، سەروەری و ... هتد.

پێکهاتەی ئاگایی نەتەوەیی لەسەر بنەمای نەتەوە دروست دەبێت و پێکدێت لە ڕەگەزگەلێکی وەک ویستی هاوبەش، زمان، کولتوور و نەریتی هاوبەش، مێژوو، بە تێکەڵبوونی ئەم بەهایانەش، یاخود

هەندێکیان ئاگاییەکی هاوبەش دروست دەبێت بە چارەنووس، کە بەرژەوەندییە مادی و سیاسییەکان بەهێزتری دەکات و هەستکردن بە پابەند بوونی نەتەوەیی لە شێوە سەرەتاییەکەیەوە دەگوازێتەوە بۆ ئاگاییەکی سیاسی قووڵ و چڕ بە هاوپشتی کۆمەڵایەتی لە بوونی بە هێزەوە وەک ئاگایی پابەندبوون بە نەتەوەوە.

لە بەرامبەردا گوتاری ئیسلامی سیاسی لەپێشترین کاری بریتییە لە پابەندبوون بە ئایین و ئایینزاوە و هەموو جۆرە پابەندبوونێکی دیکە ڕەتدەکاتەوە، ئیسلامییەکان دەڵێن کەسی موسڵمان هێندەی پابەندبوونیان هەیە بە نەتەوەی موسڵمان، هێندە پابەندبوونیان نییە بۆ وڵات، یا نەتەوەیەکی دیاریکراو، هەروەها موسڵمانەکانیش بە نابەدڵییەوە باس لە پابەندبوونە نەتەوەییەکانیان دەکەن.

بەم شێوەیە ئەم گوتارە لەسەر بنەمای باوەڕ بە بوونی ئاگاییەکی ئیسلامی جێگیر و نامێژوویی بوونیادنراوە، کە دەتوانێت تەواوی نەتەوە و گەلە موسڵمانەکان کۆنترۆڵ بکات و یەکیان بخات لەسەر بنەمای پابەندبوون بە نەتەوەی ئیسلامییەوە، هەر بۆیە ئەم جۆرە گوتارە ناتوانێت شێوەکانی ئاگایی هاوچەرخ لێکبداتەوە و دانی پێدا بنێت، ئیسلامییەکانی کوردستانیش ئەستەم دەبێت بۆیان کە لەمانای شۆڕشەکان تێبگەن، وەک شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، یاخود شۆڕشەی شێخ سەعیدی پیران و ... هتد و تەنها پێیان وایە کە ئەو شۆڕشانە ئایینی بوون، نەوەک نەتەوەیی و ئامانجیان سەرخستنی ئیسلام بووە تەنها لەبەر ئەوەی کە پاشخانێکی ئایینییان هەیە.

گوتاری ئیسلامی سیاسی لە سەر بنەمای گرنگی دان بە پرۆژەی نەتەوەی ئیسلامی و یەکڕیزی موسڵمانان لە ڕووی سیاسییەوە دامەزراوە لە ژێر دەسەڵاتی خیلافەتدا و لە بەرامبەردا تەواوی پرۆژە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دیکە ڕەتدەکاتەوە بۆ ڕزگاربوون و هیچ جۆرە بایەخێکی پێنادات و قوربانی گەلان بۆ بە دەستهێنانی ئازادی لەبەرچاو ناگرێت و بەهای پێنادات و دروشمی "ئیسلام چارەسەرە" کە ڕەوتە ئیسلامییەکان بەرزی دەکەنەوە، ڕەوایەتی وەردەگرێتەوە لە بەرامبەر هەر خواستێکی نەتەوەیی و سیاسی و کۆمەڵایەتی جا لەژێر هەر ناوێکدا بێت.

ئەو کێشەیەی کە گوتاری ئیسلامی سیاسی هەیەتی بەرامبەر بە پرسی نەتەوەیی لەو باوەڕەوە سەرچاوەی وەرگرتووە کە دەوڵەتی نەتەوەیی هۆکاری سەرەکی دابەشبوونی خیلافەتی ئیسلامی و دواجار هەرەسهێنانی بووە. حەسەن بەننا و پەیڕەولێکەرانی پێیان وابوو کە سەرروەربوونی جاهلییەت دەرەنجامی نەمانی دەسەڵاتی ئیسلامییەکان بووە و بە بۆچوونی ئەوان ئەو دەوڵەتە نیشتمانییەی کە پێیان گەیشتووە لە دوای کەوتنی دەوڵەتی خیلافەوە، ماکێکی

ڕۆژئاوایی و عەلمانی هەیە، بەڵام سیمای جاهلییەتی هەڵگرتووە، ئەو دەوڵەتە بێ بەرییە لە ئاکار و ئایین لە کاتێکدا کە نموونەی دەوڵەت ئیسلامی ئامانجی بەرز و باڵا و سیمای ئاکاری گەردوونی هەیە.

سەرباری ئەوەی خرایە ڕوو- بە بۆچوونی ئەوان- ئەو نموونە سیاسییە هاوردە کراوە، لەلایەن ڕۆژئاوای کافرەوە سەپێنراوە و بنەمای دەوڵەتی "تاغوت"ی کە لەسەر بنەمای شیرک و زەوتکردنی ویستی گەل دامەزراوە نەوەک ویستی خواوەند، حوکمڕانی ملکەچی یاسایە کە دروستکراوی مرۆڤە، نەوەک ملکەچی یاسا ئاسمانییەکان لە کاتێکدا ئەو یاسا ئاسمانییانە پێویستە تەنها یاسای باوبێت لە جیهاندا.

## کورد لە ڕووی مێژووییەوە ماوەتەوە بە بێ ئەوەی بتوانێت جۆرێک لە ئاگایی خۆیی-نەتەوەیی بە ئیسلام دروست بکات

لە کاتێکدا کە سیستمی دیموکراسی لە دەوڵەتی مۆدێرندا گەرەنتی بوونی پلوڕالیزمی سیاسی و جیاوازی لە بیروڕا و مافی ناڕازی بوون بەرامبەر بە سیاسەتی گشتی مسۆگەر دەکات، گوتاری ئیسلامی سیاسی داسەڵاتێکی پیرۆز دادەمەزرێنێت کە دەرچوون لێی وەک کوفر ئەژمار دەکرێت، ئەمەش دەرەنجامی باوەڕێکی هاوبەشە لە نێوان ئیسلامییەکان کە دەڵێت ئیسلام سیستمێکی سەرتاپاگیرە، ئایین و دەوڵەتە، قورئان و شمشێرە، هەروەک چۆن حەسەن بەننا لەو بارەوە فەتوای داوە دەڵێت، کە پەیوەندی ئایین بە سیاسەتەوە دەگەڕێتەوە بۆ بنەماکانی ئایین، نەک وەک ئەوەی کە شتێکی لاوەکی بێت. تێکەڵبوونی نێوان ئایین و سیاسەت و دەرەنجام دەسەڵاتی ئایینی و دەسەڵاتی سیاسی دواجار بە پیرۆزکردنی دەسەڵاتی لێدەکەوێتەوە بە شێوەیەک کە دەربڕینی هەر جۆرە ناڕەزایەتییەک بەرامبەری وەک هەڵەیەکی گەورە ئەژمار دەکرێت.

هەر لە سەرەتاوە ئیسلامی سیاسی دژ بە بنەمای دیموکراسییە کە باوەڕی بە یەکسانی هاووڵاتییان و تاکەکان هەیە لەوەی کە چۆن بژاردە سیاسییەکانیان بە شێوەیەکی ئازادانە هەڵبژێرن. ئیسلامییەکان ئەو حاڵەتە بە بیدعە دەزانن و لە بری ئەوە بنەمای شورا بەکاردەهێنن کە پێی وایە ئیسلامی سیاسی گونجاوترین نموونەی ئیسلامی باڵایە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری هاووڵاتییان و دەسەڵات. بەڵام ئەو شورایەی کە کۆمەڵە ئیسلامییەکان باسی دەکەن و بانگەشەی بۆ دەکەن، سۆزێکی هەیە بۆ شێوەیەکی سادە و سەرەتایی بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی کە زۆر جیاوازە لە کۆمەڵگە ئاڵۆز و مۆدێرنەکان و لە چەمکی ڕاوێژکاری زیاتر تێناپەڕێت، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر

ئەوەی ئایدۆلۆجیای ئیسلامی سیاسی دژ بە کاری نوێگەرییە، بە شێوەیەک کە زۆرینەی جوڵانەوەکانی ئیسلامی سیاسی پێشکەوتنی خۆیان لەوەدا دەبیننەوە کە بگەڕێنەوە بۆ سەدەکانی پێشوو بۆ سەردەمی ئیبن تەیمیە، لەو بارەوە سیوران دەڵێت: گەڕانەوە بۆ بنەماکان بنەمای بیری بنەماخوازییە کە بە پەرستنی سەرەتاکان دەناسرێتەوە، تا ئەو گەڕانەوەیەش قووڵتر بێت، بەسەر خۆدا داخران توندوتیژی زیاتر دەبێت، بیری بنەماخوازی دژ بە بیری نوێگەرییە کە توانی ڕۆژئاوا بگۆڕێت.

ئاگایی نەتەوەیی بە پێچەوانەی بیری ئایینی خواستە بۆ گەڕانەوەی بۆ گرووپی نەتەوەیی بە بێ گەڕانەوە بۆ بیروباوەڕی تاکەکان و لەو بارەوە کولتووری نەتەوەیی کە ماکێکی ئایینی هەیە ڕۆڵێکی دیار دەگێڕێت لە بەخشینی سروشتێکی ڕۆحیانە بۆ هەست کرد بە پابەندبوون و گەڕانەوە بۆ نەتەوە بە بێ ئەوەی ببێتە هۆ دابەشکردنی کۆمەڵگە.

شوناسی نەتەوەیی پەیوەندییەکی توندتۆڵی هەیە بە ئاگایی نەتەوەیی و زۆرجاریش پێکەوە یەکدەگرن و ئاگایی بە پابەندبوون دروست دەکەن، هەر بۆیە کاتێک کە دەستدەگیرێت بەسەر ئاگایی نەتەوەیی لە ڕێگەی بەلاڕێدابردن و ساختەکردنی بە مەبەستی دیکە، شوناسی نەتەوەیی ماناکەی خۆی لە دەست دەدات بۆ ئەو کەسەی کە هەڵگریەتی. لێرەوە جوڵانەوەکانی ئیسلامی سیاسی ئاگاییەک دروست دەکەن لەلای پەیڕەولێکەرانی بەو ناوەڕۆکەی کە ڕزگاربوونی تاکە کەس لەو دنیا لە ڕێگەی بێبەریبوونە لە حەز و پابەندبوونە دنیایی و کۆمەڵایەتییەکان بەدەست دێت، بەتایبەت ئەوانەی کە سروشتێکی نەتەوەییان هەیە. بەم شێوەیە ئاگایی نەتەوەیی هەر لە بنەماوە نایەتەوە لەگەڵ ئاگایی ئایینی، لەبەر ئەوەی ئاگایی ئەم دنیا گرنگی بە بەرژەوەندی و چارەنووسی هاوبەشی گرووپێکی نەتەوەیی دەدات هەر بۆیە ئاگایی نەتەوەیی هاوپشتییەکی ناوخۆیی دروست دەکات لەسەر بنەمای پابەندبوون بە کۆمەڵگەی نەتەوەیی، یاخود نیشتمانی و بەئاگابوون لە چارەنووسی هاوبەشی گشتی بە بێ ئەوەی گرنگی بە جیاوازییە ئایینییەکانی کۆمەڵگە بدات.

**ئیسلامی شیعەی دو انزە ئیمامی، ئیسلامێکی فارسی نەتەوەییە کە خاوەن سروشتێکی نەتەوەیی تایبەتە و تایبەتە بە مێژووی گەلێک و شوناسێکی نەتەوەیی**

بەمشێوەیە ئاگایی نەتەوەیی بایەخێکی سەرەکی دەدات بە یەکڕیزی کۆمەڵگە و لە هەمان کاتدا خۆی بەدوور دەگرێت

لە جیاوازییە ئایینییەکان لە کۆمەڵگە لە ڕێگەی دان پێدانان بە یەکسانی تاکەکانی لە پێگە و ڕۆڵ و ماف و ئەرکەکاندا، لە کاتێکدا کە گوتاری ئیسلامی سیاسی خواستی هاوپشتییەکی ئاسۆیی سەروو نەتەوەییە لەسەر بنەمای باوەڕی ئایینی هاوبەش لەسەر ئاستی ناوخۆ و جیاکارییەکی ستونی دەکات لەسەر بنەمای شوناسی ئایینی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا و لەسەر بنەمای گونجانی ئایینی کار لەسەر شوناس دەکات و هەر لێرەوەیە کە دەتوانین تێبگەین لەوەی کە بۆچی گوتاری ئیسلامی ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە دان بە پلوراڵیزیمی ئایینیدا بنێت لە کۆمەڵگەدا.

گوتاری نەتەوەیی بایەخێکی زۆر دەدات بە زمانی نەتەوەیی هاوبەش، کە لەخۆگری ئاگایی گەلە بە شوناسی خۆی و گوزارشتە لە یادەوەری دەستەجەمعی، لە کاتێکدا کە گوتاری ئیسلامییەکان پیرۆزییەکی زۆر دەدەن بە زمانی عەرەبی بەو پێیەی کە زمانی قورئانە و باڵاترە لەچاو زمانی گەلە موسڵمانەکان. لێرەدا جێگەی خۆیەتی کە ئاماژە بە وتەی یەکێک لە سیمبولەکانی ئیسلامی سیاسی بە ڕەچەڵەک کورد بدەین بە ناوی شێخ سەعید نورسی کە بێزراوییەکی زۆر نیشان دەدات بەرامبەر بە زمانی دایکی خۆی کە کوردییە و شانازی دەکات بە زمانی عەرەبی و تورکی، هەروەک ئەوە یەکێک بێت لە مەرجەکانی خواپەرستی و باوەڕی دروست، لەو بارەوە دەڵێت: "فێربوونی زمانی عەرەبی ئەرکە و فێربوونی زمانی تورکی پێویستە، بەڵام فێربوونی زمانی کوردی ئاساییە". ئەو بیرکردنەوەیەی کە لە پشت ئەم فەتوایەوەیە لە هەستی خۆ بە کەمزانییەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە لای زۆرێک لایەنگرانی ئیسلامی سیاسی بەرامبەر بە زمان و کولتووری عەرەبی، بە تایبەت لەو کاتانەدا کە پەیڕەوی لە خو و نەریتەکانی عەرەب دەکرێت و ناوی عەرەبی بەکاردەهێنن، لەبەر ئەوەی باوەڕیان بەوەیە کە ئەو ناوانە ئیسلامین و ناوی سەحابە و سەرکردە و کەسە دیارەکانن، لە ڕاستیشدا ئەو ناو و ڕەفتارانەی کە بەکار دەهێنرێتەوە تێکڕایان ئیسلامی نین، بەڵکو سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش ئیسلام کە دواتر لەلایەن شارستانییەتی ئیسلامییەوە وەرگیراوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە لێرەدا هەر ئەو کەسانەی کە بە شێوەیەکی گشتی دژ بەو کولتوور و نەریتەن و پێیان وایە کە دژ بە کولتووری ئیسلامی و ڕەفتاری موسڵمانە، هەوڵدەدەن لە بەرامبەردا کولتوور و ڕەفتار و جلوبەرگ و ناوی خۆیان بسەپێنن کە لە مێژووی عەرەبەوە وەرگیراوە و وەک ئیسلامی و پیرۆز ناوی دەهێنن. بەم شێوەیە لە کاتێکدا کە گوتاری نەتەوەیی شانازی بە میراتی کولتووری نەتەوەیی خۆیەوە دەکات (میراتی دەماودەم، هونەری مۆسیقا، داستانی میللی و ئەفسانەکان، نەریتە

نەتەوەییەکان و بۆنە و جەژنەکان) کە یادەوەری نەتەوە دروست دەکات، شوناسی نەتەوەیی دادەڕێژێت، کۆمەڵە ئیسلامییەکان بێزراوی خۆیان لەو بارەوە دەردەبڕن و هیچ دوودڵ نابن لە تەکفیرکردنی.

لە خوێندنەوەشیان بۆ مێژوو، ئیسلامی سیاسی مێژووی ڕاستەقینەی گەلانی موسڵمان کورت دەکەنەوە لە مێژووی ئیسلامدا، هەر بۆیە جگە لەو سەردەمەی کە موسڵمان بووە هیچ شتێکی دیکە نابینن کە شایانی بایەخ پێدان بێت هەر بۆیە ئەوەی پێش ئیسلام کراوە بە جاهلی ناوزەدی دەکەن بە شایانی ئەوەی نابینن کە گرنگی پێبدرێت و کار لەسەر سڕینەوەی مێژووی ئەو نەتەوانە دەکەن کە موسڵمان نەبوون، وەک خۆ بێبەری کردنێک لەو مێژووە.

ئیسلامی سیاسی پێی وایە تەنها خۆی ئیسلامی ڕاستەقینەیە لە کاتێکدا کە ئیسلامی ڕاستەقینە زیاترین چەمکێکە کە لە بارەیەوە هەڵە تێگەیشتن هەیە کە ناکرێت بە هیچ شێوەیەک بە پێوەرە زانستییەکان بسەلمێنرێت، بەو پێیەی کە بە ڕاست زانینی ئیسلام وەک تەنها ڕێگەی ڕاست هاوشێوەی بە ڕاست زانینی مەسیحیەتە، هەر ئایینێک بۆ ململانێی لەگەڵ ئایینەکانی دیکە پێویستی بە پاساوی ڕاستبوونی خۆی و هەڵەبوونی بەرامبەرەکەیەتی تا بتوانێت درێژە بە شەڕەکانی بدات.

بە شێوەیەکی گشتی ئیسلامی سیاسی پێی وایە کە خاوەن ڕاستی ڕەوایە لەسەر ئاستی زانین و باوەڕ و ئاکار و ئەمەش ڕاستییەکە جێگەی مشتومڕ و گومان و ڕەخنە نییە و هەر ڕکابەر و ڕاستییەکی دیکەی جیاواز ڕەت دەکرێتەوە و کەنار دەخرێت، ئەمەش تەنها بژاردەیە لە بەرامبەر بە بیروباوەڕە ڕکابەرەکان، ئەم بیرکردنەوەیەش پشت بە پیرۆزییەکی بە میراتی وەرگیراو دەبەستێت کە دژ بە کرانەوە و لێبوردەیی مرۆڤایەتی و پێشکەوتنە.

## جۆرێک لە توندڕەوی سیاسی و بە مەبەست هەیە لە کاتی بەکارهێنانی چەمکی تیرۆر لە توندوتیژی ئایینیدا

لێرەوەیە کە کەسە ڕووناکبیرەکان ئەوانەی کە باوەڕیان بە پلورالیزم و یەکسانی هەیە خۆیان وەک نەیارێکی سەرسەختی ئیسلامی سیاسی دەبیننەوە، لێرەدا مەبەست لە ئیسلام نییە وەک باوەڕێکی تاکە کەسی. هەڵوێستی بێلایەنانەی کەسی ڕووناکبیر بەرامبەر بە ئیسلام چۆنە، بەرامبەر بە ئایینەکانی دیکەش هەروەهایە، نموونەی مەسیحیەت، زەردەشتی، جولەکە، بوزایی و تەواوی ئایینەکانی دیکە. کەسی ڕووناکبیر دژ بە ئیسلامی سیاسییە، لەبەر ئەوەی

ئەو ئیسلامە خراوەتە خزمەت ئامانجی مرۆڤەوە، نەوەک خواوەند.

**کەسی تیرۆریست، لەبەرئەوەی تیرۆرست نییە کە باوەڕی بە ئایینێکی دیاریکراو هەیە، بەڵکو لەبەرئەوەی لە هەلومەرجێکدا گیرساوەتەوە کە هانی تیرۆرو دژایەتی دەدات**

بەڵێ کەسی ڕووناکبیر نەیاری ئیسلامی سیاسییە، لەبەر ئەوەی ئەو ئیسلامە تەنها ئایدۆلۆجیایەکی مرۆڤە و دژ بە مێژوو، پلوڕالیزم، دیموکراسی و یەکسانییە. ئیسلام وەک ئایین و پەیام و سروش، بێبەرییە لە مەبەستی هەرکەسێک کە خوازیاری گەیشتنە بە دەسەڵات بە بیانووی ئیسلامەوە. بەڵێ کەسی ڕووناکبیر دژ بە ئیسلامی سیاسییە، لەبەر ئەوەی ئەو کەسانە خۆیان لە جێگەی خوا دادەنێن و چارەنووسی مرۆڤ و بەرژەوەندییەکانیان دیاری دەکەن لە کاتێکدا کە خودی پێغەمبەر (د خ) ئەو مافەی بەخۆی نەداوە. لە ڕاستیدا کاتێک کە پیاوی ئایینی باس لە سیاسەت دەکات و پیادەی دەکات، ئەو کاتە ئایین لەلای ئەو دەبێتە دووڕوویی. پێویستە هەموان ئەو ڕاستییە بزانن کە ئەرکی سیاسەت ئەوە نییە بەزۆر خەڵکی ڕەوانەی بەهەشت بکەن، یاخود بە زۆر ڕێگری لە چوونی خەڵکی بکەن بۆ ناو دۆزەخ، سیاسەت بەڕێوەبردنی کاروبارە دنیاییەکانی مرۆڤە لە ڕێگەی مرۆڤ بە مرۆڤ خۆیەوە، لەبەر ئەوەی مرۆڤ بۆ خۆی باشتر بە ئاگایە لە کاروبارە دنیاییەکانی خۆی.



# گفتوگۆ

# ئاییناسی



# سۆفیگەری و لێبوردەیی

## گفتوگۆی: ئارام مەحموود ئەحمەد

عەبدوڵڵا محەممەد مەحموود محەممەد قەرەداغی، توێژەر و لێکۆڵەری سۆفیگەری، لەم گفتوگۆیەدا باس لە سۆفیگەری لە کەلەپووری ئیسلامی، هەروەها لە کوردستان دەکات و پێیوایە پەرەسەندنی سۆفیگەری و بڵاوبوونەوەی لە کوردستاندا، بێ هیچ جۆرە دوودڵی و گومانێک لەسەر دەستی مەولانا خالیدی نەقشبەندی ١١٩٣ – ١٢٤٢ ک، بووە.

لە بارەی سەلەفییەتیشەوە دەڵێت "گەورە سۆفییان هەمیشە لە هەر کەسێکی دیکە سەلەفیتر بوون. لە قورئان و فەرموودەدا باس لەوە دەکرێت کە پشتەملە باسی کەس نەکرێت، ئەگەر تۆ هەموو موسڵمانێکی دیکە بە (بیدعەکار، کافر) بزانیت، چۆن سەلەفیت؟

.

## ئایینناسی: پێگەی سۆفیگەری لە کەلەپووری ئیسلامیدا چۆنە و لە چ ئاستێکدایە؟

عەبدوڵڵا محەممەد: ناکرێ بێ ئاوڕدانەوە لە چەمکی خودی سۆفیگەریی ڕاستەقینە وەڵامی پرسیارێکی ئاوەها بدرێتەوە. ئەم بوارە هەرە بەرجەستەیەی ئاراستەی ڕۆحیی ژیانی تاک وکۆمەڵ لە جیهانی ئیسلامیدا، وەکو هەموو بوارەکانی دیکە، بە هۆی برەوپێدانی لەلایەن توێژێکی ئێجگار کاریگەری کۆمەڵەوە، ڕووبەڕووی دەیان شێوازی جۆربەجۆری شێواندن بووەوە. بۆیە پێویستە ئاراستە ڕاستگۆ و ڕاستەقینەکە لە خەڵتە و ئاراستە چەواشە و ناڕەسەنەکان جودا بکرێتەوە. سۆفیگەری لە جەوهەرە ڕاستەقینەکەیدا، پێش هەر شتێکی دی، کاردانەوەی توندی خەڵکانێکی پابەند بە بنەما هەرە گرنگەکانی ژیانی بنیاتنراو لەسەر کۆڵەکە گرنگەکانی هەماهەنگبوون لەگەڵ کۆمەڵی خاوەن پەیام (المجتمع الرسالي)ە. بۆیە، هەر لێکدانەوە و ڕەفتارێکی دوور و بەدەر لەمە، نە دەکرێ بە شیاو بزانرێت و نە جێی متمانەیە. سەرچاوە بنەڕەتییەکانی خودی گەورە سۆفییان لە دووەمین سەدە (نەک لە سێیەمین)ی کۆچییەوە، وەکو خەڵکانێک بێ گەڕانەوە بۆ مێژووە ڕاستەقینەکە و بە پشتبەستن بە سەرچاوەی بێ بنەما و نووسراو لە سەدان ساڵی پاش سەرهەڵدانیدا، دووبارە و سێبارەی دەکەنەوە، سەرچاوە متمانە پێکراوەکانی مێژووی ئەو جموجۆڵە ڕۆحییە، کە لە چوارەمین سەدەوە دەست بە نووسینیان کرا، تێکڕا جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکەنەوە و ئاماژەش بۆ ئەوە دەکەن کە متمانەپێکراوترین لێکدانەوەی وشەی (صوفي) عەرەبی ئەوەیە کە لە وشەی (صوف – خوری) یەوە هاتبێ و ئەو جۆرە پۆشاکەش کە هەم زبرە و هەم زووش ئارەقە بۆنی ناخۆشی بۆ دروست دەکات. یەکەمین کەسانێک لە مێژووی ئیسلامدا ئەو جۆرە پۆشاکەیان بەکارهێنابێت ئەو یار و یاوەرە کۆچکردوو (مهاجر)انەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بوون، کە هەر هیچیان نەبوو، تەنانەت هاوسەریش، پێغەمبەر خۆی چاودێریی دەکردن و لە شوێنێکی مزگەوتەکەیدا لە مەدینە کە بە (الصفة) دەناسرا، شوێنی بۆ دەستنیشان کردن، بۆیە ناوی (أصحاب الصفة)یان لێنرا. یەکێک لە لێکدانەوەکانی وشەی (صوفي)ش ئەوەیە کە لە (أصحاب الصفة)ەوە وەرگیرابێ.

بەهەر حاڵ، ساکاریی ژیانی پێشەنگانی ئیسلام لە هەردوو ڕووی پۆشاک و خۆراکەوە تەنها بەو هەژارانەی مزگەوتی شاری مەدینە-وە نەبەسترابووەوە، بەڵکو خودی پێغەمبەر و تەنانەت یار (أصحاب)ە دەوڵەمەندەکانیشی هەر پۆشاکی ئاساییان لەبەر کردووە و خۆراکی ئاساییان خواردووە. تەنانەت خودی

پێغەمبەریش پتر خۆراکی بریتی بوون لەوەی بە (الأسمرین) ناو دەبرێت، واتە تەنها خورما و ئاو.
لە پاش کۆچی دوایی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) و لەگەڵ دەستپێکردنی فتوحات و داهاتی زۆری دەستکەوت (الغنائم) کەسانێک لەنێو سوپای ئیسلامدا، بەڵام نەک یارە نزیک و پێشەنگەکانی ئیسلام، کەوتنە ژێر کاریگەریی ئەو لایەنە هەلخەڵەتێنەرەی ژیانی ئارەزووە دنیاییەکان و بەوەش ئەرکە لەپێشینەکان و بنەماکانی ئیسلامەتی و خواپەرستی تا ڕادەیەکی زۆر پشتگوێ خران. لە سایەی هەردوو جێنشینی (خیلافەت)ی ئومەوی و عەباسیدا ئەو لایەنەی دنیاخوازی، بەتایبەت لە دەرباری خەلیفەکاندا، زێدەڕۆیی گەورەی تێدا کرا و دەرەنجام بووە مۆرکێکی سەرەکی تێکڕای ژیانی خۆشگوزەرانانی جیهانی ئیسلام و ئەمەش بووە مایەی ڕاچڵەکانی پێشەنگانی دەست لە دنیا داشۆردن (الزهد) و ئەو وەرچەرخانە گەورەیەی لە ژیاندا وەدییان هێنا.
بە لای پێشەنگانی سۆفیگەرییەوە ئەو ئاڕاستەیەی بەسەر ژیانی دنیاخوازان و هاوشێوەکانیاندا پەلیان هاویشتبوو، بە پشتکردن لەو ئایەتەی قورئانی پیرۆز {قل إن كان آباؤكم وأبناؤكم...، التوبة ٢٤}، تا کۆتایی ئایەتەکە، واتە: (پێیان بڵێ ئەگەر باوباپیرانتان و منداڵەکانتان و براکانتان و هاوسەرەکانتان و خێڵ و تیرەکانتان و ئەو سامانەی وەدەستتان هێناون و ئەو بازرگانیانەی لە مایەپووچبوونی دەترسن و ئەو خانووبەرەیەی پەسەندتان کردوون لە خوا وپێغەمبەرەکەی و جیهادکردن لەپێناویدا خۆشەویستترن، ئەوا چاوەڕوان بن تا فەرمانی خواتان بۆ دێتە ئاراوە و خواش ڕێنوێنیی لە فەرمانی خوا دەرچوان ناکات). لە ڕوانگەی ئەم ئایەتە و ئایەتی {آل عمران ٣١} ەوە سۆفییان ئەو قەناعەتەیان لا چەسپا کە ئەو مرۆڤەی دنیای خۆش بوێ، جێگەی خۆشەویستیی خوای تێدا نابێتەوە، چونکە جێگای دوو خۆشەویست لە هەمان دڵدا نابێتەوە.
جگە لە ئەمەش، خۆشەویستیی خوا، خۆشەویستیی پێغەمبەر و پیاوچاکان و تەنانەت هەموو بوونەوەرێکیشی تێدایە، بەو مانایەی هەر بوونەوەرێک بەڵگەی خوایە و کەس بۆی نییە بە غەیری ئەوەی بۆ کارێکی سوودبەخش بۆ هەموو مرۆڤایەتی، هەر جۆرە دەستکارییەکی تەنانەت بەردێک، یا پووشێکیش بۆ بەرژەوەندی خۆی بکات.
ئەمە ڕاستییەکانی ئەم بزاڤەیە. پێمواییە هەر ئەمەش دەتوانێ، نەک تەنها پێگەی سۆفیگەری لە کەلەپووری ئیسلامدا ڕوون بکاتەوە، بەڵکو ئەو هۆکارە ڕاستەقینانەش بخاتەڕوو کە بۆچی کەسانێکی دنیاخواز لە دڵەوە ڕقیان لێیەتی و چۆن و بە چ شێوەیەک توێژێکی ئەو جۆرە کەسانە هەوڵیان

داوە سۆفیگەری بکەنە پەردەپۆشی نیازەکانیان و ڕازاندنەوەی خۆیان و شێواندنی سۆفیگەری لەو ڕێگەیەوە.

## متمانەپێکراوترین لێکدانەوەی وشەی (صوفي) عەرەبی ئەوەیە کە لە وشەی (صوف – خوری)یەوە هاتبێ

## ئایینناسی: کورد چ بەشدارییەکی لە پەرەدان بە بیری سۆفیگەری لە کەلەپووری ئیسلامیدا کردووە؟

عەبدوڵڵا محەممەد: ئاسان نییە تێکڕای سەرەدەزووەکانی ئەم لایەنە بخرێنە ڕوو. ئەوەی بە دڵنیاییەوە بیزانین زۆر جیاوازە لەوەی بە مەزەندە بگوترێ. ئەم کێشەیە لەوەدایە کە کەسانێک لەخۆڕا باس لە کوردبوونی چەندین گەورە سۆفی دەکەن بێ ئەوەی خۆیان بە دۆزینەوەی سەرچاوەی متمانە پێکراوی ئاماژە کردوو بۆ ئەو مەسەلەیەوە خەریک بکەن. خەڵکانێک هەن لە نێوان یاران (أصحاب)ی پێغەمبەر کە بە دەست لە دنیا داشۆردوو (زاهد) دادەنرێن، لەوانەش جابان الكردي، بەڵام لە سەردەمی ئەودا نە سۆفیگەری سەریهەڵدا بوو، نە کەسیش لەبارەی سۆفیبوونی ئەووە شتێکی وتووە. (مەیموون)ی کوڕیشی، کە لە یەکەمین نەوەی شوێنکەوتوان (التابعين)ە، ئەگەرچی سەرچاوەکان بە زۆری باس لەوە دەکەن کە زۆر دیدانیی مالك بن دینار، گەورە سۆفی کۆچکردووی ساڵی ١٢٧، یا ١٣٠ی کۆچی دەکرد، ناوبراو چەندین فەرموودەشی لە (مەیموون) ەوە گێڕاوەتەوە، بەڵام بەڵگە لەبارەی سۆفیبوونییەوە نییە، ئەگەرچی هاوەڵبوونی کەسێکی وەکو ئیبن دینار، بە لای کەمەوە، بەڵگەی ئەوەیە کە ئەو کەسەی بە دڵ بووە. ئەم پەیوەندییە لەلایەن چەندین سەرچاوەوە پشتڕاست کراوەتەوە، لەوانەش، (معرفة الصحابة) ی ابو نعيم الأصبهاني، ساغکردنەوەی عادل بن يوسف العزاوي، چاپی ساڵی ١٤١٩ی کۆچی (الرياض) سعودیە، بەرگی ٦ ل ٣٠٧٣. لە کتێبی (تاريخ إربل)ی إبن المستوفي-دا باس لە چەندین سۆفی وەکو ( ابو العباس أحمد بن عثمان الكردي الزراري موریدی عبدالأول بن عيسى السجزي، علاء الدين علي بن آبي الفرج الكردي، أبو محمد ماجد الكردى، کە پاشتر باسێکی دیکەی لێوە دەکەین، قضيب البان و چەندین کەسی دیکە، کە پتر بە "الشهرزوري" ناویان دەبات. هەمان شت لە سەرچاوە مێژوییەکانی دیکەدا دەبینرێت. بەڵام یەکەمین گەورە سۆفی کورد کە تێکڕای سەرچاوە مێژووییە پەیوەستەکان بەو مەسەلەیەوە ئاماژەی بۆ دەکەن (تاج العارفين أبو الوفاء الكردي)یە، چ باس لە خۆی کرا بێت، یا مورید و قوتابییەکانی، زۆر بە گەورەیی

باس کراون، لەوانەش (أبو ماجد الکردي، کۆچکردووی ٥٦١ ی کۆچی)، (أبو الحسن علي ابن أبي نصر المعروف بإبن الهيتي ٤٤٤ – ٥٦٤ کۆچی)، (جاکیر محمد بن دسم الکردي، کۆچکردووی ٦٧٩ی کۆچی)، کە ئەمیش زۆر بە گەورەیی باس دەکرێت و دەیانی دیکەش. بە یەکێک لە گەورە شێخی عێراق لە سەردەمی خۆیدا و سەرۆکی سۆفیان ناوبراوە. ئەم گەورە پیاوە، سەرەڕای ئەوەی هەشتا ساڵێک ژیاوە، کەچی هێشتا چوار، یا پێنج ساڵ پێش ئیمامی غەزالی (ابو حامد محمد بن محمد، ٤٥٠ – ٥٠٥) کۆچی دوایی کردووە، واتە بە گەورەترین سۆفی پێنجەمین سەدەی کۆچی و گەورەترین دوا سۆفی پێش داهاتنی تەریقەتەکان دادەنرێ. تەنها پاش (أبو الوفاء) شێخ عەبدولقادری گەیلانی، ٤٧٠ – ٥٦١ ک، بووە گەورە قوتبی سۆفیانی عێراق. لە بواری دەربڕینی ڕۆڵی بابایەکان، پاش ئەوەی باس لە تەریقەتی سەفەوی دراوەتە پاڵ شێخ سەفیەدینی ئەردەبیلی ٦٤٩ – ٧٣٤ز، ١٢٥٢ – ١٣٣٤ ک، کە لە بناغەدا کورد بوو، بەڵام بە تورک باس دەکرێ، ڕۆژهەڵاتناس ج. سپنسەر ترینینگهام، لە کتێبی تەریقەتە سۆفییەکان لە ئیسلامدا J. Spencer Triningham, The Sufi (Orders in Islam لاپەڕە ٧٠ بە پیری کورد Kurdish Saint ناوی تاج العارفين أبو الوفاء دەبات.

لە پاش ئەم پیاوەوە سەرچاوەکان باسی (ابو العباس الخضر بن عقيل الأربلي، ٤٧٨ – ٥٦٧ ک، دەکەن. ئەم پیاوە لەسەر دەستی دوو زانای گەورەی قوتابخانەی نیزامیەی بەغدا (أبو بکر محمد بن أحمد بن الحسين بن عمر، الشاشي القفال، ٤٢٩ – ٥٠٧ ک، ی هاوڕێی ئیمامی غەزالی و (أبو الحسن عماد الدين علي بن مپمد بن علي الطبري، ناسراو بە الکيا الهراسي ٤٥٠ – ٥٠٤ ک) خوێندنی تەواو کرد و پاش گەڕانەوەی بۆ هەولێر، لە قەڵا قوتابخانەیەکی دامەزراند، کە بە هەر سێ ناوی (القلعة، العقيلية، مدرسة الخضر بن عقيل)یش باسی لێوە دەکرێ. زۆربەی هەرە زۆری بەڵگەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەم قوتابخانەیە بناغەی (حوجرە – قوتابخانەی ئایینی) بووبێ لە کوردستاندا. ئەگەرچی هیچ بەڵگەیەکمان لەبارەی سۆفیبوونی ئەم پیاوەوە لەبەردەستدا نییە، بەڵام بەوەی هەردوو مامۆستاکەی سۆفی بوون، بەوەش کە سۆفیگەری لە کوردستاندا باڵی بەسەر خوێندنی حوجرەدا کێشا بوو، ئەوا گومان بۆ ئەوە دەچێ کە لانی کەم هاوسۆزی سۆفیگەری بووبێ، بە تایبەت لەبەر ئەوەی هەمان مەزهەبی شافیعی کە لە نیزامیەی بەغداوە وەریگرتبوو، بووە مەزهەبی خۆی و خوێندنی ئایینی پاشتر لە کوردستاندا بە گشتی.

بەڵام پەرەسەندنی سۆفیگەری و بڵاوبوونەوەی لە کوردستاندا، بێ هیچ جۆرە دوودڵی و گومانێک لەسەر دەستی

مەولانا خالیدی نەقشبەندی ١١٩٣ – ١٢٤٢ ک، بووە. هەڵبەتە ئەو بزاڤە لەسەر دەستی شێخ مارفی نۆدێ ١١٦٦ – ١٢٥٤ ک، لە کوردستاندا پێشتر بووژابووەوە، بەڵام ئەو گەشەسەندنەی لەسەر دەستی مەولانا خالید، زۆر بەرفراوانتر بوو لەوەی ئەو. لای مەولانا لقە تەریقەتی ناسراو بە (خالیدی – دراوەتە پاڵ مەولانا خالید خۆیەوە)، نەک تەنها لە کوردستان و عێراقدا، بەڵکو لە سەرجەمی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆری عوسمانی، باکووری ئەفەریقا، ئاسیای ناوەڕاست، باکووری قەوقاز، تەنانەت چین-یشدا بڵاوبووەوە. لە جیهانی ئەمڕۆشدا، هەر بە هۆی ئەو پێگە بەهێزەی مەولاناوە، جموجۆڵێکی ئەکادیمی زانستیی گەورە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەشێکی بەرچاوی ئەوروپا، بەتایبەت بەریتانیا، فەرەنسا، هۆڵەندا و وڵاتانی دیکەدا هەیە.

## سۆفییان ئەو قەناعەتەیان لا چەسپا کە ئەو مرۆڤەی دنیای خۆش بوێ، جێگەی خۆشەویستیی خوای تێدا نابێتەوە

لە بواری کاریگەریی خالیدییەت بەسەر بزاڤی سیاسیی کورد لە باکوور و باشووری کوردستان و تەنانەت بەسەر باکووری قەوقاز، بەتایبەت داغستاندا بەرچاوە و هەر لە سۆنگەی ئەمەشەوە پەیوەندی و نامەکاری لە نێوان شێخانی نەهری-ی باکووری کوردستان و ڕێبەرانی بەرهەڵستکارانی داغستاندا هەبووە.

## ئایینناسی: بیری سۆفیگەری و بوونیادی ڕۆحی تاکی کورد لە کوێدا کۆک و تەبا و لە کوێدا ناکۆکن؟

عەبدوڵڵا محەممەد: جارێ ئاسان نییە باسی بوونیادی ڕۆحیی هەر تاکێکی کورد بکرێت، چونکە، ئەگەر باسی لایەنی ڕۆحیی بایەخدانی زۆرینەی تاکی کورد بکەین، ئەوا دەبێ باسی بایەخدانیان بە ئەدەب و هونەر بکەین، چ وەک بەشدار و چ وەک چێژوەرگر. زۆر زۆریش هەن کە ئەوەشیان تێدا بەدی ناکرێت.

لەمە بەولاوە، ئەوانەی گوایە بایەخ بەو لایەنەش دەدەن چەند جۆرێکن:

- ئەو کەسانەی سۆفیگەری تەنها وەکو ئاراستەیەکی ڕۆحی، یا تەنانەت ڕووناکبیری سەرنجی ڕاکێشاون. ئەمانەش هەیانە شتێکی لێ دەزانن، بەڵام پتر لە سەرچاوە لاوەکییەکانەوە ئاشنای بوون، تەنانەت هی واشیان هەیە تەنها بابەتە بێسەروبەرەکانی فەیسبووک و سۆشیاڵ میدیای دیکە، یا ئینتەرنێت سەرچاوەی تێکڕای زانیارییەکانیانە.
- ئەوانەی خۆیان ماندوو کردووە، بەڵام لەڕووی زانستییەوە پشت بە میتۆدۆلۆژییەکی تۆکمە نابەستن و کەمتریش پابەندیی ڕۆحیی ڕاستەقینەیان

هەیە. بەشێکی باشی ئەمانەش تەنها بازرگانی بە سۆفیگەری و لافی ڕۆحییەوە دەکەن و فریان بە هیچ شتێکی کردەکی و تیۆریشەوە نییە.
- ئەوانەی جۆرە سۆزێکیان هەیە، بەڵام هێندە پەروەردەیان نەکردووە کە ببێتە مایەی دروستبوونی ئەزموونی کردەکی.
- ئەوانەی پابەندییان بەهێزە، بەڵام پاشخانی زانستییان لاوازە. لەم بەشەدا خەڵکانێکی جیاواز هەن کە پابەندییەکانیان بووەتە مایەی ئەوەی چاویان بەسەر شتەکاندا بکرێتەوە، یا بە دارشتنی سۆفییانە: چاوی دڵیان کراوەتەوە. بەڵام هەر پێویستیان بە ئاشنا بوون بە بنەما گرنگەکان هەیە.

## کەسانێک لەخۆڕا باس لە کوردبوونی چەندین گەورە سۆفی دەکەن بێ ئەوەی خۆیان بە دۆزینەوەی سەرچاوەی متمانە پێکراو خەریک بکەن

- ئەوانەی بە کردەوە سۆفین و خۆیان بە سەرچاوە بناغەییە ڕاستەقینەکان پەروەردە کردووە و تا ئەو سنوورەی لە توانایاندایە لە ڕێ لانادەن.
بە گشتی، لەم پۆلێن کردنەوەوە، هەرچەند درێژەپێدانی دیکەش هەڵدەگرێ، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ناکرێ هەموو تاکەکان بخەینە یەک خانەوە.

## ئایینناسی: بەر لە چەند دەیەیەك، جۆرێك لە خامۆشی لە بیری سۆفیگەری لە کوردستان دەبینرا، بەڵام ئێستا بووژاندنەوەیەك لەو بوارە بەدی دەکرێت، بە بڕوای بەڕێزتان ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟

عەبدوڵڵا محەممەد: بەکارهێنانی دەستەواژەی "بیری سۆفیگەری" بۆ ئەم شوێنە زۆر ورد نییە، چونکە بیر دیاردە نییە، تەنها دیاردەش دەبینرێت و هەستپێکراوە. ئەوەی خامۆشی باڵی بەسەردا کێشا بوو بزاڤەکە بوو. پێموایە ڕاستتر ئەوەیە بڵێین: "ئەو بزاڤە کارا نەبوو". بەڵام هێشتاش، ئەگەر ئاورێک لە شیعری کوردی بدەینەوە، هەر لە سەردەمی بابا تاهیری هەمەدانی (عوریان)ەوە، ٩٣٥ – ١٠١٠ز، بەپێی باوترین بۆچوون، دەبینین نەک تەنها سۆفیگەریی بەسەردا زاڵە، بەڵکو کرۆکی ڕاستەقینەشیەتی. ئەمە بەنیسبەت کەڵە شاعیرانی وەکو مەلای جزیری ١٥٧٠ – ١٦٤٠ز، فەقێی تەیران، ١٥٩٣ – ١٦٤١، ئەحمەدی خانی ١٦٥١ – ١٧٠٦، مەلای باتەیی، ١٦٧٥ – ١٧٦٠، شێخ عەبدوڕڕەحمانی تاڵەبانی (خالص)، ١٢١٢ – ١٢٧٧، مەولەوی، کۆچکردووی ١٣٠٠ ک، ١٨٨٣ز، مەحوی، کۆچکردووی ١٩٠٦ز، ئەوانەی پاش ئەویشەوە ڕاستە. تەنانەت شاعیرانی وەکو نالی، ١٨٠٠ – ١٨٦٥ ز، سالم ١٨٠٠ – ١٨٦٦یشەوە، کە سۆفی

نەبوون، کاریگەریی فەرهەنگ (ثقافة) سۆفیگەری بەسەر شیعرەکانیانەوە زۆر ڕوونە. هەردووک مەولانا خالید کاریگەریی گەورەی بەسەریانەوە هەبوو.

## ئایینناسی: بیری سۆفیگەری دەتوانێت چ خزمەتێك بە پێکەوە ژیان و یەکترقبوڵکردن لە کوردستان بکات؟

عەبدوڵڵا محەممەد: بیری سۆفیگەری هێندە لێبوردەیە کە جێگەی ڕقی هەرگیز تێدا نابێتەوە و هەر بوونەوەرێکیش، بە دار و بەرد و شتەکانیشەوە، گرنگیی خۆی هەیە و سۆفی ناتوانێت پشتگوێی بخات. کەواتە دەبێ بە چ شێوەیەک لە مرۆڤ بڕوانێت کە بەڕێزترین بوونەوەرە؟

## ئایینناسی: لە ئێستادا بەشێك لە بانگخوازان لەژێر کاریگەری بیری سەلەفی برەو بە ڕەتکردنەوەی ئەوی تر و تەنانەت پەنابردنە بەر تەکفیر دەبەن، بیری سۆفیگەری دەتوانێت بەسەر ئەو بیرانەدا زاڵ بێت؟ چۆن؟

عەبدوڵڵا محەممەد: ئێوە و خۆشیان، ناوی سەلەفییان بۆ بەکاربێنن، من بۆیانی بەکارناهێنم چونکە بەلامەوە "سەلەفی بوون" خەوش نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە خەسڵەتی خوازراوە لە ئیسلامدا. گەورە سۆفییان هەمیشە لە هەر کەسێکی دیکە سەلەفیتر بوون. سەلەفییەتی ڕاستەقینە پشت بە قورئانی پیرۆز بە یەکەمین پلە و بە فەرموودەکانی پێغەمبەر و سوننەتە کردەکی و وتەکانی و پاش ئەوەش بە سوننەتەکانی جێنشین (خلیفة) ڕاشیدییەکان (خوایان لێ ڕازی بێت) دەبەستێت. لە قورئان و فەرموودەدا باس لەوە دەکرێت کە پشتەملە باسی کەس نەکرێت، ئەگەر تۆ هەموو موسڵمانێکی دیکە بە (بیدعەکار، کافر) بزانیت، چۆن سەلەفیت؟ لە قورئان و فەرموودەدا غەیبزان تەنها خوایە، کە تۆ خەڵکت بە کافر کرد و کفریش کاری دڵە و غەیبە، ئایا خۆت نەکردووەتە هاوەڵ (شەریک) ی خوا لە مەترسیدارترین خاڵدا؟ خوا لە چەندین ئایەتدا، بۆ نموونە (القصص ٥٦) و (یونس ٩٩) و (هود ١١٨) و... و تا دوایی، باس لەوە دەکات کە تەنها خۆی دەتوانێت هیدایەتی خەڵکی بدات و تەنانەت داوا لە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)یش دەکات خەڵکی ناچار (إكراه) نەکات بۆ موسڵمان بوون، تۆ ئەو هەموو هاشوهووشەی هیدایەتدانەی خەڵکیت لە کوێوە هێنا؟ ئایا لە پێغەمبەر کاریگەریت زیاترە. کە خوا لە (الممتحنة ٨) دا موسڵمانان ئاگادار دەکاتەوە لەوەی ڕێگەیان لێ ناگرێ لەگەڵ ئەو کەسانەدا چاکەکار و دادپەروەر بن، کە لە دیندا بە گژیاندا نەچوونەتەوە، با کافریش بن، تۆ چۆن لەگەڵ کەسێك دڵ پڕ گومانیت کە بە تەنیشتتەوە نوێژ دەکات، تەنانەت بۆ دۆزەخیشی دەنێریت؟ کە خوا لە (النساء ٨٦)دا فەرمانت پێ دەکات کە

هەر کەسێک، تەنانەت بێ ئەوەی باسی هیچ شتێکی بکات، بە شێوەیەک سڵاوت لێ بکات، ئەوا دەبێ بە شێوەیەکی باشتر، یا لانی کەم وەکو خۆی وەڵامی بدەیتەوە، کە ئەمە فەرزە، تۆ بە چ ڕوویەک وەڵامی نادەیتەوە؟ سەرپێچی لە فەرمانی خوا دەکەیت و خۆت بە سەلەفی دەزانیت؟ ئەو ئاڕاستەیە لە سەرهەڵدانییەوە، واتە سەردەمی قەرامیتەکان (القرامطة) وە پاڵپشتی بەرژەوەندیخوازی خۆیان کردووە، تەنانەت خۆیان بە بەکارهێنانی چەکیش دەسەپێنن، دینی ئیسلام دابەش دەکەن بەسەر چەند بەشێکەوە بێ ئاگا لەوەی لەوەی لە (الأنعام ١٥٩) دا خوا بە پێغەمبەرەکەی دەڵێت: "تۆ لە هیچ شتێکدا لەو کەسانە نیت کە دینەکەیان پارچە پارچە کرد و بوونە چەند بەشێکەوە". ئەو کەسانەی فەرهەنگی ڕق و کینە لەنێو موسڵماناندا بڵاودەکەنەوە تەنها پەیامی ئاشووبیان پێیە، چۆن دەتوانن لەگەڵ لێبوردەیی، خۆشەویستی، یەکسانیخوازی و تەبایی نێو خەڵکی، کە بنەما گرنگ و بەرچاوەکانی سۆفیگەرین، بگونجێن؟ بێگومان ئەوانە بانگخوازیش نین.

## پەرەسەندنی سۆفیگەری و بڵاوبوونەوەی لە کوردستاندا، لەسەردەستی مەولانا خالیدی نەقشبەندی بووە

## ئایینناسی: سیناریۆ، یان داهاتووی بیری سۆفیگەری لە کوردستان چۆن دەبینیت؟

عەبدوڵڵا محەممەد: پێشبینی کردنی داهاتوو ئەرکی من نییە بە کارێکی شیاویشی نازانم، چونکە ئەویش هەر غەیبە. لە وەڵامی یەکەمین پرسیاردا باسم لەوە کرد کە سەرهەڵدانی سۆفیگەری کاردانەوەی ڕاستەوخۆی ئەو زێدەڕۆییە بوو کە لە دەرباری خەلیفەکانی ئومەوی و عەبباسی و لە ژیانی گشتیی دەوڵەمەندانی ئەو سەردەمەدا دەکرا. لە ئەمڕۆی کوردستانیشدا شێوەیەکی ئێجگار دزێوی زێدەڕۆیی بەدی دەکرێت و بەشێکی بەرچاوی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، بە تایبەتیش کەناڵە ئاسمانییە هەمەڕەنگەکان، بە ناوی ریکلامەوە بانگەشە بۆ هەڵفریواندنی خەڵکانی ئاسایی دەکەن بە زەقکردنی خۆشییە چاوەڕوان نەکراوەکانی تەڵە و داوی شوققە و سەیارە و کەلوپەلی نێو ماڵی بە قیست کڕدراو، کە لە ڕاستیدا تەڵەیەکی دیکەی پارە کێشانەوەیە لە خەڵکی تا ڕادەی مایەپووچ کردنیان و کەوتنە ژێر باری ئێجگار قورسی قەرزداری و دەرەنجامی نەزانراوی ئەگەری نەتوانینی دانەوەی قەرزەکان.

ئەم هەلومەرجە بۆی هەیە ببێتە مایەی ڕاچڵەکان و کاردانەوەیەکی دیکەی هاوشێوەی ئەوەی لە سەردەمی خەلیفە

ئومەوی و عەبباسییەکاندا ڕوویان دا. بۆیە گەشبینم بەو ئەگەرە.

**ئەگەر تۆ هەموو موسڵمانێکی دیکە بە (بیدعەکار، کافر) بزانیت، چۆن سەلەفیت؟ چۆن لەگەڵ کەسێك دڵ پڕگومانیت کە بە تەنیشتتەوە نوێژدەکات؟**

## پڕۆفایل

عەبدوڵڵا موحەممەد مەحموود موحەممەد قەرەداغی

ساڵی ١٩٥٧ لە شاری کفری لەدایك بووم و هەر لەو شارەش تا تەواوکردنی قۆناغی ئامادەیی بەردەوام بووم.

لە ساڵی خوێندنی ١٩٧٧ – ١٩٧٨ لە بەشی فەلسەفەی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا وەرگیرام. ساڵی ١٩٨٠ – ١٩٨١ تەواوم کرد. ساڵانی ١٩٨١ تا ڕاپەڕین پێشمەرگە بووم. سێ کتێب ونامیلکەیەکم چاپ کران.

باوکم سۆفی بوو، بەهۆی ئەوەشەوە کە لە خوێندنی فەرمیی عێراقدا سۆفیگەری بەشێکی خوێندنی ئەکادیمی فەلسەفە بوو، بە هۆی ئاشنابوونی قووڵیشمەوە بە ئەدەبییاتی فارسی، بەتایبەت شیعری سەنایی غەزنەوی، عەتتار، سەعدی، مەولانای ڕۆمی، حافظ و هی دیکەشەوە، ڕێچکەی لێکۆڵینەوەی هەمەلایەنە و پتریش ئەدەبیی سۆفیگەریم گرتەبەر، پتریش شیعری مەحوی.

تا ئێستا چەند کتێبێکی چاپکراو، پتر لەوەش دەستنووس، پتر لە سەد وپەنجا لێکۆڵینەوەی بڵاوکراوە، دەیان لێکۆڵینەوەی بڵاونەکراوەی ئامادە و تەواوکراو، یا تەواونەکراوم هەن. پتر پەیڕەوی لە میتۆدی شیکاری زانستیی پشتبەستوو بە سەرچاوە بناغەییەکان دەکەم.

لە ساڵی ٢٠٠٤وە لە کەرکووک دەژیم و لە ساڵی ٢٠٠٧وە تەنها بە لێکۆڵینەوەوە خەریکم.

# مێزگرد

# ئاییناسی

# کورد و سۆفیگەری

ئامادەکردنی: ئايينناسی

سۆفیگەری (التصوف) یەکێك لە باسە جێ مشتومڕ و گرنگەکانی جیهانی ئیسلامی، هەڵبەتە ئەم بابەتە چ لە ڕووی چەمك و چ لە ڕووی ناوەرۆکەوە چەندین لێکدانەوە و پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە، ئەمە جیا لەوەی بە دێژاریی مێژووی سەرهەڵدانی سۆفیگەری خۆمان لەبەردەم کۆمەڵێك پرسیاری جەوهەریدا بینیوەتەوە، کە هێشتا جێگەی بایەخ و لێوردبوونەوەن، هێشتا قابیلی لێکدانەوە و خوێندنەوەی نوێن، لە دیارترینیان ئەوەیە کە ئایا سۆفیگەری چ خزمەتێکی بە فیکری ئیسلامی کردووە؟ مرۆڤ سەنتەری چ پێگەیەکی لە بیری سۆفیگەریدا هەیە؟ بیری سۆفیگەری تا چەند لەگەڵ بوونیادی ڕۆحی تاکی کورد یەکانگیرە؟ ئایا لە ئێستادا بیری سۆفیگەری دەتوانێت وەڵامدەرەوەی چ پێویستییەکی ئێمە بێت، ئەمانە و چەندین پرسیاری دیکە تەوەری ئەمجارەی مێزگردی ئايينناسییە بە میوانداری بەڕێزان د. سەبور سەیوانی مامۆستای زانکۆ و توێژەر و م. کامەران مەلا ئەحمەد توێژەر.

سەرەتا بەوەی سۆفیگەری چ خزمەتێکی بە فیکری ئیسلامیی کردووە؟ مرۆڤ سەنتەری چ پێگەیەکی لە بیری سۆفیگەریدا هەیە؟ مامۆستا کامەران دەڵێت: هەڵبەت خودی پرسیارەکان وامان لێ دەکات کە ناچار بین بچین کۆمەڵێک چەمک پێناسە بکەین، یەکەمیان چەمکی سۆفیگەرییە، چەمکی فیکرە، هەروەها چەمکی مرۆڤە، هەر سێ چەمکەکە جیاوازن، چەمکی سۆفیگەری سەر بە کێڵگە و کایەی سۆفیگەری خۆیەتی، چەمکی فیکر سەر بە کایەی فەلسەفە و لۆجیکە، چەمکی مرۆڤیش لە ئێستادا سەر بە زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکانە، ئەوان پێمان دەڵێن مرۆڤ چییە؟ بەڵام من لێرە هەوڵ دەدەم هەر سێ چەمکەکە لە لای سۆفییەکان خۆیان شیبکەمەوە، چۆن ئەم چەمکانەیان پێناسە کردووە، واتە پەنا نابەم بۆ کێڵگەکانی دەرەوەی تەسەوف، ناچم لە فەلسەفە پێناسەی فیکر بێنم، یان لە زانستە مرۆڤایەتییەکان پێناسەی مرۆڤ بێنم، سۆفییەکان خۆیان پێناسەیان بۆ مرۆڤ چییە، یان سوودیان لە کێ وەرگرتووە؟

چەمکی سۆفیگەری بەپێی فەرهەنگی سۆفییەکان خۆیان کە چەندین کتێبیان لەم بوارەدا نووسیوە چەندین پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، واتە زیادەڕۆیی ناکەم ئەگەر بڵێم بە ئەندازەی ژمارەی سۆفییەکان، عاریفەکان، پێناسەمان بۆ تەسەوف هەیە، چونکە خودی تەسەوف خۆی لەسەر بنەمای ئەزموونی تاکەکەسی هەر عاریفێک وەستاوە، بۆیە ئەمەش کاریگەری دەکاتە سەر پێناسەی ئەم عاریفە بۆ تەسەوف، بەڵام ئەوەی کە زۆر زۆر باوە دوو کێڵگە هەیە، دوو کایە هەیە کە تەسەوف تێیدا گرنگی پێ دەدات، پێیان وایە کۆکەرەوەی ئەم دوو بابەتەیە، هەرچی هەیە لە تەسەوف بریتییە لە پەراوێزی ئەم دوو بابەتە، یەکەم: مامەڵەکردنی مرۆڤە لەگەڵ جیهانی نادیار، کە خوا خۆیەتی، دووەم مامەڵەکردنی مرۆڤە لەگەڵ خۆی و جیهانی دەرەوەی خۆی، بۆیە وتویانە مامەڵەکردنی مرۆڤ لەگەڵ جیهانی دەرەوە بە پابەندبوونی کەسی ڕێدار، یان سالیکەوەیە بە حەقیقەت و شەریعەتەوە، تا چەندە ئەم کەسە پابەند بێت بە حەقیقەت، بە ئیمان، بە شەریعەتەوە، پابەند بێت بە ڕێنماییەکانییەوە، کەواتە ئەم بەشی یەکەمی تەسەوفە وردە وردە بەرەو ئەزموونکردنەکە ڕۆیشتووە. بەشی دووەمی تەسەوف بریتییە لە پابەندبوون بە ئەخلاقەوە، مامەڵەکردنی ئەخلاقیانەی مرۆڤی موریدە، یان سالیکە لە چوارچێوەی تەسەوفدا. ئەم پێناسەیە کە زۆر باوە، لە سەرچاوەکانی تەسەوفدا هێناویانە هی محەممەدی کوڕی عەلی کوڕی حوسەینی کوڕی عەلی کوڕی ئەبی تالیبە، کە پێناسەی کەسێکە لە ئالوبەیتە، زۆر گرنگی پێ دەدرێت،

فەرموویەتی: (من زادک في الخلق زادک في التصوف) هەر کەسێك ئەخلاقت بۆ زیاد بکات، هانت بدا ئەخلاقت باشتر بێ، تەسەوفی بۆ زیاد کردووی. ئەم قسەیە ئەبوبەکری کیتانی کردوویەتی، دوایی لای ئیبنوقەییمی جەوزی فراوانترە، دەڵێت: هەر کەسێک ئەخلاقت بۆ زیاد بکا خودی دینداریشت بۆ زیاد دەکات، محەممەدی کوڕی عەلی دەڵێت: بۆیە ئەخلاقیش دوو جۆری هەیە: ئەخلاقی ئێمەیە بەرامبەر بە خوا، ئەخلاقی ئێمەیە بەرامبەر بە مرۆڤ، ئەخلاقی ئێمە بەرامبەر بە خوا بریتییە لە ڕازیبوون بە بڕیارەکان و قەزای خوا لە دنیادا، مرۆڤ هەرچی بەسەر بێت وەکو قەزا پێی ڕازی بێت، ئەمە مامەڵەیەکی ئەخلاقیانەیە لەگەڵ خوا، ئەخلاقی ئێمە بەرامبەر بە مرۆڤ بریتییە لە قبوڵکردنی هاوڕێیەتی، تێکەڵبوون لەگەڵیدا، ئەویش بە ئامانجی هەڵگرتنی قورساییەکانی لەگەڵی، ئێمە بەو ئاستە تێکەڵی مرۆڤەکانی تر دەبین. بەو ڕۆحیەتە تێکەڵ بین، کە بتوانین قورساییەکانی ئەوانیش قبوڵ بکەین، لەگەڵیاندا هەڵی بگرین، واتە دەستباریان بۆ بکەین و بە تەنگ مرۆڤەکانی تریشەوە بین، بۆیە دەڵێت هەردوو ئەم چەمکە لە یەک شتدا خۆی کۆ بکاتەوە، ئەویش بریتییە لە ڕازاندنەوەی مرۆڤ بە ئەخلاقە خواییەکان، ئینسان چۆن بتوانێت ئەخلاقی خوایی بێ، بۆیە ئەم پێناسەیە لە ناو تەسەوفدا بە درێژایی مێژووی تەسەوف لای هەموو قوتابخانە جیاوازەکان پێگەیەکی تایبەتی خۆی هەیە، لەبەرئەوە ئەگەر بڵێین تەسەوف چییە؟ تەسەوف بریتییە لە ئەخلاقبوونی مرۆڤێک کە دێتە ناو جیهانی تەسەوفەوە، هەم ئەخلاقیانە لەگەڵ خوا مامەڵە بکات، هەم ئەخلاقیانە لەگەڵ مرۆڤ و جیهانی دەرەوەی خۆی. ئەمە بە کورتی بریتییە لە پێناسەی تەسەوف.

مامۆستا کامەران ئاماژە بەوەش دەکات کە دەبێت پێناسەی فیکریش بکرێت، چونکە قسەی یەکەممان ئەوەیە تەسەوف چ خزمەتێکی بە فیکری ئیسلامی کردووە؟ پرسی دووەمیشمان ئەوەیە مرۆڤ سەنتەری چییە لەناو فیکری تەسەوفدا، بۆیە من دەمەوێت ئەم چەمکانە پێناسە بکەم و دوایی بیبەستمەوە بە بابەتەکەوە.

ئیمامی غەزالی لە کتێبی (إحياء علوم الدين)دا بە یەک دێڕ وەسفی فیکر دەکات، دەڵێت فیکر بریتییە لەوەی دوو مەعریفە لە دڵتدا کۆبکەیتەوە بۆ کەشفکردنی نەزانراوێک، ئەم پێناسەیە لە بنەڕەتدا پێناسەی ئەهلی تەسەوف نییە، ئەم پێناسەیە پێناسەی فەلسەفییەکان و لۆجیکە، کاتێک وتویانە فیکر چییە؟ بۆ نموونە وتویانە لۆجیک بریتییە لە پاراستنی فیکر لە هەڵە نەکردن، وتویانە ئەی فیکر چییە؟ بریتییە لە کۆکردنەوەی دوو زانراو بۆ دۆزینەوەی نەزانراوێک، ئەم پێناسەیە پێناسەی ئەوانە و ئەهلی

تەسەوف وەریانگرتووە. جا کەسێکی وەکو غەزالیش کە ئایکۆنێکی گەورەیە لە جیهانی تەسەوفدا، ئایکۆنێکی گەورەیە لە کەلام، فیقهـ، ئوسوڵی فیقە، لە فەلسەفەدا بە ڕاستی پێناسەیەکە جێی ئیعتیبارە، دەبێت ورد مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، چونکە غەزالی بەمە پێمان دەڵێت هێشتا پێیەکی تەسەوف لە ناو عەقڵانییەتدایە، کە ئێمە توانیومانە ئەم پێناسەیە لە عەقڵانییەتەوە وەربگرین، نەك لە ناو خودی تەسەوفەوە، چونکە تەسەوف پێناسەی فیکر بەو شێوازە دەکات کە بریتییە لە مامەڵەکردنی بیرکردنەوەی عاقڵانییانە لەگەڵ خوا، ئێمە چۆن بیر لە خوا دەکەینەوە، چونکە ئێمە لە قورئاندا هەمانە ئەو کەسانەی بەردەوام بیر دەکەنەوە لە جیاوازی شەو و ڕۆژ، لە ڕۆیشتنی کەشتی لەناو دەریا، لە دیاردە گەردوونییەکان و دیاردەکانی ژیانی ڕۆژانەماندا، (وَيَتَفيكرونَ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ) (آل عمران : ١٩١)، ئەهلی تەسەوف بەم ڕێچکەیە ڕۆیشتوون بۆ فیکر، بەڵام غەزالی هاتووە ئەمەی کردووە بە ئەساس، بۆ؟ چونکە غەزالی لە موستەسفادا کە کتێبێکە لە ئوسوڵی فیقهدا نووسیویەتی پێمان دەڵێت، لۆجیک پێشەکییە بۆ هەموو زانستێک بە تەسەوفیشەوە، پێش غەزالیش ئەم جۆرە مامەڵە عەقڵانییانە لەگەڵ تەسەوفدا کە لە داهاتوودا باسی دەکەم هەبووە، بەڵام لە غەزالی بە دواوە ئیدی تەسەوف ڕەوتێکی تایبەت دەگرێت، کە ناتوانێت دەستبەرداری عەقڵانییەت بێت، کەواتە بەم پێناسەیەی غەزالی کە فیکر بریتی بێت لە کۆکردنەوەی دوو شتی زانراو بۆ دۆزینەوەی نەزانراوێك، کەواتە فیکری ئیسلامی بریتییە لە کۆی ئەو شتانەی کە بەرهەمهێنراون لە ڕێگەی عەقڵکارییەوە، وەڵامی پرسیارەکان و گومانکردنەکان، تێڕوانینی ئینسانی عاریف بۆ خوا، بۆ ژیان، بۆ مرۆڤ، بۆ شارستانیەت، بۆ ئەخلاق، بۆ مامەڵەکردن، هەموو ئەمانە پێی دەوترێت فیکر، لە دەرەوەی ئەمەش ئەوەی لە زانستی کەلام و لە ئوسوڵی فیقهـ و لە فیقهـ و لە ئەخلاقدا بەرهەمهێنراوە پێی دەوترێت فیکر، ئەی لەم کایەیەدا تەسەوف چ خزمەتێکی بە فیکری ئیسلامی کردووە؟ دەمەوێت لێرەوە وردە وردە بچمە ناو بابەتەکەوە، بەوە خزمەتی کردووە کە پێمان دەوترێت خودی تەسەوف ئەگەر بنچینەی یەکەمی لە دنیایە، بەڵام ئەزموونەکەی ئەزموونێکی دینی نییە، بەڵکو ئەزموونەکەی تەواو ئینسانییە و هی عاریفەکانە، بۆیە دەکرێت ڕەخنەی لێ بگیرێت، دەکرێت وەربگیرێت، دەکرێت ڕەت بکرێتەوە، دەکرێت داوای بەڵگەی لێ بکرێت، دەکرێت مامەڵەیەکی عەقڵانییانەشی لەگەڵدا بکرێت، ئەگەرچی عاریفەکان خۆیان پێمان دەڵێن ئەزموونەکەی ئەوان ئەزموونێک نییە توانای گێڕانەوەی هەبێت، توانای دەربڕین و تەعبیری هەبێت، بەڵام

ئەمەش بەو مانایە دێت کە سۆفییەکان دانەبڕاون لە خزمەتکردنی فیکری دینی، بەتایبەتی فیکری ئیسلامی (قسەی من لەسەر تەسەوفی ئیسلامیە).
بە واتایەکی تر، سۆفیەکان ئەوانە بوون کە خزمەتیان بە کەلامی ئیسلامی کردووە، زۆرترین ژمارەی سۆفییەکان، یا ئەشعەری بوون لە ڕووی عەقیدەوە، یان ماتوریدی بوون، ئەمانیش هاتوون کتێبیان لە بواری کەلامدا نووسیوە، غەزالی خۆی کتێبی لە کەلامدا نووسیوە کە سۆفیەکی گەورەیە، قوشەیری کە سۆفییەکی گەورەیە کتێبی لە کەلام و لە مەسەلەی شەرحی ناوەکانی خوای گەورە نووسیوە، بە بنەمایەکی کەلامیانە مامەڵەی لەگەڵدا کردووە، قوشەیری لە سەدەی چواری کۆچیدا بەناوبانگە کە لەسەر کەلام لەگەڵ حەنبەلییەکاندا تووشی کێشە بووە، کە ئەم بەرگری لە عەقیدەی ئەشعەرییەکان کردووە، ئیبن عەرەبیش کە سۆفییەکی فەلسەفییە کتێبی لەسەر کەلام هەیە، لە بواری زانستی تەفسیردا ئەگەرچی تەفسیری قورئانیان کردووە بە دیوە زاهیرییەکەی ئەو تەفسیرە باوەی کە هەبووە، قبوڵیانە، بەڵام هاتوون تەفسیرێکی دیکەیان داهێناوە و میتۆدێکیان داهێناوە کە پێی دەوترێت تەفسیری ڕەمزئامێز (تەفسیری ئیشاری)، کە قوشەیری خۆی (لطائف الإشارات)ی هەیە، ئالووسی (روح المعاني) هەیە، ئیبن عەرەبی هەیەتی، شێخ عەبدولقادری گەیلانی تەفسیری هەیە، دەتوانم بڵێم کتێبەکان و پەیامەکانی نووری سەعیدی نوورسی کە عارفێکی گەورەی کوردە یەکێکە لەم تەفسیرانە کە بە ڕاستی خزمەتی گەورەیان بە بواری تەفسیر کردووە، کە بوارێکی گەورەی فیکری ئیسلامییە.

## تەسەوف بریتییە لە پابەندبوون بە ئەخلاقەوە

م. کامەران بەردەوام دەبێت لەسەر بابەتەکە و دەڵێت: سۆفییەکان لە بواری فەرموودەناسیدا ئیشیان لە زانستی فەرمووده و لە شەرحی فەرموودەدا کردووە، کە یەکێکە لە پێکهێنەرەکانی فیکری ئیسلامی، بۆ نموونە ئیمامی نەوەوی یەکێکە لەوانە، ئیبنو حەجەری عەسقەلانی، سیوتی یەکێکە لەو سۆفیانەی کە لەم بوارەدا کاریان کردووە، لە زۆر بواری تریشدا خزمەتیان بە فیکری ئیسلامی کردووە.
لە فیقهدا غەزالی یەکێکە لە فەقیهە گەورەکان کە سۆفییەکی گەورەیە، ئیبن عەرەبی لە (فتوحات)دا بەرگێکی تایبەتی کتێبەکەی بۆ بابەتە فیقهییەکان تەرخان کردووە، واتە سۆفییەکان دانەبڕاون لەو چوارچێوە و کێڵگانەی کە مەعریفە و فیکری ئیسلامی تێدا بەرهەم دەهێنرێت، کەسانێک نەبوون لە

دەرەوەی ئەم چوارچێوەیە ئیش بکەن، بەڵکو زۆر کاریگەر بوون و کاریگەریشیان لەسەر ئەم بوارانە داناوە، بۆ نموونە غەزالی هاتووە فیقهـ و تەسەوفی ئاشت کردووەتەوە، بەڵام هاتووە تەسەوفی کردووە بە سەنتەری مەعریفەی ئیسلامی، کە پێش سەردەمی غەزالی فیقهـ سەنتەر بووە، واتە دەستکاریی هەندەسەی مەعریفەی ئیسلامی کردووە، بەڵام هاتووە ئاشتکردنەوەیەکی گەورەی کردووە.

## مرۆڤێک کە دێتە ناو جیهانی تەسەوفەوە، هەم ئەخلاقیانە لەگەڵ خوا مامەڵە بکات، هەم ئەخلاقیانە لەگەڵ مرۆڤ و جیهانی دەرەوەی خۆی

لە بواری فەلسەفەدا غەزالی یەکێکە لەوانەی کە لە بواری فەلسەفەدا کتێبی لەسەر فەلسەفە نووسیوە، کتێبی لە لۆژیکدا نووسیوە، تەنانەت فەیلەسووفێکی کوردی وەکو سوهرەوەردی هاتووە قوتابخانەیەکی سەربەخۆی داناوە بە ناوی (حکمة الإشراق) لە ناو ڕەوتی تەسەوفی فەلسەفیدا بوونیادی دەنێت، یەکەم کەسیش کە کتێبەکەی شەرح دەکات شەمسەدینی شارەزووریيە کە فەیلەسوفێکی کوردی ئیشراقییە، دوای ئەم سۆفییە، فەیلەسوفێکی گەورە هاتووە شەرحی کردووە، واتە لە ناو فەلسەفەی ئیسلامییدا ئیزافاتیشیان بۆ فەلسەفە کردووە.

ئەمە بە کورتی بریتییە لەو خزمەتەی کە ئەهلی تەسەوف و عیرفان کردوویەتی بە فیکری ئیسلامی لەم بوارە بوونیادیانەدا، لە بوارێکی تری ئەم فیکرە مامەڵەیان کردووە، بە ڕاستی جیهانبینی کەسی موسڵمانیان، تێڕوانینی کەسی موسوڵمانیان بەرامبەر بە خوا، بەرامبەر بە مرۆڤ، بە ژیان، مەرگ، ئەخلاق مامەڵەی مرۆڤانە، ژینگە، ئەمانە هاتوون شێوازی نوێیان پێشکەش کردووە، بە ئێمەیان وتووە بۆچی ئێمە پێویستمان بە تەسەوفە؟ پێمان دەڵێن ئێمە بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە خوا هەیە، پێویستمان بە بەڵگەی عەقڵی هەیە، یەکێک لەوانە کە ئیمامی کەمەشخانییە کتێبێکی هەیە بە ناوی (جامع الأصول في الأولياء) کە عارفێکی تورکە، موریدی مەولانا خالیدی نەقشبەندی-یە، دەڵێت: عەقڵ حوجە و بەڵگەی خوایە لەسەر بەندەکانی، ئەم پێناسەیە پێناسەیەکی تەواو فەلسەفیە، عیرفانی نییە، نەهاتووە لەمە بێتە دەرەوە، دەڵێت خوا ئێمەی موکەلەف کردووە بە عەقڵ، موکەلەفین بۆ ئەوەی پابەندی دین بین، کەواتە سۆفییەکان پێمان دەڵێن ئێمە عەقڵ تا ئەو شوێنەی کە زەرووره بتوانین بوونی خوای پێ

بسەلمێنین، حەقیقەتی پێغەمەرایەتی پێ بسەلمێنین، ڕاستییەتی دینی پێ بسەلمێنین گرنگە، بەڵام بۆ ئەوەی بزانین حەقیقەتی خوایەتی و پێغەمبەرایەتی و دین خۆی چییە، پێویستمان بە تەسەوفە، بە واتایەکی تر، بۆ ئەوەی بیسەلمێنین خوا هەیە پێویستمان بە فەلسەفەیە، بەڵام بۆ ئەوەی خۆمان بۆ خوا بسەلمێنین چین، پێویستمان بە تەسەوفە، ئا لێرەدا خزمەتی گەورەیان بە فیکری ئێمە کردووە.

لە بواری ئەخلاقدا، سۆفییەکان کاریگەربوون بە ئەخلاقی ئەفلاتوون و ئەرستۆ، کە دوو قوتابخانەن تەرجەمەکراوە بۆ ناو شارستانیەتی ئیسلامی و مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، تەواو بنەماکەی بنەمایەکی ئەفلاتوونییە، ئەرستۆییە، بەڵام هاتوون چیان بۆ ئیزافە کردووە، کە لە فەلسەفەی ئەفلاتوونی و ئەرستۆیدا نییە، بریتیە لە تەزکیەی نەفس، بریتییە لەوەی کە ئێمە، ئەخلاق بۆ نموونە، ئەگەر ئەخلاق بریتی بێت لە عەدالەت لەوەی کە ئێمە لە هیچ شتێکدا زیادەڕۆیی و کەمتەرخەمی نەکەین، ئەوە بنەمای ئەم ئەخلاقە بریتییە لە تەزکیەی نەفس، کە عەدالەت بریتییە لەوەی کە من بۆم هەیە تا سنووری خۆم داوای مافەکانم بکەم، بەڵام تا ئەو سنوورەی جەنابیشت مافەکانی بەڕێزت بپارێزم، بەڵام لە تەزکیەدا وتویانە بریتییە لە دەستبەرداربوون لە مافی من بەرامبەر بەرژەوەندییەکانی تۆ، کە ئەمە ئەخلاقگەرایی، فەزیلەتگەرایی و وردترە. بە واتایەکی تر، ئەگەر ئەخلاق بریتی بێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕێسا گشتییەکان، ئەوا تەسەوف بریتییە لە مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتە وردەکان، بە دەربڕینێکی تر، ئەگەر ئەخلاق بریتی بێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ (مایکرۆ بیهاڤیۆرس Micro-behaviours) واتە ڕەفتارە گەورەکان، مایکرۆ بێت، ئەوە تەسەوف بریتییە لە مامەڵە کردن لەگەڵ (مایکرۆ بیهاڤیۆرس) لەگەڵ ئەخلاقە وردەکان، ئاوا سۆفییەکان مامەڵەمان لەگەڵ دەکەن، بۆیە بەم مامەڵەکردنە ئێمە سێ تەرزی سەرەکیمان هەیە لە بەرهەمهێنانی تەسەوفدا، تەسەوفێکی کەلامیمان هەیە کە (حارسی موحاسیبی) دامەزرێنەرێتی، تەسەوفی کەلامی، تەسەوفی عەقڵانی و فەلسەفیمان هەیە کە (فارابی) لە کتێبی (فصوص الحكم) ڕەنگرێژی کردووە، (ئیبن سینا) لە (إشارات و تنبيهات)دا زۆر فراوانی کردووە، (ئیبن عەرەبی) لە (فصوص الحكم)دا گەیاندوویەتییە ترۆپك و هاتووە تیۆری بۆ داڕشتووە. پێش ئەمانیش (بایەزیدی بەستامی) و (حەللاج) سەرەتاکانی دەرکەوتنی تەسەوفی فەلسەفی بوون. سێیەمیشیان بریتییە لە سۆفیگەری مەعریفی، کە (زینونی میسری) دامەزرێنەرێتی و ئیمامی غەزالی گەیاندوویەتیە ترۆپك. ئەمە بریتییە لە

پێناسەی فیکر و مامەڵەکردنی فیکری ئیسلامییە و خزمەتکردنی تەسەوفە بە فیکری ئیسلامی لەم بوارانەدا کە کردوویەتی.

## خودی تەسەوف ئەگەربنچینەی یەکەمی لە دنیایە، بەڵام ئەزموونەکەی ئەزموونێکی دینی نییە، بەڵکو ئەزموونەکەی تەواو ئینسانییە و هی عاریفەکانە

سەبارەت بەوەی کە مرۆڤ سەنتەری چ پێگەیەکی هەیە لە تەسەوفی ئیسلامیدا، م. کامەران دەڵێت: بڕواناکەم هیچ کایەیەکی ئیسلامی بە قەدەر تەسەوف مرۆڤ تێیدا سەنتەر بێت، هەر ئەوەی کە وتویانە: "ڕێگاکانی گەیشتن بە خوا بە ئەندازەی ژمارەی مرۆڤەکانە"، مرۆڤ سەنتەرییە بۆ خۆی، پێگەی مرۆڤە، چونکە لێرە مرۆڤ دەبێتە پێوەر بۆ ئەزموونە مەعنەوییەکەی خۆی، ئەگەر ڕێگاکانی گەیشتن بە خوا بە ئەندازەی ژمارەی مرۆڤەکان بێت، لێرە هەم ڕێز گیراوە لە ئازادی تاکە کەسەکان چۆن ئەزموون دەکەن، ئەو شتەی بۆ ئەو حەقیقەتە دەتوانێت پێی بگات، بەڕاست زانراوە کە ئەزموونی من لەگەڵ جەنابتان و هی جەنابتان لەگەڵ کەسێکی تر جیاوازە، واتە هەم ئازادییەکی زۆرتری تێدایە، هەم ڕێز لە جیاوازییەکانیش گیراوە، ئەوەشی کە سەرچاوەی ئەم جیاوازی و ئازادییەیە مرۆڤ خۆیەتی، کەواتە بە بێ بوونی مرۆڤ ڕەنگە عیرفانی ئیسلامی خاڵی بێت، بەڵام ئامانج گەیشتن بە حەقیقەت و خوایە، بەڵام ئەوەی تێیدا سەنتەرە مرۆڤە، ئەوەی کە پێویستە ئەخلاقی بێ مرۆڤە، ئەوەی کە پێویستە ئەزموونی هەبێ مرۆڤە، ئەوەی کە بە دوایدا دەڕوا مرۆڤە، ئەوەی هەمێکی هەیە بەتەنگەوە هاتنیەتی هەر مرۆڤە، خوا پێویستی بەوە نییە بگات بە حەقیقەت، خوا پێویستی بەوە نییە بەتەنگەوە هاتنی هەبێت، خوا خۆی سەرچاوەی ئەخلاقە، خوا خۆی ئەخلاقێکی ڕووتە، بۆیە لە تەسەوفی ئیسلامیدا مرۆڤ سەنتەرە، نەك شتێکی دیکە، ئەمە یەکێك لە دەربڕینەکانیان کە هەیانە، دەربڕینێکی تر کە هەیانە بریتییە لەوەی کە مرۆڤ جیهانێکی بچوك کراوەیە و جیهان مرۆڤێکی گەورە کراوە، ئەمە ئیبن عەرەبی زۆر بە وردی لە (فتوحات)دا ئیشی لەسەر دەکات، ئەمەشی لە (إخوان الصفا) وەرگرتووە، کە لە فەلسەفەی یۆنانەوە وەرگیراوە، ئەمە هاتووەتە ناو جیهانی ئیسلامی کە وا سەیری مرۆڤ دەکەن، مرۆڤ جیهان و گەردوونێکی بچوك کراوەیە، تەنانەت شیعرێك هەیە هی عەلی کوڕی ئەبی تالیبی قورەیشییە کە مەلا سەدرا لە ئەسفارا دەڵێت، هی ئیمامی عەلییە، بەڵام دوایی لێکۆڵەران هاتوون وەك جەلالەدینی

ئاشتایانی دەڵێن، نا، ئەو عەلی کوڕی ئەبی تاڵیبی قورەیشی فەیلەسوفێکی ئێرانییە، بەڵام هەر ناوەکەی وایە، تیکەڵ بووە، دەڵێت: (أتزعم أنك جرم صغير) تۆ پێت وایە تۆ تەنیکی زۆر زۆر بچوکی (وفيك عالم أكبر)، بەڵکو جیهانێکی گەورە لە ناو تۆدایە و خۆی مەڵاس داوە، (أنت الكتاب المبين الذي يظهر فيه المضمر) کتێبە ئاشکراکەی خوا تۆیت، کە هەرچی شتە شاراوەکانە لە تۆدا دەردەکەوێت. بۆیە ئیبن عەرەبی دەڵێت: مرۆڤ کۆپیکراوێکی خواییە لە جیهانە مەعنەوییەکەدا، نەك لە جیهانە مادییەکەدا، ئەمە بریتییە لە سەنتەربوونی مرۆڤ، دیوێکی تری سەنتەربوونی مرۆڤ کە من زۆر سوودم لە مەحوی بینیوە، تەسەوف پێمان دەڵێت هیچ کەسێک بە قەدەر مرۆڤی ئیماندار دڕدۆنگ و قەلەق نییە، حەزرەتی ئیبراهیم دەکرێت بە نموونە، کاتێک داوا لە خوا دەکات پێی بڵێت زیندووبونەوە چۆنە، (ليطمئن قلبي)، ئیتر پێغەمبەرە، دڵنیایی ناخی دەوێت، ئەگەر بچینە لای مەحوی، دەبینین عاریفێکی زۆر دڕدۆنگ و قەلەق، دەڵێت:

ئەوەندە تەنگ و ناخۆشە لە دنیا

خۆشە دەرچوون ئەگەرچی بۆ سەقەر چی

ئەگەر بچین بۆ جەهەننەمیش، بەس ئێمە لێرە بڕۆین ئیتر ئارامییە، ئەوەندە ئێرە بۆ مەحوی تەنگ و تارە، مەحوی بە ئێمە دەڵێت:

بێ کەس منم کەسێ لە زوبانمدا نییە

بێ کەسی تا ئەو شوێنەی بردووە کە هەست بە بێ کەسی دەکات، حەتمەن تەسەوفەکە ئەم بابەتەی لە لا دروست کردووە، تەنانەت لە شوێنێکی تردا بە ئێمە دەڵێت:

ئێمە بە دوای چیدا دەڕۆین، هەرچی بۆ خەبەر چوو، بێ خەبەر کەوتووە، ئەوەی چوو بۆ سۆراخ بێ سۆراخ هاتووەتەوە، ئێمە لێرە خەریکی چین، ئێمە بە دوای چۆڵی موحیبەتدا دەڕۆین، هەموو ئەم بابەتانەی کە قسەکردن لەسەر تەنیایی، قەلەقی، بێکەسی، ترس لە مردن، ژیان، کارکردن، عیشق، ئێمە بۆ بە دوای عیشقدا دەگەڕێین، دەمانەوێت ئەم پووچی و بێ مانایەی کە لە ژیانماندا ڕوو دەدات بە عیشق مانایەکی بدەینێ، دیوە جوانەکانی ئاشکرا بکەین، تەنانەت مەحوی دەڵێت: ئەوە عیشقە پێمان دەڵێت تاریکییەکانی تەقوا چییە (بە نوری بادە کەشفی زوڵمەتی تەقوا نەکەم چی بکەم)، تەقوا لە قورئان و لە دیندا زۆر وەسف کراوە، ئەمە باسی زوڵوماتی تەقوا، تەقوا تاریکیشی هەیە، ئەوەی کە درکی بەم تاریکییە کردووە، عاریفەکانە. بەم تێگەیشتە ئەگەر مەحوی بە نموونە وەربگرین، بچین بۆ لای ئیبن عەرەبی زۆر ورد پێناسەی قەلەقی دەکات، تەنانەت عەبدوڕڕەحمان بەدەوی دەڵێت: ئەوەی کە ئیبن عەرەبی باسی دەکات، (باسی قەلەقی کردووە) زۆر لەوە قووڵترە کە (هایدیگەر) باسی کردووە، کە لە ناو

فەلسەفەی وجودیدا باسی قەلەقی کراوە، بە واتایەکی تر تەسەوف ئێمە لە شێخ حەسەنی بەسرییەوە بیگرین بۆ ڕابیعەی عەدەوی، بۆ حەللاج، بۆ بایەزیدی بەستامی، تا ئیبن عەرەبی و تا مامۆستا سەعیدی نوورسی، هەست دەکەیت ئەمانە کەسانێکن نەیانتوانیوە ئۆقرەیان هەبێت، بەرجەستەکردنی حەقیقەتی مرۆڤی ئیماندار ئەمان دەیکەن، مەحوی ناڵێت: وتم با لەم دەر و لەم ئایینە سکونەت کەم، وتی عاشق دەبێ هەر دەربەدەر بێ، کۆڵ بە کۆڵ بم، بۆچی دەبێت دەربەدەر بێ، لەبەرئەوەی ئێرە شوێنی سکونەت نییە، بۆیە ئەمە بریتییە لە مرۆڤ سەنتەری لە ناو عیرفانی ئیسلامیدا.

## سۆفییەکان دانەبڕاون لەو چوارچێوە و کێڵگانەی کە مەعریفە و فیکری ئیسلامی تێدا بەرهەم دەهێنرێت

## بیری سۆفیگەری و بوونیادی ڕۆحی تاکی کورد

تەوەری دووەمی باسەکە تایبەتە بە ئەوەی کە بیری سۆفیگەری تا چەند لەگەڵ بوونیادی ڕۆحی تاکی کورد یەکانگیرە؟ ئایا لە ئێستادا بیری سۆفیگەری دەتوانێت وەڵامدەرەوەی چ پێویستییەکی ئێمە بێت، لە کاتێکدا بەتایبەت لە سۆشیال میدیاوە دەبینین خەڵکانێك هەن لەسەر ئەم بابەتە ئیش دەکەن، لە بەرامبەریشدا بیری سەلەفی زۆرجار دەگاتە ئاستی تەکفیرکردنی مەسەلەی تەسەوف و لادان و بیدعە و کۆمەڵێک لەم بابەتانە، ئایا بە کردەیی بیری سۆفیگەری دەتوانێت وەڵامدەرەوەی چ پێویستییەکی ئێستای تاك و کۆمەڵگەی کوردەواری بێت؟

لەم بارەیەوە، د. سەبور سەیوانی مامۆستای زانکۆ دەڵێت: ئەگەر قسەیەکی گرنگ بکەمە سەرەتایەك بۆ ئەو مەسەلەیە، ئێمە زۆرجار کە باسی سۆفیگەری دەکەین، بە شێوەیەکی گشتی وەکو دیاردەیەکی مێژوویی لە دوای ئیسلامەوە دروست بووە دەیبینین، هەندێک جاریش وا سەیر دەکرێت وەکو دیاردەیەکی کەمێك نامۆ بەگشتی سەیر دەکرێت، کە دواتر وەکو ئەمری واقیع دوای هەوڵیداوە خۆی بگونجێنێت، بەتایبەتی لە سەردەمی ئیمامی غەزالیدا، هەوڵیدا شەریعەت و تەریقەت کە لە (إحیاء علوم الدین)دا زۆر کاری لەسەر ئەوە کرد پێکیانەوە ببەستێتەوە، ئیش لەسەر ئەوە بکات کە بڵێ ئەم بیرە تازەیە و ئەم ئاڕاستە تازەیە، ئاڕاستەیەکی نامۆ نییە، یاخود هی ئیسلام خۆی. ئەگەر بگەڕێینەوە سەر سۆفیگەری بە مانا قووڵەکەی، سۆفیگەری لە عیرفاندا، سۆفیگەری یەکسانە بە عیلم لە قورئاندا، مەفهومی عیلم لە قورئاندا، چونکە کاك

ناسری سوبحانی کە کەسێکە زیاتر لە بواری فیقهدا ئیشی کردووە، بەڵام دەرکێکی جوانی کردووە لەوەی ئەوەی کە لە کتێبی (علم و عولەما)کەیدا باسی دەکات، دەڵێت، ئێمە ئەگەر سەیر بکەین وشەی عیلم لە ئیسلامدا بەتایبەتی لە مانا قورئانییەکەی لە ئاڕاستە دروستەکەی لادرا، زیاتر فیقهـ شوێنی گرتەوە، وشەی فیقهـ زیاتر شوێنی عیلمی گرتەوە، کاتێکیش هەندێک لە عاریفەکان و خواناسەکان هاتن بۆ ئەوەی بیخەنەوە سەر واتا دروستەکەی خۆی، وشەیەکی تازەیان داهێنا کە وشەی عیرفان بوو، کە ئەسڵ وابوو ئەوان وشەی عیلمەکەیان بگێڕایەتەوە شوێنی دروستەکەی، چونکە ئەگەر سەیری قورئان بکەین (أَمَّنْ هُوَ قَانِتٌ آنَاء اللَّيْلِ سَاجِداً وَقَائِماً يَحْذَرُ الْآخِرَةَ وَيَرْجُو رَحْمَةَ رَبِّهِ قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ) (الزمر : ٩) عالم لێرەدا بە دوای ئەم حاڵەتانەوەیە کە کەسێك با بڵێین حاڵەتی شەونخونی هەیە، حاڵەتی بیرکردنەوەی هەیە لە بوونەوەر لە گەردوون، لە دیاردەکان، لە خودی خۆی، عیلم ئەمەیە، عیلم بریتی نییە لەوەی چۆن دەستنوێژ دەگیرێت، یان چۆن بە ڕۆژوو دەبی و چۆن حەج دەکەیت، ئەمە دەتوانین بڵێین توێکڵی عیلمە ئەگەر دەربڕینەکە گونجاو بێت، بەڵام کاکڵەی عیلم ئەمەیە کە مرۆڤ بە هۆشیارانەوە بژی، بە هۆشیارانەوە لەگەڵ خوای خۆیدا مامەڵە بکات، لەگەڵ دیاردەکاندا، دڵێکی هەمیشە زیندووی هەبێت، هەمیشە هەست بە دیاردەکانی دەوروبەری بکات، ئێمە ئەگەر لەم خاڵەوەی کە داماننا بمانەوێت شتەکان ڕاست بکەینەوە، دەبینین مرۆڤی کوردیش وەکو هەموو کەسەکانی تر کاتێك ئایینی ئیسلامیان وەرگرتووە بێگومان سوودیان لە سۆفیگەری وەرگرتووە، کاتێك کەسێکیش بوون وەکو کوردەواری دەڵێت: ئەسپی خۆیان تاو داوە، زۆر زۆر پڕاوپڕە ئەو وشەیەی بۆ بەکاربێنین.

د. سەبور ئاماژە بەوەش دەکات ئەگەر پێناسەی مەعریفە ئەوەی کە (منتا سەفتی) کە لە کتێبی (استراتیجیة التسمیة) پێناسەی مەعریفە دەکات، دەڵێت: مەعریفە بریتییە لە ئەو گفتوگۆیەی کە لە نێوان خودی عاریف و کەرەستەی مەعریفەدا دروست دەبێت، ئیتر کەرەستەی مەعریفە هەرچی بێت، من بیر لە دەوروبەری خۆم، لە وجود، لە بوونەوەر، لە دروستکەری بوونەوەر دەکەمەوە، بیر لەم دیاردانەی لە دەوروبەردا هەبێت، هەر شتێک کە لە ئەنجامی ئەم بەریەککەوتنەی عەقڵ و فیکر لەگەڵ دەوروبەردا چی بەرهەم بێت، دەکرێت ناوی بنێین مەعریفە، خودی کەسی کورد دەتوانین بڵێین لە کۆنەوە تا ئێستا بەو حاڵەتە ڕۆیشتووە، ئێمە لانیکەم ئەگەر بۆ دەق بگەڕێینەوە، چونکە باشتر وایە بگەڕێینەوە بۆ دەق،

بۆ ئەوەی کە بەڵگەمان هەبێت، ئێمە ئەگەر لانی کەم هەزار ساڵ بگەڕێینەوە بۆ پێشتر بۆ باباتاهیری هەمەدانی، سەیر دەکەین دوو بەیتییەکانی بابا تاهیری هەمەدانی پڕن لە مەعریفە، پڕن لە تێڕوانینی ورد بۆ خوا، بۆ بوونەوەر، بۆ خودی مرۆڤ خۆی، "خوشا آنان کە اللە یارشان بی، کە حەمد و قول هو اللە کارشان بی".

لێرەدا وشەی یار مەبەستی خوایە، کە لەگەڵ خوا پەیوەندی ڕۆحیان هەبێت، کە حەمد و قل هو اللە دەخوێنن (حەمد و قل هو اللە)یەکی یارانە دەخوێنن، نەک (حەمدو قول هو اللە)یەکی سادەو ئاسایی کە زۆرینەی ئێمە ڕەنگە وا بیخوێنین، بەڵکو ئەوان حاڵەتێکی تایبەتییان هەیە لێی، ئەوەی کە لە کولتووری کوردیدا دەیبینی، دەتوانم بڵێم عیرفان دەرگایەکی گەورەی کردووەتەوە بۆ ئەوەی پرسیاری گەورەی وجودی دروست ببێت لە بارەی مرۆڤەوە، لە بارەی بوونەوە، بۆ نموونە ئەوەی مەولەوی دەڵێت:

هەرچی دیت وە چەم شی وە سەفەردا
هەرچی موینی ها نە گوزەردا

کەس حاڵی نەبی وە هیچ نەفاما
ئەو پەی چێش ویەرد، ئێد پەی چێش
ئاما

یانی هەرچی سەیری بوونەوەر دەکەیت دیاردەکان هەموویان لە سەفەردان، هەمووی لە جووڵەدان، یەکێک لە خاڵە گرنگەکان کە مرۆڤی عارف لە بوونەوەردا خۆی پێ دەزانێت، دەتوانین بڵێین وشەی مسافر، وشەی ڕێبوار، یا وشەی سالیک هەر لەوەوە هاتووە، مرۆڤ لە ناو عیرفاندا هەست دەکات کەسێکە هاتووەتە ناو ژیانێك، کەسێکی ڕێبوارە، بۆ ماوەیەکی کاتی خوای گەورە هێناویەتیە ئێرە و دوایی تێدەپەڕێت، ئەم باوەڕی وایە کۆی گەردوون هەر وایە، کۆی گەردوونیش هەمووی لە سەفەردایە، هەمووی لە گوزەردایە، هەمووی لە تێپەڕیندایە، ئەگەرچی هیچ کەس بە مانا تەواو و قووڵەکەی نەیزانی ئەم بۆچی هات و ئەو بۆچی ڕۆی، ئەمە قسەیەکە مەبەستم ئەوەیە کە مرۆڤ توانیویەتی، بۆ کورد مەعریفە بەرهەم بهێنێت، کولتوور دروست بکات.

## لە تەسەوفی ئیسلامیدا مرۆڤ سەنتەرە، نەك شتێکی دیکە

د. سەبور جەخت دەکاتەوە کە سۆفیگەری کوردی خۆشبەختانە سۆفیگەرییەکی پەتی بووە، واتە سۆفیگەرییەک نەبووە تەنها زوهدی، یان تەنها سۆفیگەرییەکی فەلسەفی، یان ڕۆحی بێت، بەڵکو سۆفیگەرییەکی پەتی بە مانای ئەوەی هەوڵی داوە ڕێکخستنێك دروست بکات لە بەینی شەریعەت و تەریقەتدا، ئەگەر سەیر

بکەین دەبینین تەریقەتەکانی کوردستان بەتایبەت دوو تەریقەتە گەورەکە، قادری و نەقشبەندی، هەست دەکەی هەردوو تەریقەتەکە زۆر ئیشیان لەسەر ئەوە کردووە لەگەڵ زانستە شەرعییەکاندا نزیکی دروست بکەن، زۆربەیان کە خانەقایان دروست کردووە، فەقێیان هەبووە، زانستی شەرعییان خوێندووە، بۆ نموونە خودی شێخ مەعرووفی نۆدێ و مەولانا خالید خۆیان هەموو قۆناغەکانی زانستی شەرعییان بڕیوە، دوای ئەوەش هەوڵیان داوە بە هەمان ئەم ئاڕاستەیە بڕۆن، ڕەنگە هەندێک لە تەسەوف هەبووبێت، تەنها لایەنی ڕۆحی تێیدا زیاتر زەق بووبێتەوە، یان تەئویل وەکو (حروفیة)، زیاتر تەئویلگەرا بوو بن، یان تەنها باوەڕیان بەوە بووبێت ئینسان زیکر و ئەو شتانە بکات ئیتر کافییە، بەڵام ئەمان وانەبوون، تەریقەت لە کوردستاندا دەتوانم بڵێم تەریقەتێک بووە هەوڵی داوە ئەم دوانە پێکەوە بە هاوسەنگی بهێنێت، تا ئاستێکی باشیش سەرکەوتوو بوون.

د. سەبور دەڵێت: بەکورتی ئەوەی سۆفیگەری بۆ کوردی هێناوە دەکرێت لە پێنج کاری سەرەکیدا بخرێتەڕوو:

**یەکەم:** بە شێوەکی گشتی کەسی باوەڕداری ڕۆحی دروست کردووە، کەسی باوەڕدار هەیە و کەسی باوەڕداری ڕۆحی هەیە، یانی کەسێک کە مەسەلەی ڕۆحی و ئەو هەستەی کە هەست بە زیندوویی بکات لەگەڵ دەوروبەردا، لەگەڵ دیاردەکاندا، کاتێک کە گوڵێك، یان دیمەنێکی بەهار دەبینێت، مەولەوی کاتێك کە دیمەنی بەفر دەبینێت ئاو بەستویەتی دەڵێت:

بووە بە ئاوێنە بۆ دەرکەوتنی جیلوەی خوا، باس لەوە دەکات کە ئەم ئاوە کە بەستویەتی جیلوەی جوانی خوای تێدا دەردەکەوێت، وەکو ئاوێنەیەک وایە کە جوانی خوای تێدا دەردەکەوێت، مەبەستم ئەوەیە دیاردەکانی گەردوون ڕەنگە خەڵکێکی ئاسایی ئەمانەی چەندین جار بینی بێت، بەڵام قەت بە خەیاڵیدا نەهاتبێت بەم شێوازە دەریبڕێت، گوزارشتی لێ بکات، ئەو هەستی پێ کردووە و بەو شێوەیە گوزارشتی لێ کردووە. کەواتە یەکەم: باوەڕداری ڕۆحی دروست کردووە.

**دووەم:** نووسینی بەرهەم هێناوە، ئەگەر سەیر بکەین کولتووری کورد زۆربەی سەرچاوەکانی کە باسی دەکەن وەکو دکتۆر مارف خەزنەدار و دکتۆر عیزەدین مستەفا و زۆرێك لە سەرچاوەکانی تر، سدیق بۆرەکەیی و ئەوانە ئەگەر کۆنترین بەرهەمەکان لە باباتاهیری هەمەدانی دەست پێ بکا، کە لە هەزار و دوو سەد ساڵ بەر لە ئێستا بووە، چوارینەکانی هەموو بریتین لە عیرفان و سۆفیگەری، لەوێوە بەرهەم هاتووە، ئەگەر بچینە کرمانجی ژووروو، بۆ نموونە وەکو مەلای جزیری، کۆنترین شاعیری سەدەی چواردەیە، بە هەمان شێوە عارفێکی

گەورەیە، دوای ئەو ئەحمەدی خانی کە مەموزین دەنووسێت، ئەمەش داهێنانێکی گرنگە، مەموزین بەوە دەست پێ دەکات، کە دەڵێت:

سەرنام نامێ نامێ ئەڵڵا بێت،
نامێ تن ناتەمامە وەڵڵا
ئەی مەتلەعێ حوسنی عەشقبازی
مەحبوبێ حەقیقی و مەجازی

واتا سەر ناوی نامەکە ناوی ئەڵلایە، بێ ناوی تۆ ناتەواوە وەڵلا ئەی مەتڵەعی حوسنی عیشقبازی، مەحبوبی حەقیقی و مەجازی، واتە باوەڕی وایە زین جیلوەی خوایە لە زەویدا، مەم کورتکراوەی وەکو محەممەد سەعید ڕەمەزان بوتی دەڵێت، مەم کورتکراوەی ناوی محەممەدە، وەکو عیزەدین مستەفاش لە نامەی دکتۆراکەیدا باسی کردووە، لەویا بە ئاشکرا هەموو ڕەگەزەکانی عیرفان و تەسەوف لە مەم و زینی خانیدا بە ئاشکرا هەیە، زین لە لای مەم بریتییە لە جیلوەی خوا، بریتییە لە جوانی خوا، ئەگەر بێینە سەر شێوەزاری گۆران، سەیری بکەین نەک هەر لای مەلای پەرێشان زۆر جار لە سەدەی سیانزەوە باس دەکرێت، یان لە کۆنترەوە ئەو دەقانەی دۆزراونەتەوە هەمووی پڕن لە عیرفان و سۆفیگەری، دەتوانم بڵێم پاڵنەرەکەی بریتییە لە سۆفیگەری. ئێمە تەنانەت لە چیرۆکە شیعرییەکانیشدا وەکو شیرین و خەسرەوی خانای قوبادی کە یەکەم دێڕ دەست پێ دەکات، دەڵێت:

بەنام ئەو کەس شیرینی ئەرمەن
پەیداش کەرد فەرهاد پەیش بی بە کۆکەن

واتا بە ناوی ئەو کەسەی کە شیرینی ئەرمەنی دروست کرد، فەرهادی بۆ دروست کرد و لەپێناو عەشقی شیریندا بوو بە کێو هەڵکەن. سەیر دەکەی لێرەدا باوەڕی وایە شیرین دووبارە جیلوەی خوایە، ئەگەر دەربڕینەکەم شیاو بێت، خوای گەورە هونەرمەندە جوانە ڕاستەقینەکەیە کە لە پشتی فەرهادەوەیە و بریتی نییە لە فەرهاد خۆی، بریتییە لە خوا کە فەرهادی کردووە بەوە، هەمان ئەم شیعرە مەولەوی لە غەزەلێکدا دەڵێ:

دەستی شیرینش ماوەرۆ وەیاد
فەرهادی نەفەق فەرقەکەی فەرهاد

دەستی شیرینش، لێرەدا مامۆستای مودەڕیس بەڕەحمەت بێ، بە دەستی شیرینی تەوزیف کردووە، بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە، دەستی شیرینش، (ش) لە دیالێکتی هەورامیدا کەسی سێیەمی تاکە، بۆ نموونە دەڵێیت: کتێبەکەم، کتێبەکەت، کتێبەکەش. کتێبەکەش واتا ئەو (کەسی سێیەم)، دەستی شیرینش واتە دەستی شیرینی خوا دەیهێنێتەوە یادی، لێرەدا دەتوانین بڵێین بە جۆرێك لە جۆرەکان فیکری ئەفلاتوونیش هەیە کە باوەڕی بە مەسەلەی بیرهێنانەوە هەیە، ئەو باوەڕی وایە مرۆڤ لەسەر زەویدا پێویست ناکات زانستی تازە و زانیاری تازە وەربگرێت، بەڵکو تەنها پێویستی بەوەیە

بیری بخرێتەوە، بەشێکیشی ڕەنگە زۆر جار لە قورئاندا سەیر دەکەین لەجیاتی وشەی عیلم وشەی زیکر بەکارهاتووە، زیکر یانی بیرخستنەوە، تاکو ئەوەی عیلم بێت، دەڵێت: (دەستی شیرنش ماوەرۆ ئاویات) دەڵێت، دەستی شیرینی خوا دەیهێنێتەوە یادی (شیرینی نەشەر نەفەرق فەرقەکەی فەرهاد)، دەڵێت شیرینی دەکاتە مێشکی فەرهاد، (فەرق) واتە مێشك، واتە ئەوە خوایە عاشق بوون دەخاتە مێشکی فەرهادەوە، بۆ ئەوەی هونەرمەندێك دروست بێت، پێی بوترێت فەرهاد، بە کورتییەکەی دەیگێڕێتەوە بۆ عیرفان، بۆ پشتەوەی مادە، بە زمانێکی تر عاشقەکان هەموویان لە بنەڕەتدا عاشقی خوا بوون، بەڵام وایانزانیوە جیلوەکانی خوا لەسەر زەویدا خوان ئەگەر تەعبیرەکەم گونجاو بێت.
هەمان ئەم بەیتە، لە لای مەحوی دەبینینەوە، مەحوی زۆر بە ڕوونی دەڵێت:

گەر شیرینە گەر فەرهادە تا حەشر هەر
بن مەمنون
لە یومنی عیشقە فەیضی حوسنە وا
ڕوتبە نائیل بوون

دەڵێت ئەگەر شیرینە ئەگەر فەرهادە دەبێت ئەوان مەمنوونی عیشق بن، نەك عیشق مەمنوونی ئەوان بێت، تا حەشر دەبێت ئەوان مەمنون بن، لەبەرئەوەی لە بەرەکەتی عیشقە. فەیز وەکو دەزانن وشەیەکی عیرفانییە، دەتوانم بڵێم لە عیرفانی فەلسەفیدا پەیدا بوو، لە سەردەمی بایەزیدی بەستامی و فارابی و ئەوانەی دواتردا کە باوەڕیان وابوو جوانی خوا و جیلوەی خوا لە ئاسمان دەڕژێتە سەر زەوی و دوایی بڵاو دەبێتەوە، دەڵێت بە هۆی ئەو جوانییەی خواوە بوو شیرین و فەرهاد هاتنە سەر زەوی و عیشقەکەیان پەیدا بوو، گەیشتنە ئەم پلە بەرزە، (دەکەن ڕەشتاڵەیەکی دەشتەکی باسی شیرین)، (ڕەشتاڵەیەکی دەشتەکی) مەبەستی (لەیلا)یە، ئافرەتێکی ڕەشتاڵەی دەشتەکی باسی دەبرێتە پاڵ شیرینی ژنی خەسرەوی پەروێز، کە شاژن بووە.
(دەکەن بەردهەڵکەنێکی کێزەری باسی لەگەڵ مەجنون) کەسێکی شێتۆکەی وەکو فەرهادیش کە بەرد هەڵدەکەنێت، دێتە ئاستی مەجنون، (مەجنون) بەناوبانگترە لە ڕۆژهەڵاتدا، دواتر فەرهاد پەیدا دەبێت.
بە کورتییەکەی دەمەوێت بڵێم ئەدەبیاتێکی لێوان لێو لە عەشق، لە جوانی و خۆشەویستی، لە ئینسانیەتی بەرهەم هێناوە.

## مرۆڤی کورد کاتێك ئایینی ئیسلامی وەرگرتووە بێگومان سوودی لە سۆفیگەری وەرگرتووە

**خاڵی سێیەم:** بزاڤی کۆمەڵایەتی و هۆشیاری کۆمەڵایەتی، بەڕاستی سۆفیگەری هۆشیاری کۆمەڵایەتی بەرهەمهێناوە،

کاتێك مەولانا خالید دێتەوە تەریقەتی نەقشبەندی دەهێنێتەوە، دەبینین زۆرێك لە خەڵکی هەژار و جوتیار چواردەوری دەگرن، دەتوانین بڵێین ئەو پلەبەندییە تێکدەشکێنێت کە لە تەریقەتی قادریدا شێخ ئەگەر مرد کورەکەی دەچێتە شوێنی، لێرەدا وا نییە، کوڕی خۆی ناچێتە شوێنی، شێخ عوسمانی سیراجەدینی تەوێڵە دەچێتە شوێنی و دەبێت بە خەلیفە، کە هیچ پەیوەندییەکی خوێنییان پێکەوە نییە، یان شێخەکانی بارزان کە هیچ پەیوەندییەکی خوێنییان پێیەوە نییە. ئینجا هۆشیاری کۆمەڵایەتی، ئەم پیاوە ئەوەندە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا و جڵەوکردن هەیە، کە میرەکانی بابان دێن، توتنی بۆ دەکەنە سەبیلەکەیەوە، کۆیان دەکاتەوە و ئاشتیان ئەکاتەوە، ئەگەر ناکۆکییان هەبێت، دەتوانێت ڕۆڵێکی گەورەی هەبێت وەکو هێزێکی کۆمەڵایەتی گەورە لە ناو خەڵکدا، یان کاك ئەحمەدی شێخ، نووسراوەکانی کاك ئەحمەدی شێخ بخوێنەرەوە بەشی یەکەم و دووەم، سەیر دەکەیت نامەی ناردووە بۆ هەموو هۆزەکانی کورد، بە کورتییەکەی ڕێنمایی کردوون بۆ دین، ئامۆژگاری کردوون و ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە، دەتوانین بڵێین خۆی لە سلێمانیدا ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی زۆر گەورە بووە، کە کاریگەری گەورەی هەبووە، وەك کۆکردنەوەی ئەو منداڵە کەمئەندامە نابینایانەی کە هێناونی هەموویانی خستووەتە بەر خوێندن و دوایی بۆ ئەوەی ڕێزێکیان هەبێت لە ناو کۆمەڵگادا، خواردنی بەردەوامی بە هەژاران داوە.

## عیرفان دەرگایەکی گەورەی کردووەتەوە بۆ ئەوەی پرسیاری گەورەی وجودی دروست ببێت لە بارەی مرۆڤەوە

**خاڵی چوارەم:** لە ڕووی بزاڤی سیاسیشەوە، دەبینین لە دوای ڕووخاندنی میرنشینەکانی بابان و سۆران و بادینان و ئەردەڵان، وەکو دکتۆر جەعفەر عەلی لە نامەی ماستەرەکەیدا باسی دەکات، شێخ شوێنی میر دەگرێتەوە، دوای ئەوەی کە میرنشینەکان دەڕووخێن و میرەکان لە چواردەوریان نامێنن، خەڵك ئەمجارە چواردەوری شێخەکان دەگرن، دەبینین شێخەکان دەبنە ڕابەری خەڵك، لە دوای مەولانا خالیدی نەقشبەندی دەبینین شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ڕۆڵێکی گەورەی هەیە، شێخەکانی بارزان، شێخ عەبدولسەلامی بارزانی یەکەم و دووەم شێخ ئەحمەد بارزانی، دوای ئەوە شێخ مەحموودی حەفید لە سلێمانی کە دەبێتە مەلیکی کوردستان و ڕووبەڕووی ئینگلیزەکان دەجەنگێت، واتە شێخەکان دەبنە سەرکردەی سیاسی بزاڤی

ڕزگاریخوازی، سۆفیگەری لە کوردستاندا ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە.

**خاڵی پێنجەم:** دەتوانین بڵێین سۆفیەکان هەوڵیاندا و ڕیفۆرمی ئاینییان هێنا، ئەگەر خەڵکانێک دروست بووبن لە پەنای ئایینەوە ویستبێتیان جۆرێك لە سەرمایەی مەعنەوی بۆ خۆیان بپچڕن، وەکو شێخ و واعیز و زاهید و سۆفی، دەبینین هەندێک لە عاریفەکان ڕەخنە لە کەموکورتییەکان دەگرن، هەوڵدەدەن ڕیفۆرمی ئایینی بکەن، هەوڵدەدەن ئایین بگەڕێتەوە سەر شێوە دروستەکەی، پیرۆزی نەدرێت بە مرۆڤەکان وەکو کەس، بەڵکو پیرۆزی بدرێت بە بەرنامەکە خۆی، بە ئامانجەکان، بە شتەکان، مەحوی وەکو نموونە باس دەکەین:

شێخی هەمەوەندی دەدات پەند و
نەسیحەت
ئەو قوڕپەسەرەی دابووە بەسەر فەحش
و فەضیحەت

دەڵێت شێخێك کابرایەکی هەمەوەندی گرتبوو، هەمەوەندییەکان بەوە بەناوبانگن کەوا شەڕیان کردووە، شێخەکە قسەی پێ دەوت و گلەیی دەکرد.

خۆش هاتە جواب وتی تۆ هەقتە فەقەت
من
قطاع طریقم أما تۆ قطاع طریقت

وتی ڕاستەکەی من چەتەم و ڕێگرم، تۆش بە ناوی تەریقەتەوە خەڵك ڕووت دەکەیتەوە، سەیر دەکەیت ئەم کابرایە ئەگەرچی خۆی سۆفییە، بەڵام دێ ڕەخنە لەوانە دەگرێت کە دەیانەوێت ئیستغلالی ئایین بکەن بۆ خۆیان، ئەم گیانی ڕەخنەگرییە، ئەم گیانی هۆشیارکردنەوەی خەڵکە زۆر زۆر گرنگە، یان بۆ نموونە دەڵێت:

دەخاتە فیکری ئەهلی مەعریفەت
شێزوەی جەجاڵ ئەلحەق
دەبینی بەعزە ئەشخاصێ بە دوویا
خەرگەلەی مەخلوق

زۆر دژی ئەوەیە کە خەڵکی بە کوێرانە شوێنی شێخێك بکەون، کە وشەی خەرگەلیان بۆ بەکاردەهێنێ، خەرگەل یانی وەکو (گوێدرێژ) بە کوێرانە شوێنی شتەکان دەکەون، ئەمە دەیەوێت بە مەعریفەوە خەڵك شوێنی ئایین بکەوێت، یان بۆ نموونە کە دەڵێت:

کە شێخ و واعیز و سۆفی بە جەننەت
بەن گەد و گیپاڵ
دەبێ ئەمسالی ئێمە بۆ جەهەننم بەن
سڕ و سیپاڵ

ئەگەر شێخ و واعیز و سۆفی بەو گەدە و گیپاڵەی کە هەیانە ڕواڵەت بین و پیرۆزی ڕیش و ئەوانەیان کردووە بە پێوەر بۆ خواناسی، ئەوان بۆ بەهەشت بچن و خەڵکیکی وەکو ئیمە بۆ جەهەننەم بین، بەیتێکی فایەق بێکەس-م بیرکەوتەوە کە ڕیك هەمان مەفهومی مەحویە، دەڵێت ئەگەر خەڵکە جاهیل و نەزان و خورافاتیەکانی وەکو شێخەکان و ئەمانە کە ئێستا هەن، بچن بۆ بەهەشت، ئەوا

ئێمەی کەسی ئەهلی عیلم با بچین بۆ جەهەننەم، من حەز دەکەم بە عەقڵ و بە عیلمەوە بژیم بەڵام بچمە جەهەننەم، ئەوەم پێخۆشترە لەوەی کە بە جەهل و خورافاتەوە بژیم و بچمە ناو بەهەشتەوە، هەمان ئەم شتە پێش مەحوی، بێکەس خۆی دەیڵێت.

## دوو تەریقەتی گەورەی قادری و نەقشبەندی زۆر ئیشیان لەسەر ئەوە کردووە لەگەڵ زانستە شەرعییەکاندا نزیکی دروست بکەن

د. سەبور لە کۆتاییدا دەڵێت: دەتوانم بڵێم ئەوە سەربوردەی خێرای ڕابردوو بوو، ئایا ئێستا بیری سۆفیگەری دەتوانێت وەڵامدەرەوەی پێداویستی تاکی کورد بێت و کۆمەڵگا بێت، من دەڵێم ئەگەر بەو فۆرمە مێژووییەی کە هەبووە و بەو شێوازەی کە بمانەوێت فۆرمی مێژوو کۆپی بکەین و بهێنینە ئێرە، دەڵێم نەخێر، بەڵام ئایا لە ناو ئەو فۆرمەی ڕابردوودا ئێمە کەرەستە و ڕەگەزی بەهێزمان نییە کە بتوانین سوودی لێوەربگرین بۆ ئێستا، بەڵی، باوەڕم وایە ئەگەر مامۆستایانی ئایینی بیانەوێت جارێکی تر ئایینداریيەکی کاریگەر لەسەر دەروونی مرۆڤ دروست بکەن، دەبێت بگەڕێنەوە بۆ کەرەستەکانی سۆفیگەری و ئەدەبیاتی کوردی و نووسین و نووسەرەکانی وەکو کاک ئەحمەدی شێخ و مەولانا خالیدی نەقشبەندی و ئەو کەسانەی لە دوای ئەوەوە هاتوون، بۆ نموونە نووسینەکانی مامۆستا مودەڕیس، نووسینەکانی تری هەموو ئەو زانایانەی لەو بوارەدا نووسیویانە دەکرێت کەرەستەی زۆر باش بن، قەناعەتم وایە ئەگەر حکومەت بیەوێت، دەتوانێت لە ڕێگەی چەند خاڵێکەوە سوود لەم بابەتانە وەرگرێت:

**یەکەم:** بایەخدانەوە بە حوجرە و فەقێ و دانانی نووسراوانی زانا و عاریفان وەك پرۆگرامی خوێندن، بەڕاستی گرنگە حوجرە جارێکی تر بایەخی پێبدرێتەوە، نووسینی ئەو نووسەرانەی شاعیران و نووسەرانی کورد، بەتایبەت ئەوانەی کە لە ناو جەرگەی تەسەوفەوە هاتوونەتە دەرەوە بخوێنرێت، وەکو چۆن جاران گوڵستان و بوستان بۆ فێربوونی فارسی لە حوجرەکاندا خوێندراون، دەکرێت جارێکی تر ئەمانە حوجرەکاندا بخوێندرێنەوە و شەرح بکرێنەوە، بۆ ئەوەی کەسێکی ڕۆحی، مەلایەکی ڕۆحیمان بۆ دروست بێت، نەك مەلایەکی وشکی فیقهی.

**دووەم:** وتاری هەینی، وتاری هەینی مەسەلەیەکی گرنگە، گرنگە وتەی پیاوچاکان و عاریفانی کورد بکرێتە بەشێك لە کەرەستەی وتار، قەناعەتم وایە ئەگەر کەسێکی نیمچە عەلمانی و سیکیۆلار دابنیشێت بڵێیت:

بە ئاوی تێگەیشتین ئێمە دنیا کەچی هەر سەرابێک بوو
هەموو دەشچین بە خنکان و لە وشکیشە مەلەی مەخلوق
زۆر زۆر کاریگەرترە لەوەی بڵێی شێخ یوسف قەرزاوی وای وت، شێخ عوسەیمین وای وت، فلانەکەس وای وت، چونکە بەشێکە لە کولتوور، کە دەڵێت مەحوی، یان مەولەوی، یان مەولانا خالید وا دەڵێت، ئەمە زۆر زۆر گرنگە بخرێتەوە ناو وتاری ئاینی.

## هەموو ڕەگەزەکانی عیرفان و تەسەوف لە مەم و زینی خانیدا بە ئاشکرا هەیە، زین لە لای مەم بریتییە لە جوانی خوا

**سێیەم:** وانەی پەروەردەی ئیسلامی بایەخی پێبدرێت و لەوێشەوە نووسینی زانایانی کورد بکرێتە بناغە بۆ ناساندنی بنەماکانی ئایین، بۆ نموونە کتێبی (زوبدەی عەقیدە)ی مەولەویمان هەیە، کە بۆ منداڵانی نووسیوە، کە چۆن خوا، پێغەمبەر، مەلائیکە، ئەسڵی دین و فەرعی دین بناسێت، یان کتێبی (ڕۆڵە بزانین)ی مەلا خدر کە بە هەمان شێوە ئەویش بۆ فێرکردنی عەقیدە بووە بۆ منداڵی کورد، ئەمانە دەکرێت کەرەستەیەکی خاوی زۆر باش بن، کە منداڵی کورد جارێکی تر فێر بکرێتەوە، زۆر گرنگە، ئێستا هەموومان لەسەر ئەوە هاوڕاین کە لە کۆمەڵگای کوردی جۆرێك لە شپرزەیی و بێسەروبەری هەیە، بۆ ئێمە کۆنەبینەوە لەسەر ئەوەی ئاوازێکی هاوبەشمان هەبێت، ئاوازی هاوبەشیش بریتییە لە کەرەستەی کولتووری خۆمان، قەناعەتم وایە ئەگەر بڵێیت مەلەوی دەڵێت ئاوا خوا بناسە، زۆر زۆر کاریگەری لەسەر منداڵەکە و باوك و دایکی مناڵەکەش زیاترە لەوەی بڵێیت عەقیدەی تەحاوی وا دەڵێت، من ناڵێم واز لە عەقیدەی تەحاوی بینە، ناشڵێم هەموو شتێکی خورافاتیش لەو کتێبانە هەمووی قبوڵ بکە، خەڵکێکی وشیار بێت بزانێت ئێمە دەتوانین سوودی لێوەربگرین، زۆر زۆر شتی بەسوودی تێدایە.

**چوارەم و کۆتایی:** وەزارەتی ڕۆشنبیری و میدیاکان بایەخ بە کەلەپوور و بەرهەمی سۆفیگەری و عاریفیانە بدەن، تەقریبەن شەش بۆ حەوت ساڵ پێش ئێستا فیستیڤاڵی ڕێ و ڕەچەی نەقشبەندی و بەرهەمی شاعیرانی کرا، بێیت ئیش لەسەر ئەوە بکەیت، ئایا ڕێ و ڕەچەی نەقشبەندی چەندێك کاریگەری هەبووە لە بەرهەمهێنانی شاعیرانی کورد، ئەگەر سەیر بکەی زۆرینەی شاعیرانی کورد زۆربەیان نەقشبەندی بوون، هەر لە مەلا پەرێشان کە تۆزێک جێگەی مشتومڕە لەسەر شیعەگەری و ئەوانە، بەڵام لە بێسارانی، سەیدی، مەلای

جەزیری و ئەحمەدی خانییەوە بیگرە، تەنانەت خودی نالی خۆی لە کۆتایی ژیانیدا قەناعەتم وایە ئەم پیاوە بەرەو تەسەوفێکی گەورە گەڕاوەتەوە و دەیان شیعر و بەرهەمی هەیە:

خۆشا ڕەندێ لە دنیا بێ موبالات و موجەڕڕەد بێ
بە ڕۆژ زیندەی جەماعەت بێ، بە شەو مات و موجەڕڕەد بێ

یەك دنیا شتی زۆر قووڵی هەیە کە ئەم پیاوە لە بنەڕەتدا لە حوجرەی مەولانا خالید خوێندویەتی، تەنانەت دکتۆر عیزەدین هەموو جارێک باسی دەکرد، دەیوت، یەکێك لە هەڵەکانی قوتابخانەی خانەقای مەحوی کە کردویانەتەوە ئەوەیە خۆزگە حوجرەیەکیان تەرخان بکردایە بیاننووسیایە حوجرەی نالی، چونکە نالی بە پێی سەرچاوەکانیش ئەو کاتەشی کە مەولانا خالید سەفەری کردووە بۆ شام، نالیش سەفەری کردووە، دووبارە لە شام یەکتریان بینیوەتەوە پێش ئەوەی بچێت بۆ ئیستەنبوڵ، لەوێ کۆچی دوایی کردووە، بەڕاستی نالی بەرهەمی مەولانا خالیدە، مەولانا خالید کاتێک هات، هەوڵیدا تەرقەیقەتێکی کوردی و شتێك بۆ کورد دروست بکات، نالی قوتابی مەولانا خالید بوو، ئەو هەوڵیدا لە ڕێگەی ئەدەبیات و شیعرەوە ئەو ئامانجەی کە مەولانا خالید هەیبوو، بهێنێتە دی.

**ئەگەر مامۆستایانی ئایینی بیانەوێت جارێکی تر ئایینداریەکی کاریگەر لەسەر دەروونی مرۆڤ دروست بکەن، دەبێت بگەڕێنەوە بۆ کەرەستەکانی سۆفیگەری و ئەدەبیاتی کوردی**

بیرمەندان

ئایینناسی

# پرۆفیسۆر مستەفا زەڵمی زانایەکی مەوسوعی پێشەنگ

ڕێدار ئەحمەد

## پێشەکی

"وامدەزانی سەردەمی زانا پایەبەرزەکانمان لە زووەوە کۆتایی هاتووە و بووەتە یادەوەری، لە کاتێکدا کە یەکێك لەو زانا پایەبەرزانە ئەوەتا لەگەڵمان دەژی و قسەمان لەگەڵ دەکات و دەیدوێنین و لە زانست و ئەدەبەکەیمان پێدەبەخشێت".(١)

ئەمە وتەی دکتۆر حەسەن زەنونە(٢) لەبارەیەوە، باشە دەبێت ئەم زانا پایەبەرزە، کە یەکێك لە گەورە یاساناسانی عێراق و جیهانی ئیسلامی بە هاوشانی زانایانی پێشینی ئوممەتی دابنێت کێ بێت؟

دکتۆر مستەفا زەڵمی، ئەو ناوە درەوشاوەیەی بواری شەریعەت و یاسایە، کە وەك زانایەکی مەوسوعی لە زۆر بواردا خزمەتی کردووە و جێدەستی دیارە، ئەو فێرخوازێکی کۆڵنەدەر، مەلایەکی بوێر، مامۆستایەکی زانکۆی پڕ بەرهەم و نووسەرێکی مەوسوعی پێشەنگ بوو، لە زۆر بواردا جێدەستی دیارە و شیاوی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمییە، ئەم بابەتەش تەنها شارۆکردنی هەندێك لەتێڕوانینەکانیەتی بەکورتی.

## پوختەی ژیاننامە

مستەفا ئیبراهیم محەمەد ئەمین زەڵمی، "زۆرجار لە خۆی بیستومە وتویەتی: بەپێی قسەی کەسانی بەتەمەنی دێی زەڵم، ساڵی ١٩٢٠ لە دایک بووم، بەڵام لەتۆماری فەرمی میریدا بە١٩٢٤ تۆمار کراوم."(٣)

خوێندنی مزگەوتی لە خزمەت زانا پایەبەرزە ناودارەکانی هەردوو بەشی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستاندا خوێندووە، ساڵی ١٩٤٦ لە شاری کۆیە لە خزمەت مامۆستا مەلا نورەدین، برای مەلای گەورە، ئیجازەی عیلمی وەرگرتووە. هەمان ساڵ بە مەبەستی نەناردنی بۆ خزمەتی سەربازی، لەخزمەت مامۆستا مەلا حەمە سەعیدی دێلێژەیی، ناسراو بە مەلا حەمە سەعیدی خومخانە لە سلێمانی دووبارە ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووەتەوە. تاقیکردنەوەی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی بە دەرەکی ئەنجامداوە و ساڵی ١٩٥٩ کۆتا پۆلی خوێندنی ئامادەیی لە شاری بەغدا خوێندووە و بە سەرکەوتوویی تەواوی کردووە، ساڵی ١٩٦٠ لە کۆلێژی یاسا وەرگیراوە.

ساڵی ١٩٦٥ بڕوانامەی بەکالوریۆسی لە یاسا لە زانکۆی بەغدا بەدەست هێناوە.

ساڵی ١٩٦٩ بڕوانامەی ماستەری لە شەریعەتی ئیسلامیدا لە زانکۆی بەغدا بەدەست هێناوە.

ساڵی ١٩٧١ بڕوانامەی ماستەری لە فیقهی مقارندا لە زانکۆی ئەزهەر بەدەست هێناوە.

ساڵی ١٩٧٣ بڕوانامەی ماستەری لە یاسادا لە زانکۆی قاهیرە بەدەست هێناوە.

ساڵی ١٩٧٥ بڕوانامەی دکتۆرای بە (مرتبە الشرف) لە فیقهی مقارندا لە زانکۆی ئەزهەر بەدەست هێناوە.

ساڵی ٢٠٠٥ بڕوانامەی دکتۆرای لە یاسا بە پلەی (ئیمتیاز) لە زانکۆی بەغدا بەدەست هێناوە.

ساڵی ١٩٤٦ تا ساڵی ١٩٥٥ لە زەڵم و دواتر لە سەرسیان و پاشان لە مزگەوتی مەلا ئەحمەدی هەرمەنی لە شاری سلێمانی وانەی بە فەقێ وتووەتەوە.

ساڵی ١٩٥٥ تا ١٩٧٢ وەک ئیمام لە سوپادا بووە.

ساڵی ١٩٧٦ تا ٢٠٠٨ لە قۆناغە جیاوازەکانی زانکۆ وانەی وتووەتەوە، تا پلەی ( استاذ متمرس)ی پێدراوە.

سەرپەرشتیاری زیاتر لە سەد نامەی ماستەر و دکتۆرا بووە لە شەریعەت و فەلسەفە و یاسادا.(٤)

## پوختەی بۆچوونەکانی

لەم توێژینەوەیەدا پوختەیەك لە بۆچوونەکانی دکتۆر مستەفا زەڵمی لە چەند بابەتێکدا بە کورتی دەخەینە ڕوو، هەڵوەستە و قسەکردن لەسەریان بۆ توێژەران جێدەهێڵین.

دکتۆر تەها جابر عەلوانی لەبارەی لێکۆڵینەوەکانی دکتۆر مستەفا زەڵمییەوە دەڵێت: "لەسەر زانایەکی وەک بەڕێزتان پێویست دەکات، کە پسپۆڕن لەبواری کەلەپووردا، پابەندن بەئارێشەکانی ئوممەتەوە، سوورن لەسەر هەستانەوەی، پێداچوونەوە بۆ ئەم کارانە بکات، زۆرێک لە فیقهـ، بگرە هەندێک لە بنەما ئوسوڵییەکانیش وەک ئەوە نەماوە کە لە قورئاندا هاتووە، وەک ئەوانەش نییە کە لەو ڕاڤە و لێکدانەوە و ڕوونکردنەوانەی سوننەتی پێغەمبەردا هاتووە".(٥)

دکتۆر موحسین عەبدولحەمید لەبارەیەوە دەڵێت: "دکتۆر زەڵمی لە کتێبەکانیدا تەنها ڕای فەقیهەکان ناهێنێتەوە، بەڵکو بەڵگەکانیشیان دەخاتە ڕوو و بەراوردیان دەکات، ئەوەی سەرنج لە کتێبەکانی بدات دەبینێت کە دەمارگیری بۆ ڕایەک، یان مەزهەبێک نییە، بەڵکو شوێن ئەوە دەکەوێت کە لە میانەی بەڵگەکان و بەهێزییان بۆی دەردەکەوێت، کە حەقە. عەقڵیەتی زەڵمی عەقڵیەتێکی سەردەمانەیە، ئەو هەوڵ دەدات سوود لەو ڕایە نەرمانەی فەقیهەکان ببینێت، کە بەڵگەی بەهێز پشتیوانی دەکەن، بۆ دۆزینەوەی چارەسەری ڕەوان، بۆ گرفتەکانی ئەم سەردەمە و هەڵگرتنی زەحمەتی لەسەر مسوڵمانان، لەمەشدا شوێن بنەمانی ئاسانکاریی کەوتووە، کە شەریعەتی ئیسلامی پێوە ناسراوە، بەتایبەتی لە سەردەمی هاوەڵە بەڕێزەکان. پاشان دکتۆر زەڵمی لە سەردەمەکەی خۆیدا دەژی، بەو مانایەی لە فەتوا و بەڕاستتر دانانە (ترجيح) فیقهییەکانیدا، داهێنانە زانستییە تازەکان بەکاردەهێنێت.". (٦)

ئەوەی لەم بابەتەدا بە چەند خاڵێك بە کورتی باسی دەکەین، هەڵبژاردن و خستنەڕووی چەند بوارێکە کە دکتۆر مستەفا زەڵمی جێدەستی تێیاندا دیارە:

یەکەم: ئوسوڵی فیقهـ: نوێگەری دکتۆر مستەفا زەڵمی لەبواری (أصول)دا:

أ-زەڵمی ئەو دابەشکارییە سیانییەی (الاحکام الاعتقادية والعملية والخلقية ) بۆ (أحكام القران)، لای زانایانی عیلمی ئوسوڵی فیقهـ هەیە، پێی ناڕاستە و دەیکاتە دابەشکارییەکی پێنجی و (الاحكام الكونية والاحكام العبرية)ی بۆ زیاد دەکات، لەمبارەیەوە دەڵێت: "دابەشکاری سیانی هەڵەیەکی باوە، چونکە هەر ئایەتێك، کە حوکمێك ڕوون دەکاتەوە پەیوەندیدارە

بە ڕێکخستنی یەکێك لە دوو ژیانەکەوە (ژیانی دونیا و قیامەت)، قورئان گەنجینەیەکە هەموو پێداویستییەکان لەخۆ دەگرێت".(٧)

لە پێناسەی ئەحکامی کەونیدا دەڵێت: "قورئانی پیرۆز زۆر ئایەتی کەونی خاوەن واتای زانستی لەخۆ گرتووە، کە دەگەنە پلەی ئیعجاز، موفەسیرانی پێشوو درکیان پێیان نەکردووە، بگرە هەیانە داهێنانە زانستییە هاوچەرخەکان دەریانخستووە، مانا و مەبەستەکانیانی ڕوون کردووەتەوە، هەشیانە هێشتا نەدۆزراوەتەوە و لە چاوەڕوانی داهێنانی زانستی نوێدایە لە ئایندەدا، فەلسەفەی ئایاتی کەونی بریتییە لە: بەهێزترکردنی باوەڕبوون بە قورئانی پیرۆز و چەسپاندنی عەقیدە، بەوەی کە دەستکردی مرۆڤ نییە، بەڵکو لەلایەن خواوە هاتووەتە خوار، جگە لەوەش ئاڕاستەکردنی مرۆڤ بۆ بیرکردنەوەو ڕامان لەم گەردوونەی کە لەڕووی مادی و مەعنەوییەوە موسەخەرە بۆی تا لێی سوودمەند بێت، بەڵام زۆر کەس پەی بە نهێنییە گەردوونییەکانی ئەو ئایەتانە و فەلسەفەکانی نابەن".(٨)

لە پێناسەی (الاحكام العبرية)دا دەڵێت: "بریتییە لەو ئەحکامانەی لەو ئایەتانە وەردەگیرێت، کە سەربوردەی نەتەوەکانی پێش ئیسلام دەخەنەڕوو، لەگەڵ ئەو سەرئەنجامەی لە پاداشتی کردەوەکانیاندا پێی گەیشتوون، فەلسەفەی ئەم ئایەتانە و حوکمەکانی لەوەدایە، نەوەکانی دواتری پاش هاتنی ئیسلام، بەرەو عیبرەت وەرگرتن لەوانە ببات کە ئەو نەتەوە پێشوانە کردویانە، ئەو سەرئەنجامانەی پێی گەیشتوون، بە بەراوردکردنی حاڵ و چارەنووسی خۆیان لەسەر حاڵ و چارەنووسی ئەوان.

## زەڵمی ئەو دابەشکارییە سیانییەی (الاحكام الاعتقادية والعملية والخلقية ) بۆ (أحكام القران)، لای زانایانی عیلمی ئوسوڵی فیقهـ هەیە، پێی ناڕاستە و دەیکاتە دابەشکارییەکی پێنجی

دکتۆر مستەفا زەڵمی سەبارەت بەم ئایەتانە دەڵێت: "ئەم ئایەتانە و هاوشێوەکانیان حوکمەکانیان پەندوەرگرتن (عبرية)ە، ڕستەکانیان هەواڵدانە، ماناکەیان داواکراوە، فەرمان بە هەموو نەوەیەك دەکات پەند لە نەوەی پێش خۆی وەربگرێت لەڕووی تاوان و سزاوە، پەنا بۆ ئەو کەلەپوورە ببات کە لە نەوەی پێش خۆیەوە لە چاکە، یان زانست، یان بەرهەمی زانستی و هاوشێوەکانیانەوە بۆیان ماوەتەوە، ئەو بۆماوەییە بخاتە کار، دەستکەوتی نوێی بۆ زیاد بکات و بۆ نەوەی پاش خۆی جێبهێڵێت، چونکە شارستانییەتی

مرۆڤایەتی بەمشێوەیە دروست بووە، دروستکراوی یەك نەوە نییە، بەڵکو هەموو نەوەکان بەپێی ئەو سوودەی بۆ بەرژەوەندی نەوەکەی و نەوەی دوای خۆی بەخشیویەتی، تێیدا بەشداره.(٩)

ب-دکتۆر مستەفا زەڵمی پێناسەی تایبەت و جیاواز بۆ سەرچاوەکانی حوکمی شەرعی وەك: (القیاس و الاستحسان و المصلحة) دەکات، ئەو جیاوازییەش دەبێتە هۆی دەرهێنانی حوکمی نوێ.

**-پێوانەکاری (قیاس):**

لە پێناسەی قیاسدا، پاش خستنەڕووی ئەو پێناسانەی لە کتێبەکانی ئوسوڵدا سەبارەت بە قیاس هاتوون، خۆی پێناسەیەکی نوێی پوختی دەکات، لای زەڵمی قیاس بریتییە لە "گێڕانەوەی بەشەکییە نوێبووەوەکان (الجزئیات المستحدثات)، بۆ ئەو هەمەکییانەی عەقڵ گەیشتووە بە واتاکانیان، واتە ئەو هەمەکییانەی عەقڵ پەی بە هۆکارەکەیان دەبات".

دکتۆر مستەفا زەڵمی لەمبارەیەوە دەڵێت: " ئەو پێناسەیەم لەو بنەما شەرعییە گشتییە دەرهێناوە، کە ماوەڵە شەرعناسەکان بڕیاریان لەسەر داوە و لەسەری کۆکبوون، کە دەڵێ: (حوکم لەگەڵ هۆکارەکەی دەخولێتەوە بە بوون و نەبوون)".(١٠)

**-بەرژەوەندی (المصلحة):**

دکتۆر مستەفا زەڵمی پێی وایە تێکەڵکردنێك هەیە لە نێوان (الحکم) و (المصلحة)دا، ئەمەش لەو پێناسەیەوە پەیدا بووە، کە هەندێك لە زانایان کردوویانە، لەوانە ئیمامی غەزالی بەمجۆرە پێناسەی (المصلحة) دەکات کە: "بریتییە لە هێنانی سوودێك (منفعة)، یاخود وەلانانی زیانێك(مضرة)".(١١)

غەزالی لە (المستصفی)، دەڵێت: بەڵام بەرژەوەندی بریتییە لە: وەدەستهێنانی سوود و لابردنی زیان، مەبەستیشمان ئەوە نییە، چونکە وەدەستهێنانی سوود و لابردنی زیانی مەبەستەکانی وەدیهێنان و چاکیی وەدیهێنراوان لە وەدەستهێنانی مەبەستەکانیانە، بەڵام مەبەستمان لە بەرژەوەندی پاراستنی مەبەستی شەرعە لە بوونەوەردا، ئەویش بەوەی ئایین، نەفس، ژیری، وەچە و سامانیان بپارێزێت، جا هەموو ئەوەی پاراستنی ئەو پێنج ئەسڵە لەخۆ دەگرێت بەرژەوەندییە، هەموو ئەوەی ئەو ئەسڵانە لە دەست دەدات خراپییە و لابردنی بەرژەوەندییە).(١٢)

ئەم وتانەی غەزالی ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەو تۆڵەیەی بە هۆیەوە ژیانی مرۆڤ خۆی دەپارێزرێت بەرژەوەندییە، ئەو دەستبڕینەی بە هۆیەوە سامانی مرۆڤ دەپارێزرێت بەرژەوەندییە، ... هەروەها. ئەوە تێکەڵییەکی ڕوونە لە نێوان حوکم و نێوان ئەو بەرژەوەندییەی لە جێبەجێکردنەکەی دەکەوێتەوە، کە ئەوەش مەبەستی دانەری شەرعە بۆ بوونەوەر. (١٣)

ئەو پێناسەیەی هەڵیدەبژێرین: ئەوەیە کە بەرژەوەندی لە شەرعدا بریتییە لە سوودی مادی، یان مەعنەوی، دنیایی، یان دوارۆژی، کەسی بەرئەرک وەدەستی دەکەوێت، بە کارکردن بە واجبەکان، یان پێباشەکان (مندوب)، یان ڕێپێدراوەکان (مباح)، هەروەها لابردن و دوورخستنەوەی خراپەیە، بە کارنەکردن بەوەی حەرامە، یان بێزراوە (مکروه).(١٤)

هەروەك زەڵمی ئاماژەی پێدەدات "ئەم پێناسە هەڵبژاردەیە، بیناکراوە لەسەر کۆڕایی زانایان لە ئوسوڵناسان و شەرعناسان، لەسەر ئەوەی هەموو فەرمانپێکراوێک لە شەرعدا بەسوودە، هەموو ڕێلێگیراوێکی شەرعی زیانبەخشە، ئەوەش وا دەخوازێت کە ئەنجامی گوێڕایەڵی خوا بە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی و دوورکەوتنەوە لە ڕێ لێ گیراوەکانی، ئامانجەکانی خوا و بەرژەوەندییەکانی مرۆڤی لێ بکەوێتەوە."(١٥)

**-بە چاکزانین (الاستحسان):** پێناسەی (الاستحسان) لای دکتۆر مستەفا زەڵمی جیاوازە و دەڵێت: دوای سەرنجدان لە دەیەها پێناسەی زانایانی ئوسوڵ، لە هەمەجۆری مەزهەبە فیقهی و ئوسوڵییە ئیسلامییەکاندا، دوای نائومێدبوون لە دۆزینەوەی پێناسەیەکی ڕوون و کۆکەرەوە و ڕێگر، کە ئەم بنجەی ئوسوڵی فیقهی ئیسلامی ڕزگار بکات لەو هەڵمەتە نادادوەرانەیەی کراوەتە سەری و تا ئێستاش بەردەوامە، هەر لە سەردەمی پێشەوا شافیعی هەتا ئەمڕۆمان، کە جارێک تاوانبار دەکرێت بەوەی: چێژوەرگرتن و ئیجتیهادکردنە بە هەوا و ئارەزوو، جارێکیش بەوەی حەزێکە و شوێنکەوتنی هەوا و ئارەزوو و گومڕاییە، جارێکی دیکەش بەوەی بێسوودە و هەڵبەستنە بە زمانی شەریعەتی ئیسلامییەوە.

دوای تاوتوێکردنی ئەو تۆمەتانە و پێناسەکانی، بە لوتفی خوا بۆم دەرکەوت کە بەچاکزانین (استحسان) بریتییە لە پرۆسەیەکی ئیجتیهادی عەقڵی، بە ئامانجی پەسەندکردنی کارکردن بە بەڵگەی حوکمێکی ئاوارتەیی (استثنائی)، بەسەر کارکردن بە بەڵگەی حوکمە ئەسڵییەکەی، لە ڕووداوێکی دیاریکراودا، ئەمە ئەگەر موجتەهید بەپێی پێوەری شەرعی بە باشتری دانا.

## زەڵمی بە بەڵگەی عەقڵی و نەقڵی سەلماندویەتی نەسخ لەقورئاندا نییە

بە دەستەواژەیەکی ڕوونتر، بەچاکزانین: هەڵاواردنی هەندێک لە هەندەکییەکانە لە حوکمی هەمەکییەکانی، لەبەر بەرژەوەندییەک، یان پێویستییەک، یان نەریتێک.(١٦)

**دووەم: نەسخ:** دکتۆر موحسین

عەبدولحەمید لەبارەی کتێبی (التبیان لرفع غموض النسخ في القران) دەڵێت: "ئەم کتێبە لە بابەتەکەیدا بەگشتی تازە نییە، چونکە کۆمەڵێک لە زانایان لە سەدەکانی ڕابردوو و ئەم سەردەمەدا نکوڵییان لە نەسخ لە قورئانی پیرۆزدا کردووە، بەڵام تازەیی ئەم کتێبە لەوەدایە خوێندنەوەی بۆ چەندین ئایەت کردووە، کە زۆر لە لێکدەرەوان وتویانە نەسخ کراوەتەوە، لە ڕێگای زانستی زمان و مەنتیق و ئوسوڵ و تەفسیر و فیقهەوە سەلماندویەتی کە نەسخ لە قورئاندا نییە، هەر ئایەتێک لە چوارچێوەی خۆی بەکاردێت، لێرەوە و لەم ڕووەوە ئەم کتێبە داهێنانێکی تێدایە، ئاماژەیە بۆ ئەو سامانە زانستییەی دانەرە بەڕێزەکەی هەیەتی، بەبێ ئەوە نەیدەتوانی بچێتە نێو ئەو لێکۆڵینەوە وردەوە".(١٧)

دکتۆر مستەفا زەڵمی لەسەر نەسخ بۆچوونی تایبەتی هەیە، بەگوێرەی بۆچوونی زانایانی متأخرین: نەسخ واتە: "هەڵگرتنی حوکمێکی شەرعی بەپێی بەڵگەیەکی شەرعی"(١٤)، لای زانایانی سەلەف بەمجۆرە پێناسە کراوە: "هەموو ئەوەی بەسەر ڕووکاری دەقدا دێت، لە تایبەتکردنی گشتی، یان کۆتکردنی ڕەهای، یاخود خستنەڕووی پوخت (بیان مجملە)، یان پلەبەندی (تدرج) ی حوکمەکەی، یان هەڵوەشاندنەوەی حوکم و هاوشێوەی ئەوانە.(١٨)

زەڵمی پاش تاوتوێکردنی هەموو ئەوانە دەڵێت: نەسخ بەو واتا گشتییەی لای سەلەفی ساڵح هاتووە، دروستە لە قورئاندا هەبێت، خۆ ئەگەر بەو واتایە بێت، کە لای متأخرین هەیە، کە ئەویش هەڵوەشاندنەوەی وەحیەکی پێشترە بە وەحی دواتر، ئەوا ئەمەیان لەپاش وەفاتی پێغەمبەر، بە ئیجماع ناشێت و بە بێ قورئان (واتە بە فەرموودە، یان ئیجماع، یاخود جگە لەو) ناشێت، هەربانگەشەیەکی لەوجۆرە بەتاڵە، بەگوێرەی بۆچوونی زەڵمی، لەقورئاندا نەسخ بە واتا تایبەتەکەی بوونی نییە.(١٩)

لای زەڵمی، قورئان بە فەرموودەی متواتر نەسخ نابێت، ئەگەر (قطعیة الثبوت) یش بێت، لەبەر ئەوەی دەقەکانی قورئان لەڕووی (لفظ) و واتاوە لەو بەهێزترە، چونکە هەردووکیان لە خوای گەورەوەیە، بەپێچەوانەی فەرموودەوە، کە (لفظ) ەکەی لە پێغەمبەرەوەیە (صلی الله علیه وسلم)، ئەو ئایەتانەشی وتراوە بە فەرموودەی متواتر نەسخ بوون، ئەوانە بە فەرموودەکان تایبەتمەند کراون، نەك نەسخ، نموونەی ئەمەش ئایەتی وەسیەت.(٢٠) زەڵمی لەم کتێبەدا "بەڵگەی عەقڵی و نەقڵی سەلماندویەتی نەسخ لەقورئاندا نییە".(٢١)

**سێیەم**: شرع من قبلنا شرع لنا: دکتۆر مستەفا زەڵمی، لەو بارەوە دەڵێت "پاش گەڕانەوەم بۆ زۆربەی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانی زانستی بنەماکانی

فیقهی ئیسلامی هیچ ڕایەکی پەسەند و وەرگیراوم دەست نەکەوت، سەرچاوەی ئەم کێشەیەش ئەوەیە کە ڕێساکە هەر بە هەڵە دروستکراوە و لە پێشینانەوە بە هەڵە گەیشتووە بە پاشینان و ڕێساکە لە داڕشتن و دەربڕینیدا هەڵەیە و پێویستە ڕاست بکرێتەوە و بوترێت: دینی ئەوانەی پێش ئێمە بوون بۆ ئێمەش دینە، بەڵام شەرعی ئەوانەی پێش ئێمە بوون نابێتە شەرعی ئێمە".(٢٢)

لە درێژەی ڕوونکردنەوەکەدا دەڵێت: "ئوسوڵی دین بۆ ئادەمیزاد دانراوە، لە هەموو کات و سەردەمەکاندا و جیاوازی نییە، ئەحکامە ئیعتیقادییەکان بۆ هەموو مرۆڤاکانە، لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی تر جیاوازی نییە، شەریعەتێکش لە شەریعەتێکی تر جیا نییە، پێغەمبەرێك لەگەڵ پێغەمبەرێکی تردا جیاوازی نییە، چونکە دین یەکێکە، دین تایبەتترە لە شەریعەتی کرداریی، بۆیە: هەموو دینێك شەریعەتە و هەموو شەریعەتێك دین نییە، چونکە لقەکانی دینیش دەگرێتەوە، لەو ئەحکامە شەرعییە کرداریانەی ناوی فیقهیان لێنراوە، ئوسوڵی دین، وەك: ئیمان بە خوا و فریشتەکانی و پێغەمبەرەکانی و ڕۆژی دوایی ... چەسپاوە، لە یەکەم ڕۆژی وەحییەوە، کە بۆ سەر گەورەمان ئادەم (علیە السلام) هاتە خوارەوە، تا کۆتا وەحی، کە بۆ سەر گەورەمان محەممەد (صلی اللە علیە وسلم) دابەزیوە، لە شەریعەتی هەموو پێغەمبەران و نێردراواندا، هیچ گۆڕانیك بەسەر دیندا نەهاتووە.(٢٣)

**چوارەم:** دکتۆر مستەفا زەڵمی لە بواری فیکریشدا جێدەستی دیارە، ئەو بە تەنها نەهاتووە وەڵامی نەیارانی ئیسلام بداتەوە، بەڵکو بەر لەوەی وەڵامی نەیاران بداتەوە، هاتووە هەڵەی دۆستان ڕاست بکاتەوە، بەو واتایەی کۆششەکەی دوو لایەنە بووە، لەلایەك ئەو بۆچوونانەی پێی هەڵە بووە لە بواری فیقهی ئیسلامیدا، دەستی داوەتە ڕاستکردنەوەیان، بە پشتبەستن بە بەڵگەی نەقڵی و عەقڵی، لە بەرامبەریشدا وەڵامی ڕۆژهەڵاتناسانی داوەتەوە، ئەوانەی ڕەخنەیان لە بوارێك لە بوارەکان هەبووە.

لەمبارەیەشەوە بۆچوونەکانی دکتۆر مستەفا زەڵمی لەسەر کوشتنی مورتەد و نەهێشتنی کۆیلە و کەنیزەك و نەبوونی نەسخ، باشترین نموونەن، لە هەمان کاتدا ئەوەی ڕەتکردووەتەوە کە فیقهی ئیسلامی کەوتبێتە ژێر کاریگەری فیقهی ڕۆژئاوا.

أ-کوشتنی مورتەد: لە شەریعەتی ئیسلامیدا، زۆر باسی مورتەد و لادەر و سزای ئەوانەی لە دین هەڵدەگەڕێنەوە، کراوە، زۆر کەسیش قسەی خۆی لەسەر ئەم بابەتە کردووە، هەندێك پێیان وایە: قورئان هەرگیز باسی ئەو تاوانەی لە هیچ ئایەتێکیدا نەکردووە! هەندێکی تر وتویانە: تەنها لە یەک فەرموودەدا

باس کراوە کە بریتییە لە: (هەرکەسێک دینەکەی بگۆڕێت، دەکوژێت).
هەندێکی تریش هەوڵیان دا گرنگی ئەم تاوانە و مەترسییەکانی بۆ سەر کۆمەڵگا بە کەم سەیر بکەن و جیاوازییان نەکردووە لە نێوان مورتەدی زیانگەیەنەر و بێ زیاندا.

**زەڵمی بە تەنها نەهاتووە وەڵامی نەیارانی ئیسلام بداتەوە، بەڵکو بەر لەوەی وەڵامی نەیاران بداتەوە، هاتووە هەڵەی دۆستان ڕاست بکاتەوە**

دکتۆر مستەفا زەڵمی بۆچوونی وایە: ئەو کەسەی لەدین هەڵدەگەڕێتەوە و بێزیانە، ناکوژرێت، لەمبارەیەشەوە نامیلکەیەکی هەیە بەناونیشانی: (لاقتل للمرتد غير المفسد في القران)، لەم دانراوەیدا بەڵگەی عەقڵی و نەقڵی بۆ بابەتەکە دەهێنێتەوە.
گرنگترین بەڵگە عەقڵییەکانی بەکورتی:
"**یەکەم:** وتنی ئەوەی کە سزای هەڵگەڕاوە بە ڕەهایی دونیاییە، پێچەوانەی زۆر ئایەتی قورئانی پیرۆزە، لەوانە خوای گەورە دەفەرمووێت: (...وَمَن يَرْتَدِدْ مِنكُمْ عَن دِينِهِ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُوْلَئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَأُوْلَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ).
**دووەم:** وتنی ئەوەی کە سزای هەڵگەڕاوە بە ڕەهایی قیامەتییە، پێچەوانەی زۆر ئایەتی قورئانی پیرۆزە، لەوانە خوای گەورە دەفەرمووێت: (إِنَّمَا جَزَاء الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الأَرْضِ فَسَاداً أَن يُقَتَّلُواْ أَوْ يُصَلَّبُواْ أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُم مِّنْ خِلافٍ أَوْ يُنفَوْاْ مِنَ الأَرْضِ ذَلِكَ لَهُمْ خِزْيٌ فِي الدُّنْيَا وَلَهُمْ فِي الآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ).
**سێیەم:** وتنی ئەوەی جیاوازی هەیە لە نێوان قورئان و سوننەی پێغەمبەر، لە حوکمی هەڵگەڕاوە و هەڵسوکەوت لەگەڵیدا، پێچەوانەی قورئانە، چونکە قورئان هەروەک چۆن چارەسەری حوکمی هەڵگەڕاوەی کردووە بە هەر دوو جۆرەکەیەوە: هەڵگەڕاوە بە واتای دەرچوو لەئیسلام، هەڵگەڕاوە بە مانای دەرچوو لە دژی ئیسلام، بۆ هەر جۆرێکیان حوکمێکی داوە. کە پێچەوانەی ئەوەی دیکەیانە، پێغەمبەری خوا -درودی خوای لەسەر بێت- لە فەرموودەکانیدا هەمان کاری کردووە، حوکمی هەڵگەڕاوەی جارێک بە ڕەهایی باس کردووە و جارێکی دیکەش بە کۆتکراوی، پێویستە ڕەهاکە بخرێتە سەر کۆتکراوەکە و کۆتەکە ئەویش بگرێتەوە، ئەگەر هاتوو لە هۆکار و حوکمدا یەک بوون، بەپێی ئەو ڕێسا گشتییەی کە لە ئوسوڵی فیقهدا هاودەنگی لەسەرە.
**چوارەم:** زۆرێک لە زانایانی ئیسلام، هەڵگەڕاوە بە مانای دەرچوون لە ئیسلام، لەگەڵ هەڵگەڕاوە لە دژی ئیسلام، لایان تێکەڵ بووە، لەبەر ئەوە بۆ هەردووکیان

تەنها یەک حوکم هەیە، ئەویش پێویستی کوشتنیەتی.

**پێنجەم:** هەندێک لە زانایانی ئیسلام گونجاندنی تاوانی هەڵگەڕانەوەیان لێ تێکەڵ بووە بەوەی لەتاوانەکانی حدودە، لەگەڵ گونجاندنی بەوەی لە تاوانەکانی ڕوشکێن (تعازیر)ە، لە کاتێکدا جیاوازییەکی ڕوون هەیە لە نێوان ئەو تاوانانەدا لەرووی چییەتی و پسپۆڕی و جیاکاری و حوکمەکانی.

**شەشەم:** هەندێک تێکەڵییان بۆ دروست بووە لە بەڵگەهێنانەوە لەسەر پێویستی کوشتنی هەڵگەڕاوە، لە نێوان سوننەتی پێغەمبەر لەگەڵ وتە، یان کرداری هاوەڵان، یاخود شوێنکەوتوان، لە بە سەرچاوەبوون بۆ شەریعەتی ئیسلام".(٢٤)

**ب-ڕەجم:** " لە نێو ئەوانەی کە بەردبارانکردنیان ڕەتکردووەتەوە: مستەفا زەڵمییە، لە کتێبەکەیدا: (بەردبارانکردنی زیناکەر لە قورئاندا نییە)، لەبەر ئەوەی بەڵگەی زۆربەی ئەوانەی ڕەجمی زیناکەر ڕەتدەکەنەوە، بەڵگەکانیان زۆرجار لە یەکترەوە نزیکە. بەڵام دکتۆر مستەفا زەڵمی بە بەڵگەی ڕیشەدارەوە، کە پسپۆڕە تێیدا (الفقه والأصول والقواعد)، جیاواز لەوانی بەم شێوەیە تر قسەی لەسەر دەکات:

١-ئەو سزایەی لە قورئاندا وەك سزایەک بۆ زیناکاران ئاماژەی پێکراوە، بریتییە لە: زیندانیکردن و ئازاردان، پاشان ١٠٠ شەلاق بۆ خێزاندار و بێ شوو، ئەمە کارپێکراوە.

٢-گەنگەشەی ئەو ئایەتە دەکات، کە بە ئایەتی ڕەجم ناسراوە و ناوی لێناوە: درۆی (الشيخ و الشيخة).

٣-ئەو ڕووداوانەی بەردبارانکردن کە لە سوننەتدا گێڕدراوەتەوە بە ئیجتیهادی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) و قورئان بڕیاری لەسەر نەداوە، هەروەک چۆن لە بابەتی دیلەکانی بەدردا ئیجتیهادی کرد و دواتر ئایەتی قورئان دابەزی، ئیجتیهادەکەی ڕەجمی بە دەقی سزای شەلاق لێدان لە سورەتی ئەلنوردا ڕاستکردەوە.

٤-ڕەتکردنەوەی بەردباران بەڵگەدار دەکات لە دەراوزەیەکدا بە ناوی: (بەردباران و ڕێسا گشتییەکان)، بۆ ڕەتکردنەوەی بەردبارانکردنی بەڵگەی ئوسوڵی و فیقهی و لۆژیکی و فەلسەفی و عەقڵانی دەهێنێتەوە".(٢٥)

ج- کۆیلەو کەنیزەك: "وشککردنی زەلکاوی کۆیلە و کەنیزەکەکان لە قورئاندا" ئەمە ناونیشانی یەکێکی ترە لە دانراوەکانی دکتۆر مستەفا زەڵمی، کە بابەتێکی لەخۆ گرتووە ڕاجیایی زۆری لەسەرە، لەم کتێبەدا بە ڕوونی کۆتاییهاتنی کۆیلە و کەنیزەکی لە قورئاندا بە بەڵگەی عەقڵی و نەقڵی خستووەتە ڕوو.

پوختەی ئەم کتێبە بریتییە لەوەی هەشت سەرچاوە هەبووە بۆ بەکۆیلەکردنی مرۆڤ، ئیسلام ئەو هەشت جۆگەیەی لە

سەرچاوەکەیەوە وشك کردووە:
١-دیل: پێش هاتنی ئیسلام دیل دەکرایە کۆیلە، ئیسلام ئەمەی نەهێشت.
چارەسەری ئیسلام: "قورئانی پیرۆز هات و چارەنووسی ئازادکردنی دیلی لە دوو ڕێگەدا کورت کردەوە، کە سێهەمیان نییە، ئەوانیش بریتین لە ئازادکردن بە پیاوەتی و منەتبارکردنیان بە بێ بەرامبەر، یان ئازاد دەکرێن بەرامبەر بەوانەی لای لایەنی بەرامبەرن، یان بەهەر قەرەبوویەکی مادی، یان مەعنەوی، خوای گەورەش لە ئایەتی (٤)ی سوورەتی (محمد)دا فەرموویەتی: (فَإِذا لَقِيتُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا فَضَرْبَ الرِّقَابِ حَتَّى إِذَا أَثْخَنْتُمُوهُمْ فَشُدُّوا الْوَثَاقَ فَإِمَّا مَنًّا بَعْدُ وَإِمَّا فِدَاءً حَتَّى تَضَعَ الْحَرْبُ أَوْزَارَهَا)".
٢-لەدایکبوون: منداڵی کۆیلە دەبووە کۆیلە.
چارەسەری ئیسلام: "قورئان ئەوەی ڕێکخست و وایکرد وەچە خستنەوە هۆکارێک بێت بۆ ڕزگاربوون لە کۆیلەیی و ئازادبوون و منداڵی کەنیزەکەکانی لە مێردە ئازادەکانیان بە ئازاد لە قەڵەم دا، هەروەها دایکیانی بە دایکی منداڵەکە دانا، واتە دایکێکی ئازاد لەپاش مردنی مێردەکەی".
٣-تاوان: لە زۆربەی یاساکانی نەتەوە کۆنەکاندا سزای هەندێک تاوان، بێبەشکردنی کەسی تاوانبار بوو لە کەسایەتی یاسایی، واتە دەکرایە کۆیلە.
چارەسەری ئیسلام: "ئەو تاوانانەش وەک کوشتن و دزیکردن و زینا و ئەوجۆرە شتانە، قورئان هات و بۆ هەرتاوانێک لەوانە سزایەکی تایبەتی دیاریکرد، کە لەگەڵ قەبارەی تاوانەکەدا بگونجێت، جا بۆ کوشتنی ئەنقەست و دەستدرێژیکردن، تۆڵە سەندنەوەی دیاری کرد، بۆ دزیکردنیش دەست بڕین و بۆ زیناش شەلاق لێدان و بەو شێوەیە".
٤-نکوڵیکردن لە وابەستەبوونی یاسایی: ئەوەی لەم حاڵەتەدا جێبەجێ دەکرێت:
أ-چوونە دەرەوەی ژن لە ماڵی مێردەکەیدا بە مەبەستی زیان گەیاندن بە ناو و ناوبانگی مێردەکەی، ئەمکارەش بە نکۆڵیکردن لەو وابەستەبوونە یاساییەی ژیانی ژن و مێردایەتی لە قەڵەم دەدرا و دەبووە هۆی ئەوەی ژنەکە بکرێتە کۆیلە و وەک کەنیزەک لە ماڵی مێردەکەیدا بمێنێتەوە .

## لە نێو ئەوانەی کە بەردبارانکردنیان ڕەتکردووەتەوە: مستەفا زەڵمییە

ب-بە کۆیلەکردنی ئەو کوڕەی کە کوڕی پیاوەکە نییە، بەڵام کردوویەتی بە کوڕی خۆی، کاتێک کە ئەو منداڵە نکوڵی لە وابەستەبوونی بەو بەکوڕکردنەوە بکات.
چارەسەری ئیسلام: "بێبەشکردنی مرۆڤ لە دەسەڵاتی باوکسالاری، کە باوک بۆی هەبوو وەک کۆیلە منداڵەکانی خۆی

بفرۆشێت: جا قورئان ئەو دیاردەیەی حەرام کرد و مامەڵەکردنیشی بە مرۆڤەوە حەرام کرد و مافی باوکانی بە سەر منداڵەکانییەوە لە رێزگرتن و بژێویدا دیاریکرد".

٥-هەژاری: یاسا کۆنەکان رێیان بەو کەسە داوە کە هەژار دەکەوێت، کە خۆی، یان ژنەکەی، یان منداڵەکەی بفرۆشێت و ئەو کەسەی دەیکرێت بیکاتە کۆیلەی خۆی.

چارەسەری ئیسلام: "قورئان ڕیبای حەرام کرد، کە باری سەرشانی هەژاری لە دانەوەی قەرزەکەی قورستر دەکرد، تا ئەو رادەی دەیکردە کۆیلەی خاوەن قەرەزەکە و نەفەقە و بژێوی هەژاری لەسەر خزم و کەس و کارەکەی و موسڵمانان پێویست کرد (بەخشین لە رێگەی خوادا)، لەسەر ماڵ و سامان زەکات و بەیتول مال واتە (گەنجینەی گشتی) و قازی موسڵمانان فەرزی بکات لەسەر خاوەن قەرز کە مۆڵەتی بداتە قەرزارەکە تا ئەو کاتەی پارە و دارایی دەبێت و دەتوانێت قەرزەکەی بداتەوە".

٦-چەتەگەری و رفاندن و تالانکردن: قوربانییەکانی ئەمجۆرە کەسانە لە دەستدرێژییەکاندا وەک دیلی جەنگ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا و کۆیلایەتییان بەسەردا دەسەپێنرا.

چارەسەری ئیسلام: "قورئان چەتەگەری و رفاندنی حەرام کرد، لەو تاوانانەن کە هیچ ئاسەوارێکی شەرعی، یان دەسکەوتێکی دارایی نایانگرێتەوە لە قەڵەم داوە، بەڵکو لە تاوانەکانی شەڕ و وێرانکاری و خراپەکردن لەسەر زەویدا هەژمار دەکرێن".

٧-بوونی پەیوەندی (ئینتیما) تاکێک بە گەلێکی دیاریکراو، یان توێژێکی دیاریکراوەوە: بە تەنها بوونی ئەو پەیوەندییە بەس بوو، تاوەکو ئەو کەسە بەشێوەیەکی کردەیی بکاتە کۆیلە، یان لە سروشتی خۆیدا ئامادەگی ئەوەی هەبێت تاوەکو لە چاوی هەندێک لە گەلانەوە بکرێتە کۆیلە، وەک گەلانی عیبری و هیندی و یۆنانی و رۆمانییەکاندا لە هەندێک کات و سەردەمدا.

٨-دەستبەرداربوونی هۆزێک، یان خێڵی کەسی تاوانبار بە رادەستکردنی تاوانبارەکە بەو هۆزە، یان خێڵەی سەر بە تاوان لێکراوەکەیە. دوای ئەوە دەکەوتە ژێر سۆز و رەحمەتی ئەوان و ئەگەر بیانویستایە دەیانکوشت، یان ئەگەری ئارەزوویان بکردایە سوود لە خۆی و تواناکانی ببینن، دەیانکردە کۆیلەی خۆیان.

چارەسەری ئیسلام: "قورئانی پیرۆز هەموو هۆکارێکی لە هۆکارەکانی کۆیلایەتی حەرام کرد کە لە یاسا و دابونەریتە پێشینەکاندا هەبوون، یان کۆتایی هێنا بە سەرچاوەکانی کۆیلایەتی و هەموو لقێک لە لقەکانی وشک کرد و هەریەکەشیان بە دەقێکی تایبەتی، یان دەقێکی گشتی جا زەلکاوەکەی لە ماوەیەکدا وشک کرد کە

ئەوپەڕی کۆتایی سەدەی یەکەمی کۆچی بوو بۆ هەتاهەتایە و بێ گەڕانەوە". (٢٦) لەڕاستیدا ئەم بابەتە گەشتێکی پوختی خێرایە بەسەر بەشێکی تێڕوانینەکانی دکتۆر مستەفا زەڵمیدا لە چەند بوارێکدا، ئەگەرنا تێڕوانینەکانی لەسەر فەلسەفە و لۆژیك و ڕێسا شەرعییەکان و... هتد، لێکۆڵینەوەی تایبەت هەڵدەگرێت.

## زەڵمی بە ڕوونی کۆتاییهاتنی کۆیلە وکەنیزەکی لە قورئاندا بە بەڵگەی عەقڵی و نەقڵی خستووەتە ڕوو

### دەرەنجام

١-دکتۆر مستەفا زەڵمی زانایەکی مەوسوعییە، بە ڕامان لە دانراوەکانی جێدەستی بە ڕوونی لە بواری ئوسوڵی فیقه، یاسا، فەلسەفە، لۆژیك و .... تاد دەبینین.

٢-دکتۆر مستەفا زەڵمی زانایەکی بوێرە، بە ڕاشکاوی بۆچوونی خۆی لەسەر ئەو ئەو بابەتانە دەخاتەڕوو کە جیاڕایی لەسەرە.

٣-شارەزایی قوڵی لە زانستە شەرعییەکان، یاسا، لۆژیك و فەلسەفەدا یارمەتیدەری بووە کاتێک لەو بابەتانە دەکۆڵێتەوە کە پێشتر لەلایەن نووسەران و توێژەرانی ترەوە قسەی لەسەر کراوە، ئەم بەڵگەی زیاتر و قوڵتر لەبارەیانەوە بخاتەڕوو.

٤-دکتۆر مستەفا زەڵمی لەو بابەتانەی ڕاجیاییان لەسەرە، هەمیشە بەڵگەی نەقڵی پێش بەڵگەی عەقڵی تایبەت بە بابەتە جێناکۆکەکە دەخاتەڕوو، بەو واتایەی کە توێژەرێك نییە تەنها پەنا بۆ قورئان ببات لە بەڵگەهێنانەوەدا.

٥-لە پێناسەو بەڵگە هێنانەوەدا بۆچوونی زانایانی پێشینی ئوممەت و زانایانی موتەئەخیرین لەبەرچاو دەگرێت.

٦-پێناسە تایبەتەکانی دکتۆر مستەفا زەڵمی بۆ هەندێك زاراوەی شەرعی دەبێتە هۆی هێنانەکایەی حوکمی نوێ.

٧-بۆچوون و تێڕوانینەکانی دکتۆر مستەفا زەڵمی زۆرن، بەداخەوە تا ئێستا وەك پێویست لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە نەکراوە.

### سەرچاوەو پەراوێزەکان:

١-پرۆفیسۆر مستەفا زەڵمی، تاقگەیەکی نەسرەوت، ئا: ڕێدار ئەحمەد، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر ٢٠١٦، ل٧٦.

٢-دکتۆر حەسەن زەنون، ساڵی ١٩١١ لەشاری موسڵ لەدایکبووە و خوێندنی سەرەتایی لەو شارە بووە، ساڵی ١٩٣٦ کۆلێژی یاسای تەواو کردووە، ساڵی ١٩٤٦ دکتۆرای لە یاسا لە میسر بەدەستهێناوە و گەڕاوەتەوە عێراق و بووەتە مامۆستای زانکۆ، خاوەنی چەند دانراوێکە لە بواری یاسادا و لە زانکۆکانی عێراق بوونەتە مەنهەجی قوتابیانی کۆلێژی یاسا، بە یەکێك لە مامۆستا پایەبەرزەکانی یاسا لە عێراق

و وڵاتانی عەرەبی ئەژمار دەکرێت، ڕۆژی ٢٠١٤/١/٧ کۆچی دوایی کرد. https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=١٦٤٩٣١

٣-پرۆفیسۆر مستەفا زەڵمی، تاڤگەیەکی نەسرەوت، ئا: ڕێدار ئەحمەد، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر ٢٠١٦.

٤-کاروانی ژیانم، مستەفا ئیبراهیم زەڵمی، کتێبخانەی تەفسیر-هەولێر، چاپی چوارەم ٢٠٢٢.

٥-پرۆفیسۆر مستەفا زەڵمی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٧.

٦-هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦ .

٧-حكم احكام القران: د. مصطفى ابراهيم الزلمي، نشر احسان- طهران، الطبعة الاولى ٢٠١٤، ص ٢٠ و ٤٥ وما بعدها.

٨-المصدر السابق، ل٥٢.

٩-فلسفة الشريعة: د. مصطفى ابراهيم الزلمي، نشر احسان- طهران، الطبعة الاولى ٢٠١٤، ص ٢٣-٦٢.

١٠-أصول الفقه في نسيجه الجديد، د. مصطفى ابراهيم الزلمى، مصدر سابق، ص ١٤٧.

١١-مجموعة الفوائد البهية على منظومة القواعد البهية، صالح بن محمد بن حسن الاسمري، دراسة: متعب بن مسعود الجعيد, دار الصميدعي للنشر, ط١، ١٤٢٠م-٢٠٠٠م، ص: ٤٥.

١٢-المستصفى، ص١٧٤.

١٣-أصول الفقه فى نسيجه الجديد، مصدر سابق، ص١٧٦.

١٤-المصدر السابق، ص١٨٧.

١٥-أصول الفقه فى نسيجه الجديد، مصدر سابق، ص ١٨٤-١٨٨.

١٦-پرۆفیسۆر مستەفا زەڵمی، تاڤگەیەکی نەسرەوت، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٧.

١٧-مباحث في علوم القران، د. صبحي الصالح، ط١٠، دار العلم للملايين, بيروت-١٩٧٧، ص ٢٦.

١٨-الناسخ والمنسوخ في القرآن الكريم، علي بن أحمد بن سعيد بن حزم الظاهري أبو محمد، تحقيق : د. عبد الغفار سليمان البنداري، العلمية – بيروت، الطبعة الأولى ، ١٤ص: ٦-٨.

١٩-التبيان لرفع غموض النسخ في القران، د. مصطفى ابراهيم الزلمي، نشر احسان- طهران، الطبعة الاولى ٢٠١٤، ص ١٧، ٧٨، ٣٦٢.

٢٠-أصول الفقه في نسيجه الجديد، المصدر السابق, ص٨٤، والدكتور مصطفى الزلمي واراؤه الاصولية والقانونية، د, مديحة صالح المهدي، ط١, بغداد -٢٠٠٣، ص٢٨٤-٢٨٧) – كتاب أصول الفقه في نسيجه الجديد في ميزان كتب الأصول المعاصرة،م.م ايمان موسى فرحان/ Journal of Historical and Cultural Studies, Vol.١١, No. (٤٢/١), (٢٠١٩): ٢٦٧-٢٨٦.

٢١-الدكتور مصطفى الزلمي واراؤه الاصولية والقانونية، المصدر السابق، ص ٢٨٠.

٢٢-ڕوونکردنەوەی ڕیساکان بەشێوەیەکی نوێ، د. مستەفا زەڵمی، و: کۆسار بەرزنجی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر -٢٠١٧،

ل٢٨٢-٢٨٢.
٢٣-أصول الفقه في نسيجه الجديد، مصدر سابق، ص ١٤٠-١٤١.
٢٤-بۆ ئاگاداربوون لەتەواوی بەڵگەکان بڕوانە کتێبی: کوشتنی مورتەد لەقورئاندا، دکتۆر مستەفا زەڵمی، و: ڕێدار ئەحمەد، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر-٢٠١٦.
٢٥-د. عصام تليمة، لا رجم فی القران، سایتی الجزيرة:
https://mubasher.aljazeera.net/٨٤٪D٩٪/١٣/١١/٢٠٢١/opinions
٢٦-بۆ ئاگاداربوون لەتەواوی بەڵگەکان بڕوانە کتێبی: وشککردنی زەلکاوی کۆیلەو کەنیزەك لە قورئاندا، دکتۆر مستەفا زەڵمی، و: وەرزێر حەمە سەلیم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر-٢٠١٦.

ڕانان

ئایینناسی




# مێژوو و ڕەهەندەکانی سۆفیگەری لە ئیسلامدا

نووسینی: ئانا ماری شمیل
وەرگێڕانی: زانا ناجی و هیوا مەحموود
ڕانانی: زانا ناجی

## پێشەکی

وەرگێڕانی بەرهەمەکانی (ئانا ماری شمیل) پێویستییەکی گەورەیە و چێژێکی بێکۆتای بۆ خوێنەری کوردزمان هەیە، هاوڕێ لەگەڵ ئەم بەرهەمەدا، چەندین بەرهەمی دیکەی نووسەر لە زمانەکانی ئەڵمانی و ئینگلیزییەوە کراون بە عەرەبی و فارسی، وەك: (جلال الدين الرومي: الشمس المنتصرة)، (الأبعاد الصوفية في الإسلام)، هەروەها کتێبی (محمد إنه رسول الله) لە ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوە بۆ سەر زمانی کوردی_ (روحي أنثى/ المرأة في التصوف الإسلامي) و زۆرێکی دی لە بەرهەمەکانی، بەڵام ئێستاشی لەگەڵ بێت زۆر بەرهەمی ئەم خانمە مەزنە هەیە و تا ئێستا خوێنەر پێی ئاشنا نەبوون.

لەڕاستیدا دیراسەکردنی بابەتی تەسەوف کارێکی گەلێك ئەستەمە؛ چونکە ئەم خانمە هاتووە سەرچاوەگەلێکی بنەڕەتی و ڕەسەنی بەکارهێناوە، کە لە بەرەبەیانی سەرهەڵدانی تەسەوفەوە تا ئەمڕۆ، زانستییانە و بێلایەنانە مامەڵەی لەگەڵ کردوون و دەرەنجامی پێویستی لێدەرهێناون. بەم کارەش هەم وێنایەکی موتەکامیلی لە ڕەوتی عیرفانی دەدا بە دەستەوە، هەم خوێنەران ڕادەهێنێت لەسەر بابەتیبوون و ڕوانگەی ئەکادیمییانە .

نووسەری ئەم کتێبە بە حوکمی شارەزایی لە زمانی ئەسڵی سەرچاوەکان واتە عەرەبی، فارسی، تورکی، ئۆردویی، پاکستانی، بنجابی و شێوەزارەکانی ڕۆژهەڵاتی هیندی، توانیویەتی ڕاستەوخۆ بگەڕێتەوە بۆیان و بە بێ بوونی کۆسپی زمان و وەرگێڕانی وەرگێڕەکان بۆ خۆی لێیان تێبگات. واتا بۆ خۆی نەفەحاتی شێخی جامی و کەشفولمەحجوبی هوجەویری و لومەعی سەراجی تووسی و مەسنەوی مەولانا و شەرحی شەتەحیاتی ڕۆزبهانی بەقلی و تەواسینی حەللاج و حیلیەتولئەولیای ئەبو نوعەیم و تەزکیرەی عەتتار و عەواریفولمەعاریفی سوهرەوەردی و ئیحیای غەزالی و سەوانیحی ئەحمەدی برایی و تەمهیداتی عەینولقوزاتی قوتابی ئەحمەدی غەزالی، خوێندووەتەوە و بەکاریهێناون .

لەبەر ئەوە گرنگی کتێبێکی لەم چەشنە بۆ تەواوی خوێنەری کوردی تەنها لە هەستیاری ئەو بابەتەدا خۆی نابینێتەوە کە شمیل زۆر بە سانایی و ئاسان نمایشی کردووە، بەڵکو لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە یەکەم کەس بووە بەم چەشنە کتێبێکی وەها دەوڵەمەند و خاوەن توراس و پاشخانێکی مەزنی فیکری و ئەدەبی و سیخناخ لە زمانەکانی ئۆردی و بنجابی و پشتەوی و سندی و چەندەها زمانی نیمچە کیشوەری هیندی و لە نێویشیاندا فارسی، پێشکەش بە خوێنەرانی جیهان و نیشتمانی ئیسلام بە تایبەتی بکات، چونکە زمانی فارسی ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە پارێزگاریکردن لە کەلەپوور و کولتووری سۆفییەکانی کیشوەری هیندی و هەتا کەوتنی ئیمپراتۆریەتی مەغۆلی لەسەر دەستی داگیرکەری بەریتانیش لە ساڵی ١٨٣٥ عیسایی، ببووە زمانی فەرمی ئەو ئیمپراتۆریەتە.

بێگومانی جێکەوتە و بوونی ئەم لایەن و تەریقەتە ڕۆحییانە، کاریگەری تەواوی خستبووە سەر ژیان و کەشی ئایینی و ڕۆحی نیمچە دوورگەی کیشوەری هیندی، ئەوەشمان بیر نەچێت کە ئەم مەشخەڵە لە کەلەپوور و توراسی ڕۆحی مەزن، توانی هەموو زەمەن و شوێن و وارگە و بیروباوەڕێك تێپەڕێنێت و لەگەڵ مرۆڤایەتی بێ جیاوازی و وەك یەك ناسنامە بکەوێتە گۆ. لەبەرئەوە ڕوونە کە ئایینەکانی دیکە چەشنی هیندۆسی و بودایی و شامانیش شانبەشانی ئیسلام

ڕۆڵیان بینیوە و تا ئەندازەیەكی باشیش پێكەوەژیان لەگەڵ هاتنی ئەم ئیسلامە كراوە و ڕۆحییە بەرزەفڕەدا هاتە كایەوە.
بۆیە لێرەدا بە پێویستم زانی پێش ئەوەی خوێنەر ڕاپێچی خوێندنەوەی ناوەڕۆكی كتێبەكە بكەم، كورت و پوخت ژیانی دەوڵەمەندی خانمی نووسەر باس بكەین:
(ئانا ماری شمیل) خانمە نووسەر و پڕۆفیسۆرێكی ناوداری ئەڵمانی دیار و مەولاناناسێكی بەناوبانگە و تەنها لە بواری عیرفان و مەولاناناسیدا خاوەنی نزیكەی (٥٠) كتێبە، بە گشتیش خاوەنی زیاتر لە (١١٠) دانراوە. لە ساڵی (١٩٢٢ز) لە شاری ئورفۆن لە دایكبووە، هەر لە دەمی منداڵییەوە پەیوەندی لە گەڵ دنیای ڕۆژهەڵاتدا پەیدا كردووە، ئەگەرچی دایك و باوكی ڕاستەوخۆ ئەم پەیوەندییەیان نەبووە. دایكی تا ئەندازەیەك كەسێكی ئاسایی و باوكی حەزی لە فەلسەفە و عیرفان هەبووە، لە قوتابخانەدا بە فێربوونی زمانی فەڕەنسی و لاتینی دەستی پێ كردووە، لە تەمەنی پانزە ساڵیدا دەستی كردووە بە فێربوونی زمانی عەرەبی و نزیكەی (٢٥) وتاری بە زمانی عەرەبی نووسیوە. لە تەمەنی پانزە ساڵیدا دیبلۆمی وەرگرت و پاشان فێری ئینگلیزیش بوو، چەندین دانراویشی بە زمانی ئینگلیزي داناوە.
لە ساڵی ١٩٣٩دا لەگەڵ خانەوادەكەی ئاوارەی شاری بەرلین بوون، لە دوای یەك ساڵ و بە دیاریكراویی لە ساڵی ١٩٤١دا نامەی دكتۆراكەی لە ژێر ناونیشانی (مكانة علماء الدين في المجتمع المملوكي)دا نووسی، لە ساڵی ١٩٤٣دا (مجلة عالم الإسلام) لە ژێر ناونیشانی (الخليفة والقاضي في مصر في العصور الوسطى المتأخرة)دا چاپ كرد. كەمێك پێش كۆتایی جەنگی دووەمی جیهان، واتە ساڵی ١٩٤٥، لە نامەی دووەمی دكتۆرا لە زانكۆی بەرلین بووەوە بە ناوی (الطبقة العسكرية المملوكية)، كە كەم تەمەنترین ئافرەت بوو ئەو بڕوانامەیە بەدەست بهێنێت و لە زانكۆی ماربورگدا وانە دەربارەی (تەسەوفی ئیسلامی) بڵێتەوە، هەمان ساڵ باوكی كۆچی دوایی كرد، كەواتە لە تەمەنی ٢٣ ساڵیدا دوو بڕوانامەی دكتۆرای هەبوو. یەكێك بوو لەو لیژنەیەی بە زۆر لە ساڵی ١٩٤١دا بەشێك لە كتێبی (كفاحي) هیتلەریان وەرگێڕا بۆ زمانی عەرەبی و توركی، بۆ ئەوەی لەكاتی وەرزی حەجدا بە سەر موسڵماناندا دابەش بكرێت، ئەوەش بە هۆی هاندانی عەرەب و توركەكان لە دژی داگیركەری ئەو دەمەی بەریتانیا.
لەڕووی فێربوونی زمانەوە زۆر سەیر بوو، بە ئەندازەیەك ئەو زمانانەی كە بە شێوەزارەكانییانەوە نزیكدەبوونەوە لە ١٥ زمان دەیزانی و دەیتوانی ڕۆمانی پێ بخوێنێتەوە وەك ئەوەی زمانی دایكی بێت. لە ساڵی ١٩٥١دا توانی دكتۆرایەكی دیكە بەدەستبهێنێت لە ژێر ناونیشانی (مصطلح الحب الصوفي في الإسلام)،

دواتـر ئـەم تـوێژینـەوەیـە وەرگـێڕدرا بۆ زۆرینـەی زمانـەکانی جیهان و هـاوکارێکی باشیش بوو بۆ وەرگێڕانی چەندەها بڕگەی دووروردرێـژی کتێبی (موقـەدەمـەی[1] ئیبن خـەلـدون)، کـە زانـایـانی کۆمـەڵنـاسی ئەڵمانی داوایـان لێکردبوو، سـاڵی ١٩٥٢ یەکـەم سـەردانی بـەرەو جیهانی ئیسلامی دەستپێکرد، ڕۆیشتە تورکیا، دواتر و لە ساڵی ١٩٥٦ جارێکی دی گەڕایەوە تورکیا و لـەوێ بۆ ماوەی ٥ سـاڵ نیشتەجێ بوو، وەك مامـۆستـای یـاریـدەدەری زانستـە ئیـسلامـیـیـەکان و زمـانـی عـەرەبـی لە زانکۆی ئەنقـەرە وانـەی دەوتـەوە، دواتر بـوو بـە پرۆفیـسۆری کورسی لـە مێژووی ئـاییـنـەکـانـدا، لـەو دەمــەی شـمیلی لە زانکۆی ئەنقـەرە وانـەی دەوتـەوە ژمارەی ئەو مامۆستا ئافرەتانەی لەوێ وانەیان دەوتــەوە زۆر زیـاتـر بـوو لـە مامۆستـا ئافرەتەکانی زانکۆی (بۆن)ی ئەڵمانیا، کە ئەم ڕووداوە زۆر سەرنجی شمیلی ڕاکێشا و بەو ژیارە ئیسلامییە سەرسام بوو، نرخ و بەهای ئافرەتی موسڵمان و ڕێزگرتنی وی لەلایەن کۆمەڵگەی موسڵمانەوە بۆ دەرکەوت و هەمیشە ئاماژەی بەم خاڵە پرشنگدارە دەدا، بەتایبەت لەو کاتانەی باسی دوورخستنەوە و پەراوێزخستن و چەوساندنەوەی ئافرەتانی لا دەکرا.

چەندین گەشتی بۆ وڵاتـان کـردووە بە مەبەستی خـوێنـدن، یـان وانـەوتـنـەوە لە زانکۆکانـدا، لـەوانـە: سـوید، تـورکیـا، ئەمریکا، پاکستان .. هتد. بە ئەندازەیەك لـە وڵاتـی پـاکـسـتـان بـە هـۆی ئـەو پێگـە و خـزمـەتـە زۆرەی بـە کـەلـەپـوور و دەستنووسی ئەو وڵاتە کردویەتی، ڕێزێکی زۆریان لێناوە و شەقامێکیان کردووە بە ناویەوە و خۆی لە پەنای شەقامەکەدا بۆ یادگاری وێنەی گرتووە. ساڵی (١٩٩٨) خەڵاتی دکتۆرای فەخری زانکۆی زەهرای ئێرانی لە تاران وەرگرت.

**شمیل یەکەم کەس بووە بەم چەشنە کتێبێکی وەها دەوڵەمەند و خاوەن توراس و پاشخانێکی مەزنی فیکری و ئەدەبی و سیخناخ لە زمانەکانی ئۆردی و بنجابی و پشتەوی و سندی و چەندەها زمانی نیمچە کیشوەری هیندی و لە نێویشیاندا فارسی، پێشکەش بە خوێنەرانی جیهان و نیشتمانی ئیسلام بە تایبەتی بکات**

لە سـەرەتـای مانگـەکانی سـاڵی ٢٠٠٣دا لـە (بـۆن) کۆچی دوایـی کـرد و وەسـیـەتـی کـردبـوو هــەم ســوورەتـی فـاتـیـحـەی بەسـەردا بخـوێنن و هـەمیش هـەرکـەس بێتە سـەر گۆڕەکـەی سـوورەتی فاتیحەی بۆ بخوێنێت، ئێستاش ئەو وتەیەی ئیمام عەلی لەسـەر گۆڕەکـەی بەزمانی عـەرەبی نووسراوە کە دەفەرموێت (الناس نیام إذا ماتوا انتبهوا).

ئەم کتێبەی نووسەر بە شێوەیەکی دوورودرێژ باس لە چەمکی سۆفیگەری دەکات و ڕا و بۆچوون و پێناسەی زۆرێك لە سۆفییەکانی سەبارەت بەو چەمکە هێناوە، تێیدا تیشکی خستووەتە سەر چۆنێتی گەشەسەندنی تەسەوفی کلاسیکی چەرخی کۆن، تێیدا دەڵێت "لە دەمگۆ (الأثر)دا هاتووە کە حیکمەتی محەممەدی لە پاش خۆی بۆ ئامۆزا و هەم زاوای و چوارەمین خەلیفەی ڕاشدین "عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب" کە ساڵی (٦٦١ز) شەهید بووە، گواستراوەتەوە. هەروەك بەهرەمەندی پەیبردن و کەشفکردنی سۆفییانە دەدرێتە پاڵ ئەندامانی دیکەی بنەماڵەی پەیامبەر و یارانی". هەروەها باس لە کاریگەری سەلمانی فارسی و ئوەیسی قورەنی (وەیسی قەرەنی) و سۆفییەکانی سەدەی ٩ و ١٠ دەکات، کە چۆن بوون بە ڕێبەرێکی ڕۆحی بۆ سەردەمەکەیان، ئەم چەرخە زیاتر لە شێخ حەسەنی بەسری و قوتابییەکەی (عەبدولواحیدی کوڕی زەیدا ٧٩٤ز لە ئابادان و دواتر لە ئەبو سلێمانی دارانی ٣٨٠ز، ئەحمەدی کوڕی ئەبولحەواری ٨٥١ز)یەوە گەشەی کردووە.

هاوکات باس لەپیرانی سۆفیگەر دەکات لە سەدەی نۆیەمدا، بە دیاریکراوی باس لە هەریەك لە "زینونی میسری ٨٥٩ یاخود ٨٦٠ز"، "ئەبو یەزیدی بەستامی سۆفی فارسی٨٧٤ز" و "یەحیای کوڕی مەعاز/ لە ناوچەی ڕەی سەر بە ئێران ٨٧١ز" و "حارسی موحاسبی عێراقی ٨٥٧ز" دەکات. لە کڵاوڕۆژنەی ئەم باسانەوە دەچێتە سەر باسکردنی حەللاج شەهیدی عیشقی سۆفی، کە کاتێك حەللاج لە بەندیخانەدا دەبێت، دەروێشێك لێی دەپرسێت: "خۆشەویستی چییە؟" لە بەرسڤدا دەڵێت: "ئەمڕۆ و سبەینێ و دوو سبەیش هەر دەیبینی!" ئەوەبوو هەر لەو ڕۆژەدا حەللاجیان کوشت و ڕۆژی دواتر سووتاندیان و لە سێیەم ڕۆژیشدا خۆڵەمێشەکەیان دا بەدەم باوە. کە ڕۆژهەڵاتناسێکی وەك لویس ماسینۆن (١٨٨٣-١٩٦٢) کە بە گرنگترینی ڕۆژهەڵاتناسە فەڕەنسییەکانی سەدەی بیست دادەنرێت، ناو و بەرهەم و ژیانی بە شەهیدی عیشقی سۆفی حەللاجەوە گرێداوە و ژیانی بۆ وی تەرخان کردووە، هەوڵیداوە لێکتێگەشتن لە نێوان ئیسلام و مەسیحیەتدا بهێنێتە ئاراوە، ویستویەتی وەك کاسۆلیکێك ئیسلام لە خودی خۆیەوە مانیفێست بکات و لێی تێبگات، بە باشی زمانەکانی عەربی و فارسی و تورکی زانیوە، بەرهەمەکانی: لێکۆڵینەوەی "الطواسین" و "سیرة الحلاج" لە چوار بەرگدا. بە هۆی زنجیرە کارەکانی "ماسینۆنەوە" لێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕ لەمەڕ ژیان و بەرهەمەکانی حەللاج بە پایان گەیشتووە، بەمەش کنە و گەڕان و دەستڕاگەیشتن بە هزری ناوبراو لای خوێنەری ڕۆژئاوایی بووەتە کارێکی سانا و بەردەست. هاوکات نامەی دکتۆراکەی

دەربارەی حەللاجە بە ناوی (آلام حلاج)، بۆ نووسینی ئەو نامەیە زیاتر لە (هەزار و هەشت سەد و بیست) سەرچاوەی دەربارەی حەللاج خوێندووەتەوە.

یەکێک لە بەشە هەرە تایبەتەکانی ئەم کتێبە ئەو بەشەیە کە تایبەتە بە سەردەمی سەقامگیری سۆفیگەری لە شیبلییەوە هەتا غەزالی، کە پێم وابێت گرنگترین بەشی کتێبەکەیە. دواتر شمیل بە شێوەیەکی میتۆدیانە دوورودرێژ باس لە گرنگترینی ئەو بنەمایانە دەکات کە لە زانستی تەسەوفدا هەم بە تیۆري و هەمیش بە پراکتیکی بوونی هەبووە، کە خۆی لەم چەند بەشەدا دەبینێتەوە: ڕێگا، بنەماکانی ڕێگا، مەقام و دۆخەکان (الأحـــوال)، ئەویـن و فەنـابـوون، شێوازەکانی پەرستش، نوێژی فەرز، نزا، یادی خوا، گوێگرتن بۆ یادی خوا، مرۆڤ و گەیشتن بە کەماڵ، چەند تێبینییەك سەبارەت بە سایکۆلۆژیای سۆفیگەر، خێر و شەڕ و ڕۆڵی شەیتان، وەلییەکان و کەرامات، بە گەورەزانینی پێغەمبەر (د.خ).

دواتر دێتە سەر باسی ئەبو سەعیدی کوڕی ئەبولخەیر، کە یەکەم سۆفی یاسای کاتی کەنارگرتن و پشت لە دونیاکردنی دانا، ئەبو سەعیدی کوڕی ئەبولخەیر بوو، کە ساڵی ٩٦٧ لە شاری میهنەی خوراسان -مەڵبەندی پیاوچاکان- لە دایك بووە، یەکێك بووە لە قوتابییەکانی سەلەمی، پاش تەواوکردنی زانستە ئایینییەکان لە مەڕوە و سەرخەس چووەتە ڕیزی سۆفییەکانەوە. ئەم مەردە بە تەواوی خۆی بەخشی بوو بەو وشەی "ألله" بۆ ماوەی حەوت ساڵی ڕەبەق دونیای فەرامۆش کرد و زاهیدانە ژیا، خۆی خزاندە "خەڵوەی پێچەوانە" واتە: خۆی هەڵواسیوە بە قاچەکانییەوە و لە بیرێك، یان شوێنێکی تاریکدا بەردەوام قورئانی خوێندووە و پاڕاوەتەوە و لاڵاوەتەوە. هەر لەبەر ئەمەشە زۆرێك ئەم سلوکەی بە پرۆسەی "یۆگا" دەچوێنن. ئەبو سەعید، ساڵی (١٠٤٩) کۆچی دوایی کردووە.

**ئەم کتێبەی نووسەر بە شێوەیەکی دوورودرێژ باس لە چەمکی سۆفیگەری دەکات وڕا و بۆچوون و پێناسەی زۆرێك لە سۆفییەکانی سەبارەت بەو چەمکە هێناوە**

کاتێکیش تیشك دەخاتە سەر ڕێبازە بەراییەکان یەکەمجار لە عەبدولقادر ئەبو نەجیبی سوهرەوەردییەوە دەست پێ دەکات و دەڵێت: "ئەم پیاوە دامەزرێنەری تەریقەتی سوهرەوەردییە و قوتابی ئەحمەدی برا بچووکی پێشەوا غەزالییە. خاوەنی بەناوبانگترین کتێبی پەروەردەیی سۆفییە، بە ناوی "ئادابی موریدەکان"، بە زمانە جیاوازەکان زۆرترین وەرگێڕانی بۆ کراوە و لاسایی هەمان نووسینیان

کردووەتەوە. لەویش کاریگەرتر برازاکەی عومەری سوهرەوەردی (١١٤٥-_ ١٢٣٤ز) بووە، کە لەژێر سەرپەرشتی ئەودا خوێندویەتی و ڕیسالەکەی کە بە ناوی "عوارف المعارف"ەوە، لە کتێبەکەی مامی، هەم لە ڕووی ئەسڵە عەرەبییەکەیەوە و هەمیش وەرگێرانییەوە بەربڵاوتر و بەناوبانگترە و دەربارەی تیۆری سۆفیگەریی نووسی بوی، یەکێك بوو لەو سەرچاوە سەرەکییانەی لە قوتابخانەکانی هینددا دەربارەی تەسەوفناسی پشتی پێ دەبەسترا، هاوکات هۆکاری بڵاوبوونەوە و فراوانبوونی بازنەی سوهرەوەردی بوو لە هیند. ئەبو حەفس عومەری سوهرەوەردی پەیڕەوی لە ڕێبازێك دەکرد کە زیاتر لە سیاسەتەوە نزیکتر بوو، بوو بە "شێخی شێخان" لە سەردەمی (ئەلناسیر لدین الله ٥٧٥-٦٢٢ك) دوا وەچەی خیلافەتی عەباسی لە بەغدا- بە ڕابەری فەرمی سۆفی دانرا. لە خەونیدا دیتبووی لە توانایدایە چالاکی ژیانی ڕۆحی چەقبەستووی وڵاتانی ئیسلامی بگەڕێنێتەوە دۆخی ئاسایی خۆی. هەوڵیدا سەرجەم دەسەڵاتدارانی موسڵمان لەژێر یەك ئاڵادا کۆ بکاتەوە بۆ بەربەرچدانەوەی مەغۆل. ئەبو حەفس نوێنەری خەلیفە بوو لە لای دەسەڵاتدارانی ئەیوبی لە میسر و سوریا و ڕۆمی سەلجوقی، کە ئەو دەمە گەیشتبوونە لوتکەی هێز و دەسەڵات لە پایەختی گەشاوەی "قۆنیە" ئەو شارەی

پاش سەردانی سوهرەوەردی بوو بە دڵی ژیانی سۆفی. پاشان باس لە شێخی ئیشراق "سوهرەوەردیی کوژراو" دەکات و دەڵێت: "سوهرەوەردی دامەزرێنەری تەریقەتی سوهرەوەردییە، لە باکووری خۆرئاوای ئێران و ساڵی (١١٥٣) لە دایك بووە. دوا بە دوای تەواوکردنی هەندێك کتێبی سەرەتایی، دەست دەکات بە گەڕان بە نێو مەڵبەندە ئیسلامییەکانی ئەو دەمەدا، ئیدی لەبەر خۆشەویستی بۆ دەوڵەتی ئەیوبی دەچێتە شاری حەلەب بۆ لای مەلیك "زاهیر"، کە خۆشەویستی زۆری بۆ تەریقەتە سۆفییەکانی هەبووە، بەڵام لەبەر ئەوەی شەرعزان و فەقیهەکان لەم فەیلەسوفە دەروشاوەیە تۆقیون، توانیان لە ڕێگای سەڵاحەدینی باوکییەوە "زاهیر" قایل بکەن و دنەی بدەن، بۆ ئەوەی سوهرەوەردی لە کونجی زیندان توند بکەن و کردیشیان، ئیدی هەر لە بەندیخانە و لە تەمەنێکی کورتی (٣٨) ساڵیدا کۆچی دوایی کرد".

## بەشە هەرە تایبەتەکانی ئەم کتێبە ئەو بەشەیە کە تایبەتە بە سەردەمی سەقامگیری سۆفیگەری لە شیبلییەوە هەتا غەزالی

باسکردن لە ئیبن عەرەبی ئیشبیلی و ئیبنولفاریزی میسری، پانتاییەکی گەورەی بە کتێبەکە بەخشیوە، لەگەڵیشیدا بە

درێژی باس لە بیرۆکەی وەحدەتولوجود و چۆنێتی گەشەکردنی ئەو بیرۆکەیە دەکات. دواتر لە ژێر چەتری "گوڵ و بولبول"دا باس لە شیعری تەسەوفی فارسی و تورکی دەکات، بەتایبەت تەریقەتی بەکتاشی، کە یەکەم تەریقەت بوون، هەم ئامادەبوونی ئافرەت لە کۆڕی زیکردا و هەمیش خواردنی قاوەیان کرد بە نەریت.

هەرچی باسکردن لە سەنائي و عەتتارە ئەوا لە ژێر ناونیشانی "گەشتی باڵندە"دا باسیان دەکات، دەربارەی سەنائی دەڵێت: "شیعری فارسی سۆفی و بەتایبەت شیعری پەروەردەیی لە خۆرهەڵاتی ئێرانەوە سەری هەڵدا. شاری "هەرات"یش، یەکێك بوو لە بنکە سەرەکییەکانی، هاوکات لە میانەی "موناجات"ەکانی عەبدوڵڵای ئەنسارییەوە سەردەمێکی نوێی ئەدەبی فارسی ئایینی هاتە کایەوە. ئەو نزا و موناجاتە کورتانەش لە پێشوودا و بە دیاریکراوی لە ئەدەبی پاڕانەوەدا بۆ وێنە بوو، کە سەرباری شێوازە سادەکەی -کە دارای ڕیتم و ئاوازێکی سەروادار بوو- بەڵام زۆر بە ئاسانی بوو بە مایەی تێڕامانی زیاتری سۆفی. لە لای خۆیەوە "بیرتلز"، بەدواداچوونی بۆ چۆنێتی گەشەسەندنی شیعری پەروەردەی سۆفی کردووە، کە تێیدا نموونەی بە هەندێك بەرهەمی "ئەنساری" هێناوەتەوە. لەبەر ئەوە دوای نزیکەی نیو سەدە، یەکەم شێخی حەقیقی ئەم ئەدەبەی لە هاوشارییەکەی خۆیدا دۆزییەوە، کە "ئەبولمەجد مەجدودی سەنائییە ١١٣١ك". سەنائی یەکێك بوو لە شاعیرانی کۆشکی غەزنەوییەکان، سەرەتای ڕێچکە شیعرییەکەی بە هۆزانی ئاڵۆز و گرێ و گۆل دەستی پێ کرد. سەردانی زۆر شوێنی خوراسانی کرد لەوانە "کەرخ و سەرەخس"، دواتر ڕێچکەی شاعیرێکی سۆفی، یان شیاوترە بڵێین شاعیرێکی زاهیدی گرتەبەر".

دوای ئەوانیش قسە دێتە سەر باسی مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی و دەربارەی دەڵێت: "هیچ سۆفییەکی ئیسلامی هێندەی جەلالەدینی ڕۆمی لای ڕۆژئاواییەکان ناو و ناوبانگی دەرنەکردووە، کە لە لایەن شوێنکەوتوانییەوە نازناوی "مەولانا"، یاخود "مەولەوی"، بە تورکی "میڤلانا Mevlanna"ی بەسەردا براوە. تەریقەتەکەی مەولانا هەر لە سەردەمێکی بەراییەوە بە هۆی دەروێشە سەماکەرەکانییەوە سەرنجی ئەو گەشتیارانەی ڕاکێشابوو، کە سەردانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیان دەکرد، ئەمەیش بووە خاڵی ئاشنایەتی ڕۆژئاواییەکان بەم تەریقەتە، هەروەك شیعرەکانی مەولانا بوونە بابەتی وەرگێڕان بۆ ئەو ڕۆژهەڵاتناسانەی کە گرنگیان بە ئەدەبی فارسی دەدا. بە چەشنێك "جۆزێف ڤۆن هامەر پوگستال ١٧٧٤-١٨٥٦"، کە توانای وەرگێڕانی بەسەر ئەدەبی فارسی و تورکی و عەرەبیدا دەشکا، چەندین لاپەڕەی لە کتێبەکەیدا

کە بە ناوی "Geschichte der schanen Redekunste Persiens" بووە و لە ساڵی (١٨١٨) چاپ کراوە، بۆ مەولانا تەرخان کردووە". ئیدی بە درێژی باس لە کاریگەری زانایانی ئەوروپا دەکات بە مەولانا.

هـاوڕێ لـەگـەڵ ئـەم چـەنـد بـەشـەدا بـاس لـە تـەسـەوفی میللی تـورکی و هیند و پاکستان و چەرخی کلاسیك دەکات، دواتـر دێتـە سـەر باسی پەرچەکرداری نەقشبەندی و دەڵێت: "ئاساییە لە بارودۆخی وڵاتانی ئیسلامی و بەتایبەتی لە نیمچە دوورگەی هیندیدا، تەریقەتێکی سۆفی وەکو "نەقشبەندی" جەنگ لە دژی بزووتنەوە ئایینییەکەی "ئەکبەر" و نوێنەرانی سۆفیگەری دامەزرا و پشت ئەستوور بە عاتیفە و دەستەمۆکردنی هەستەکانی مرۆڤ بەرپا بکات .. هەر چەندە "بەهائەدین نەقشبەندی/ ١٣٩٠" بە پایەی ئەزموونداریکی قاڵی تەریقەتەکە گەیشتبوو، لێ "خوجدوقانی" بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕەزامەندی ڕۆحی پێ خەڵات کردبوو، هەر ئەویش چالاکترین شێخی گرۆی خواجەگانی لێ دەرچوو. کە جموجۆڵ و چالاکییە سەرەکییەکانی پێبەستی شاری "بوخارا"بوو، ئەو وەلییەش بوو کە شارەکەی دەپاراست. ئێستایش فرۆشیارانی ڕازیانە -کە بۆ چاوەزار و خۆپاراستن لە چاوی حەسوود دەیسووتێنن- لە ئەفغانستان بە هاوارکردن و پاتەکردنەوەی ناوی شاهی نەقشبەند، کاڵاکانیان دەفرۆشن).

تەریقەتەکەی ناوبراو پەیوەندی بە چینی فرۆشیاران و بازرگانانیشەوە هەبوو، هەروەك هاوشانی کاریگەرییە ڕۆحییەکەی، سەرمایە و داراییەکەشی زیادی کرد، بە ڕادەیەك هەتا ماوەیەکی دوورودرێژ خۆی و جێنشین و هاوەڵانی سەروکاری کۆشکی "تەیموریی" بوون و "بەوپەڕی بە تەنگەوە بوون و هەتەرییەوە" چاودێری ڕێوڕەسمە ئایینییەکانیان دەکرد، هەتا وایلێهات تەریقەتەکە مۆرکێکی تەواو سیاسییانە وەربگرێت".

لەکۆتاییشدا بە شێوەیەکی ئەکادیمی دێتە سەر باسی "شیعری سۆفی بە زمانی هەرێمەکانی؛ سندی و بنجابی و پشتویی"، کە گرنگترین شتی ئەم بەشە ئەوەیە کە شمیل زۆر بە باشی شێوەزارەکانی سندی و بنجابی و پشتەویی زانیوە.

**شمیل بە شێوەیەکی میتۆدیانە دوورودرێژ باس لە گرنگترینی ئەو بنەمایانە دەکات کە لە زانستی تەسەوفدا هەم بە تیۆري و هەمیش بە پراکتیکی بوونی هەبووە**

شیاوی باسە پاش کۆتایی کتێبەکە، دوو پاشکۆی لە ژێر ناونیشانی "هێماگەریی پیتەکان لە ئەدەبی سۆفیدا" و "ڕەگەزی مێیینە لە تەسەوف"دا نووسیوە.
بۆیە دەکرێت بڵێین:

قسەکردن لەسەر عیرفانی ئیسلامی پێویستی بە نەفەسێکی دوورودرێژ و قووڵ هەیە، بۆ ئەوەی بتوانین وێنایەکی تا ئەندازەیەك دروست و نزیك لە واقیعی ئەم بزاڤە فیکرییە گەردوونییە فرە ڕەهەندەمان لە لا گەڵاڵە ببێت، کە دیارە ئەمەش بە خوێندنەوەی بابەتییانە و بە کاوەخۆ و شیکاری دەقە عیرفانییەکان دەستەبەر دەبێت، بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوە ڕەسەنەکان و هەڵسەنگاندنیان، ئەمەش بە ڕوونی لە نووسینەکانی شمیلدا بەرجەستە بووە. ئەو هاتووە سەرچاوەگەلێکی بنەڕەتی و ڕەسەنی بەکارهێناوە لە بەرەبەیانی سەرهەڵدانی تەسەوفەوە تا ئەمڕۆ زانستییانە و بێلایەنانە مامەڵەی لەگەڵ کردوون و دەرەنجامی پێویستی لێدەرهێناون. بەم کارەش هەم وێنایەکی موتەکامیلی لە ڕەوتی عیرفانی دەدا بە دەستەوە، هەم خوێنەران ڕادەهێنێت لەسەر بابەتیبوون و ڕوانگەی ئەکادیمییانە. نووسەری کتێب بە حوکمی شارەزایی لە زمانی ئەسڵی سەرچاوەکان، واتە عەرەبی، فارسی، تورکی و ئۆردونی، توانیویەتی ڕاستەوخۆ بگەڕێتەوە بۆیان و بەبێ بوونی کۆسپی زمان و وەرگێڕانی وەرگێڕەکان بۆ خۆی لێیان تێبگات. واتا بۆ خۆی نەفەحاتی شێخی جامی و کەشفولمەحجوبی هوجەویری و لومەعی سەراجی تووسی و مەسنەوی مەولانا و شەرحی شەتەحییاتی ڕۆزبهانی بەقلی و حیلیەتولئەولیای ئەبو نوعەیم و تەزکیرەی عەتتاری خوێندووەتەوە و بەکاری هێناون.

تێگەیشتن لە چەمکە عیرفانییەکان تەنها بە لایەنی تیۆری و چەمکسازی نابێت، بەڵکو وێڕای ئەوە دەبێت توێژەر کاری مەیدانییش بکات، واتا بۆ خۆی ئەزموونێکی کردەیی لە بوارەکەشدا هەبێت و لە نزیکەوە لە جەریانی عیرفانی و تەریقەتەکانی جیهانی ئیسلام ئاگادار بێت، بۆ ئەوەی کاریگەری تەسەوف و عیرفان بە چاوی خۆی لەسەر باری ژیانی خەڵك و گۆڕانکارییەکان ببینێت، کە دیارە لەم ڕووەشەوە خاتوونی ڕۆژهەڵاتناس ماوەیەکی باش لەناو خەڵك و لە جیهانی ئیسلامدا ژیاوە، بەتایبەت بە بارودۆخی عیرفان لە تورکیا و ئێران و هیندستان و پاکستان بە باشی ئاشنا بووە، ئەمەش وای لێ کردووە شۆر و شەوقێکی تایبەتی بۆ بابەتەکە هەبێت و دڵسۆزانە کاری لەسەر بکات.

## قسەکردن لەسەر عیرفانی ئیسلامی پێویستی بە نەفەسێکی دوورودرێژ و قووڵ هەیە

جگە لە سەرچاوە ڕەسەنەکانی عیرفانی ئیسلامی، شمیل ئاگاداری زۆر لەو توێژینەوە تازانەش بووە، کە بە زمانە

زیندووەکانی دنیا لەسەر بابەتەکەی بڵاوبوونەتەوە، کە ئەمە ڕەهەندێکی دیکەی گەورەی کارەکەیەتی، بۆ نموونە سوودی وەرگرتووە لە سەدان کتێب و توێژینەوە و گۆڤار و وتار بە زمانەکانی ئەڵمانی و فەڕەنسی و ئینگلیزی، کە ئەمەش بایەخ و بەهایەکی زیاتر دەدات بەم کتێبە .

**باسکردن لە ئیبن عەرەبی ئیشبیلی و ئیبنولفاریزی میسری، پانتاییەکی گەورەی بە کتێبەکە بەخشیوە، لەگەڵیشیدا بە درێژی باس لە بیرۆکەی وەحدەتولوجود و چۆنێتی گەشەکردنی ئەو بیرۆکەیە دەکات**

لەم کتێبەدا جگە لە بیروباوەڕی عاریفانی موسڵمان، باس لە نەریت و عادەت و ڕێوڕەسمی سۆفیەتی بە شێوەیەکی زۆر جوان کراوە. واتە کتێبەکە تەنها بۆ بابەتە تیۆرییەکان تەرخان نەکراوە، بەڵکو ئاوڕی لە لایەنی کردەیی و پراکتیکیش داوەتەوە و نیشانی داوە، تا ئێستاش بیر و هزری عیرفانی لە کۆمەڵگا موسڵمانەکاندا کاریگەری بەرچاوی هەیە .

یەکێکی دیکە لە تایبەمەندییەکانی ئەم کتێبە سادە و ئاسانکردنی چەمکە ئاڵۆزەکانی عیرفانە بەو شێوەیەی کە لە سەرچاوە یەکەمەکاندا خراونەتەڕوو، شمیل هاتووە ئەو چەمکانەی بۆ خوێنەری ئەمڕۆ سادە و ئاسان کردووە و بە پێی پێویست ڕوون کراونەتەوە .

وەرگێڕانی کتێبەکە لەو ڕووەوە گرنگە کە دەبێتە سەرچاوەیەکی ئەکادیمییانەی ڕەسەن سەبارەت بە عیرفانی ئیسلامی بە زمانی کوردی، کە دوو کەس پێی هەستاون و جگە لە وەرگێڕانی کتیبەکە بە ئەمانەتەوە، دەقە شیعرییەکانیشیان وەرگێڕاوە و لەو شوێنانەش کە پێویست بێت هەردوو وەرگێڕانە عەرەبی و فارسییەکە پێکەوە بەراورد کراون.

---

(١)ناونیشانی کتێبە پڕبایەخەکەی ئیبن خەلدون کە ناوی تەواوی (كتاب العبر، وديوان المبتدأ والخبر في أيام العرب والعجم والبربر، ومن عاصرهم من ذوي السلطان الأكبر)ە، بەڵام زۆرێکیش دەڵێن موقەدیمەکە هەڵەیە و دەبێت بوترێت موقەددمە.

# سۆفیگەری

## ئامادەکردنی: ئایینناسی

بۆئەوەی لە مانای سۆفیگەری تێبگەین، پێویستە لە مانا زمانەوانییەکەی ورد بینەوە، ئەم وشەیە کە لە زمانی عەرەبیدا بە وشەی (تصوف) دەردەبڕدرێت، زانایانی زمانەوانی دابەشکردووە بە سەر چەند بیرو بۆچوونێکدا، هەندێکیان پێیان وایە ڕەگ و ڕیشەی وشەکە لە وشەی (صوف) کە بە مانای خوری دێت وەرگیراوە، مەدلولە زمانەوانییەکەی لەوەوە وەرگیراوە کە ئەوانەی خۆیان لە ڕیزی سۆفییەکان داناوە جل و بەرگی خورییان لەبەر کردووە، بۆ ئەوەی جۆرێك لە زوهد و بێ ڕیایی بنوێنن لە لایەك و لە لایەکی تر خوری جۆرێك لە ئازار بۆ جەستە دروست دەکات. بەڵام بەشێکی تر لە زانایانی زمانەوانی دەڵێن وشەی سۆفی لە (الصفاء)ەوە وەرگیراوە بە مانای پاکێتی و پاکبوونەوە، چونکە سۆفییەکان کاتێك دەچنە دونیای ڕۆح و عیرفانەوە خۆیان دادەبڕن لە بیرکردنەوەی دونیایی و پاك دەبنەوە.

ڕایەکی تر هەیە کە وشەی سۆفی دەگەڕێنێتەوە بۆ بنەمای وشەی (الصف) کە بە مانای ڕیز دێت، کە زیاتر بۆ ئەوە بەکاردێت، سۆفییەکان بە هۆی بیروباوەڕی یەقینی و ئامادەبوونی دڵێکی پاك، لە ڕیزی یەکەمن لە نزیکی لە خوا و ڕێبازەکەی.

ڕایەکی تر هەیە کە بەکارهێنانی وشەی سۆفی دەگەڕێنێتەوە بۆ وشەی سۆفیای یۆنانی کە بە مانای دانایي و حیکمەت هاتووە.

بوونی ئەم ڕا جیاوازانە لە سەر وشەی سۆفی لە ڕووی زمانەوانییەوە وای کردووە زانایانی زمان لەسەر یەك واتا کۆك نەبن، بەڵام زۆربەیان نزیکن لەوەی کە وشەکە زیاتر لە وشەی خورییەوە نزیکە تا وشەکانی تر، بە تایبەتی زانایانی وەکو ئەلتووسی و ئیبن خەلدون و ئیبن تەیمیە.

جیاوازی و ناکۆکی لەسەر وشەی سۆفیگەری وای کردووە لە سەر مانا زاراوەییەکەی سۆفیگەریش جیاوازی لە پێناسەی سۆفیگەریدا هەبێت، هەندێك لە زانایان تەنها لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە پێناسەی سۆفیگەری دەکەن، پێیان وایە سۆفیگەری واتە ڕەوشت و ئاکار و ڕەنگدانەوەی لەسەر کردەی ئاکاری. بەڵام هەندێکی تر سۆفیگەری دەبەستنەوە بە زوهد و سادەیی و عیبادەت و پەنهانەوە، بۆیە لای ئەمانە سۆفی ئەو کەسەیە کە زۆرترین عیبادەت و زوهدی هەیە، بەڵام پێچەوانەی ئەم بیر و بۆچوونە، بۆچوونێکی تر هەیە کە سۆفیگەری نابەستێتەوە بە زوهدەوە. واتە سۆفیبوون یەکسان ناکات بە زوهد. سەرەڕای جیاوازی بیروڕا و پێناسەکان بۆ سۆفیگەری، بەڵام ئەبێت ئەو ڕاستییە بوترێت کە سۆفیگەری وابەستەی مەزهەب نییە، و کەمتر خۆی بە مەزهەبەوە دەبەستێتەوە، تەریقەتەکانی سۆفیگەری زۆرن، بەڵام لەسەر یەك فەلسەفە هاوبەشن، هەرچەندە تەریقەت و موریدەکانیان ئەم پەیڕەوە دیاری دەکەن، بە ئامانجی گەیشتن بە ڕاستی و حەق کە توانەوەی زاتی سۆفییە لەگەڵ خوا. ئەدەبیاتی سۆفیگەری لە سەرەتادا لە نێو شیعر و چیرۆکەکاندا ڕەنگی داتەوە، پاشان بە تێپەڕبوونی کات، وەکو قوتابخانەیەکی فەلسەفی لە ئیسلامدا ناسراوە و کاریگەری گەورەی لە سەر تێڕوانین و دونیابینی زۆر ڕێچکە و ڕێباز هەبووە لە ناو نەتەوە و مەزهەبە جیاوازەکان. بۆیە دەتوانین بنەماکانی سۆفیگەری لەم خاڵانەی خوارەوە کورت بکەینەوە کە لە ڕیبازی سۆفیگەریدا ڕەنگی داوەتەوە:

١. پاککردنەوەی خود و لیپێچینەوە لە خودی مرۆڤ، ئەمەش لە پێناو ئەوەی مرۆڤ پێش ئەوەی خوا لێپێچینەوەی لەگەڵ بکات، خۆی چاودێری خۆی بێت.

٢- سۆفی دەبێت خۆی پاك بکاتەوە لە هەموو تاوانێك لە پێناو گەیشتن بە خوا.

٣. هەستکردن و پابەندبوون بە زوهد و دەستپاکی.

٤. پەیوەستبوونی دڵ لەسەر بەزەیی و خۆشەویستی.

٥.وابەستەبوون بە ئاکار و ڕەوشتی جوان.

# سیاسەت و ڕێنمایی نووسین لە گۆڤاری ئایینناسی

ئایینناسی گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ڕەهەندە جیاوازەکانی ئایینناسی دەدات و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بڵاویدەکاتەوە، دەخوازێت خوێندنەوەی فرە ڕەهەندی وردتری: کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئەپستمۆلۆجی، مێژوویی و سیاسیی بۆ ڕەوت و ڕێکخراو و دیاردە ئایینییەکان و کارکردنیان لە کایەی گشتی کۆمەڵگاکان بە گشتی و کۆمەڵگای کوردستانی بەتایبەتی بکات.

## ڕێنمایی نووسین و وەرگێران

**١. ڕێنمایی نووسین**

١.نووسین بە تایپکراوی و بە فایلی Word وەردەگیرێت.

٢.پەیکەری نووسین و توێژینەوەکان لەم بەشانە پێکدێت: پێشەکی، ناوەڕۆک، ئەنجام، پێشنیار و ڕاسپاردە(ئەگەر هەبوو)، لیستی پەراوێز و سەرچاوەکان.

٣. پێشەکی توێژینەوە لە نێوان ١٠٠ بۆ ١٥٠ وشەدا بێت.

٤.کۆی توێژینەوەکە لە نێوان ٣٠٠٠ بۆ ٥٠٠٠ وشەدا بێت.

٥.جێهێشتنی (٢.سم) بۆشایی بۆ هەر چوارلای لاپەڕە.
٦.بۆشایی نێوان دێڕەکان (١,١٥سم) بێت.
٧.قەبارەی فۆنتی ناونیشانی سەرەکی توێژینەوە ١٦-ی بۆڵد بێت و ناونیشانە لاوەکییەکان ١٤-ی بۆڵد بێت.
٨.قەبارەی فۆنتی ناوەڕۆکی توێژینەوە ١٤ بێت.
٩.سەرجەم توێژینەوە، وەرگێڕان، ڕانان و چاوپێکەوتنەکان بە زمانی کوردی بڵاودەکرێنەوە.
١٠.پێویستە توێژەر فۆنتی یۆنیکۆد (Calibri) بەکار بهێنێت.
١١.وێنە و چارتەکان بەشێوەی (JPG) و هاوپێچی فایلی نووسراو بە جیا بنێردرێن.
١٢.توێژینەکەوە لە هیچ شوێنێکی بڵاونەکرابێتەوە و پاش بڵاوکردنەوەش مافی بۆ گۆڤاری ئایینناسی پارێزراوە.
١٣.لە ئەگەری ڕەچاونەکردنی ڕێنماییەکان یان پێویستیی چاککردن، توێژینەکەوە بۆ توێژەر دەنێردرێتەوە.
١٤.یادداشتی توێژینەوە لە بەشی کارگێڕی گۆڤارەکە وەردەگیرێت و پێویستە توێژەر یان ڕاسپێردراوێکی بە نووسراو ئامادەی وەرگرتنی بێت.

**٢. شێوازی نووسینی پەراوێز و سەرچاوە:**

-پەراوێز و سەرچاوە پێکەوە لە کۆتایی توێژینەوەکەدا دەبێت و بە شێوازی (Insert footnote) لە پرۆگرامی (Word)دا دەبێت.
-ژمارەی هەر پەراوێزێك لە کۆتایی ڕستە یان پەرەگراف لە ناو کەوانە(...)دا دابنرێت و لە لیستی سەرچاوەکاندا بە هەمانشێوەی ڕیزبەندی ناو توێژینەوەکە دابنرێتەوە.
-پەراوێزی خوارەوەی لاپەڕە پەسەند نییە و بەکارناهێنرێت.
-لە لیستی سەرچاوەکان، بۆ هەر جۆرە سەرچاوەیەك بەمشێوە بنووسرێت و بە هەمان زمانی سەرچاوەکەش ئاماژەکانی وەك (هەمان سەرچاوە و سەرچاوەی پێشوو بۆ کوردی، همان و همانجا بۆ فارسی، مصدرالسابق و المصدر نفسه بۆ عەرەبی، Ibid بۆ ئینگلیزی) دابنرێت:

**کتێب**

-ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، ناونیشانی کتێب، وەرگێڕ و پێداچوونەوە(ئەگەر هەبوو)، شوێنی چاپ: دەزگای بڵاوکردنەوە گەر نەبوو چاپخانە، ل (لاپەڕە).

نموونە: م.س.لازیف و ئەوانیتر (٢٠١٠)، مێژووی کوردستان، وەرگێڕان هۆشیار عبدالله سەنگاوی، هەولێر: ڕۆژهەڵات، ل(لاپەڕە).
تێبینی: بەوپێیەی کە لە عێڕاق و هەرێمی کوردستان بە گشتی ناوی خێزانی بوونی نییە، لەم کاتەدا ناوی سیانیی نووسەر دەنووسرێت.
نموونە: توانا ڕەشید کەریم (٢٠١٢)، سلێمانی لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥-١٩٥٨، لێکۆڵینەوەیەک لە بارودۆخی سیاسی و رۆشنبیری، سلێمانی: ئەندێشە، ل(لاپەڕە).
گۆڤار و توێژینەوە
-ناویی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، "ناونیشانی توێژینەوەکە"، ناوی گۆڤار، ژمارەی خول(بەرگ)، ژمارەی گۆڤار، ل (لاپەڕە).
نموونە: حضرتی، حسن و دیگران (١٣٩٥)، "جنگ ایران و عراق در گفتمان سیاسی نهضت آزاد اسلامی"، فصلنامە ژرفا پژوە، سال چهارم، شمارە ١٠، ل (لاپەڕە).
ڕۆژنامە
-ناوی خێزانیی نووسەر، نووسەر (ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ناوی رۆژنامە، ژمارەی ڕۆژنامە، لاپەڕە.
تێبینی: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ڕۆژنامە(ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ژمارەی ڕۆژنامە، ل (لاپەڕە).
نموونە: کەنعان مەکیە (٦-٧/٣/٢٠٢٠)، "هاوڵاتیبوون و بیرۆکەی عیراق"، وەرگێڕانی: کوردەوان محەمەد سەعید، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ساڵی بیست و نۆیەم، ژمارە ٨١٠٣، ل٨.
ماڵپەڕ
-ناوی خێزانیی نووسەر، نووسەر(ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕەکە.
نموونە: Adler, Katya(٢/٣/٢٠٢٠), "Brexit: What to expect from UK-EU trade talks", https://www.bbc.com/news/world-europe-٥١٦٥٧٠٨٤, (accessed: ١١/٣/٢٠٢٠).
نموونە: ئومێد ڕەفیق فتاح (٦/٣/٢٠٢٠)، "مەترسییەکانی رۆژئاوا لە ڕێکەوتنەکەی پۆتین – ئەردۆگان"، https://www.centerfs.org/matrsekani-rozhawa-la-rekawtnakay-potin-ardoghan/، (بەردەستە: ١٤/٣/٢٠٢٠).
نموونە: الساقل، فراس (٣/٣/٢٠٢٠)، "حقيقة اللاجئين أمام أبواب أوروبا"، https://blogs.aljazeera.net/blogs/٢٠٢٠/٣/٣، (متاح على: ٦/٣/٢٠٢٠).
نموونە: محمد قراسویی، محمد (١٣٩٦/١١/٢٨)، "محور مقاومت اسلامی، ابعاد

و مؤلفه¬ها"، http://alwaght.com/fa/News/١٢٤٣٨٩/، (قابل دسترسی: ١٣٩٦/١١/٣٠).
تێبینی١: بەوپێیەی کە لینکی ماڵپەر لەوانەیە دوای ماوەیەك لەبەردەست نەمێنێت و بسردرێتەوە، پێویستە لە کۆتایی لینکی سەرچاوەکە، ڕێککەوتی تەواوەتی سەردانیکردنی توێژەر بۆ ماڵپەڕەکە بنووسرێت.
تێبینی٢: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ماڵپەڕ (ڕۆژ و مانگ و ساڵی بڵاوبوونەوە)، "ناونیشانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕ.
تێبینی٣: ئەگەڕ بابەتی ماڵپەرێك، ڕێککەوتی پێوەنەبوو، لەم کاتەدا تەنیا ڕێککەوتی سەردانکردنە دەنووسرێت.

**چاوپێکەوتن**

-چاوپێکەوتنی (ناوی دیدارکەر) لەگەڵ کەسی دیدارکراو، ڕێککەوتی دیدار، شوێنی دیدار.
نموونە: چاوپێکەوتنی یاسین تەها لەگەڵ هشام الهاشمی (٢٠٢٠/٢/٢٥)، سلێمانی.
ڤیدیۆ
-ناونیشانی ماڵپەڕ (ڕۆژ و مانگ و ساڵی دانانی ڤیدیۆ)، "ناونیشانی ڤیدیۆ"، لینکی ماڵپەڕ.
نموونە: یوتیوب (٢٠٢٠/٢/٢٦)، "الاتجاه المعاكس - هل ينفجر الوضع بين تركيا وروسيا في شمال سوريا؟"، https://www.youtube.com/watch?v=MxGY٤GLu٤nw، (متاح على: ٢٠٢٠/٣/٣).

**٣.ڕێنمایی وەرگێڕان:**

-وەرگێڕان تەنیا بە زمانی کوردی وەردەگیرێت.
-پێویستە لە پەرەگرافێکدا پرۆفایلی (٥٠) وشەیی نووسەری بابەتەکە یان ئەو سەنتەر و گۆڤارەی کە توێژینەوەی لێوەرگیراوە ئامادە بکرێت.
-وەرگێڕانی بابەت، پێویستە بە هەمان شێوازی بابەتە وەرگێڕدراوەکە بێت لە شێوازی پەراوێز و سەرچاوەدا.


THE FUTURE OF KIRKUK
between Erbil and Baghdad
سەرهەڵدانەوەی گروپە تیرۆریستییەکان
ئایندەی کەرکوک
The Reemergence of the Terrorist Groups in the Disputed Territories
الدراسات السياسية و الأمنية
انتعاش الجماعات الارهابية
في المناطق المتنازع عليها

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
















English
کوردی
العربية
KIRKUK
دەربارەی ئێمە
توێژەران


Center For Future Studies
ڕاپۆرتی ئایندەیی ژمارە (٣)
ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان
شیعە و پێکهێنانەوەی حکومەت، ئاڵۆزییەکان، چارەنووسی دیلەکانی داعش
نیسان ٢٠٢٠
www.centerfs.org
Center For Future Studies
ڕاپۆرتی ئایندەیی ژمارە (٤)
حکومەتی نوێی عێراق و قەیرانی ئابووریی هەرێمی کوردستان
لەمپەر و سیناریۆکان
ئایار 2020
www.centerfs.org
الدراسات السياسية و الأمنية
مجلة معتمدة يصدرها مركز الدراسات المستقبلية
ISSN: 2617-0949 (Online) ISSN: 2617-0930 (Print)
DOI: https://doi.org/10.31271/jopss
Issue DOI: 10.31271/020419
دور النخبة السياسية في تأزيم السلم الأهلي في العراق بعد عام ٢٠٠٣ ١١
المقومات الاقتصادية الادارية والسياسية لبناء الدولة: العراق حالة دراسية للمدة (٢٠١٣-٢٠١٧) ٧٧
ڕۆڵی نەوتی کەرکوک لە دابەشکردنەوەی خاکی کوردستان لە مێژووی هاوچەرخدا ١٧٩
Actors, Conflict, and Competition in Iraq's Disputed Territories After the Islamic State: The Cases of Northren Diyala and Eastern Salahaddin 205
Center For Future Studies
قراءات مستقبلية رقم (٥)
مستقبل الحوارات والاتفاقيات
ثلاثية اربيل - بغداد - واشنطون
الفرص و المعوقات
السليمانية
حزيران ٢٠٢٠
www.centerfs.org



CFS

گۆڤارێکە گرنگی بە ڕەهەندە جیاوازەکانی ئایینناسی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات.

# وەرزنامەی
# ئایینناسی

ژمارە ( ٣ ) ساڵی یەکەم، حوزەیرانی ٢٠٢٣